مجلـــة

# الصراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

گۆڤارێکی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزییە
دەستەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەری دەکات


خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى


---

## ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾

(النساء:١)

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً. يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾.

(الأحزاب: ٧٠/٧١)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

سەر وتار

# کۆمەڵی سەرخراوو سەرفراز
# الطائفة المنصورة

سەرنووسەر

خوێنەری بەڕێز، موسوڵمانی ژیر:
بێگومان هەموو کەسێك حەز دەکات بە سەرکەوتن و پێی خۆشە لەو کۆمەڵ و دەستەیە بێت کە سەرکەوتووی دونیاو دوا ڕۆژن. بەڵام زۆر کەس بە ڕاستی لە مانای سەرکەوتن نەگەیشتوون، وە کۆمەڵی سەرخراوو سەرفرازیشیان نەناسیوە. وە وادەزانن کۆمەڵی سەرکەوتوو ئەوانەن کە بەردەوام خەریکی کوشتارن!!. یاخود وا دەزانن ئەوانەن کە لایەنگرو جەماوەریان زۆرە!!.

جا لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی هەر لە سەرەتای ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان ڕوون کردنەوەیەکی کورت بخەینەڕوو سەبارەت:

**کۆمەڵی سەرکەوتوو﴿الطائفة المنصورة﴾**

پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنْصُورُونَ وَإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ﴾(1).

ئیمامی ئیبن جریر دەفەرموێ:
[هو أنهم لَهُمُ النصرة والغلبة بالحُجَّة].

واتە: ئەو سەرکەوتنەی پێغەمبەران و موسوڵمانە شوێن کەوتەکانیان ئەوەیە کە بەردەوام بە بەڵگە براوەو سەرفرازو سەرکەوتوو بوون بەسەر بەڵگەی پوچەڵی دوژمنان:

بۆ نمونە سەرکەوتنی ئیبراهیم بەسەر قەومە نەفامەکەی بە عیلم و بەڵگەکەی بوو: ﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾(2).

وە هەروەها سەرکەوتنی بە سەر پادشا سەرکەشەکە بە بەڵگە بوو:

[أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾(3)

(1) (الصافات:171- 173).

(2) (الأنعام: 83).

(3 )(البقرة: 258).

وە سەرکەوتنی موسی بەسەر فیرعەون، وە هەروەها گشت پێغەمبەرەکانی تریش لە ڕابردوودا.

وە لە دوای پێغەمبەرانیش (علیهم الصلاة والسلام) بەردەوام کۆمەڵێکی سەرکەوتوو (**الطائفة المنصورة**) هەر دەمێنن بەسەر دوژمنانی دیندا بە:

## 1. بەڵگەو بورهان گشت کات،

## 2. وە بەچەکیش هەندێ کات .

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم موژدەیەی پێ داوین کە فەرمویەتی:

((لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله، لايضرهم من خذلهم أو خالفهم، حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس [وفي رواية: ظاهرين على من ناوأهم إلى يوم القيامة))(4)

کەواتە: بەردەوام کۆمەڵێکی دەست گرتوو بەدینی خوا ( قائمة بأمر الله) هەر دەبن، وە بەردەوامیش هەر دیارو سەر بەرزو سەرکەوتوو دەبن بەسەر ناحەزو دوژمنانیان بە بیروباوەڕی ڕاست و ڕەوشتی جوان و بەڵگەی پتەوی دینە تەواوەکەیان.

وە هەروەها ئەو کۆمەڵە سەرکەوتووە دەشجەنگن لەسەر حەق بەفەرمانی خوا، وەك لە ڕیوایەتێکی تری حەدیسەکەدا هاتووە:

[ لا تزال طائفة من أمتي **يقاتلون على الحق**، ظاهرين حتى يأتيهم أمر الله عز وجلّ](5) .

## ڕاست کردنەوەی چەند تێگەیشتنێکی هەڵە لە وشەی ( یقاتلون )

وشەی یقاتلون ئەوە ناگەیەنێت کە بۆ ئەوەی کەسێك لەو کۆمەڵە سەرکەوتووە بێت، وا پێویست بێت بەردەوام جەنگاوەرو چەك بەدەست و فیشەك سوار بێت! ، چونکە ئەگەر وابێت ئەوە هیچ کەس لەو ئوممەتە لە کۆمەڵی سەرکەوتوو و سەرفراز نابێت هەتاوەکو پێغەمبەریش ρ، چونکە ئەویش هەموو کات جەنگی نەکردووەو چەك بە دەست نەبووە! ! . وە بۆ ماوەی دەساڵ پەیمانی جەنگ ڕاگرتنی بەست لەگەڵ موشریکەکان، جا ئایا لەو ماوەیەدا لە کۆمەڵی سەرکەوتوو نەمابوو! ! .

1. وشەی یقاتلون ئەوە ناگەیەنێ کە هەرکەسێ بەناوی دین جەنگا، ئەوە لەو کۆمەڵە سەرفرازە بێت! ئەگەر چی شەریکیش بۆ خوا بڕیار بدات و هاواریش بکاتە غەیری ئەوو، یاخود بیدعەچیش (المبتدع) بێت و گوێ بەسوننەت نەدات! . چونکە کاتێك جەنگاوەر لەو کۆمەڵە دەبێت کە:

(4) صحيح مسلم.

(5) رواه أحمد والدارمي، وأوَّله عند مسلم أيضا.

(أ) دەست گرتوو بێت بەو حەقەی کە بریتیە لە قورئـان و سوننەت، وەك لـە سەرەتای فەرمودەکەدا فەرموی:
( قائمة بأمر الله).

(ب) وە ئـەو کەسـە جـەنگاوەرە لـە کۆمەڵی ڕزگار بوو بێت لە ئاگر ( الفرقـة الناجيـة) بـەوەی کـە لـە سـەر هـەمان مەنهـەج بـڕوات کـە سـەلەفی صـالح (پێغەمبـەرو ﷺ هـاوەڵانی لەسـەر بـووە -(ما أنا عليه وأصـحابي) - ؛ ئـەگینا نـەك هەر سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو ڕزگاریـشی نابێـت لـە سـزای خـواو دۆزەخەکـەی؛ چونکە غـەیری شـوێن کـەوتوانی ڕێبـازی سەلەف هەموو ڕێبازو گرووپەکانی تر بۆ دۆزەخن، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

((وستفترق هذه الأمـة علـى ثـلاث وسبعين فرقة، **كلها في النار إلاّ واحدة.**

قالوا: من هي يا رسول الله؟!.

قـال ﷺ : **مـا أنـا عليـه اليـوم وأصحابي))**[6].

2. وشەی گۆڕین ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ ئاواتە خوازی جەنگ بیت و لـە خـەڵك کوشـتن بەپەلـە بیـت! . چـونکە تەمـەنناکردنی بـەرەنگار بونـەوە لەگـەڵ دوژمـن پێـچەوانەی سـوننەتەو، فیتنـە دروسـت کـردن بـۆ موسـوڵمانان کـارێکی خراپەو موسوڵمانانی پێ لاواز دەبن و لـە بەرژەوەنـدی دوژمنانـە. وە لەهەنـدێ کاتدا وەك کاتی لاوازی موسـوڵمانان خـوا بەجەنگ ڕازی نابێت هەر وەك پێـی ڕازی نەبو بۆ سەردەمی مەککە!.

کەواتە ئەگەر جـەنگ لـە بەرژەوەنـدی موسوڵمانان نەبو، ئـەوە بـە کردنـی نـەك تەنها ناچیتە ناو کۆمـەڵی سـەر کـەوتوو، بـەڵکو دەبیتـە دەسـتەی دۆڕاوو دواکەوتوو.

3. وە هـەروەها وشـەی گـۆڕین ئـەوە ناگەیـەنێت کـە تـۆ بۆئـەوەی کـرداری جـەنگ کردنـت دەس کـەوێت و بـەهۆی ئەمـەوە ببیتـە کۆمـەڵی سـەر کـەوتوو، بچیت زێدەڕەوی بکەیت لە بـەکافر دانـان و بـە پەلـە بیـت لـە کـافر کردنـی تـاوان بـارانی ئـەم ئوممەتـە موسـوڵمانە، بـۆ ئـەوەی دواتـر خوێنیـان حـەڵاڵ کـەیت و جەنگ بەرپا کەیت !.

* وە کۆمـەڵی ڕزگـار بـوو لـە ئاگر(**الفرقة الناجيـة**)، ئـەهلی سوننەت و جەماعـەتن، شـوێن کـەوتوانی سـەلەفی صـاڵح. وە سـەرکەوتوو و سـەرفرازانیش (**الطائفة المنصورة**) تـەنها زانـاو پێشەواو تێکۆشـەرانی سـەلەفین. وە پێـشەوایانی لێـك دەرەوەی مانـای ئـەم فەرمودەیـە

---
(6) قال شيخ الإسلام ابن تيمية: الحديث صـحيح مـشهور في الـسنن والمسانيد كسنن أبي داود، والترمذي، والنسائي، وغيرهم.

کۆمەڵی سەرخراو(**الطائفة المنصورة**) یان بەم شێوەیە ماناکردووە:

- **الإمام أحمد بن حنبل** فەرمویەتی:

ئەگەر ئەهلی حەدیث کۆمەڵی سەرخراو نەبن ئەوە نازانم کێی تر بێت!.

- **الإمام علي بن المديني** فەرمویەتی:

کۆمەڵی سەرخراو (ئەهلی حە**دیث**)ـە.

- **الإمام البخاري** فەرمویەتی:

کۆمەڵی سەرخراو( ئەهلی عیلم)ـە[7].

وە کە سەیری سەرەتای حەدیسەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵی سەرکەوتوو ئەو کۆمەڵەن کە خوای پەروەردگار خێری بۆ ویستوون بەوەی کە لە دین حاڵی کردوون:

(( من يرد الله به خيراً **يُفَقِّهْهُ في الدين،** ولاتزال عصابة من المسلمين يقاتلون على الحق، ظاهرين على من ناوأهم إلى يوم القيامة ))[8].

واتە: کەسێك کە خوا خێری بۆ بوێت، ئەوە لە دین حاڵی دەکات.

کەواتە کەسێك لە دینی ڕاستەقینە حاڵی نەبووبێت، ئەوە لەکۆمەڵی سەرکەوتوو نابێت.

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠ ﴾ (التوبة:100)

وە حاڵی بوانی ڕاستەقینەش لە دین، ئەهلی حەدیسن(**أهل الحديث**)، کە شوێنکەوتەی سوننەتەکانی پێغەمبەرن ﷺ.

والحمد لله رب العالمين

---

(7) **بڕوانە:** فتح الباري (شرح الحديث: 7312). وشرح النووي على مسلم (الحديث: 1925).

(8) رواه مسلم.

# التوحيد أهميته وفوائده

# گرنگی یەکتا پەرستی و سودەکانی

م.زید حسین چۆمانی

بسم الله وحده وبه نستعين

**بسم الله وحده والحمد لله جل وعلا**
**والصلاة والسلام على رسول الله.**

أما بعد:—

خودای پەروەردگاری جیهانیان کە ئەم بوونەوەرەی داهێناوە، وەجنۆکەو ئادەمیزادی دروست کرد، وەسەر زەوی پێ ئاوەدان کردنەوە، وەمانگ وڕۆژو زەوی وئەوەی تیایدایە بەردەستی کردن بۆیان تاکو بتوانن بەبێ کەم وکوڕی تیایدا بژین، وەهەر بەوەندەش نەوەستا، بەڵکو نێردراوی خۆی بۆ ناردن تا تێیان بگەیەنێت کەبنیاد نانی ئەوان و ئەو بوونەوەرەش بۆچی و لەبەر چی؟ وەپێغەمبەرانیش هەر لە(نوحەوە هەتا محمد)(علیهم الصلاة والسلام) بەخۆیان و شوێن کەوتوانیان شەو ڕۆژیان لێك دەکردەوە، وەئامادەی چەشتنی هەموو جۆرە ناخۆشییەك بون، هەر لەبرسێتی و دەربەدەری وسەرماو گەرما... هەتا دەگاتە بەخت کردنی گیان وماڵیان. چونکە ئەوان وەڵامی ئەم پرسیارانەیان لەلابوو، وەگرنگی ئەو مەبەستەشیان دەزانی کە لەپێناویدا دروست کرابوون ونێررابوون کە پەرستنی تاکە بەدیهێنەر وبژێودەریانە بەتاکێ وتەنهایی، واتە ئێمەش لەچەند خاڵێکدا گرنگی و سودەکانی ئەو یەکتا پەرستییە ڕوون دەکەینەوە.

## یەکەم: گرنگی یەکتا پەرستی.

**١**.خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[١].

واتە: دروستم نەکردووە جنۆکە وئادەمیزاد تەنها بۆ پەرستنی خۆم نەبێ بەتەنها.

**٢**.وەهەر وەها دەفەرموێت:
﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾[٢].

---

[١] {سورة الذاريات:٥٦}.
[٢] {سورة الأنبياء:٢٥}.

واتە: (پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێكمان ڕەوانە نەكردووە كە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی كە:بێگومان هیچ پەرستراوێك نیـیە بەحەق جگە لەمن، دەمن بەتەنها بپەرستن).

**٣**.وەهەر لەبەر گرنگی وگەورەیی یەكتا پەرستی وپێویستی ئادەمیزاد بۆی، خوای پەروەردگار بۆ هەر میللەتێك پێغەمبەرێكی ناردووە، تاكو خوایان پێ بناسێنێ وفەرمانەكانی خوایان پێ ڕابگەیەنێ، چونكە ئادەمیزاد تەنها لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە خوا دەناسێ وئاگادار دەبێ بە فەرمانەكانی وباوەڕی پێدێنێ، هەروەك خوا دەفەرموێت:

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ فَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾[٣].

واتە: لەناو هەر گەل ونەتەوەیەكدا پێغەمبەرێكمان(ﷺ) ناردووە و پێمان ڕاگەیاندووە كە پێیان بڵێن: (تەنها خوا بپەرستن و خۆتان دوور بگرن لە هەموو پەرستراوێكی تر، جا هەبوو لەناو ئەو خەڵكەدا كە بیرو ژیری خۆی دەخستە كارو بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا، پەروەردگاریش هیدایەتی دەدا، وەهەیشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەكردو پشتی لەڕاستی دەكرد و بەسەریدا دەچەسپا، كەوابوو بگەڕێین بەسەر زەویدا سەرنج بدەن، بزانن سەرەنجامی ئەو كەسانە چۆن بوو كە بڕوایان بەبەرنامەی ئێمە نەبوو).

**٤**.وە بە تێڕوانینی ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان زیاتر مانای ئەم ئایەتەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ودەردەكەوێت. كەوا هەر پێغەمبەرێك(ﷺ) ڕەوانەكراوە پێش هەموو شتێك بانگەوازی گەلەكەی خۆی كردووە بۆ پەرستنی خوای پەروەردگار بەتاك و تەنهایی ئەوەتا پێغەمبەر نوح(ﷺ) بەنەتەوەكەی خۆی دەفەرموو:

﴿ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ﴾[٤].

واتە: تەنها خوا بپەرستن جگە لەو پەرستراوێكی ترتان نیـیە كە ڕاست بێت وشایستەی پەرستن بێت. وەهەروەها پێغەمبەرانی تر(علیهم الصلاة والسلام) هەمان بانگەوازیان كردووە ولەپێناویدا هەوڵ وكۆششیان داوە وەكو پێغەمبەر (هود، وصالح، وشوعەیب، وئیبراهیم) (علیهم الصلاة والسلام)، وەهەروەها پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) فەرموویەتی (ألأنْبِياءُ إِخْوَةٌ مِنْ عَلاَّتٍ

[٣] {سورة النحل:٣٦}.

[٤] {سورة الاعراف:٥٩}.

أُمَهاتُهُم شَتَّى وَدينُهُمْ وَاحِدْ)[٥]، (ئيبن حەجەر) دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەفەرموێت (إنَّ أصْلَ دينهمْ واحدْ، وَهُوَ التَوحيد وإنْ أختَلَفَتْ فُرُعْ الشَرائِعْ)[٦]، واتە: بنچینەی دینی هەموویان (پێغەمبەران) یەکە ئەویش یەکتا پەرستییە، ئەگەر چی جیاوازییان هەیە لە شێوازی پەرستش وهەڵس وکەوتی ڕۆژانەیان.

**٥**.هەروەها یەکتا پەرستی دادوەرترین دادە (أعدَلُ العَدل) هەروەکو چۆن هاوەڵ بڕیاردان گەورەترین ستەمە بەبەڵگەی (إنَّ الشرِكَ لَظُلْمٌ عَظيمْ)، واتە: هاوبەش بڕیاردان بۆ پەروەردگار گەورەترین ستەمە کە خاوەنەکەی توشی سزای هەمیشەیی دەکات وبێ بەشی دەکات لەبەزەیی وبەخششی پەروەردگاری، کە مانەوەیە لەناو ناز وخۆشییە هەمیشەیی یەکانی بەهەشت، هەروەك پەروەردگاری جیهانیان دەفەرموێت:

﴿ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾[٧].

واتە: ئەو کەسەی هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەکات، وەبۆ هەتا هەتایە لەناو ئاگردا دەمێننەوە، وەلەو ڕۆژەدا هیچ یاریدەدەرو پشتیوانێك نییە بۆ ستەم کاران.

**٦**.وەهەتا لە قورئانی پیرۆز ورد ببینەوە دەبینین هەمووی هەر باسی یەکتا پەرستییە چونکە:

-یان هەواڵ دانە دەربارەی خواو ناوو سیفەتەکانی ئەمەش برتییە لە (التوحيد الخبري) ڕاگەیاندنی یەکتا پەرستی.

-یان بانگەوازە بۆ پەرستنی خوا بەتەنیا و دوورکەوتنەوە لەهەر پەرستراوێکی تر جگە لەو، ئەمەش بریتییە لە (التوحيد الطلبي) جێبەجێ کردنی و داوا کردنی یەکتا پەرستی.

-یان فەرمانی داواکردنی پابەند بوونە بە گوێ ڕایەڵی خوا، ئەمەش لەتەواو کەری ماناکانی یەکتاپەرستییە.

-یان هەواڵە لەبارەی ڕێزگرتنی خوای گەورە لەکەسانی یەکتاپەرست لە دونیا وڕۆژی دواییدا، ئەمەش پاداشتی یەکتا پەرستییە.

**٧**.ووشەی یەکتا پەرستی کە (لاإله إلاّ الله)یە هەر ئەوە کەوا پێغەمبەری

---

[٥] اخرجه : البخاري، ومسلم، واحمد، وابو داوود.

[٦] انظر : (فتح الباري) (٥٩٧/٦).

[٧] {سورة المائدة:٧٢}.

(خاتم)ی پێغەمبەران فەرمانی پێ کراوە، کە شەڕی لەسەر بکات، تائەو کاتەی بەزمان دەری دەبڕن وبەدڵ باوەڕی پێدێنن وبەکردەوە دەیسەلمێنن، هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (أُمرتُ أنْ أُقاتلَ النَاسْ حَتى يَشْهَدوا أنْ لاإلــه إلاّ الله، وأنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله، وَيُقِيموا الصَلاةَ وَيُؤتوا الزَكاةَ)[٨]، واتە: فەرمانم پێکراوە کەبجەنگێم لەگەڵ خەڵکیدا هەتاکو شایەتی دەدەن کەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها الله نەبێت وە محمد(ﷺ) پێغەمبەری خوایە وەنوێژ بکەن وزەکاتی سەروەت وسامانیان بدەن.

٨.(وەلەبەر گرنگی یەکتا پەرستییە کەوا یاسای شەرعی لە بیرو باوەڕو پەرستشدا وەرنەگرتن و کارپێنەکردنێتی هەتا بەڵگەی لەسەر دێتەوە، بەڵام یاسای شەرعی لەشتەکانی تردا لەدنیادا بریتییە لەڕێ پێدران وحەڵاڵ بوون مادام بەڵگە نەبێت لەسەر حەرامی)[٩].

٩.بیر وباوەڕ لەئیسلامدا چەند بەش وپلەیەکە، کە بەرزترینیان شایەتیدانە بەنەبوونی هیچ پەرستراوێك کە حەق بێت بێجگە لە (الله) ئەو شایەتی دانەش (التوحيد) پتەو ترین پەتی ئیسلامە کە پچڕانی بۆ نییە، وە گەورەترین ئامۆژگاریشە لەپەروەردگارەوە بۆ بەندەکانی هەروەك ئەبو هوریرە بۆمان دەگێڕێتەوە ودەفەرموێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (ألأيمان بِضعٌ وَسَبعُونَ أو بِضْعٌ وَستونَ شُعْبة، فَأفضَلُها قَولُ لاإلـه إلاّ الله وأدناهـا إماطَـةُ ألأذى عَـنْ الْطَريـقْ والحَياءُ شُعْبَةٌ مِنْ ألإيمان)[١٠].

١٠.خوای گەورە بەندەکانی کردووە بەدوو جۆرەوە (عاقڵ وژیر وەگێل وبێعەقڵ) عاقڵ وژیر ئەو کەسەیە کە بەرییە لەهاوەڵ دانان بۆ پەروەردگار وکردار وگوفتاری بریتییە لە (توحید) بەڵام چینی دووەم ئەوانەن کە پەروەردگار دەربارەیان دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ يَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ إِبراهِمَ إِلاَّ مَنْ سَفِهَ نَفْسَهُ﴾[١١].

واتە: هیچ کەسێك پشت لە ڕێگا وئاینی إبراهیم پێغەمبەر(ﷺ) ناکات تەنها کەسێك نەبێت کە خۆی گێل کردبێت،

---

(٨) اخرجه : البخاري من حديث ابن عمر في الايمان (٧٥/١)، ومسلم (٥٣/١) في الايمان.

(٩) هذه قاعدة مهمة وجليلة في (اصول الفقه) كما يقولون (الاصل في العبادة المنع إلاّ بالنص، والأصل في الأشياء الإباحة إلاّ بالنص).

(١٠) اخرجه : مسلم في كتاب الايمان(٦/٢).

(١١) {سورة البقرة:١٣٠}.

کەواتە ئـەوەی پشت لەتەوحید دەکات بەویستی خـۆی خـۆی گێـل وبێعـەقڵ کـردووەو پشـتی لـە ڕاسـتی کـردووە هاوبەشی بۆ پەروەردگاری داناوە.

**١١**.هەروەها دەبینین ئەو کەسەی کە پاشـگەز دەبێتـەوە لـە دینـی ئیسـلام و تەوحیـد ئەوانـە سـەربڕاوی دەسـتیان حەرامـە بیخـۆی، وەنابـێ ژنیـان بـدەینێ وژنیــان لێ بێــنین، وەکــە مــرد نابــێ بشــۆردرێت ونوێــژی لەســەر بکرێــت، وەنابێــت لــە گۆڕسـتانی موسـوڵمانان بنێـژرێ، وەنابـێ داوای لێخـۆش بـوون وچــاکەیان بــۆ بکــرێ مــادام بــەو پاشگەزبوونەوەیەوە مردبێت.

**١٢**.وەیـەکێکیتر لـە گرنگیـیـەکانی یـەکتا پەرسـتی(توحیـد) ئەوەیـە کـەوا خـوای گـەورە هـەر لەسـەرەتاوە کـە ئادەمی دروست کرد پـەیمانی لـە ئـادەم ونـەوەکانی وەرگرتـووە کـە بریتیـیـە لـە دان نــان بەتــەنهایی خــوای گــەورە وەشایەتی دان لەسەر نەفسی خۆیان کە خــوا (الله) پــەروەردگار وخــاوەن ومەلیکیانە، وەهیچ خوایەك نیـیە بێجگـە لەو ڕاست بێت هەروەك دەفەرموێت:

﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ﴾(١٢).

کەواتــە کــەس ناتوانێــت لــە ڕۆژی دوایـیدا بڵێـت پـەروەردگار ئێمـە بـێ ئاگابوین وەزانیاریمان نەبووە بەوەی کـە (الله) بەتاك وتەنها پەروەردگارمانە وهـیچ هاوەڵی نیـیە.

**١٣**.هــەروەها گرنگــی دانێکــی بــێ وێنــەی زانـا پایەبـەرزەکانی ئیسـلام بـە مەسەلەی (توحید) و نوسینی پـەرتووکی زۆر گـەورە لـەم بابەتـەوە زیـاتر گرنگـی (توحیـد) دەردەخـەن، ئـەوەتا ئیمـامی شافیعی وأبو حنیفـة (ڕەحمـەتی خوایـان لێبێــت) دوو کتێبیــان بــەناوی (الفقــە الأکبر) لەسەر ئەم بابەتە نوسیوە، دیارە گرنگترین باس بووە بەلای ئەوانیشەوە.

**١٤**.هەروەها لەبەر گرنگی وگـەورەیی (توحیـد)ە کەیەکـەم پرسـیاری نـاو گـۆڕ دەربـارەی (خـوات کێیـە؟) وەلـەوێوە هەموو شتێك دەست پێدەکـات، یـان لـە ڕۆژی قیامــەت کــاتی حەشــر وحیســاب یەکەم پرسیارە کەلە دروست کراوەکـانی پەروەردگاری بێ هاوتا دەکرێت، وەهـەر لەوێشەوە دەر دەکەوێت کە بـارت بـەلای

---

(١٢) {سورة الاعراف:١٧٢}.

كامیـــان دادەكـــەوێت. بەهەشـــت یـــان دۆزەخ.

كەواتە لەم چەند خاڵانەدا ڕوون كرایـەوە كـە گرنگـی وگـەورەیی ئـەو (توحیـد)ە چـیـیە كـە جنۆكـەو ئـادەمیزادی لـە پێناویدا دروست كـراوە وە بوونـەوەریش بـۆ ئـەو دوو دروسـتكراوانە ژێـر دەسـت كراوە.. وە خوا بمان گێڕێ لەو كەسانەی كە مـافی تـەواوی ئـەو یـەكتا پـەرستـیـیە بدەین وهەست بەو هـەموو نـازو نیعمـەت وبەخششـانە بكـەین وهەمیشـە بـیری خۆمان بێنینەوە كە ئێمە بۆچی دروست كراوین وئەو دنیایەش بۆچی خراوەتە ژێر دەستی ئێمە وەبۆ دەبین وبۆ دەژین وبـۆ دەمرین؟!.

## دووەم: سوودەكانی یەكتا پەرستی.

**١**.ووشەی یەكتا پـەرستی كە (لاإله إلاّ الله)یە، باشترین وگەورەترین ووشەیە كـە یـادی خـودای پـێ بكـرێ، هــەروەكو پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرموێت: (مـن قـال لا إله إلا اللّهُ وحدهُ لا شَريك لـه، لـهُ الملك، وله الحمدُ، وهـو علـى كـل شـيءٍ قَـدير في يومٍ مائةَ مرّة كانت لـه عَـدْلَ عَشرِ رِقـاب، وكُتِبَت له مائةُ حسَنَة، ومُحيَـت عنـه مائـة سيّئة، وكانت له حِرزاً منَ الشيطان يومَـهُ ذلك حتى يُمسيَ، ولم يَـأتِ أحـدٌ بأفضـلَ مما جـاء، إلا رجـلٌ عمـلَ أكثـر منـه)[١٣]، واتە: هەركەسێ سەد جار لەڕۆژێكدا بڵێ: (هــیچ پەرســتراوێك نـیـیــە بەحـــەق بپەرسـترێت تـەنها الله نـەبێت، تەنیایـەو هاوەڵی نییـە، دەسـەڵات وخاوەنـدارێتی هـەر بـۆ ئـەوە، وەسـوپاس وستایشـیش هەر بۆ ئەوە لەسەر نیعمەتەكانی، وەهەر ئەو بەتوانایە لەسەر هەموو شتێك)، ئـەوا پاداشتی وەكو ئەوەوایە كە دەكەسی لـە كۆیلەكان ڕزگار كردبێ، وەسـەد چاكەی بـۆ دەنوسـرێت، وەسـەد خراپـەی بـۆ دەسرڕێتەوە، وەدەبێتە پارێزەر بۆی لـە شـەیتان لـەو ڕۆژەدا هـەتاكو ئێـوارە، وەكـەس لـەو چـاكتری نـەكردووە تـەنها كەسێك نەبێت كـە زیـاتر لـەو یـادی خـوا بكات).

**٢**.یەكتا پـەرستی قورسـترین چـاكەیە لەتــەرازووی هــەر بەندەیــەك لــەڕۆژی دوایـیدا، هـەر وەكـو عبـد الله ی كـوڕی عــەمر(رضي الله عنه) دەیگێڕێتــەوە دەفــەرموێت پێغەمبەر(ﷺ) فـەرمووی: (إنَّ نُوحـاً قـالَ لإبنِهِ عِنْدَ مَوتِه: آمُرُكَ بلاإلـهَ إلاّ الله، فَإنَّ السَـمواتِ السَـبْعَ والاراضـينَ السَـبْعَ لَـوْ وُضِعَتْ فِي كَفِهِ وَوَضِعَتْ لاإلهَ إلاّ الله في كَفِهِ

---

[١٣] اخرجه : البخاري (٦٤٠٣).

لَرَجَحَتْ بِهِنَّ لاإلهَ إلاّ الله ...)[١٤]، واتە: نوح پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرەمەرگدا بەکوڕەکەی فەرمووی (فەرمانت پێ دەکەم) بەووتنی و باوەڕ بوون بە (لا إله إلاّ الله) کە ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکان و حەوت زەوییەکان بخرێنە تای تەرازوویەك، وە (لا إله إلاّ الله) بخرێتە تاکەی تر، ئەوا (لا إله إلاّ الله) ئەوانی تر بەرز دەکاتەوە.

٣.یەکتاپەرستی سەرەکی ترین هۆیە بۆ چوونە بەهەشت هەر کردەوەیەکی تریشی هەبێت، هەروەك عوبادەی کوڕی صامت(ﷺ) دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مَن شهدَ أن لا إلهَ إلا اللهُ وحدَهُ لا شريكَ لَه، وأنّ محمداً عبدُهُ ورسولُهُ، وأنّ عيسى عبدُ الله ورسوله وكلمتهُ ألقاها إلى مريمَ ورُوحٌ منه، والجنةُ حَقّ والنارُ حقّ، أدخَلَهُ اللهُ الجنةَ على ما كانَ منَ العَمل)[١٥]، واتە: هەرکەسێك شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك نییە حەق بێت تەنها الله نەبێت، ومحمد(ﷺ) بەندە و پێغەمبەری ئەوە، وعیسی بەندەی خواو پێغەمبەرییەتی، وەبەو ووشەی خوا (كُنْ فَيَكُنْ) دروست بووە، بەهۆی جبریلەوە(عليه السلام) ناردوویەتی بۆ مەریەم، وەبەشێکە لەو ڕووحانەی کە دروستی کردوون وەکو هەموو ئادەمیزادەکانی تر، وە بەهەشت حەق و ڕاستە، ودۆزەخ حەق و ڕاستە، ئەوا خوای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە لەسەر هەر کردەوەیەك بوو بێت.

٤.یەکتاپەرستی هۆی ڕزگار بوونە لە دۆزەخ، هەروەك عتبان(ﷺ) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت پێغەمبەری خوا فەرمووی: (فإن اللّهَ حرّمَ على النار من قال: لا إلهَ إلاّ الله يَبتغي بذلك وَجهَ الله)[١٦]، واتە: خوای گەورە حەرامی کردووە بچێتە دۆزەخ ئەو کەسەی بەزمان بڵێ وبە دڵ باوەڕی بێ کەوا هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق تەنها الله نەبێت وەمەبەستی ڕەزامەندی خوا بێت.

٥.یەکتاپەرستی هۆی هیدایەت دانە لە دنیا وقیامەت وهێمنی وئارامییە لە ڕۆژی دواییدا، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

---

[١٤] اخرجه : الامام احمد في المسند (٢٢٥/٢) وسنده صحيح نقلاً عن (معارج القبول) للحكمي، وفي(الصحيحة)(١٣٤).

[١٥] اخرجه : البخاري (١٣٩/٤)، ومسلم (٢٨) واللفظ للبخاري نقلاً عن كتاب التوحيد أولاً للدكتور ناصر بن سليمان العمر (ص٢٣).

[١٦] اخرجه : البخاري (١١٠/١)، ومسلم (٤٥٥/١) نقلاً من كتاب التوحيد أولاً.

﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾[١٧].

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و خوای گەورە بەتاك وتەنیا دەپەرستن وبەندایەتی یەكەیان تێكەڵ ناكەن لەگەڵ هاوەڵ بڕیار دان وسوور نابن لەسەر گوناهە گەورەكان وبەو باوەڕەوە دەمرن، ئاسوودەیی وهێمنی هەر بۆ ئەوانەیە لە ڕۆژی دوایی‌دا وئەوانە ڕێنموومایی كراون لە ژیانی دنیا ولە تاقی كردنەوەی ناو قەبر، وڕۆژی حەشر وحسابدا.

٦.ئاسوودەترین كەس بەشەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو كەسەیە كە یەكتاپەرست بێت، بەبەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (أسعدُ الناس بشفاعتي يومَ القيامة من قال لا إلهَ إلا اللهُ خالصاً من قَلبِه، أو نفسه)[١٨]، واتە: ئاسوودەترین كەس بە تاك وشەفاعەتی من ئەو كەسەیە كە لە پاڵاوتەی دڵ ودەروونی‌یەوە بڵێ: هیچ پەرستراوێك نی‌یە كەوا حەق بێت وشایەنی پەرستن بێت تەنها الله نەبێت.

[١٧] {سورة الانعام:٨٢}.

[١٨] اخرجه : البخاري (١٣٩/١)، في باب العلم، نقلاً من كتاب (معارج القبول) للحافظ أحمد الحكمي (٤٢٣/٢).

٧.سەرەكی ترین هۆیە لەلای خودا بۆ لێخۆشبونی گوناهی ئادەمیزاد، هەروەك ئەنەسی كوڕی مالیك(رضي الله عنه) دەفەرموێت بیستم پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (قالَ الله تَبَارَكَ وتعَالى: يَا ابنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوْتَني وَرَجَوْتَني غَفَرْتُ لَكَ عَلَى ما كانَ فيكَ وَلاَ أُبَالي. يا ابنَ آدَمَ لَوْ بَلَغَت ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاء ثُمّ اسْتَغْفَرْتَني غَفَرْتُ لَكَ وَلاَ أُبَالي. يا ابنَ آدَمَ إِنّكَ لَوْ أَتَيْتَني بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا ثُمّ لَقِيتَني لاَ تُشْرِكُ بي شَيْئاً لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً)[١٩]، واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی ئادەمیزاد ئەگەر بەپڕای زەوی گوناهت لەگەڵ خۆت هێنابێت ولەڕۆژی دوایی‌دا پێم بگەیت وهیچ هاوەڵت بۆ بڕیار نەدابم، ئەوا منیش بە پڕایی زەوی لێت خۆش دەبم.

٨.یەكتاپەرستی سەرەكی ترین مەرجە بۆ سەركەوتنی موسوڵمانان وجێنشین بوونیان بەدوای یەكتری‌دا لە زەوی‌یدا، هەروەك بۆمان دەردەكەوێ لەفەرموودەی قورئاندا كە دەفەرموێت:

﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ

[١٩] اخرجه : الترمذي وقال حديث حسن، نقلاً من كتاب (جامع العلوم والحكم) لابن رجب الحنبلي.

خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾[٢٠].

واتـە: خـوای گـەورە بـەڵێنی دڵنیـا بەخش وتـەواوی داوە بەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە لــە ئێـوە، وەکـارو کـردەوە چاکەکانیان ئـەنجام داوە، دڵنیـا بـن کـە خوای پەروەردگار جێنشـین وپایـەداریان دەکـات لـە وولاتـدا، هـەر وەك چـۆن ئیمانــدارانی پــێش ئــەمانی جێنشــین کــردوە، وئــەو دیــن وئاینــەیان بــۆ دەچەسپێت کە خوا خۆی پێی ڕازییە، وەهەروەها ترس وبیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئــارامی وهێمنــی، بەمــەرجێ هــەر مــن بپەرستن و هیچ جۆرە هاوەڵێکم بۆ بڕیار نـەدەن، ئەوسا ئـەوەی دوای ئـەو پایـە دارییە بێ باوەڕ بێت ئائەو کەسانە هـەر تاوانبار ولەسنور دەرچوون.

**٩**.یەکتاپەرستی کاریگەری ترین هۆیە بـۆ یـەك خسـتنی ڕیـزی موسـوڵمانان، چونکە هیچ کاتێك موسوڵمانان یـەك ڕیز نابن تاکو بـیرو بۆچوون وباوەڕیـان یـەك نـەبێت، کەبریتییـە لـە(یەکتاپەرستی)، وەدەبێتە بنچینەی خۆشەویستی نێوان موسـوڵمانان وپاڵپشـتی کردنـی یـەکتر ویەك ڕیزبوونیان ئەو کاتە هێـز وتواناییـان کۆ دەبێتەوە لە هەمان کاتیشدا دەبێتـە هـۆی ڕەزامەنـدی خـودا وسـەرکەوتن بەسـەر دوژمنیانـدا هـەر وەك لـە ئایـەتی (٥٥) سـورەتی نـور بۆمـان ڕوون بـووە، وەهەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾[٢١].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە لەسەر خستنی دینـی خـواو ووشەی (لا إله إلاّ الله) دابن، ئەوا سەرتان دەخات وپایەدار وجێگیرتان دەکات.

**١٠**.ئەگـەر بەنـدە تـەواو خـۆی یـەك لاکـردەوە بـۆ خـواو یـەك خـوا پەرسـت بووکە الله یە، ئـەوا بێجگـە لـەخوا ترسـی کەسی تری لەدڵدا نامێنێت، وەلەسـەرە مەرگیشدا ترس وبیم ڕوویـان تـێ ناکـات، ولەڕۆژی دووایشدا بەهەمان شـێواز خـەم وپەژارە ودڵتەنگی دایان ناگرێت.

﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ* الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ* لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾[٢٢].

واتــە: ئاگــادار بــن کەبەڕاســتی چاکەکاران وخۆشەویستانی خوای گەورە ومیهرەبـان نـەترس وبـیم ڕوویـان تــێ دەکــات (لەســەرە مــەرگ ولــەڕۆژی

[٢٠] {سورة النور:٥٥}.

[٢١] {سورة محمد:٧}.

[٢٢] {سورة يونس:٦٢-٦٤}.

پرسـینەوەدا)، نەخـەم وپـەژارە ودڵ تـەنگی دایـان دەگرێـت، (ئـەو بەختەوەرانـە) ئـەو كەسـانەن بـاوەڕی بـەتین ودامـەزراوو پـڕ سـۆزیان هێنـاوە بەپـەروەردگاریان وخۆیـان دەپـارێزن لـە خەشم وقینی خوا (بەهۆی ئـەنجام دانـی فەرمانـەكانی خـواو پارێزكردنیـان لـە حەرام).

هـەر بـۆ ئەوانـە مـژدەی (كامـەرانی وبەختـەوەری) لـەژیانی دنیـادا (لـەكاتی سەرەمەرگدا كە مژدەی بەهەشـتیان پـێ دەدرێـت)، لەقیامەتیشـدا (مـژدەكان هـەموو دەبنـە واقیـع، وهـەموو مـژدە قورئانیـیـەكان بـە زیـادەوە دێتـەدی)، بێگومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەر دێنـەدی وهـیچ گۆڕانێكیـان بەسـەردا نایـەت، ئـا ئەوەیـە سـەرفرازی وكامـەرانی گـەورە ومەزن.

والحمد لله رب العالمين.

استغفر الله لي ولكم أجمعين والحمد لله رب العالمين.

# خۆشەویستی خوا ﴿محبة الله﴾

## بەشی دووەم

## نیشانەکانی خۆشەویستی بەندەکان بۆ خوای گەورە

م.کامەران

بسم الله الرحمن الرحيم

برایان و خوشکانی موسڵمانم، وا لە بەشی دووەمی ئەم باسە گرنگەدا بەیەك دەگەینەوە و داواکارم لە خوای پەروەردگار کە هەردەم یارمەتیمان بدات بۆ گەشە پێدان بەو خۆشەویستییە ڕاستەقینەیەی کە پەیوەندی نێوان ئێمە و خوای گەورە بەهێزتر دەکات و سەرەنجام بە بینینی خۆیمان شاد و کامەران دەکات.

لەو کارانەیە کە هەموو موسڵمانێك دووپاتی دەکاتەوە و داکۆکی لەسەر دەکات، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم داکۆکی کردنە و بەڕاست گێڕانی ئەم داوایە پێویستە لەسەر برایان و خوشکانی موسڵمانم کە سەرنج بدەنە ئەو نیشانانەی بەڵگەن لەسەر ئەو خۆشەویستییە و بزانن تا چ ئەندازەیەك ئەو داوایە (مطابق) پێکەلێپێکە لەلەگەڵ ئەو نیشانانەدا، چونکە تێڕوانین و وردبوونەوە لە نیشانەکانی خۆشەویستی بەندەکان بۆ خوای پەروەردگار هۆکارێکی زۆر کاریگەرە بۆ بەتین کردن و پەیوەست کردنی پەیوەندی گەرم و خۆشەویستی ڕاستەقینە لەگەڵ پەروەردگاری گەورەماندا.

جا باپێکەوە بچینە ناو باخی ڕازاوەی بابەتی ئەم بەشەو و بڕوانینە ئەو نیشانانە و خۆمانی پێ بنەخشێنین و بەرەو خۆشەویستی خوای گەورە هەنگاوەکانمان پێشتر بەرین، بە هیوای گەیشتن بە گەورەترین و بەنرخترین هیوا و ئاوات و ئامانج، ئەویش کە بینین و ڕەزامەندی خوای گەورەیە لە بەهەشتی بەرفراواندا و ژیانی نەبڕاوەی هەتا هەتایی لە دوا ڕۆژدا.

### نیشانەی یەکەم:

خۆشحاڵ بوون بە دیداری پەروەردگار:

عن عبادة بن الصامت عن النـبي (ﷺ) قال: (من أحب لِقاءَ اللِه أحب اللهُ لِقاءه، و من كَرِه لِقاءَ اللِه كَرِه اللهُ لِقاءه)[1]، واتە: هەر کەسێك خۆشحاڵ بێت بە دیداری

(١) اخرجه : البخاري(٦٥٠٧).

خوای پەروەردگار ئەوا خوای گەورەش دیداری ئەو کەسەی پێخۆشە، و هەرکەسێکیش دیداری خوای پێ خۆش نەبێت ئەوا خوای گەورەش دیداری ئەو کەسەی پێ خۆش نییە.

بۆ لێکدانەوەی واتای ئەم فەرموودەیە ئیمامی (إبن الأثير) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: مەبەست لەو دیدارە خۆشحاڵبوونە بە گەڕانەوە بۆ ڕۆژی دوایی و خۆ ئامادەکردن و هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی ئەوەی لای خوای پەروەردگارە لە بینینی خۆیی و چونە ناو بەهەشتەکەی، نەك مەبەست لەو دیدارە مردن بێت، چونکە هەموو کەسێك مردنی پێ ناخۆشە.

جا ئەو کەسەی کە واز لە دنیا بهێنێت و ڕقی لێی بێت ئەوا دیداری خوای پێ خۆشە، و ئەو کەسەش کە دنیای خۆش بوێت و بیکات بە جێگای حەوانەوە، ئەوا دیارە حەزی بە دیداری خوای گەورە نییە، چونکە دیداری خوای پەروەردگار دوای مردنە[٢]، وە ئیمامی (النووي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ئەو پێ ناخۆش بوونە لە کاتی سەرەمەرگدایە، لەو کاتەدا هەموو کەسێك پێی ڕادەگەیەنرێت کە بەرەو کوێ دەچێت ئایا بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ،جا ئەو کەسەی کە بەرەو بەهەشت ماڵ ئاوایی لە دنیا دەکات خۆشحاڵ و کامەرانە بە دیداری پەروەردگاری، وە خوای گەورەش دیداری ئەوی پێ خۆشە.

وە ئەو کەسەی کە بەرەو دۆزەخ و ڕقی خوای گەورە دنیا بەجێ دەهێڵێت بێ گومان ئەو دیدارەی پێخۆش نییە جا لەبەر ئەوە خوای گەورەش دیداری ئەوی پێ خۆش نییە[٣].

ئەم دوو لێکدانەوەیە تەواو کەری یەکترن، چونکە موسڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دنیای لەلا وەك بەندیخانەیەك وایە و هەردەم چاوەڕوانە کە ئازاد بکرێت و بەرەو دیداری پەروەردگاری بگەڕێتەوە و هیچ کات کامەران وشادمان نابێت هەتا نەگات بەو دیدارە،جا لەبەرئەوە هەموو کات لە ئامادەباشیدایە و هیچ خۆشییەکی بەو دنیایە نایەت، بێگومان لە کاتی سەرەمەرگیشدا مژدەی پێ دەدرێت بەبەهەشت ودیداری پەروەردگاری وخۆشحاڵە بەو دیدارە و خوای گەورەش دیداری ئەوی پێ خۆشە.

بەڵام ئەوکەسەی کەرازی بێت بە ژیانی دنیا بیکاتە جێگای حەوانەوە ئەوا بێ ئاگا دەبێت لەدواڕۆژ و خۆی بۆئامادە

(٢) انظر : (نهاية في الحديث والاثر)(١٢٧٣/٤).

(٣) انظر : صحيح مسلم بشرح النووي (٦٧٦٨/١١).

ناكـات و زۆريشـی پـێ ناخۆشـه كـه ماڵئـاوایی لـەو دنیایـه بكـات، بەتايبـەتی لەكاتی گیـان كێشـاندا چـونكه دووچـاری دیـدارێكی زۆر نـاخۆش دەبێتـەوە، جـا لەبەر ئەوە خوای گەورەش دیداری ئەوی پـێ ناخۆشـه و بـەرەو ڕق وقـینی خـۆی بەڕێی دەكات.

مەبەسـت لـەم فەرموودەيـه وەك ئیمامی (إبن الأثیر) باسی لێ كرد و ڕوونی كردەوە خۆشحاڵ بوون نیيه بـه مـردن، بەڵكو خۆشحاڵ بوونه بـه بينينـی خـوای گـەورە و چـونه نـاو بەهەشـتەكەی، جـا لەبەر ئـەوە پێويسـته لەسـەر موسـڵمانی تـەواو كـه داوا لـه پـەروەردگاری خـۆی بكات ژيانێكی درێـژی پـێ ببەخشـێت بـۆ ئەوەی زياتر خۆی مانـدوو بكـات لـه مـل كـەچ بوونـدا بـۆ پـەروەردگاری خـۆی، ئـەویش بـه بـەجێهێنانی فەرمانـەكانی و دووركەوتنـەوە لـه سەرپێچـی و يـاخی بـوونی، چـونكه باشـترين بەنـدە ئـەو كەسـەيه كـه تەمـەنی درێـژبێت و كـار و ئاكاری پەسەندبێت.

## نیشانەی دووەم:

بەختـەوەربوون بـه گفتوگـۆكردن و تـەنهایی‌بوون لەگـەڵ پـەروەردگار و خوێندنەوەی فـەرموودەكانی و شـەونوێژ كردن و بەهەل زانينی هێمنی شەوگار بـۆ ئەنجامدانی ئەو كارە پیرۆزانه.

جابـا موسـڵمانان سـەرنج بدەنـه كارەكانيـان لەشـەودا و بـزانن تـاچ ئەندازەيـەك پەيوەسـتن بـەم ئەركـه پیرۆزانـەوە كـه يەكێكـه لـه گـەورەترين بەڵگـەكانی خۆشەويسـتی خـوای پەروەردگار.

موسڵمان به گفتوگۆ و وتووێـژ كـردن لەگـەڵ پەروەردگاريـدا هەست بـه خـۆی دەكـات كـه پلـەی بـاوەڕی تـا چ ئەندازەيەكـە، جـا بـۆ پاراسـتن و بـەهێزكردنی بيروباوەڕمـان زۆر پێويستيمان بەوە هەيه كه چەند ساتێك لـه شـەوانی ژيانمـان تـەرخان بكـەين بـۆ يادكردنـەوە و گفتوگـۆكردن لەگـەڵ پەروەردگارمانـدا. خـوای گـەورە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْئًا وَأَقْوَمُ قِيلًا ﴾(٤).

واتـه: بەڕاسـتی ئـەو ملكەچـی و شەونوێژ و پاڕانەوە و خوێندنەوەيەی كه لـه شـەودا ئـەنجام دەدرێـت جێگيرتـر و لـەبارتر و جێـدارترە وە لـەلای پـەروەردگاريش گيراتـرە. چـونكه دڵ و زمـان پەيوەسـت دەكـات بەيەكـەوە و موسـڵمان هۆشـيار تـرە بـەوەی كـه ئەنجامی دەدات وە دورترە له ڕوپەرمايی و لەبەر خەڵكی ئەنجام دان.

(٤) {سورة المزمل:٦}.

جێبەجێ کردنی هەر عیبادەت و ملکەچییەك لە شەودا هەتا کاتی نوێژی بەیانی دەچێتە نێوان واتای ئایەتەکەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ وە لە کاتێکدا کە زۆر پێویستیمان هەیە بە گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار، هەموو هۆکارەکانی تێکدان و گومڕاکردن و سەرلێ شێواندن گورەترین ڕێگرن کە ئەبنە هۆی ئەوەی ئەو ئایەتە پیرۆزە و چەندەها ئایەت و فەرموودەی تریش لەوبارەوە پێشێل بکرێن و گوێیان پێ نەدرێت.

ئالێرەوە ئەڵێم: ئەگەر هەر خێزانێك شەوانە لەگەڵ چەند ئایەتێکدا خەریك بن و چەند فەرموودەیەك لێکبدەنەوە و شەونوخونی بکەن بۆ پەروەردگاریان ئەبێ ئەندازەی زانیاری و پلەی لە خواترسانی موسڵمانان چەند بەرزببێتەوە؟

بەداخەوە لە دوای نوێژی عیشاوە هەتا نوێژی بەیانی لە جیاتی پاڕانەوە و گریان و کڕنوش و سوجدەبردن و خوێندنەوە و لێکدانەوەی قورئان و فەرموودەکان، بیر و هۆشمان بەدەست ئەو هۆکارە سەرلێشێوێنەر و گومڕاکارانەوە پەیوەست و کۆت و زنجیرە.

خۆ بە ڕۆژیش خۆماندوکردن بە دنیاوە زیاد لە پێویست گەورەترین ڕێگرە لە ورد بوونەوە و تیا ڕامان و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار.

## نیشانەی سێیەم:

ئارام گرتن لەسەر ناخۆشییەکان:

خۆشەویستانی خوای پەروەردگار بەئارامترین کەسانێکن لەسەر هەموو ئەو ناخۆشیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە دنیادا، چونکە دەزانن کە ناخۆشییەکان تاقیکردنەوەیە لە لایەن خوای گەورەوە، لەبەر ئەوە بە ئارام و خۆڕاگرن و هیچ بێزارییەك دەرنابڕن و هەردەم دەزانن کە بەندە موڵکی خوایە و بۆ لای ئەویش دەگەڕێتەوە، جا لەبەر ئەوە دەبینین کە خوای گەورە کاتێك باسی خۆشەویستانی خۆی دەکات هەڵیان دەنێت بەوەی کە ئارامگر و خۆڕاگرن، دەربارەی پێغەمبەر ئەیوب (ﷺ) دەفەرموێت:

﴿ إنا وَجَدنهُ صابراً نعمَ العَبدُ إنهُ أواب﴾[٥].

واتە: ئێمە بینیمان کە بەئارام و خۆڕاگرە و باشترین بەندەیە و بەڕاستی زۆر تەوبەکار و هەمیشە هۆشی لای پەروەردگارە.

وەهەروەها شایەتی ڕاستێتی و دروستێتی و لەخواترسان دەدات بۆ ئەوانەی کە خۆڕاگر و بە ئارامن لە کاتی ناخۆشییەکاندا وەك دەفەرموێت:

---

(٥) {سورة ص:٤٤}.

﴿ وَالصابرِينَ فِي البَأسَاءِ وَالضرَاءِ وَحِينَ البَأس أُولئكَ الذينَ صَدَقُوا وَأُولئكَ هُمُ المتقُونَ ﴾(٦).

## نیشانەی چوارەم:

خۆشەویستی هیچ خۆشەویستێك نابێت بدرێت بەسەر خۆشەویستی خوای گەورەدا:

جا ئەگەر هەر کەسێك خۆشەویتی خۆشەویستێکی پێش خۆشەویستی پەروەردگار خست ئەوا دڵی نەخۆشە و پێویسە چارەسەری بکات.

## نیشانەی پێنجەم:

ئەبێت ئەوەی کەخوای گەورە پێی خۆشە لە پێشتربێت لەوەی کە خۆمان پێمان خۆشە:

جا پێویستە دوور بکەوینەوە لە شوێن کەوتنی ئارەزووەکان و پشت بکەینە تەممەڵی و بەردەوام بین لە عیبادەتکردن و خۆمان نزیك بکەینەوە لە پەروەردگار بە بەجێ هێنانی سوننەتەکان.

## نیشانەی شەشەم:

زمان پاراو بوون بە یادی خوای پەروەردگار:

یادی پەروەردگار نیشانەی خۆشەویستی ڕاستەقینەی بەندەیە بۆ پەروەردگاری، چونکە هەر کەسێ کەسێکی خۆشویست زۆر باسی دەکات و هەردەم یادی دەکات.

(٦) {سورة البقرة:١٧٦}.

خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کە زۆر یادی بکەین، تەنانەت سەرفەرازیشی پەیوەست کردۆتەوە بە زۆر یادکردنەوە، وەك دەفەرموێت:

﴿وَاذكُرُوا اللهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُم تُفلحُونَ ﴾(٧).

واتە: زۆر یادی خوای پەروەردگار بکەن چونکە ئێوە بەو یاد و باس کردنە سەرفرازدەبن و لە ئاگری دۆزەخ دەرباز دەبن.

لەلاپەڕەکانی سوننەتدا پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) زۆر بە جوانی فێرمان دەکات کە چۆن یادی پەروەردگارمان بکەین، بۆیە پێویستە لەسەرمان کە خۆمان بەو سوننەتانەوە خەریك بکەین و هەردەم زمانمان پێیان پاراوبێت.

لێرەدا سەرنجی موسڵمانان ڕادەکێشم بۆ خاڵێکی گرنگ: ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی یاد و بیرکردنەوەی پەروەردگاردا دڵەکان با زۆر بترسن لە خوای گەورە و لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕۆژی دوایی، وە چاوەکانیش فرمێسکی پەشیمانی ببارێنن بەسەر تاوانەکاندا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إنما المؤمنونَ الذينَ إذا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَت قُلوبُهُم وَإذا تُلِيَت عَليهِم آيَاتُهُ زادَتهُم إيمانًا وَعلى رَبِّهِم يَتَوَكَلون﴾(٨).

(٧) {سورة الانفال:٤٥}.

(٨) {سورة الانفال:٢}.

واتە: بەڕاستی بڕوادارانی ڕاستەقینە ئەوانەن کاتێك کەیادی خوا کرا دڵەکانیان دەترسێت و کاتێکیش ئایەتەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە بڕوو باوەڕیان زیاد دەبێت وە هەموو کاتێکیش پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.

وە یەکێکیش لەو حەوت کۆمەڵانەی کە لە ڕۆژی دواییدا دەخرێنە ژێر سێبەری پەروەردگارەوە ئەوانەن کە پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێت: ( ..و رجل ذكر الله ففاضت عيناه..)[٩]، واتە: کەسێك کە یادی خوای پەروەردگاری دەکات فرمێسکی پەشیمانی و ئەسرینی خۆشەویستی چاوەکانی پڕدەکات و زۆر بەکوڵ دەیبارێنێت.

## نیشانەی حەوتەم:

دەربڕینی غیرەت و پێ ناخۆشبوون لە کاتی پێشێل کردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار:

جا بەپێی پلەی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە موسڵمان غیرەت و پێناخۆشبوونی خۆی دەردەبڕێت لە کاتی پێشێل کردنی فەرمانەکانی پەروەردگاردا.

وە هەر ئەو غیرەتەیە کە بناغە و بنەمایە بۆ جیهادکردن و فەرمان کردن بەچاکە و ڕێگاگرتن لە خراپە، خۆ ئەگەر دڵ و دەرون ئەو غیرەتەی تیانەبێت ئەوا خاوەنەکەی نە جیهاددەکات و نە فەرمانیش دەکات بە چاکە و نەڕێگاش دەگرێت لەخراپە.

لەبەر ئەوە خوای گەورە نیشانەی خۆشەویستی خۆی پەیوەست کردووە بە جیهاد کردنەوە وەك دەفەرموێت:

﴿ يأُيها الذين آمنوا مَن يَرتدُ منكم عَن دينه فَسَوفَ يَأتي الله بقومٍ يُحبُهُم وَيُحبونَهُ أذلةٍ على المُؤمنين أَعزةٍ على الكافرين يُجهدون في سَبيل الله وَلا يَخافونَ لومَةَ لائم ذلكَ فَضلُ الله يُؤتيه مَن يَشاءُ والله واسعٌ عَليمٌ ﴾[١٠].

واتە: ئەی بڕواداران هەر یەکێك لە ئێوە لە دینی خۆی پاشگەزبێتەوە، ئەوا خوای گەورە کەسانیکی تر دەهێنێت کە خۆشی بوێن وە ئەوانیش خوایان خۆش بوێت، وە لە ئاستی بڕواداران نەرم و نیانن و بەرامبەر بێ بڕوایانیش سەربەرزن، لە پێناوی خوادا جیهاد دەکەن و لەتانەو تەشەر و لۆمەی لۆمەکاران ناترسن.

ئەوەش خەڵات و بەخششی خوایە بۆ هەر کەسێك خۆی بیەوێت، خوا زۆر دەست فراوانە لە بەخشیندا و زۆریش زانایە.

## نیشانەی هەشتەم:

خۆشویستنی قورئانی پیرۆز:

(٩) اخرجه : البخاري (٦٤٧٩).

(١٠) {سورة المائدة:٥٤}.

ئیمامی (إبن القیم) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (الجواب الكافي)دا دەفەرموێت: ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئەندازەی خۆشەویستی خوای گەورە چەندە لەلات، ئەوا سەرنج بدەرە خۆشەویستی قورئان لەناو دڵ و دەروونتدا، چونكە ئاشكرایە هەر كەسێك خۆشەویستێكی خۆشویست ئەوا خۆشترین گفتوكۆ لەلای بریتی‌یە لە گفتوگۆی ئەو خۆشەویستەی.

**نیشانەی نۆیەم:**

گەڕانەوەی بەردەوام بۆلای پەروەردگار:

خۆشەویستی ڕاستەقینە لەنێوان هیوا پێ‌بوون و لێ‌ترساندا هەردەم بەرەو پەروەردگاری دەگەڕێتەوە، جا ئەو گەڕانەوەیە نیشانەیەكی زۆر ڕوون و ئاشكرایە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورە لەلایەن بەندەكانی‌یەوە.

**نیشانەی دەیەم:**

ناخۆشی دەربڕین و دڵ تەنگبوون بە لە دەست دانی هەر ئەركێكی شەرعی و هەوڵدان بۆ دووبارەكردنەوە و گێڕانەوەیان.

لە عائیشەی دایكی موسڵمانانەوە هاتووە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەر كارێكی ئەنجام بدایە بەردەوام دەبوو لەسەری خۆ ئەگەر لە شەودا بەهۆی خەوەوە یان بەهۆی نەخۆشی‌یەوە شەونوێژی لەدەست بچوایە ئەوا لە ڕۆژدا دوانزە ڕكاتی دەكرد. ئەم فەرموودەیەش ئیمامی (مسلم) بۆمان دەگێڕێتەوە.

بەڵێ ئەمانە هەندێك بوون لەو نیشانانەی كە بەڵگەن لەسەر خۆشەویستی بەندەكان بۆ خوای پەروەردگاریان، جا داواكارم لە خوای گەورە و میهرەبان كە ئەم چەند ووشەیەمان لێ وەربگرێت و بیكات بە هۆكاری گەڕانەوەمان بۆ لای خۆی و لە تاوان و كەم و كوڕی‌یەكانمان خۆش بێت و دڵەكانمان پەیوەست بكات بە خۆشەویستی خۆیەوە و لە ڕۆژی دواییشدا چاوەكانمان گەش بكات بە بینینی خۆی.

و الحمد لله رب العالمین.

# دیاردەکانی لاوازی باوەڕ

## نیشانەکان – هۆکارکان –چارەسەرکردن

ئامادەکردنی :دایکی ئالاء

الحمد لله رب العالمين و الصلاة و السلام على النبي الكريم و على اله و صحبه الطيبين الطاهرين . أما بعد .

چەندێك سەردەم دوورکەوێتەوە لە کاتی دابەزینی قورئان هیمەتی ڕێبواران کەم دەبێتەوە ئەمەیش سوننەتی خوای گەورەیە لە نەتەوەکاندا:

﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾(١) .

ئەوەتا هیمەتەکان لاواز بوون و کردەوە کەم بووەو حەز و ئارەزووی خەڵکی بۆ دنیا زیاد بووەو کەوتونەتە نێو ئەو شتەی کە پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداریانی کردوەتەوە لێی کە فەرموویەتی : (و الله مالفقر أخشى عليكم ولكن أخشى أن تبسط عليكم الدنيا كما بسطت على من كان قبلكم فتنافسوها كما تنافسوها فتهلككم كما أهلكتهم)(٢).

واتە: سوێند بە خوای گەورە لە هەژاری ناترسێم لەسەرتان بەڵكو لەوە دەترسێم کە دنیاتان بۆ فراوان بکرێت هەروەکو چۆن بۆ ئەوانەی پێش ئێوە فراوان کرا ئێوەش پێش برکێی لەسەر بکەن هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئێوە پێش برکێیان لەسەر کردووە بە هیلاکتان بەرێت هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئێوەی بە هیلاك برد.

وە ئەنجامی ئاسایی ئەمەیش ئەوەیە کە (خشوع) لە موسڵماندا کەم ببێتەوەو باوەڕ لاواز بێتو دڵ بی ئاگا بێتو تامو چێژی پەرستنەکانی نەکاتو بکەوێتە ناو تاوانەوە بە ئاسانی هەتا بێئاگا دەبێت لە خوای گەورە.

ئیستاش ئێوەو هەندێك لە نیشانەکان– هۆکارەکان – چارەسەرکردن بۆ دیاردەکانی لاوازی باوەڕ.

### یەکەم : شێوازەکانی لاوازی باوەڕ

نەخۆشی لاوازی باوەڕ چەند شێوازوو نیشانەیەکی جۆراوجۆری هەیە لەوانە:–

---

(١) {سورة آل عمران:١٤٠}.

(٢) أخرجه البخاري و مسلم.

**١.**کەوتنە ناو تاوانەوە ئەنجام دانی قەدەغە کراوەکان :-وە زۆری کەوتنە ناو تاوانەوە دەبێتە هۆی ئاسایی بوونی جێبەجێ کردنی پاشان ناشیرینیو خراپیەکەی لە دڵدا ووردە ووردە نامێنێت تا وای لێدێت بەئاشکرا تاوان ئەنجام دەدات .

**٢.**هەست کردن بە دڵ ڕەقی:-وە خاوەنی دڵی ڕەق هیچ ئامۆژگاریو باسی مردنو بینینی مردو کاریگەری لێناکات.

**٣.**تەمەڵی کردن لە خوا پەرستیو گوێڕایەڵی کردنەکاندا :- وەکو نوێژە سوننەتەکان وەکو الضحی و جەنازەو جەژنەکان[3] و خۆرگیرانو مانگ گیران.

**٤.**دڵ تەنگی و زوو گۆڕان :- هەست بە دڵ تەنگی دەکات لە هەڵسوکەوتی خەڵکانی دەوریو لێبووردنی کەم دەبێتەوەو زوو هەڵ دەچێتو تووڕە دەبێتو خەفەت دەخوات.

**٥.**کار تێنەکردنی قورئان :-قورئان کاریگەری نابێت بەسەریەوە بەمەیش حەز بە گوێگرتنە قورئان ناکات ناتوانێت زۆر لە خۆی بکات بۆ خوێندنەوەو بەردەوام بوونی قورئان.

**٦.**بێ ئاگا بوون لە یادی خوای گەورە :-یادی خوای گەورەی لە لا قورس دەبێت سیفاتی دووڕوویی تیادا دێتە دی کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمێت: ﴿وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾[4].

واتە یادی خوای گەورە ناکەن تەنها بە کەمی نەبێت.

**٧.**تووڕە نەبوون لە کاتی پێشێل کردنی قەدەغەکراوەکانی خوای گەورە دا :- چونکە ئەگەر غیرەت بکوژێتەوە لە دڵێکدا ئەوا نە فەرمان دەکات بە چاکەو نەبەرهەڵستی دەکات لە خراپە و هەردووکی لەلا یەکسان دەبێت.

**٨.**حەزکردن لە خۆدەرخستنو ناوبانگ دەرکردن :- وەك حەز کردن لە بەڕێوەبردنو سەرکردەیی و دانیشتن لەلای سەرەوەو حەز کردن لەوەی کە خەڵکی لەبەری هەستن .

**٩.**ڕەزیلی:-خاوەنی باوەڕی لاواز هیچ شتێکی لێناوەشێتەوە هەرچەندە هەژاریو بەلا بەسەر موسڵماناندا بێت.

**١٠.**کردەوە بەقسەکانی ناکات :- هەرکەسێکیش ووتەی پێچەوانەی کردەوەی بێت زەمکراو دەبێت لەلای خوای گەورە وە رق لێبوو دەبێت لەلای خەڵکی وەکو خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتًا عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾[5].

(٣) بۆچونی ڕاست ئەوەیە کە نوێژی جەنازە فەرزی کیفایەیە وە نوێژی جەژنەکان فەرزی عەینە.

(٤) {سورة النساء:١٤٢}.

(٥) {سورة الصف:٢-٣}.

واتـه: ئـەی بـاوەڕداران بۆچـی شـتێك دەڵێن کە بە کردەوە نایسـەلمێنن خـوای گەورە زۆر ڕقی لەو ڕەوشتەیە کـە شـتێك بڵێن بەدەمو بە کردەوە نەیکەن.

**١١**.دڵ خۆش بوونو حەز کـردن بـەو بـــەڵاو ناخۆشـــیانەی کـــە توشـــی موسڵمانان دەبێت.

**١٢**.خـۆ نەپاراسـتن لـەو شـتانەی کـە گومانی تیادایە ئایا حەڵاڵـە یـان حەرامـە (الشـبهات) تـا وای لێدێـت دەکەوێتـە ناویانـەوە پێـی ناخۆشـە خـۆی دوور خاتـەوە لێیـان ئامـادەیی هەیـە گوناهـە بچوکەکان جێبەجێ بکـات تـا دەکەوێتـە ناو تاوانە گەورەکانەوە..

**١٣**.بەکـەم زانینـی کـردەوەی چـاکو بایـەخ نـەدان بـە چـاکە بچـوکەکان کـە لەوانەیـە کردەوەیـەکی کـەم ببێتـە هـۆی لێخۆشبوونی تاوان .

**١٤**.گرنگـــی نـــەدان بـــە کاروبـــاری موسڵمانان ،نەپاڕانەوە بۆیانو نـە خێـرو چـاکە کـردن پێیـان نەیارمـەتی دانیـان بەڵکو تەنها گرنکـی دان بـە بەرژەوەنـدی خۆی.

**١٥**.پچڕانی پەیوەنی لە نێوان برایانی باوەڕداردا ، چونکە دابـڕان لـە یـەکتر بـە هـۆی خراپـی تاوانەوەیـە چـونکە خـوای گــەورە تاوانبــار لــە دڵــی بەنــدکانیدا دەردەکات.

**١٦**.هەست نـەکردن بـە لێپرسـراوێتی بەرامبـەر ئـیش کـردن بـۆ دیـن ، هـەوڵ نەدان بۆ بڵاو کردنـەوەی دینو یارمـەتی نەدانی ئەو کەسانەی بڵاوی دەکەنەوە.

**١٧**.ترسانی زۆر لە کاتی تـوش بـوون بە بەڵایەك :-توشـی غـەمو پەژارەیـەکی زۆر دەبێـت ناتوانێـت ڕووبـەڕووی ئـەو شتانە ببێتەوە کە توشی دەبن بە دڵێکی دامـەزراوەوە وە ئەگـەر بـاوەڕی بـەهێز بوایـە ئـەوا ڕووبـەڕووی گـەورەترین بـەڵا دەبووەوە بە بەهێزیو دامەزراوی .

**١٨**.زۆر مشـتومڕ کـردن و دەمـەقاڵێ کــە دڵ رەق دەکــات:- پێغەمبــەر(ﷺ) دەفەرمێت :( انا زعيم ببيت في ربض الجنة لمن ترك المراء و ان كان محقـا) واتـە: مـن ماڵێك لە دەوروبەری بەهەشـتدا مسـۆگەر دەکەم بۆ مرۆڤێـك کـە واز لـە مشـتومڕ دەمەقـەڵێ بهێنێـت هـەر چـەندە لەسـەر حەقیش بێت.

**١٩**.پەیوەست بوونو خـۆ بەسـتنەوە بە دنیاوە : هەست بە ئازار دەکات کاتێك شتێك لە دنیای لـە دەسـت بچێت وەکـو پــارەو مــاڵو دەســەڵاتو پلــەو پایــەو جێگاوە هەست بە ئـازاری زیـاتر دەکـات کە ببینێت برایەکی موسڵمانی ئەوەی کە ئـەم لـە دەسـتی چـووە ئـەو دەسـتی کەوتوە .

**٢٠.**قسەکردنی شێوازێکی عەقڵی وەربگرێتو تەنها قسەی خۆی بکاتو نیشانەی بێباوەڕ وون بکات نابینێن لە کاتی قسەکردندا شوێنەواری ئایەتێك یاخود فەرموودەیەك یاخود قسەی زانایانی سەلەف بە کاربهێنێت .

**٢١.**ڕۆچونو زیادەڕەوی کردن لە گرنگی دان بە نەفسی خۆی لە خواردنو خواردنەوەو جێگاو سەیارەو گرنگی بە شتە ناگرنگەکان (کمالیات) دەدات زۆر لە ماڵو پارەوکاتی دەبەخشێت لە پێناوی چاکردنی ئەو شتانەدا کە گرنگی زۆریان نییە.

## دووەم: هۆیەکانی لاواز بوونی باوەڕ

لاواز بوونی باوەڕ هۆکاری زۆری هەیە هەیانە هاوبەشە لەگەڵ نیشانەکان وەکو کەوتنە ناو سەرپێچییەکانو سەرقاڵی بەدنیاوە ، وەجگە لەمانە ئەمەیش چەند هۆکارێکی تری لاوازی باوەڕە:-

**١.**دوور کەوتنەوە ماوەیەکی زۆر لە کەشو هەوایەکی باوەڕی کە هێزی دڵی لێوەردەگرێتو بەهێزی دەکات پێی باوەڕدار تەنها خۆی کەمە بەلام بە برایانی موسڵمانانییەوە زۆرە.

**٢.**دوور کەوتنەوە لە پێشەوایەکی چاك: ئەو کەسەی کە لەسەر دەستی پیاو چاکێك فێر دەبێت زانیاری بەسودو کردەوەی چاكو باوەڕی بەهێز کۆ دەکاتەوە پێکەوە ئەگەر ماوەیەك لێی دوور کەوێتەوە هەست بە دڵ ڕەقی دەکات.

**٣.**دوور کەوتنەوە لە گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا : کە دڵ دەژێنێتەوە لە سەروی هەمووشیانەوە قورئانو فەرموودە پاشان پەرتوکی زانایان لە باسی زوهدو ئامۆژگاری کە تامو چێژی باوەڕی دەست دەکەوێت لە ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان.

**٤.**بوونی مرۆڤ لە شوێنێکی پڕ لە تاوانو سەرپێچیدا، وە شانازی بکات بە جێبەجێکردنی یاخو بوونی لە شوێنانەی کە تەنها باسی دنیای تیادا دەکرێت وە دانیشتنەکانی ئەمڕۆی خەڵکی.

**٥.**ڕۆ چوون لەسەر قاڵی بوون بەدنیاوە کە مرۆڤ دەبێتە بەندەی : پێغەمبەر (ﷺ) دە فەرمێت (تعس عبد الدنیا وتعس عبد الدرهم ......) واتە : لە ناوچێت بەندەی دینار لەناوچێت بەندەی درههم.

**٦.**سەرقاڵ بوون بە ماڵو منداڵو خێزان :کە پێشی بخات بە سەر گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر(ﷺ) زەم کراوەو ناشرینە بەلام خۆشویستنی ئەم شتانە لەسەر شێوەی شەرعی کە یارمەتی دەربن بۆ گوێ ڕایەڵی کردنی

خوای گەورە ئەوە خاوەنەکەی سوپاس کراوە .

**٧.**ئومێدو هیوا درێژی :چوار شت لە بەد بەختی مرۆڤە چاو وەستاویو دڵ ڕەقی و هیوادرێژیو سور بوون لە سەر دنیا .خوای گەورە دەفەرمێت ﴿فطال عليهم الأمد فقست قلوبهم﴾

وە وتراوە (هەر کەسێك هیوای کورت بێت غەمو پەژارەی کەم دەبێتو دڵی ڕووناك دەبێت چونکە ئەگەر مردنی لە یاد بێت کۆشش دەکات لە پەرستندا. فتح الباری.

**٨.**زیاد ڕەوی کردن لە خواردنو خەوتنو تێکەڵاوی :زۆر خۆری بیرو هۆش تەمەڵ دەکات وەکو وتراوە (هەر کەسێك زۆر بخوات زۆر دەخواتەوەو زۆریش دەخەوێت پاداشتێکی زۆر لە دەست دەدات).

وە زیادڕەوی کردن لەقسەکردندا دڵ ڕەق دەکات. وە زیاد ڕەوی کردن لە تێکەڵ بوونی خەڵکی دەبێتە هۆی بەربەستێك لە ڕێگەی مرۆڤ و بیرکردنەوە و لێپرسینەوەی نەفس. وە زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێت. وە هۆکارەکانی لاوازی باوەڕ زۆرە مرۆڤی هۆشمند خۆی هەستی پێ دەکات داواکارین لە خوای گەورە کە دڵەکانمان پاك بکاتەوە لە خراپەی نەفسمان بمانپارێزێت.

## سێ یەم: چارەسەرکردنی لاوازی باوەڕ

باوەڕ لە دڵدا دەرزێت هەروەکو چۆن جل و بەرگ کە کۆن دەبێت دەڕزێت. بەهەمان شێوە دڵی باوەڕدار هەندێ جار هەوری ڕەش لە تاوان دایدەپۆشێت و ڕووناکییەکەی ناهێڵێت و مرۆڤ لە تەنهایی و تاریکی دا دەمێنێتەوە.

ئەمیش چەند هۆکارێکی شەرعی یە کە مرۆڤی موسڵمان بەهۆیەوە دەتوانێت خۆی پێ بنیات بنێتەوە لە جیاتی پشت بەستن بەچارەسەری دەرەکی تا دڵ ڕەقییەکەی نەهێڵێت و چارەسەری لاوازی باوەڕەکەی بکات لەپاش پشت بەستن بە خوای گەورە.

**١.**تێروانین و بیرکردنەوە لە کاتیقورئان خوێندن دا ئەمیش کە چارەسەرێکی گەورەیە خوای گەورە دەفەرمێت ﴿وننزل من القرآن ما هو شفاء ورحمة للمؤمنين﴾

لە قورئاندا یەکخواپەرستی و پەیمان و هەڕەشە و حوکم و هەواڵ و سەرگوشتە وئاداب و ڕەوشتی تیایە .

ابن القیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەکورتی باسی چارەسەری دڵ ڕەقی دەکات بەقورئان و دەفەرمێت: بە دووشت دەبێت : یەکەمیان : دڵت بگوازیتەوە لە شوێنگەی دنیاو نیشتەجێی بکەیت لە شوێنگەی قیامەت

پاشان ڕووی وەرگێڕیت بۆ ماناکانی قورئان و تێگەیشتن و بیرکردنەوە لێیان و بەشی خۆت لە هەر ئایەتێك وەربگریت و دایبەزێنیتە سەر دڵت وەئەگەر ئەم ئایەتە دابەزێتە سەر نەخۆشی دڵ بە ویست خوای گەورە دڵەکە چاك دەبێتەوە.

**٢.** هەستکردن بە گەورەیی خوای گەورە : و ناسینی ناوو سیفاتەکانی و جێگیر کردنی ئەم هەستە لە دڵ داو پاشان بەڕێکردنی بۆ ناو ئەندامەکانی تری لەشی تا بێتە ئاخاوتن لە ڕێگەی ئیش کردن پێی .

**٣.**داواکردنو گەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا: کە ئەو زانستەیە مرۆڤ دەگەیەنێت بە ترسان لە خوای گەورە زیاد کردنی باوەڕ وەکو خوای گەورە دەفەرمێت :

﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾(٦)

واتە :تەنها بەندە زاناکانی لە خوای گەورە دەترسێن بە زانستەوە .

**٤.**پەیوەست بوونو بەردەوام بوون بە یادی خوای گەورەوە کە بەهۆیەوە بەزەیی خوای گەورە مرۆڤ دادەپۆشێت و ئارامی دادەبەزێنێتو فریشتەکان دەوری یادکەران دەگرنو خوای گەورە باسیان دەکات لە شوێنە بەرزەکانو شانازییان پێوە دەکات بەسەر فریشتەکانداو لە تاوانەکانیان خۆش دەبێت.

**٥.**زیادکردنی کردەوەی چاكو پڕکرنەوەی کاتی پێیو جۆراو جۆری پەرستن ، وە پێویستە موسڵمان ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکاتە کاتی جێبەجێکردنی کردەوەی باشدا.

**أ**_پەلە کردن لە چاکە کردندا :خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ﴾(٧)

واتە:پەلە بکەن بەرەو لێخۆشبوونێك لە خوای گەورە .

**ب**_بەردەوام بوون لەسەری چونکە دەبێتە هۆی بە هێزی باوەڕ.

**ج**_کۆشش کردن تیایدا تا بەرزبوونەوەی باوەڕ ماوەیەك نەبێتو پاشان لاواز ببێتەوە.

**د**_خۆ بێزار نەکردن :پێغەمبەری (ﷺ) دەفەرمێت : ( اكلفوا من العمل مـا تطيقون فأن الله عز وجل لا يمل حتى تملوا)

واتە: ئەو کردەوانە بکەن کە لە تواناتاندا هەیە چونکە خوای گەورە بێزار نابێت هەتا ئێوە بێزار نەبن.

**هـ**_گەڕانەوەی ئەو شتانەی کە لێی فەوتاوە . پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت (من

(٦) {سورة فاطر:٢٨}.

(٧) {سورة آل عمران:١٣٣}.

نام عن حزبه من الليل او عن شـيء منـه فقرأه فيما بين صلاة الفجر وصلاة الظهـر كتب له كأنما قـراء مـن الليـل )واتـه : هەرکەسـیك شـەو خـەوی لێ کـەوتو (حزب)ەکەی لـە قورئـان خوێنـدن تـەواو نەکرد پاشـان لـە نێـوان نوێـژی بـەیانیو نیوەڕۆ خوێندی ئەوا خێری ئەوەی بۆ دە نوسرێت کە بەشەو خوێنـدبێتی بەهـەمان شـێوە هـەموو ئـەو شـتانەی کـە گەڕانـەوەیان دروسـتە ئەگـەر مـرۆڤ لـە دەست چووبیان گەڕێنێتەوە.

و ـبە هێوا بوونی وەرگرتنـی کـردەوە چاکەکان لەگەڵ ترسان لە وەرنەگرتنی : ابو الدرداء(خوای لێ رازیبێت) دەفەرمێت : ئەگەر دڵنیا بم لەوەی کە خوای گـەورە تەنها یـەك نوێـژی لـێم وەرگرتـووە ئـەوا خۆشەویسـترە لـە لام لـە هـەموو دنیـا و ئەوەی کە تێدایـە چونکە خـوای گـەورە دەفەرمێت : (انما يتقبل الله مـن المـتقين) واتـــە: تـــەنها خـــوای گـــەورە لـــە خواپەرستانی و خۆپارێزان وەردەگرێت.

**٦**.جۆراوجـۆری پەرسـتنەکان: تـا نـەفس بێزارنـەبیت و بـەردەوام لـە تازەگـەری دا بێـت لـە پەرسـتن چـونکە هەندێ نەفس چێژ و لەزەت وەردەگرێت لە هەندێ پەرستن زیاتر لە هەنـدێکی تـر لەگەڵ پارێزگاری کردن لەسەر فەرزەکان لە خوای گەورە و فەرمانی پێ کردوە .

**٧**.ترسـان لـە خراپـی کۆتـای ژیـان: چـونکە وا لـە مـرۆڤ دەکـات گوێڕایـەڵی خوای گەورە بکات و باوەڕی لە دڵدا تازە ببێتـەوە بـەڵام خراپـی کۆتـای ژیـان هۆکاری زۆرە لە وانە لاوازی باوەڕ و نوقم بوون لە تاوان دا .

**٨**.زیادیادکردنی مـردن پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرمێت : (اكثروا ذكر هازم اللـذات يعني الموت) واتـە: زیاد بـیری مـردن بکـەن وە لەگـەورەترین شـت کـە یـادی مـرۆڤ بخاتـــەوە ســـەردانی گۆڕســـتانە. پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرمێت: (كنت نهيتكم عن زيارة القبور الا فزوروها فأنها تذكركم الآخـرة) واتـە: سـەرەتا مـن قەدەغـەی سەردانی گۆڕستانم لێ کردن بەڵام ئێستا سـەردانی بکـەن چونکە یـادی قیامـەتان دەخاتـــەوە ، وەچـــۆن مـــردوو ســـوود دەبینێت لە دووعاکردن بۆی ئەو کەسەی سـەردانی گۆڕسـتان دەکـات بـەیادکردنی مـردن سـود وەردەگرێـت وە پێویسـتە لەسـەر کەسـێك کـە سـەردانی گۆڕسـتان دەکـات ئادابـەکانی جـێ بـەجێ بکـات و دڵـــی ئامادەبکـــات و مەبەســـتی لـــە ســـەردانیەکەی ڕەزامەنـدی خـوا بێـت و چاکسـازی دڵـی بێـت و پەنـد وەربگریـت لەوانـــەی کـــە چـــوونە ژێـــر گڵـــەوە وە هەرکەسێك زیاد بیری مردن بکاتەوە سێ شت زۆر دەکات: بەپەلە تۆبە دەکـات وە

دڵی قەناعەت دەکات وەبەگورج و گۆڵی پەرستن دەکات. وە هەرکەسێك مردن لە بیر بکات بە سێ شت سزا دەدرێت تۆبە کردن دوا دەخات وە ڕازی نابێت بەکەم وە تەمەڵ دەبێت لە پەرستن دا.

هەروەها ئەوەی کاریگەری هەبێت بەسەر نەفسەوە بریتیە لە ئامادەبوون لە کاتی سەرەمەرگ و ڕووح کێشانی خەڵکدا کە چۆن تووشی ئازار و سەختی دەبن ، هەروەها نوێژ کردن لەسەر مردوو وە شاردنەوەی یادی مردن دەخاتەوە .

**٩.**یادکردنەوەی پلەکانی قیامەت: وە قورئانی پیرۆزیش باسی زۆری قیامەتی تیایە بەتایبەت لە هەندێ سورەت وەك (ق، الواقعة، القیامة، المرسلات) جگە لەمانە هەروەها لە دانروەکانی پەرتووکی فەرمووده لەژێر ناونیشانی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ.

**١٠.**کارلێك کردن لەگەڵ نیشانە کەونیەکان: بخاری و مسلمو جگە لەمان گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك کە هەورێك یاخود بایەکی ببینیایە لە ڕووی دا ئەم شتە دەزانرا عائیشە (خوای لێ ڕازیبێت) فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبینم کاتێك خەڵکی هەور دەبینن دڵخۆش دەبن بەو هیوایەی کە بارانی تێدابێت وە تۆ دەبینم کە هەور دەبینی ناخۆشی لە ڕووتدا دەبینم.فەرمووی:( یا عائیشة ما یؤمنني ان یکون فیه عذاب قد عذب قوم بالریح و قد رای القوم العذاب فقـالوا هـذا عـارض ممطرنا) واتە : ئەی عائیشە چی من دڵنیا دەکات کە سزای تێدا نیە کە نەتەوانێکی تر بە با سزادران وە نەتەوانێکی تر سزایان بینیوە ووتوویانە ئەمە هەورە و بارانمان بۆ دەبارێنێت وە پێغەمبەر(ﷺ) دەترسا کاتێك خۆرگیران یان مانگ گیرانی ببینیایە. وەگومانی تێدانیە کە کارلێکردنی دڵ لەگەڵ ئەم دیاردنەدا باوەر لە دڵدا تازە دەکاتەوە و یادی سزا و دەسەڵاتی خوای گەورە دەخاتەوە بە تایبەتی لە کاتی تێپەڕبوون بەو شوێنانەی کە ڕۆچوون و سزا و گۆرستانی ستەمکارانی لێبوو.

**١١.**یادکردنی خوای گەورە : کە ئەمەیش ڕووناکی دڵان و چارەسەرێتی وە گیانی کردەوە چاکەکانە و لە هەموو شت گەورە ترە وەکو خوای گەورە دەفەرمێت (ولذکر الله اکبر) وە شوێنی ڕەزامەندی پەروەردگارە و دەرکەری شەیتانە و لابەری غەم و پەژارەیە و هێنەری رزقەو کردنەوەی دەرگاکانی زانست و زانینە و ڕوێنەری بەهەشتە. پیاوێك بە (حسنی بصری) ووت ڕەحمەتی خوای لێبێت : ئەی باوکی سعید گلەیی دڵ ڕەقی خۆمت لە لادەکەم

، ئەویش پێیفەرموو: بیتوێنەرەوە بە یادکردنی خوای گەورە ، وە بە یاد کردن بەندە شەیتان دەدات بە زەویدا هەروەکو چۆن شەیتان خەڵکی بێئاگاو لەیاد چوو دەدات بەزەویدا.

**١٢.**هاوار بۆ خوا بردنو خۆ شکاندنەوەو خۆ بەکەم زانین لەبەردەستی خوادا ، هەرچەندە مرۆڤ زیاتر خۆی زەلیلو مل کەچ بکات بۆخوا زیاتر لە خوا نزیک دەبێتەوە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێت: (اقرب ما يكون العبدمن ربه وهو ساجد فأكثروا الدعاء) واتە: نزیك ترین کات کە مرۆڤ لە خواوە نزیك بێت لە کاتی کوڕنوش بردندایە بۆ خوا تیادا زۆر بپاڕێتەوە .

هەروەها دەرخستنی هەژاری و پێویست بوون بە خوا باوەڕ بەهێز دەکات ،خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئێمە هەژارینو پێویستمان بە ئەوە وەکو دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴾(٨).

**١٣.**کەم هیوایی: چونکە کاتێك مرۆڤ لەو دنیا زیندوو دەکرێتەوە وە وا دەزانێت کەساتێکی کەم لە دنیادا ژیانی بەسەر بردووە وەکو خوای گەورە دەفەرمێت :

﴿لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ﴾(٩).

کەواتە: ئەمە هەموو دونیایە یا مرۆڤ هیوا درێژ نەبێت دنیا هەر دەبڕێتەوە وە نەڵێت هەر دەژیمو هەر دەژیم.

**١٤.**بیرکردنەوە لە کەمیو بێنرخی دنیا: تا دڵ پێوەی پەیوەست نەبێتو لێی بپچڕێت . پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی (الدنيا ملعونة ملعون ما فيها الا ذكر الله وما والاه او عالما او متعلما) واتە دنیا نەفرەت لێکراوە ئەوەشی تیایدایە نەفرەت لێکراوە تەنها یادی خوا نەبێت و ئەوەی کە خوا پێی خۆشە یا خود زانابیت یا خود قوتابی زانستی شەرعی.

**١٥.**بە گەورە زانینی دروشمەکانی خوا : چونکە بە گەورە زانینیان نیشانەی تەقوای دڵە وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ﴾(١٠).

وە لە بەگەورە زانینی دروشمەکان خوای گەورە بریتییە لە بە کەم نەزانینی تاوانی بچوك.

**خل الذنوب صغيرها وكبيرها ذاك التقى**
**واصنع كماشٍ فوق ارض الشوك يحذر ما يرى**

---

(٨) {سورة فاطر:١٥}.

(٩) {سورة الاحقاف:٣٥}.

(١٠) {سورة الحج:٣٢}.

**لا تحقرن صغيرة ان الجبال من الحصى**

واتـە: واز لـە تـاوانی گـەورەو بچـوك بهێنـە ئـەوە تەقوایـە وەکـو کەسـێك بـە کەبەسـەر زەویـەکی دڕکاویـدا دەڕواتو خۆی لێدەپارێزێت ، تاوانی بچوك بە کەم مەزانـە چـونکە چیا گـەورەکان لـە وردە زیخ دروست بوون .

**١٦**.خۆشویسـتنو ڕق لێبـوون(الـولاء والـبراء): واتـە خۆشویسـتنی بڕوادارانـو دژایـەتیو ڕق لێبـوونی بێبـاوەڕان ، چـونکە ئەگـەر دڵ پەیوەسـت بێـت بـە دوژمنـانی خـوای گـەورە لاواز دەبێـت و مانای بیرو باوەڕ تیایدا دەتوتێتەوە ، وە ئەگەر خۆشویسـتن تـەنها بـۆ خـوا بێـتو دژایەتی دوژمنـانی خـوای گـەورە بکـاتو ڕقی لێیان بیت باوەڕدەژێنێتەوە لە دڵدا.

**١٧**.خـۆ بەکـەم زانـین (التواضـع): دەورێکـی کاریگـەری هەیـە لـە تازەکردنەوەی بـاوەڕو ڕونـاك کردنـەوەی دڵ لە ژەنگی خۆ بە گەورە زانین چـونکە خۆ بەکەم زانینی دڵبۆ خوای گەورییە . پێغەمبەر(ﷺ) دەفـەرمێت : (مـن تـرك اللباس تواضعا لله وهو يقدر عليه دعـاء الله يوم القيامة على رؤوس الخلائق حتى يخـيره من اى حلل الايمان شاء يلبسها) واتە: هـەر کەسـێك واز لـە لەبـەرکردنی پۆشـاکێك بهێنێت لەبەر خۆ بەکەم زانیننی بۆ خواو توانـای هـەبێت لـە بـەری بکـات ئـەوا لـە ڕۆژی قیامەتـدا خـوای گـەورە لەسـەروی هـەموو خەلکیـەوە بانگیدەکـا تـا سەرپشـکی بکـات لـە چ پۆشـاکێکی باوەڕی دەوێت لەبەری بکات .

**١٨**.کردەوەکـانی دڵ: وەکـو خـۆش ویسـتنی خـوای گـەورەو ترسـان لێیو بەهیوا بوونی و گومانی باش بردن پێیو پشـت بەسـتن پـێیو ڕازی بـوون بـە بڕیارەکـانی و سـوپاس کردنـی و راسـت کردن لـە گەڵیـدا و دڵنیـایی پـێیو تۆبـە کردنو گەڕانەوە بۆ لاییو جگە لەمانـە لـە کردەو ەکانی دڵ .

**١٩**.لێپرسـینەوەی نـەفس خـوای گەورە دەفەرمێت :

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ﴾(١١).

واتە:ئەی باوەڕداران لـەخوا بترسێنو با هەر یەك لە ئێوە تەماشا بکات چی بـۆ سبەی (قیامة) ئامادە کردوە وە عمری کوڕی ختاب (ﷺ) دەفەرمێت : (حاسبوا انفسـكم قبـل ان تحاسـبوا )واتـە محاسەبەی نەفسی خۆتـان بکـەن پـێش ئەوەی محاسەبە بکرێن.

**٢٠**.پاڕانـەوە لـە خـوای گـەورە کـە بەهێزترین هۆکارە کە پێویستە لەسـەر بەندە جێبەجێی بکات.

---

(١١) {سورة الحشر:١٨}.

لەکۆتایدا داواکارین لە خوای گەورە و پەروەردگاری عەرشی پیرۆز کردەوەکانمان چاك بکاتەوە وە بماون گێڕێت لەو کەسانەی کە تەمەنیان درێژ دەکاتو کردەوەیان باش دەکات وە دڵە مردووەکانمان زیندوو بکاتەوە وە باوەڕی تیادا تازە بکاتەوە دڵێکی زیندومان پێببەخشێت کەلە سزاکەی بترسێتو بە گەیشتن پێی دڵخۆش بینو دامەزراومان بکات لەسەر ڕێگای ڕاستو پارێزراومان بکات هەر خۆی (ارحم الراحمین)ە

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

# پێویستیێتی گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت. وە ترسناکی لاسایی کردنەوە.

ئامادەکردنی : علي خَشان
وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین:

١. پێویستی گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ).

٢. وەگەڕانەوەی هەموو ئیشێك بۆلای قورئان و سوننەت لەکاتی کێشەو دووبەرەکیدا.

٣. وەزەم کردنی دەمارگیری بۆ مەزهەبەکان –

روون بکەینەوە، وەهەندێ ئایەت و فەرموودە و وتەی زانایان بەبەڵگە بهێنینەوە.

## فەرمان کردنی خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەشوێن کەوتنیئەوەی کە بەوەحی بۆی دێت

خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا . وَاتَّبِعْ مَا يُوحَى إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾(١)

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام بە لەسەر لە خواترسان وە گوێڕایەڵی بێ باوەڕو دوور رووەکان مەکە، بەراستی خوای گەورە زاناو کار بەجێیە. وەتەنها شوێنی ئەو وەحیە بکەوە کەلەلایەن پەروەردگارەوە بۆت دێت بەڕاستی خوایگەورە زانایە بەو کردەوانەیکەدەیکەن .

هەروەها دەفەرموێت:

﴿اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾(٢)

واتە : شوێنی ئەو وەحیە بکەوە لەلایەن پەروەدگارەوە بۆتدێت چونکە هیچ پەرستراوێکیتری حەق نییە جگەلەخوای گەورە وە پشت بکە لە هاوبەش بڕیار دەران.

هەروەها دەفەرموێت :

﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾(٣)

---

(١) الاحزاب: ١-٢

(٢) الانعام: ١٠٦ . (٣) الجاثية: ١٨

واتە: ئەی محمد (ﷺ) تۆمان خستۆتە سەر شەریعەت و یاسایەك لە ئیشو کاری دینەکەتدا کەدەتگەیەنێت بەحەق تۆیش کاری پێ بکە و شوێنی هەواو ئارەزوی ئەو کەسانە مەکەوە کە یەك خوا پەرستی و شەریعەتیخوا نازانن بۆ بەندەکانی.

*خوای گەورە بۆ دروست کراوەکانی روون کردۆتەوە کەئەو پێویستی کردووە لەسەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ) شوێنی ئەو وەحیە بکەوێت کەبۆی ناردووە، چونکە خوای گەورە خۆی زانایە و کاربەجێیە بەو شەریعەتانەی کەدەگونجێن بۆمرۆڤ.

وەفەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کەگوێڕایەڵی بێ باوەڕەکانو دوو ڕووەکان نەکات، بەڵکو پێویستە لە سەری یاساو بەرنامەی ئەوان رەت بکاتەوە ، چونکە هەموو یاساو بەرنامەیەك لەلایەن خوایگەورەوە نەبێت هیچ شتێك نییە تەنها شوێن کەوتنی هەواو ئارەزو نەبێت (وەشاراوەنییە لەلای مرۆڤی ژیر کەفەرمان کردنی خوایگەورە بە پێغەمبەرەکەی بە شوێن کەوتنی ئەو وەحیەی کەبۆی دێت فەرمان کردنە بەئێمەیش کەشوێن پێی بکەوین)[1]

## فەرمان کردنیخوایگەورە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەگەیاندن و روونکردنەوەی ئەوەی کەبۆی دابەزیوە بۆ خەڵکی

خوایگەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾[2]

(ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەتەفسیری ئەم ئایەتەیدا دەفەرموێت (خوایگەورەر گفتوگۆ لەگەڵ بەندەو پێغەمبەرەکەی محمد (ﷺ) دەکات بەناوی پەیامەوە وەفەرمانی پێ دەکات بەگەیاندنی هەموو ئەوەی کەخوای گەورە پێیدا ناردویەتی وەپێغەمبەریش (ﷺ) گوێڕایەڵی کردووەو بەتەواوترین هەستان پێی هەستاو جێبەجێی کرد).

پاشان (ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمودەیەکیزۆری هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هەموو شتێکی روون کردۆتەوە لەوانە فەرمودەی عائیشە رضي الله عنها کەبەمسروق دەفەرموێت: (من حدثك أن محمداً كـتم شيئا مما أنزل عليه فقد كذب)

واتە: هەرکەسێك پێتی وت محمد (ﷺ) شتێکی شاردۆتەوە لەوەی کە بۆی

---

(١) الرسالة للامام الشافعي

(٢) المائدة : ٦٧

دابەزیوە ئەوا درۆی کردوە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ (١)

(ابن كثير) له (ابن عباس) ەوە ، رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەم ئایەتە (وان لم تفعل فما بلغت رسالته)

واتە: ئەگەر ئایەتێك بشاریتەوە لەوەی کەبۆت دابەزیوە ئەوا پەیامی خوات نەگەیاندووە.

وەخوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ (٢)

واتە: ئێمە قورئانمان بۆت دابەزاندووەکەبەسوننەتی خۆت بۆ خەڵکی رون بکەیتەوە، وە بۆئەوەی خەڵکی بیر بکەنەوە و پەندو ئامۆژگاری وەرگرن.

(ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی (لتبين للناس ما انزل اليهم) دەفەرموێت :

واتە : بۆ خەڵکی روون بکەیتەوە چونکە تۆ زانیاریت هەیە بە مانای ئەوەی کەخوای گەورە دایبەزاندۆتە سەرت وەتۆ سوریت لەسەری، وە شوێنی دەکەویت ، لەبەر ئەوەی ئێمەش دەزانین کە تۆ باشترین دروستکراوەکانی خوایگەورەی . وە خوای گەورە دەفەرموێت

﴿ونزلنا عليك الكتاب تبيانا لكل شيء . هدى ورحمة وبشرى للمسلمين﴾ (٣)

واتە:ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندۆتە سەرتۆ ئەی محمد (ﷺ) کەهەمووشتێکی روونکردۆتەوە و هیدایەت و رەحمەتە بۆ بەندەکان وە موژدە دەرە بۆ موسڵمانان.

(ابن كثير) لە ئەوزاعیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەربارەی ئەم ئایەتە کەفەرمویەتی قورئان روونکەرەوەیە بۆ هەمووشتێك واتەبەسوننەت. ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێت لەپەرتوکی (الرسالة)دا دەفەرموێت : خوایگەورە شایەتی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) داوە کە دەستی گرتوە بەفەرمانی خوایگەورە.

خوایگەورە دەفەرموێت :

﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ (٤)

واتە: بەم شێوازە ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ بەوەحی نارد کەتۆ

(١) رواه البخاري ٤٦١٢ و مسلم ٢٨٧ والترمذي والنسائي
(٢) النحل : ٤٤
(٣) النحل : ٨٩
(٤) الشورى : ٥٢

پێشتر نەتدەزانی قورئان چی‌یە چونکە خوێندەوار نەبویتە. هەروەها مانای باوەڕ و درێژی شەریعەتت نەدەزانی بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کرد بەڕوناکی و هیدایەتی هەر کەسێکی پێ دەدەین کەویستمان لەهیدایەت دانی بنێت، وەتۆیش ئەی محمد (ﷺ) هیدایەتی خەڵکی دانی هەبێت بۆ ڕێگای ڕاستی پەروەردگارت .

وەئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)لە پەرتوکی (الرسالة) دا دەیگێڕێتەوە کەپێغمبەر(ﷺ) فەرمویەتی :

(ماتركت شيئاً مما نهاكم الله عنه الا وقد نهيتكم عنه) [1]

واتە : هیچ شتێکم بەجێ نەهێشتوە کەخوایگەورە قەدەغەی کردبێ لێتان ئیلا منیش قەدەغەم کردوە لێتان .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەریخوا (ﷺ) پەیامەکەی گەیاندووە بەتەواوەتی.

خوایگەورە دەفەرموێت:

﴿اليوم أكملت لكم دينكم وأتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا﴾ [2]

ئەم ئایەتە ڕۆژی هەینی لەعەرەفات لەحجە الوداع دابەزی وەدوا ئایەت بووە لە قورئان کە دابەزیوە لەسەر ڕەئی زۆربەی زانایان.

واتە: ئەمڕۆمن دینەکەتانم تەواوکرد ، ئاشکرام کرد بەسەر هەموو دینەکانی تر وە من نیعمەتی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا (بەتەواو کردنی دین و ئازادکردنی مەککە و زاڵ بونتان بەسەر بێ باوەڕاندا) وەمن ڕازی بووم کە ئیسلام دینی ئێوە بێت تاکۆتایی دنیا.

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :

(تركتكم على بيضاء نقية ليلها كنهارها لا يزيغ عنها إلا هالك) [3]

واتە : ئەی موسڵمانان من ئێوەم بەجێ هێشت لەسەر دینێکی ئاشکرای سپی پاك کەشەوەکەی وەکو ڕۆژەکەی ڕووناکە هیچ کەسێك لێی لانادات تەنها کەسێکی بەهیلاك چوو نەبێت.

وە لەحەجی ماڵ ئاوایی دا فەرمووی:

(اللهم هل بلغت! اللهم فاشهد) [4]

واتە: خوایە ئایا دینم گەیاند بەخەڵکی ! خوایە خۆت شاهیدبە .

بەم شێوەیە دەزانین کە شەریعەتەکەمان یەك شەریعەتەو دوو شەریعەتی ئاشکراو نهێنی نی‌یە هەروەکو

(١) رواه الشافعي في المسند والبيهقي في السنن . راجع تحقيق العلامة احمد شاكر للحديث في الرسالة وهو حديث صحيح

(٢) المائدة : ٤

(٣) رواه احمد و صحيح ابن ماجة (٤١)، الصحيحة (٩٣٧)

(٤) صحيح مسلم ١٢١٨

چــۆن هەنــدێك وا دەڵــێن. وە ئــەو فەرمودانــەی لــەم بارەیــەوە هــاتوە ئــەوا هەڵبەســتراوە و درۆیــە لێــرەدا بــواری روونکردنەوەیان نی‌یە.لەم بابەتە کورتەدا

ئیمامی شافیعی (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) لە پەرتوکی(الرسالة)دا دەفەرمویت:

(ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) کردویـەتی بەسوننەت و حوکمی خوای گەورەی تێدا نی‌یـە، ئـەوا بـەحوکمی خـوای گـەورە کردویەتی‌بەسـوننەت وە خـوای گـەورە پێمانی راگەیاندوە کە فەرمویەتی:

﴿وإنك لتهدي الى صراط مستقيم صراط الله﴾

## فەرمان کردن بەگوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و ئاگادار کردنەوە لە سەرپێچی کردن .

خوای‌گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا ﴾(١)

واتە : کاتێك کەخواو پێغەمبەری خـوا (ﷺ) بڕیــار لەســەر شــتێك دەدەن موســڵمانانی پیــاو و ژن بۆیــان نی‌یــە لەفەرمانی خواو پێغەمبەری خوا دەرچـن بەویســتی خۆیــان ئــیش بکــەن، وە هەرکەســێك سەرپێچــی فــەرمانی خــواو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بکـات ئـەوا گـومڕا بونێکی ئاشکرا گومڕا بووە.(٢)

هەروەها دەفەرموێت :

﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا﴾(٣)

واتە: هەرکەسێك گـوێ ڕایـەڵی خـوای گـەورە و پێغەمبـەر (ﷺ) بکـات ئـەوا لـە بەهەشتدا لەگـەڵ ئـەو کەسانەدا دەبێت کەخوای گەورە بەخششی خـۆی ڕژانـدوە بەسەریاندا لە پێغەمبـەران و راستگۆیان (ئەوانــەی هەرچــی لەلایــەنی خــواو پێغەمبــەرەوە (ﷺ) هاتبێـت بەڕاسـتیان دانـاوە )و شـەهیدەکان و پیـاو چـاکاندا (ئەوانـەی کـردەوەی وایـان ئـەنجام داوە بەبــەردەوامی) دەبێــت کــە ئەمانــەیش

---

(١) الاحزاب : ٣٦

(٢) ئەم ئایەتەلەسەر (زینب بنت جحش) دابـەزی کەکچـی پوری پێغەمبەری‌خوا بوو ﷺ کە پێغەمبەر ﷺ پیّ‌ی فەرموو : (من ئەمەوێت بددەم بەزەیدی کوڕی حارثـة چـونکە مـن رازی بوومە کە تۆ بـۆ ئـەو بیـت) زەینـەبیش فـەرموی ئـەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵام مـن پێـی رازی نـیم کـە مـن کچـی ناوداری قەومەکەی خـۆمم و پـورزای تۆیشـم بۆیـە مـن رازی نابم ، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند. پاشان زەینەب ووتــی ئــەوا گوێڕایــەڵیتم کـرد چـیت دەوێـت بیکـە پاشـان پێغەمبــەر ﷺ مـارەی کـرد بۆزەیـد و ئـەویش گواسـتییەوە خوای گەورە لێیان رازی بێت (وەرگێڕ)

(٣) النساء : ٦٩

باشترین هاوڕێن کە مرۆڤ هاوەڵایەتیان بکات [٤] وەدەفەرموێت:

﴿ومن يطع الرسول فقد اطاع الله﴾ [١]

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بکات گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لە خۆیەوە هیچ شتێك نالێت.وە دەفەرموێت :

﴿لا تجعلوا دعاء الرسول بينكم كدعاء بعضكم بعضا قد يعلم الله الذين يتسللون منكم لواذا فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم﴾ [٢]

واتە :کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگتان دەکات بەجوانی وڵامی بدەنەوە نەك وەکو وەڵامدانەوەی هەندێکتان بۆ هەندێکی ترتان، یاخود کاتێك کە ئێوە بانگی یەکتری دەکەن مەڵێن ئەی محمد هەروەکو چۆن لەناو خۆتاندا بانگی یەکتری دەکەن بەڵکو بەڕێزەوە بڵێن ئەی پێغەمبەری خوا ، یاخود مانای ئەوەیە دوعای پێغەمبەر (ﷺ) وەکو دوعای خۆتان تەماشامەکەن و بەگەورەی بزانن چونکە دوعای ئەو لەلای خواوە وەردەگیرێت و رەت ناکرێتەوە. وەخوای گەورە ئاگای لەو کەسانەیە کە خۆیان دەشارنەوە لە پاڵ موسڵماناندا ،بۆ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نەیانبینێت و خۆیان دەربازکەن لەنوێژکردنیجومعە، یاخود لە کاتی جیهادکردندا (واتە دوو ڕووەکان) ئەو کەسانەی کەسەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن بائاگاداربن چونکە خوایگەورە توشی فیتنەیان دەکات لەدونیا بەکوشتن و بەند کردن، یان سزایەکی ئێشێنەر.

ابن کپیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(فليحذر الذين يخالفون عن امره) واتە: ئەوانەیسەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن کەئەویش رێگاو بەرنامەو سوننەت و شەریعەتەکەیەتی، وە وتەو کردەوە بە وتەو کردەوەکانی ئەو دەکێشرێت ، ئەوەی یەك بێت لەگەڵ وتەو کردەوەی ئەودا ئەوا دوەردەگیرێت و ئەوەیشی بە پێچەوانە بێت رەت دەکرێتەوە بۆ سەر خاوەنەکەی و هەرکەسێك بێت لێی وەرناگیرێت ، هەروەکو چۆن لە صحیحی بخاری و مسلم و جگە لەوانیشدا هاتوە لە

---

(٤) عائیشە ﵂ دەفەرموێت: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و فەرموی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ خۆشەویست تری لەلای من لە خۆم و منداڵەکانم ، وەکاتێك کە من لە ماڵەوە بیری تۆم دەکەوێتەوە خۆم بۆ ناگیرێت هەتا دێم و تەماشات دەکەم وەکاتێك یادی مردنی تۆو خۆم دەکەمە دەزانم کە تۆ پلەت بەرزترە لەگەڵ پێغەمبەراندا دەبیت . وەئەگەر من بچمەبەهەشتیشەوە لەوە دەترسم کەنەتبینم .پێغەمبەر ﷺ هیچ وەڵامی نەدایەوە هەتا جبریل ﵇ ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە (وەرگێڕ)

(١) النساء : ٨٠

(٢) النور : ٦٣

پێغەمبەری خواوە (ﷺ) كەفەرمویەتی (من عمل عملا ليس عليه امرنا فهورد).

واتە: هەركەسێك كردەوەیەك بكات و فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوا وەرناگیرێت و ڕەتدەكرێتەوە بۆ سەر خاوەنەكەی.

كەواتە: بائاگاداربین و بترسین، هەركەسێك سەرپێچی شەریعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بكات بەئاشكرا و بەنهێنی.

(أن تصيبهم فتنة) واتە لەدڵیاندا توشی كوفر و نفاق و بدعە دەبن (أو يصيبهم عذاب أليم) واتە: لە دونیا توشی كوشتن و لێدانی حەددوبەند كردن و هاوشێوەی ئەمانەدەبن.

ئیمامی القرطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(ان تصيبهم فتنة او يصيبهم عذاب اليم) حەرامە سەرپێچی كردنی پێغەمبەر (ﷺ) وە واجبە گوێڕایەڵی كردنی، وەفیتنە لێرەدا بریتی‌یە لەكوشتن. ابن عباس رضي الله عنه وایفەرمووە وەوتراوە" مۆردانە لەدڵ بەهۆی خراپی و سەرپێچی كردنی پێغەمبەر(ﷺ) .

ئیمامی (الشاطبي) لەپەرتوكی (الاعتصام)دا، (١٣٢/١) دەفەرموێت :

(زوبەیری كوڕی بەككار دەفەرموێت: گوێم لەمالكی كوڕی ئەنەس بوو پیاوێك هات بۆلای وپێی وت : ئەی باوكی عبدالله، لەكوێوە ئیحرام بكەم؟

فەرموی: لە (ذو الحليفة) ەوە لەوشوێنەی كە پێغەمبەر (ﷺ) ئیحرامیكردووە. ئەویش وتی . من ئەمەوێت لەمزگەوتەوە ئیحرام بكەم . ئەویش فەرمووی: نەكەیت . ئەویش وتی : من ئەمەوێت ئیحرام بكەم لەمزگەوتەوە لە لای قەبرەكە. ئەویش فەرموی : نەكەی **چونكە من دەترسم توشیفیتنە ببی** . ئەویش وتی: ئەمە چ فیتنەیەكی تێدایە ؟ تەنها چەند میلێكە زیادی دەكەم. ئەویش فەرمووی: چ فیتنەیەك لەمە گەورەترە كەتۆ وابزانیت دەست پێشخەریت كردووە لەچاكەیەك كە پێغەمبەر ﷺ نەیكردوە. خوایگەورە دەفەرموێت :

﴿فليحذر الذين يخالفون عن امره ان تصيبهم فتنة او يصيبهم عذاب اليم﴾ .

پاشان ئیمامی الشاطبي دەفەرموێت (ئەم فیتنەیەی كەوا ئیمامی مالیك رضي الله عنه لەتەفسیری ئەم ئایەتە باسی دەكات ئەمە حاڵی ئەهلی بیدعە و بنچینەكەیانە كە ماڵیان لەسەر بنیات دەنێن ئەوان وادەبینن كە ئەوەیخوایگەورە لەقورئاندا باسی كردوە ،وە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) كردویەتیبەسوننەت كەمترە لەخوار ئەوەوەیە كەعەقڵیان

نیشانیانی داوە. وە لەهاوشێوەی ئەمەدا ابن مسعود –خوای لێ رازی بێت– (ابن وضاح) لێی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: (لقد هديتم لمالم يهتد له نبيكم ، وإنكم لمتمسكون بذنب الضلالة) واتە : ئێوە هیدایەت دراون بۆشتێك كە پێغەمبەرەكەتانی بۆ هیدایەت نەدراوە ، ئێوە بەدڵنیاییەوە دەستتان گرتوە بە كلكی گومڕاییەوە) كاتێك بەلای كەسانێكدا تێپەڕی كە پیاوێك كۆیانی كردبووەوە دەیوت: رەحمەتیخوا لەكەسێك بێت كەچەند جارو چەند جار بڵێت (سبحان الله) خەڵكەكەش دەیان وت ، پاشان دەیوت ، رەحمەتی خوا لەكەسێك بێت كە چەندجار و چەند جار بڵێت (الحمدلله) خەڵكەكەش دەیان وت[1]

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من اطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى)[2]

واتە : هەر كەسێك گوێڕایەڵیم بكات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ، وە هەر كەسێك سەرپێچی فەرمانی من بكات ئەوا خۆی بەهەشتی نەدیوەو ڕەتی كردۆتەوە. وە دەفەرموێت :(لا الفين احدكم متكئا على أريكته يأتيه الامر من

(١) رواه الدارمي وەسنەدەكەی صەحیحە وەك شێخ ئەلبانی دەفەرموێت

(٢) رواه البخاري

امري مما امرت به او نهيت عنه فيقول : لا ادري ما وجدنا في كتاب الله اتبعناه)[3]

واتە: ئەبینم یەك پاڵیداوەتەوە لەسەر لایەكانی فەرمانێك لەفەركانی منی بۆبێت لەوەی فەرمانم پێ كردووە یاخود قەدەغەم كردووە .ئەڵێت نازانم ئەوەی لەقورئاندا بیبینین شوێنی دەكەوین.

## پێویستێتی شوێنكەوتنی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)[4].

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿واذكرن ما يتلى في بيوتكن من ايات الله والحكمة إن الله كان لطيفا خبيرا﴾[5]

واتە: ئەی خێزانەكانی پێغەمبەر(ﷺ) یادی ئەو ئایەت و فەرمودانە بكەنەوە كە لەماڵی ئێوەدا دەخوێندرێتەوە و بڵاو دەبێتەوە ، ئێوە پارێزگاری لێ بكەن بەخوێندنەوەو فێربون و فێركردن .

وە دەفەرموێت :

﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾[6]

(٣) رواه أحمد وصحيح ابو داود ٤٦٠٥ ٠و صحيح سنن الترمذي ٢٦٦٣ ، و صحيح ابن ماجة ١٣ وە حەدیسەكە صحیحە

(٤) مەبەست لە سوننەت لێرە ئەو ڕێگایەیە كەوا پێغەمبەر ﷺ لەسەری ڕۆیشتوە لە روونكردنەوەی قورئان وجێبەجێ كردنی حوكمەكانی شەریعەت.

(٥) الاحزاب ٣٤

(٦) (آل عمران:١٦٤)

واتــە: خوایگــەورە منــەتی كــردووە بەســـــەر باوەڕدارانــــدا كاتێـــك كـــە پێغەمبـــەرێكی لـــەخۆیان بـــۆ نـــاردووە كەئایەتەكانی بەسـەردا دەخوێنێتـەوەوە پاكیـــان دەكاتـــەوە لـــەكوفرو هاوبـــەش بڕیـــاردان و تـــاون وە فێـــری قورئـــان و سوننەتیان دەكات هەرچەندە لە پێشتردا لەگومڕاییەكی ئاشكرابوون .

ئیمــامی شــافعی لــە (الرســـالة) دا دەفەرموێت: خوای گەورە باسی (كتابی) كـردووە كەبریتـیـیـە لـە قورئـان وەباسـی (الحكمـە)ی كـردووە وەمـن گـوێم لێبـوە لەوانەی كە لێیان رازیم لەخاوەن زانیـاری بە قورئان دەیـوت : الحكمة ، سـوننەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

وئەمـــەیش لـــەوە دەچـــێت كـــەخوای گـــەورە فەرمویـــەتی والله اعلـــم، چـــونكە قورئان زیكـرە وەحیكمـەتیش بـەدواوە هێناوە ، وەخوای گـەورە باسـی منـنـەتی خـۆی دەكـات بەسـەر دروسـتكراوەكانی بـەوەی كـە قورئـان وحیكمـەتی فێریـان كردووە ،بۆیە دروست نییە —والله اعلم — لێـــرەدا بوترێـــت حیكمـــەت جگـــە لـــە ســـوننەتی پێغەمبـــەری خوایـــە، چـــونكە لەگـــەڵ قورئانـــدا بەیەكەوەهاتونـــە، وە خوای گـەورە گوێڕایـەڵی پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) پێویست كردوە، وە دەبێت خەڵكی شوێنی فەرمانی بكەون.

وەدروســـت نـیـیـــە بـــەهیچ وتەیـــەك بوترێـت(فـەرزە) جگـە لـەقورئانی خـواو ســـــوننەتی پێغەمبەرەكـــــەی (ﷺ) .. وەســــــوننەتیپێغەمبەری خــــوا (ﷺ) رونكـــەرەوەی مانـــای ئـــەو بەڵگانەیـــە كەخوای گەورە لە تاك و كۆی دەوێـت .. پاشــان حیكمــەتی لەگــەڵ قورئانەكەیـدا هێناوە وە ئەم شتەی بۆ هـیچ كـەس لـە دروســـتكراوەكانی نـــەكردوە جگـــە لـــە پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) وە پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێت :(الا اني اوتيت القران ومثلـه معه الا يوشك رجل شبعان على اريكتـه يقول عليكم بهذا القران فما وجدتم فيه من حلال فاحلوه وما وجدتم فيه مـن حـرام فحرموه وإن ماحرم رسول الله (ﷺ) كمـا حرم الله)(١)

واتە ئاگادارین من قورئانم وەرگرتوە و هاوشـــێوەی خۆشـــی لەگەڵدایـــە واتـــە (ســـوننەت)، ئاگـــادارین نزیكـــە پیاوێـــك دابنیشـــێت لەســـەر لایـــەكانی و بڵێـــت دەســـت بگـــرن بـــەم قورئانەوەئـــەوەی بینیتان لەحـەڵاڵ ئێـوەش حـەڵاڵی بكـەن وەئەوەی حەرامە "حەرامی بكەن ، بـەڵام بـــزانن ئـــەوەی پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) حەرامی كردوە وەكو ئەوە وایەكە خـوای گەورە حەرامیكردوە .

(١) رواه ابو داود ٤٦٠٤ وابن ماجة ١٢

وەدەفەرموێت :

(تركت فيكم امرين لـن تضـلوا مـا تمسكتم بهما كتاب الله وسنة رسوله)[٢]

واتــە: دوو شــتم لەناوتانــدا بــەجێ هێشتوە، گـومڕا نـابن ئەگـەر دەسـتیان پێــوە بگــرن ، قورئانیخواوســوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .

لــەجابرەوە دەفــەرموێت عومــەری کوڕی خەتتاب ﷺ پەڕێك لەتەوراتی هێنا بــۆلای پێغەمبــەر (ﷺ) وە وتــی:ئــەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەمەپەڕەیەکە لەتـەورات پێغەمبەر (ﷺ) بـێ دەنـگ بـوو، ئیمـامی عومەریش دەیخوێنـدەوەو روی پێغەمبـەری خوایش (ﷺ) دەگۆڕاو و تێك دەچوو.

ابـوبکر فـەرموی : ئـەی دایکـت تـۆی لەبار بچێت نابینیت روی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چـی لێ هـاتوە ؟ ئیمامیعومـەریش تەماشـای روی پێغەمبـەری (ﷺ) کـرد و فەرموی: پەنا ئەگرم بەخوا لەتوڕەبوونی خــواو توڕەبــونی پێغەمبەرەکــەی (ﷺ) رازیبوین بەپــەروەردگارێتی الله وبــەدینی ئیسـلام و بەپێغەمبەرایــەتی محمـد (ﷺ) پێغەمبــەری خــوا (ﷺ)، فــەرمووی : (والذي نفس محمد بيده لو بدا لكم موسى حيا فاتبعتموه وتركتموني لضللتم عن سواء السبيل، ولو كـان حيـا وادرك نبـوتي لاتبعني)[١]

واتە : سوێند بەوەی نەفسـی محمـدی بەدەســتە ئەگــەر موســا بەزینــدویی دەرکەوێــت بۆتــان و ئێــوەش شــوێنی بکەون و واز لەمن بهێنن ئەوا گومڕا دەبن لەڕێگــەی ڕاســت ،وئەگــەر ئێسـتا موسـا زیندوبوایـــە و بگەیشـــتایە بـــە پێغەمەرایەتیەکــەی مــن ئەواشــوێنم دەکەوت.

وە ئیمــامی شــافیعی لەپــەرتوکی (الرسـالة) دا دەفـەرموێت : (پێغەمبـەری خــوا (ﷺ)، لەگــەڵ قورئــانی خــوادا ســوننەتی دانــاوە. وەلەســوننەتەکەیدا شتی وا هەیە کەلەقورئانـدا نـەهاتوە، وە هــەموو شتێکیشـی کردبێـت بەسـوننەت ئـەوا خـوای گـەورە پەیوەسـتی کـردوین بەشــوێن کــەوتنی ، وەشــوێن کــەوتنی پێغەمبــەری (ﷺ) کــردوە بەگوێڕایــەڵی کردنیخـــــۆی وەلادان لەشــــــوێن کــەوتنی،کردووە بەسەرپێچــی کردنــی خۆی، کەوا عوزر (دەست پێچ) لە هیچ لە دروستکراوەکانی وەرناگرێت، وە ڕێگـای ســەرفرازی بــۆ نیــە ئەگــەر شــوێنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) نەکەوێت).

(٢) رواه مالك في الموطأ مرسلاً،وله شاهد بسـند حسـن اخرجه الحاكم ، راجع شكاه المصابيح بتحقيق المحدث العلامـة شيخنا محمد ناصر الدين الالباني

(١) رواه احمد والدرامي وهو حديث حسـن . راجـع تحقيـق مشكاه المصابيح.

ئیمامی‌شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زۆر لەم وتە جوانانەی فەرمووە لە پەرتوكی (الرسالة) لەوانەدەفەرموێت: (حوكمی‌خوا پاشان حوكمی پێغەمبەر (ﷺ) جیاناكرێتەوە، بەڵكو لەهەموو حاڵەتێك پێكەوەن وەدەفەرموێت : (هەركەسێك شت لەپێغەمبەری‌خواوە (ﷺ) وەرگرێت، ئەوا لەخوای گەورەی وەرگرتوە چونكەخوای گەورە گوێڕایەڵی ئەوی پێویست كردوە).

وەدەفەرموێت : (پێویستە لەسەر هەموو كەسێك كە شتێكی بیست لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) یاخود جێگیر بوو بۆی لەوەوە ئەوا ئیشی پێ بكات هەتا ئەو كاتەی جگەلەمە دەبیستێت).

مانای ئەمە ئەوەیە كەوا دروست نی‌یە واز لە ئیشكردن بهێنرێت بەفەرمودەی صحیح بەبەڵگەی پەیوەست بوون بەمەزهەبەوەوە دەفەرموێت:(ئەگەر سەرپێچی فەرمودەیەك بكەین كە جێگیر بوبێ لە پێغەمبەری‌خواوە (ﷺ) ئەوا بەئومێدی ئەوەم كە ئەمەمان لێ نەگیرێت وە لۆمەنەكرێین ان شاءالله ، هەرچەندە ئەمە بۆ هیچ كەسێك نی‌یە سەرپێچی‌فەرمودەیەك بكات ، بەلام جاری‌واهەیە مرۆڤ سوننەتەكە نازانێت و وتەیەكی دەڵێت پێچەوانەی سوننەتەكە دەبێت نەك بەمەبەستەوە بیكات، هەروەها هەندێ جار مرۆڤ بێ‌ئاگا دەبێت و هەڵە دەكات لە راڤەكاندا). وە دەفەرموێت: (سوننەتی پێغەمبەری‌خوا (ﷺ) دوو رون یەكێكیان دەقی‌قورئانە ، پێغەمبەر (ﷺ) شوێنی‌كەوت هەروەكو چۆن خوای‌گەورە دایبەزاندووە ، ئەوی‌تریان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلایەنی‌خوای‌گەورە وەكە ئەوەی‌خوای گەورە ویستی لێ‌بوبێت بەكورتی روونی كردۆتەوە ، وەچۆنێتی فەرز بوونی روون كردۆتەوە گشتی بێت یاخود تایبەتی ، وەچۆنی بوێت بەندەكان بۆی جێ‌بەجێ‌بكەن، وەلەهەردوكیاندا شوێنی قورئانی‌خوای گەورە كەوتووە...).

## فەرمان كردن بە پێویستی گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی(ﷺ) لەكاتی‌كێشەو دووبەرەكیدا

خوای‌گەورەدەفەرموێت:

﴿وما كان لمؤمن ولا مؤمنة اذا قضى الله ورسوله امراً أن يكون لهم الخيرة من امرهم ومن يعص الله ورسوله فقد ضل ضلالا مبينا﴾(١)

(ابن كثير) دەفەرموێت :(ئەم ئایەتە گشتی‌یەلەهەموو ئیش وكارێكدا، كاتێك خواو پێغەمبەری‌خوا (ﷺ) بڕیار بدەن بەشتێك بۆ هیچ كەس نی‌یە سەرپێچی

(١) الاحزاب

بكات وه لێرەدا هەڵبژاردن نیيه بۆ هیچ كەسێك وه نه بۆچون هەیه نه وته ، (واته نابێت هەبێت).

وەخوایگەوره دەفەرموێت:

﴿يا أيها الذين امنوا اطيعوا الله واطيعوا الرسول وأولي الامر منكم، فان تنازعتم في شئ فردوه الى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الاخر ذلك خير وأحسن تأويلا﴾(١)

(ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت (اطيعوا الله) واته: شوێن قورئانەكەیبكەون (واطيعوا الرسول) واته دەست بەسوننەتەكەیەوه بگرن(وأولي الامر منكم) واته: لەو شتانەی كه فەرمانتان پێ دەكەن لەگوێ ڕایەڵی خوای گەورەدا نەك لەسەرپێچی كردنیداچونكه هەروەك چۆن لەم فەرمودەیەدا هاتوه (انما الطاعة في المعروف)(٢)، واته: تەنها گوێڕایەڵی لە چاكەدادەبێت (فان تنازعتم في شيء فردوه الى الله والرسول) مجاهد و زیاتر لەیەكێك لەزانایانی سەلەف دەفەرموون، واته: ئەگەر كێشەتان هەبوو لەهەر شتێكدا ئەوا بیگەڕێننەوه بۆ لای قورئانیخواو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەیش فەرمان كردنێكه لەلایەن خوایگەورە، بەوەی هەر شتێك خەڵك كێشەیان هەبێت لەسەری لەبنچینەكانی دین بێت یاخود له لقەكانی بیگەڕێننەوه بۆلای قورئان و سوننەت هەروەكو خوایگەورە دەفەرموێت: (ومختلفتم

(١) النساء : ٥٩

(٢) اخرجه احمدراجع صحيح الجامع (١٨١) للمحدث العلامة شيخنا محمد ناصر الدين الالباني.

□□□□□□□□Љ□□□□□□□□□□□□□□□
□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□@□□□□□

[وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ](٣)

واتـــه : لەهـــەر شـــتێکدا ئەگـــەر جیاوازیتـــان هـــەبوو ئـــەوا حوکمەکـــەی بگەڕێننەوە بۆلای خوا تا بڕیاری لەسەر بدات. وەئەوەی قورئان وسوننەت بڕیاری لەسـەر بـدات و بەڕاسـتی دابنێـت ئـەوە حەقە وە لە پاش حەقیش چ شتێك هەیە جگـە لـەگومڕایی؟ بۆیـە خوایگـەورە دەفەرموێت :

(ان كنتم تؤمنون بالله واليوم الاخر)

واتـە: ئەگـەر ئێـوە بڕواتـان بـەخواو ڕۆژی دوایی هەیە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی کـە هـەر کەسـێك لـەکاتی دووبەرکیـدا حوکمەکـەی نەگەڕێنێتـەوە بۆلای قورئـان و سـوننەت ئـەوا بـاوەڕدار نییە بەخواو ڕۆژی دوایی.

(ذلك خير) واتـە: حـوکم بـردن بـۆلای قورئـان و سـوننەت و گەڕانـەوە لـەکاتی یەکلا کردنەوەی کێشەدا باشترە (واحسن تـــاويلا) واتـە : ئەمەباشـترین ئـەنجام و گەڕانەوەیـە (بـۆلای قورئـان وسـوننەت). ئیمـامی شـافیعی (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) لە پەرتوکی (الرسالة) دەفـەرموێت: (هەرکەسـێك لـە پـاش پێغەمبـەر ﷺ کێشـــەی هـــەبێت ئـــەوا دەبێـــت بیگەڕێنێتـــەوە بـــۆ لای بڕیـــاری خـــواو پێغەمبەرەکـەی ئەگـەر ئـەو بابەتـە هـیچ دەقێکـی تێـدا نـەبوو بـۆ بڕیـاردان ئـەوا قیاسی دەکەن لەسەر یەکێکیان)

وە دەفـەرموێت: (وە قیـاس بریتیـیـە لەوەی کـەداوا دەکرێـت بەبەڵگـە لەسـەر گونجاندنی هەواڵی پێشـتر لـەقورئان یـان سوننەت چونکە ئەمان زانیاری حەقن کە پێویستە بەدوایاندا بگەڕێیت).

وەدەفەرموێت : (پێویستە لەسەر هەر کەسـێك کەفـەرمودەی بیسـت بیڵێـت وقسـەی پـێ بکـات لـە سـەر گشـتێتی و کورتییەکـەی هـەتا بەڵگـەی دەسـت دەکـەوێت جیـاوازی بخاتـە نێوانیانـەوە پێـی). واتـە پێویسـتە لەسـەر هـەموو موسـڵمانێك ئـیش بکـات بەگشـتێتی فـەرمودە هـەرکاتێك صـحیح بێـت هـەتا بەڵگەیەك دەبینێت تایبەتی بکات.

وە لـــــەزۆر لەهاوەڵانـــــەوە ﷺ بەصـحیحیهاتوە کەئـەوان وازیـان لـە بۆچونی خۆیان وبڕیاری خۆیـان هێنـاوە لەبەر فەرمودەی پێغەمبـەر ﷺ هـەروەها وازیـان لـە بڕیـاری خۆیـان هێناوەلەبـەر فەرمودەی پێغەمبەرﷺ ،هەروەها وازیان لـــەبڕیاری خەلیفـــە دەهێنـــا کاتێـــك فەرموودەیـــــەکیان لەپێغەمبـــــەرەوە ببینیایە کە پێچەوانەیەتی، ئـەوە عومـەر (خـــوای لێ ڕازی بێـــت) بڕیـــار دەدات بەجیاوازی پەنجەکانی دەست لە سەندنی خوێنـدا بەپێچـەوانەی ئـەوەی کـە لـە پێغەمبـەر ﷺ هـاتوە لەپـەرتوکی (آل

عمرو بن حزم): (وفي كل اصبع مما هنالك عشر من الابل)[1] واتە : لەهەمووپەنجەیەکدا لەوێدا کە بفەوتێت ئەوا خوێنەکەی دە حوشترە، وەکاتێك کەهاوەڵان (رضي الله عنهم) ئەم فەرمودەیان زانی‌وازیان لەبڕیارەکەی ئیمامی‌عومەر هێنا (خوای لێ رازی بێت) وە بڕیاریاندا بەوەی کە لەفەرمودەکەدا هاتووە.

وەئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەپەرتوکی (الرسالة) لاپەڕە٤٢٣ ئەم فەرموودەیە دەکات بەبەڵگەو دەفەرموێت: (لەم فەرموودەیەدا دوو بەڵگە هەیە ، یەکێکیان وەرگرتنی فەرموودەی (الآحاد) ئەوی تریشیان:وەرگرتنی فەرموودەلەوکاتەی کەجێگیر دەبێت ، هەرچەندە ئیش نەکراوە لەلایەن پێشەوایانەوە بەوێنەی ئەم فەرموودەیە کەوا وەرگیراوە ، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر یەکێك لەپێشەوایان ئیشیان بەمە بکردایە، پاشان فەرموودەیەکی دەست بکەوتایە لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێچەوانەی کردەوەکەی، ئەوا ئیشەکەی‌خۆی بەجێ دەهێشت لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ وەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەفەرموودەی پێغەمبەر ﷺ جێگیر دەبێت بەخۆی نەك بەکردەوەی جگە لە خۆی لەپاش خۆی. وەموسڵمانانیش نەیان وتوە ئیمامی‌عومەر (رضي الله عنه) بڕیاری‌داوە لەناوماندا بەپێچەوانەی ئەمەلەنێوان کۆچەکەرەکان وپشتیوانەکان، وە ئێوەیش و جگەلەئێوەیش نەتان وتوە لەلای ئێوە پێچەوانەی ئەمە هەیە بەڵکو راستەوخۆ چونە بۆلای ئەوەی کە پێویستە لەسەریان وەری بگرن کەفەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ وەواز هێنان لەهەمووکردەوەیەك کە پێچەوانەی فەرموودە بێت.وەئەگەر ئەم فەرموودەیە بگەیشتایە بە ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) ئەوا ئیشی پێ دەکرد –انشاء الله– هەروەکو چۆن چووە بۆلای ئەوفەرموودانەی کە پێی گەیشتوە لەپێغەمبەری خوا ﷺ وە ئیشیشی پێ کردووە بەهۆی لەخوا ترسانی‌یەوە وەهەستانی بەجێ‌بەجێ‌کردنی ئەو پێویستی‌یەی کە لەسەری بووە لە شوێن کەوتنی فەرمانی پێغەمبەری‌خوا ﷺ و زانیارییەکەی‌و هەروەها بەوەی‌کەوا هیچ کەس لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بۆی نی‌یە فەرمان دەرکات،وەگوێ ڕایەڵی کردنی‌خوای

[illegible]

گــەورە بەشــوێن كــەوتنی فــەرمانی پێغەمبەری خودا دەبێت ﷺ .

وەئەگەر كەسێك بڵێت: نمونەیەكم بۆ بهێنــەرەوە كــەوا ئیمــامی عومــەر رضي الله عنه ئیشێكیكردبێــت پاشــان لێی لادابێــت و وازی لێ هێنابێــت لەبــەر فــەرموودەی پێغەمبەر ﷺ منیش دەڵێم: ئـەی ئەگـەر بۆتم هێنایەوە و نیشانتم دا ؟ وتی:ئەگەر تۆنمونەیەكم بۆ بهێنیتەوە ئـەوا بەڵگەیـە لەسەر دوو شت: یەكێكیان ئەوەیـە كـەوا ئەگەر سوننەت نـەبێت ئـەوا بـە بۆچـون شــت دەڵێــت، ئەویتریشــیان ئەوەیــە كەهەركاتێك سوننەت بینرا پێویستەواز لــەكردەوەو بۆچــونیخۆت بهێنیـــت وەپێویستەلەسـەر خـەڵكی واز لەهـەموو كردەوەیـــەك بهێـــنن ئەگـــەر بینـــرا بەپێچـەوانەوەیەتی،وەبـەتاڵ كردنـەوەی ئەوەی كـە سوننەت ئیشـی پـێ ناكرێت هـەتا یـەكێك دوای پێغەمبـەر ﷺ ئیشـی پـێ نەكردبێت [1]

وەزانـراوە هـیچ شـتێك سـوننەت لاواز ناكات ئەگەر پێچەوانەیبو. منیش دەڵێم: (واتە ئیمامیشافیعی). (عومـەری كـوڕی خـــەتاب)رضي الله عنه دەیفـــەرموو :خـــوێن دان لەســـەر كـــەس وكـــاری بكوژەكەیـــە، وەئـــافرەتیش هـــیچ لـــەخوێنی پیـــاوە كوژراوەكـەی نابـات بـەمیراتی و بـەری ناكەوێت، هەتا (الضحاك بن سفيان)پێی راگەیاند كە پێغەمبەریخوا ﷺ نامـەیبۆ نـــاردووە كـــەوا: خێزانەكـــەی (اشـــيم الضـــــبابي) لەخوێنیمێردەكـــــەی بەردەكـــەوێت وە بـــەمیراتی دەیبـــات. ئیمامیعومـــەریش لەقســـەكەی خـــۆی گەڕایەوە و ئیشی بەفەرموودەكە كرد.[1]

پاشـان ئیمـامی شـافیعی (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) فەرمودەكـەی گـاوس بـۆ پرســــــیاركەرەكە دەهێنێتــــــــەوە كەئیمامیعومـــەر رضي الله عنهفەرمویـەتی خـوای گـــەورە یـــادی مرۆڤێـــك دەخەمـــەوە كەشـــتێكی لەپێغەمبـــەر ﷺ ببیســـتێت دەربارەی كۆرپەی ناوسك؟ حملی كوڕی مالك كوڕی النابغە هەستاو فـەرموی: مـن دوو خێزانم هەبوو، یەكێكیان بەكۆڵەكـەی

---

$□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□
□□□□□□□□□□٩□□□Ò□□□□□□□
□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□□
□□□□□□□□□□□□□ :(واتـــــە بـــــەتاڵ كردنـەوەی قسەیكەسێك كـەبڵێت سـوننەت وەرناگیرێـت و ئیشی پێناكرێت هەتا لەپاش پێغەمبەر ﷺ كەسێك ئیشـی پــێ نەكردبێــ )٠ئێمــەش دەڵــێن .واتــە پێویســتەئیش بەفـەرمودەبكرێت هـەركاتێك صـحیح بـوو هەرچـەندە گـەر

نەیشــزانین كــەوا كــەس لــەزانایان ئیشــیان پــێ كــردووە چونكەفەرموودەخۆی بەڵگەیە.

(١) رواه احمد وابو داود( صحيح سنن الترمذي : ١٤١٥)، (صحيح سنن ابن ماجة ٢١٥٤ ) وغيرهم وقال الترمذي حديث حسن صحيح ،بروانە تەحقیقی الرسالة

خێمە لەوی تریدا كە سكی پڕ بوو منداڵەكەی بەمردوویتی دانا، پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاری دا بەندەیەك كەلەجیاتی بدرێت ، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەگەر ئەمەم نەبیستایە ئەوا بەجگە لەمە بڕیارمان دەدا، وەجگە لەوەش وتیان نزیك بوولەنمونەی ئەمەدا بەبۆچونی خۆمان بڕیار بدەین..[٢]

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت (ئیمامیعومەر رضي الله عنه گەڕایەوە لەو بڕیارەی كەدابوی لەبەر فەرمودەكەی (الضحاك) تا پێچەوانەی بڕیارەكەیخۆی كرد، وەهەواڵی پێ درا سەبارەت بەكۆرپەی ناوسك كەوا ئەگەر ئەمەی نەبیستایە ئەوا بێجگە لەمە بڕیاری دەدا. وەفەرمووی نزیك بوو لەوێنەی ئەمەدا بەبۆچونی خۆمان بڕیار بدەین) دیسان ئیمامی شافیعی دەفەرموێت (ڕایدەگەیەنن –والله اعلم– كە لە سوننەتدا خوێنی مرۆڤێك سەد ووشترە،وەكۆرپەیناوسكیش یان ئەوەتا زیندو ئەوكاتەئەویش خوێنەكەی سەد ووشترە یاخود مردووە ئەوكاتە هیچ نییە،بەڵام كاتێك بڕیاری پێغەمبەری ﷺ پێ ڕاگەیەنرا تەسلیمی بوو، وهیچ شتێكی بۆخۆی نەهێشتەوە جگە لە شوێن كەوتنی نەبێت لەو شتەی كە ئەم بەپێچەوانەیەوە بڕیاری لەسەر دابو یاخود بۆچونێك بوو لەمەوە كەلەپێغەمبەریخوا ﷺ، هیچی پێ نەگەیشتبو، بەڵام كاتێك كەپێی گەیشت و بینی كردەوەكەی ئەم پێچەوانەیسوننەتÁ□□Ë□□¿□
□□□□□□ □

(٢) حەدیسەكە لێرەدا (مرسل)ە احمد و ابو داود و ئیبن ماجە بە (متصل) ی گێڕاویانەتەوە وە ئەمە (صحیح)ە بروانە تەخریجی زانای پایەبەرز احمد شاكر بۆ (**الرسالة**)ل٤٣٨ وە بروانە (صحیح سنن ابن ماجە ٢٦٩١) وە صحیح سنن آبي داود ٤٥٧٢ وە سەندەكەی صحیحە

ئەوەی کەتۆ یەك كەست لەوانەیەهەڵە بکەیت ولەبیرت بچێتەوە.؟ بەڵكوحەقی بینیو شوێنی کەوت و گەڕایەوە لە بۆ چونی خۆی، لەوەی کەمیراتی نەدات بەئافرەت لەخوێنی مێردەکەی. وەلەکۆرپەی ناوسکیشدا بڕیاریدا بەوەی کەزانی کە ئامادەبوو پێی وت وەئەگەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هیچی نەبینیبایە ئەوا جگە لە فەرموودەکە بڕیاری دەدا ،وەکوبڵێی وای دەبینی کە ئەگەر کۆرپەی ناوسك زیندوبێت ئەوا خوێنەکەی سەد ووشترە وەئەگەر مردوبێت ئەوا هیچی بۆنیە، بەڵام خوایگەورە وای لە خەڵكیش کرد کەچۆنی ویست لێ بێت ئاوای بپەرستن لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆیە بۆ ئەوو بۆ هیچ کەسێکی تر نییە کەبۆچی و چۆن بخەنە ناودینەوە یاخود هیچ شتێك لە بۆچون بدەن بەسەر ئەوکەسەی کەحەق و ڕستی دەزانی هەرچەندە یەك کەسیش بوو، وەخوایگەورەش دەفەرموێت

(فلا وربك لايؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما) (١)

پێشەوا ابن كثير (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت خوایگەورە سوێند دەخوات بەنەفسی پیرۆزی بەڕێزیخۆی کەوا هیچ کەسێك باوەڕ ناهێنێ هەتا پێغەمبەر ﷺ نەکات بەحاکم لەهەموو ئیش و کارێکدا، چونکە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بڕیاری لەسەر بدات ئەوەحەقە، کەپێویستەخەڵکی مل کەچی بن بەنهێنیوئاشکرا،بۆیە لێرەدا خوایگەورە فەرموی:

(ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما)

واتە : کەتۆیان کرد بەحاکم دەبێت گوێڕایەڵیت لێ بکەن لەناوەوەیاندا ،وەنابێت هیچ ناخۆشی لەدڵیاندا بێت لەوبڕیارەی کەتۆ داوتە وە دەبێت ملکەچ بن بەنهێنی و ئاشکرا، وە خۆیانت سلیم بکەن خۆ تەسلیمکردنێکیگشتیبەبێ بەرهەڵستی ورەت کردنەوە و بەربەرەکانی —هەرەکوچۆن لەم فەرموویەدا هاتووە(والذي نفسي بيده لايؤمن احدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به)(٢)

لێرەوە دووری ئەو کەسانەمان بۆ دەردەکەوێت لەڕاستییەوە کە دەمارگیریان هەیە بۆ مەزهەبەکان، چونکە ئەوان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ڕەت دەکەنەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەك

---

(١) النساء : ٦٥

(٢) رواه في شرح النووي في اربعينه وقد ضعفه شيخنا المحدث العلامة محد ناصر الدين الالباني . راجع مشكاه المصابيح ج ١ ص ٥٩ "المكتب الاسلامي

تـــەنها ئەوەنـــدە نـــەبێت کەپێچـــەوانەی مەزهەبەکەیانـە، وەکـو بڵـێی پێشـەواکە ئاگـــاداری هەموســـوننەتی پێغەمبـــەری خوایە ﷺ ،یاخود مەزهەبەکە بڕیاردەرە بەســـــەر ســـــوننەتدا لەگـــەڵ ئـــەوەی کەپێویســـتە ســـوننەت بڕیـــاردەرو بـــاڵا دەست بێت بەسەر مەزهەبەکەدا.

بـا ئـەم دەمارگیرانـە بـزانن کەئـەوان پێچـــەوانەن تەنانـــەت لەگـــەڵ وتـــەی پێشـــەوایاندا ئـــەوە ئیمـــامی شـــافیعی (رەحمـەتی خـوای لێ بێت)لـە پـەرتوکی (الرســـــالة) دەفـــــەرموێت (بـــــەهۆی چـاولێکردنی کوێرانـەوە بـێ ئاگـابووە، ئەوەی بێ ئاگابووە لێیـان خـوای گـەورە لـــە ئێمـــەو ئـــەوانیش خـــۆش بێـــت) وەدەفـەرموێت : (جـاری وا هەیـە مـرۆڤ نـەزان دەبێـت بەرامبـەر بـە سـوننەت ولەوانەیـە وتەیـەکی هـەبێت پێچـەوانەی سوننەت بێت و نەك بەقەستی ویستبێتی پێچەوانەی بکات، جاریواش هەیە مرۆڤ بـێ ئاگـا دەبێـت وهەڵـە دەکـات لـە راڤەکانـــدا).وەدەفـــەرموێت: (نـــازانین پیاوێـــك هـــەبێت کەهـــەموو ســـوننەتی کۆکردبێتەوەوهیچـــی لێ نەرۆیشـــتبێت، وەئەگـــەر زانیـــاری هـــەموو زانایـــان کۆکرابێتـەوە و ئـەم پیـاوەیش هێنـابێتی ئەوکاتـــەزاڵ بـــووە بەســـەر ســـوننەتدا هـــەمووی) کۆکردۆتـــەوە، وەئەگـــەر زانیـــاری هەریـەك لـەزانایان لـەلای خۆیبێـت ئـەوا ئەوکاتـــە شـــتێکی زۆر رۆیشـــتوە لـــەو پیاوە،پاشان ئەوەیشی کەلەم رۆیشتوە لەلای یەکێکی تر هەیـە، ئـەمانیش لەزانسـتدا چـەند چـینێکی جیـاوازن، هەیانەلـەزانایان زۆربـەی سوننەتی کۆکردۆتەوە هەرچـەند هەنـدێکی لێ رۆیشـتوە،وەهەیانـە کۆکـەرەوەی ئەوەیـە کەجگـە لـەم کۆیـان کردۆتـەوە،ئـەوەی کـە کۆکەرەوەی زۆرترینی سوننەتەو کـەمێکی لێ رۆیشـتوە بەڵگەنیـیـە لـە سـەر ئـەوەی کەداوایبکات لەلای زانایانی جگە لەچینەکەی خۆی، بەڵکو لـەلایزانایانی هاوشێوەی خـۆی بەدوامدا دەگەرێتو داوای دەکات هەتا دەستی دەکەوێـت وهـەموو سـوننەتی پێغەمبـەر ﷺ کۆدەکاتەوەبەدایك وباوکمـەوە بـەقوربانیبم ، ئەوکاتە کۆمەڵێك لەزانایان هەرکـەس بۆخـۆی کۆی دەکاتەوە کە پلـە پلـەنو لەیـەك ئاسـتدا نین لەوەی کەتێگەیشتون[1]

وەزانایپایەبـــەرز مامۆســـتا احمدشـــاکر لەســـەر ئـەم وتەیـە دەدوێـت و دەفـەرموێت: (ئەم شتەی کـەئیمامی شـافیعی فەرموویـەتی دەربـــارەی ســـوننەت تێروانینێکـــی دورو لێکۆڵینەوەیـەکی وردکـارو بینینێکـی فراوانـە لەسەر ئەوەی کە زانایان کۆیان کردۆتەوە لـە سوننەت، لەسەردەمی خۆی وسەردەمی پێش خـۆی ، کەلـەو کاتـەدا دیـوانی سـوننەتەکان

(١) الرسالة ص ٤٣

کۆنەکرابونــــەوە،تـــەنها کـــەمێك نـــەبێت ، کـــەزانایان کۆیـــان کردبـــوەوە لـــەوەی کـــە ریوایەتیان کردبوو پاشان زانا (حفاظ)ەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی سونەتەکان بوونـە لـە پەرتوکـــە گـــەورەو بچـــوکەکاندا، ئیمـــامی احمـــدیکوڕی حـــەنبل – قوتـــابی ئیمـــامی شافیعی-(مسند)ە گەورە ناسراوەکەی داناوە وە وەسفی دەکردو دەیفەرموو: ئەم پەرتوکە کۆکردۆتەوە وپوخت کردوە لـەزیاتر لەحـەوت سەدو پەنجا هەزار (٧٥٠,٠٠٠) فەرموودە،جا ئەگـــەر موســـڵمانان جیاوازیـــان هـــەبوو لەفـــــەرموودەی پێغەمبـــــەری‌خوا ﷺ بابگەڕێنەوە سـەری ، ئەگـەر تێیدا بـوو ئـەوا تـــــەواوە ئەگـــــەرنا ئەوابەڵگەنی‌یـــــە وفەرموودەنی‌یـــــە، لەگـــــەڵ ئەوەیشـــــدا زۆر فـەرموودەی صـحیح لەدەسـتی چـووەو لێی ڕۆیشـــتوە وەلەصـــحیحی بخـــاری و مســـلم چەندەها فەرموودەی تێدایەکـە لـە (المسـند) دا زۆربەی سوونەتیان تێدایـە بـەڵام جێگـای هـــــەمووی تێـــــدا نەبۆتـــــەوە وهـــــەمووی نەگرتۆتــەخۆی بــەڵام ئەگــەر ئێمــە ئــەوەی تێیدایە لەفەرموودە کۆی .

بکەینەوە و لەگەڵ ئەو فەرموودانـەی تـردا هـاتووە (بەناوبانگـەکان) وەکـو (مسـتدرك الحـاکم ، الکـبری للبیهقـي، والمنتقـی لابـن جارود، سنن الدرامی، معاجم الطبراني الثلاثة، مســـند ابـــي یعلـــی والبـــزان)، ئەگـــەر ئـــەو فەرموودانـــەی کـــەوا لـــەم پەرتوکانـــەدا هـــاتووەکۆی بکەینـــــەوە، ئەوکاتـــــە سوننەتەکانمان هەموو وەرگرتووەو وەدەست کـەوتووە انشـاءالله وەزیـاتر گومـان ئەوەیـە کەهیچ لەسوونەتەکانمان هـەموووەرگرتوەوە و لەدەسـت نەچـووە ، بـەڵکو نزیکـە بڵـێین هەموویەتی، ئەمـەیش مانای‌وتەکـەی ئیمامی شـافیعی یـە(ئەگـەر زانیـاری هـەموززاناکان کۆبکاتـــەوە ئـــەو کاتـــە هـــەموو ســـونەتی کۆکردۆتەوە)وە وتەکەی تری (زانا یـەك یـەك کۆیان کردۆتەوە) وەکو بڵێی ئیمامی شافیعی بەتێڕوانینـــە وە وتویـــەتی پـــێش ئـــەوەی بەنوسـین لێی بکۆڵێتـەوە بـەکردار – لله درە) وە پرسـیارم کـرد لـەزانای پایـە بـەرزمان محمدناصـــر الـــدین الالبـــاني ســـەبارەت بەوتەکـەی پایەبـەرز احمدشـاکر بۆچـونی چـی‌یە ئـەویش فـەرمووی: (ئـەوەی مامۆسـتا احمد شاکر باسی کردووە لەپەرتوکی حدیث گومانی زیاتر ئەوەیـە کەهـەموو سوننەتیان نەگرتۆتەخـــــۆ، چـــــونکە جگـە لەمانـە پـــەرتوکی ترهەیـــە کـــەگرنگی‌خۆیان هەیـــەو مامۆستا احمد باسی نەکردوون وەکو صحیح ابن خزیمە، صحیح ابـن حبـان ، مصـنف ابـن ابی شبیە ومسندەکەی ، مصنف عبدالرزاق، جگە لەمانە پـەرتوکی‌تر) . ئێمـەیش دەڵـێین: هەر پێشەوایەك یـاخود مەزهـەبێك کـەزانیاری بەهـەموو سـوننەت نـەبووە جـەخت لـە سـەر پێویستێتی فرێ دانی چاولێکەری کوێرانە

دەكات هەركاتێ: سوننەتی صحیح هەبوو ، وە ئەمە ڕێگای رزگاریيە لەجیاوازی.

وە پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە پیویستێتی دەست گرتن بەسوننەتەوە لەكاتی جیاوازیدا دەفەرموێت (وإنه من يعش منكم فسيري اختلانا كثيرا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهد يين، تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، واياكم ومحدثات الامور فان كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة)[1].

واتە : هەركەسێك لە ئێوە بژی لە پاش من ئەوا جیاوازیيەكی زۆر دەبێت لەوكاتەدا دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی هەرچوار جێنشینە راستە هیدایەت دراوەكان، دەستی پێوەبگرن و بەكەڵبەكانتان قەپی لێ بگرن[2] وەئاگادارتان دەكەمەوە لەو داهێراوانەی كەلەدیندا داهێنراون، چونكە هەموداهێنراوێك بیدەعەیە وەهەموو بیدعەیەكیش گومڕاییيە .

---

(١) حديث صحيح رواه (احمد وابو داود٤٦٠٧ ( صحيح الترمذي ٢٦٧٦ ) (صحيح ابن ماجة ٤٠)

(٢) واتە توند بیگرنو هیچی لێ بەرمەدنەوە وەكو بڵێی پێغەمبەر ﷺ بەوەحی پێی وتراوە كەموسڵمان پشت لە سوننەتەكەنو دەستی لێ بەردەدن.

# سەلەفیەت
# درێژبوونەوەیەکی سروشتیی
# ئیسلامی پێشینە
# نەک دینێکی تازە و گروپێکی حزبی

## بسم الله الرحمن الرحیم

## والحمد لله وبعد/

خوێنەری بەڕێز :

*–زۆر جار لێرە و لەوێ گوێ بیستی وشەی سەلەفیەت دەبین و هەر یەك بە جۆرێك و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی دەیناسێنێ و باسی لێوە دەكات، جا بۆ ئەوەی بە گوێرەی قورئان وسوننەت ولێك دانەوەی زانایان لەم وشەیە بگەیت فەرموو لەگەڵ ئەم ڕوون كردنەوەیەی خوارەوە لەلایەن مامۆستایەكی سەلەفییەوە: وشەی سەلەف لەزمانی عەرەبیدا بەواتای(پێشین) دێت. واتا ئەوانەی لە پێش ئێمە بوون. وە لای زانایان وشەی ناوبراو بۆ سێ جیلە چاكەكەی سەرەتای ئیسلامەتی بەكاردێت وەكو لەحەدیسدا هاتووە:

(خیر الناس قرني ثم الذین یلُونهم ثُم الذین یلُونهم)[١].

*- وە سەلەفیەت بریتییە لەتێگەیشتن لەئیسلام وپەیرەویكردنی وەكو پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی و شوێنكەوتەكانیان و ئیمامیشافعی ومالك و أحمد وبوخاری وموسلیم...هتد ،نەك تێگەیشتن وپەیرەویكردنێكی هەرزە

---

(١) اخرجه : البخاري.

کارانە یاخود سیاسی وحزبیانە یاخود حەماسی وخەواریجانە،یاخود تەقلیدی کوێرانە !٠

*– سەلەفیەت بریتی نیە لەگروپێکی حزبی تازە داهێنراو یاخود تەریقەتێك یا مەزهەبێکی فیقهی تازە داهاتوو ، بەڵکو درێژبونەوەیەکی سروشتی(**الإمتداد الطبيعي)** ئیسلامە. واتە سەلەفیەت خودی ئەو ئیسلامەیە کەپێشینە چاکەکانمانی لەسەربووە نەك ئیسلامەتی‌یەکی تازە٠وەزۆر بەئاسایی وسروشتی درێژ بوتەوەو هاتووە – بەویستی خوا – تا گەیشتووە بەئێمە. وە بەدرێژایی مێژوی ئیسلام ساتێك نەبووە کە ئیسلامە پێشینەکە(سەلەفیەت) نەبوو بێت وکۆمەڵێك لەسەری نەبوبن! وەبەردەوام کۆمەڵێك هەر دەمێننەوە لەسەر ئەم ئیسلامە پێشینە٠

کەواتە سەلەفیەت هەر بووە چونکە بریتی‌یە لەو ئیسلامەی کە پێغەمبەر بە هاوەڵانی ڕاگەیاندووە٠بەڵام گروپەکان لەبارودۆخێکی تایبەت ونائاسایی و ناسروشتی دروست بون لەئاکامی ڕووداوێك یاکێشەیەك یا لەکاردانەوەی فشارێك ٠وە ڕۆژی دامەزراندن ودامەزرێنەرانی هەر یەکەیان و هۆی دامەزراندنەکەیان دیارە٠وەتەمەنیان کورتە ، بەڵام سەلەفیەت تەمەنی لەگەڵ تەمەنی ئیسلامە٠

*–سەلەفیەت هەموو ئەو خەڵکە موسوڵمانە دەگرێتە خۆی کە لەسەر فیترەتی ئیسلامەتی ماون،بۆیە پێویستیان بەناو تۆمارکردن وهەویەو پێناس ناکات بەپێچەوانەی گروپە تازە لەدایك بووەکان کەکورت هەڵهاتوون لەسەر ئەندامانیان بەتەنها وخاوەنی پێناسی تایبەتن!

*– وەخوای گەورە فەرمان بەهەموو

## لەبەرچی موسوڵمانی سەلەفی بین؟

موسوڵمانان دەکات بە دەست گرتن بەو ئیسلامە دێرینەی کەپێشینانمان (سەلەف) لەسەری بوون:

﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾[٢]

واتە موسوڵمانە پێش کەوتوەکانی پێشین لە کۆچ کردوو و پشتیوانەکان (واتە سەلەفی صالح)وە هەروەها ئەوانەش کەشوێنیان کەوتون بەباشی (واتە سەلەفیەکان)، پەروەردگار ڕازی بووە لێیان وئەوانیش ڕازی بوون لێی

[٢] {سورة التوبة:١٠٠}.

وبەهەشتانێكی بۆ ئامادە كردوون كە ڕوبارى زۆريان بەژێردا دەڕوات وبە بەردەوامی تیایدا دەمێننەوە وە ئەوە سەرفرازى مەزنە٠٠وە پەروەردگار هەڕەشەیەكی سەختی كردوە لەو كەسانەی كە شوێن غەیرى ئەو ڕێبازە دەكەون :

﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾(٣)

واتە: هەر كەسێك پێچەوانەی پێغەمبەر(ﷺ) بكات لە عەقیدەو بەرنامەدا ولێی جیا بێتەوە! وە شوێن غەیرى ڕێبازى بڕوادارە تەواوەكان–كەسەلەفی صالحن– بكەوێ ، ئەوە ڕووى پێدەكەینە ڕووگەو ڕێچكەكەی خۆی ودەشیخەینە دۆزەخەوە، كەخراپ ترین شوێنە!!

وەپێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاگەیاندوین كە ئوممەتی ئیسلامی دەبێت بە حەفتاو سێ حیزب و ڕێچكە " وە هەمویان بۆ ناو دۆزەخن تەنها ئەوكۆمەڵە موسوڵمانانە ڕزگاریان دەبێت كە سەلەفین واتە لەسەر ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی دەڕۆن: وەك فەرمووى:

((تفترق أمتي على ثلاثٍ وسبعين فرقة كلها في النار إلاّ واحدة)) قالوا من هي يا رسولَ الله ؟ قالَ:﴿ما أنا عليه اليوم وأصحابي﴾(٤)٠

*–دیاردەی حزبایەتی وپارچە پارچەكردنی موسوڵمانان لەناوئیسلامدا بەكارێكی ناشەرعی دادەنرێت چونكە موسوڵمانان هەمویان بەیەكەوە حزبی خوان وكۆمەڵی ئیسلامن وەك پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ* فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾(٥) المؤمنون/٥٢-٥٣ وەپەروەردگار قەدەغەی كردووە لێمان شوێن ڕێچكەكان بكەوین (وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ)(٦).

وە﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾(٧).

وەپێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی (تلزم جماعة المسلمين وإمامهم –قُلت :فإنْ لم يكُن لهم جماعة ولا إمام؟ قالَ: - فاعتزلْ تلك الفرق كُلها)(٨) واتە لەگەڵ كۆمەڵی تێكڕاى موسوڵمانان وپێشەواكەیان بە نەك لەگەڵ كۆمەڵ كۆمەڵیان بەڵكو لەهەموو كۆمەڵۆچكەكان دابڕێ٠

---

(٣) {سورة النساء:١١٥}.

(٤) اخرجه : الترمذي.

(٥) {سورة المؤمنون:٥٢-٥٣}.

(٦) {سورة الانعام:١٥٣}.

(٧) {سورة الانعام:١٥٩}.

(٨) متفق عليه.

❊-زۆر لــه موســولْمانان بــەهۆی ناكۆكی، ودەمــارگیری، وپێــداگیریان بـۆ وەدەســـت هێنـــانی جڵەویســـولْتە، وهـــەنگاوی بەپەلـــە وتونـــد ڕەوانـــەیان بونەتـــەهۆی:فەشـــەل هێنـــان و بـــەرەو دواگەڕاندنـــەوەی موســـولْمانان وبـــوارلێ تەسك كردنەوەیان وبەڵگە دان بـەدوژمن و نەفامان بۆ تیروتوانج گرتنە ئیسلام وگاڵتە كـــردن بـــەڕیش وحیجـــاب و دیـــاردە سوننەتیەكـــــان وەك پـــــەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾(٩).

واتــە: پارچــە پارچــە ونــاكۆك مــەبن ئەگینا فەشـەل دەهێـنن وخێروسـەركەوتن ودەســـەڵاتتان لەدەســـت دەچـــێت!

وەفەرمویەتی:

﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾(١٠).

واتە: هەرچی بەڵاو تێشكانێكتان تـوش هـــاتوە ئـــەوە بـــەهۆی هەڵـــەو پەلـــەو سەركەشی وتاوانی خۆتان بـوە! وەتونـد ڕەوان خۆیـــان بـــەهیلاك دەچـــن وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونْ هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونْ هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونْ)٠وە واقیـع شاهیدە لەسەر ئەم ڕاستیانە٠٠

## ناوی ﴿سەلەفی﴾ بۆ چی ؟

-پەروەردگار ناوی ناوین موسوڵمان

﴿هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا﴾(١١)

بۆیە هیچ ناوێكی تـر قـەبوڵ نیـە ، بـەڵام دوای سـێ سـەدە پیرۆزەكـەی سـەرەتای ئیســلام لەگــەڵ ســەرهەڵدانی بیرۆكــەی خەلەفیەت كە لێك دانـەوەو بۆچـونێك بـوو سەبارەت بە ئایەت وحەدیسەكان جیـا لـە تێگەیشـــتنی پێشـــینەكانی ئیســـلام لـــە هاوەڵان وشوێن كەوتـەكانیان وئیمامـەكان ! دوای داهــاتنی ئەومەزهەبــە خەلەفیــە ودەركەوتنی چـەندان ڕێچكە ی لێـك جیـا لەناو موسوڵمانان وەلەژێر ناوی جیا جیا ! زانایانی ئیسلام بۆ ئەوەی ئیسلامە دێرینە ئیلاهیەكەی كەپێغەمبـەر(ﷺ) و هـاوەڵانی وپێشەوایانی لەسەر بوو دیارو جیا بێت لە مەزهــەب و ڕێچــكە داهێنراوەكــان نــاوی ســەلەفیەتیان دانــا بــۆ ئیســلامە دێرینــە ئیلاهیەكە وە ئەم ناوەشیان لە نـاوەڕۆكی فـــەرمودەكانی قورئـــان و ســـوننەت وەرگرتووە وەك لەسـەرەتا ئاماژەمـان بـۆ كـردن ولـەو حەدیسەشـدا دەردەكـەوێت: (من یعِش مِنكُم فَسیرى اِختِلافاً

---

(٩) {سورة الانفال:٤٦}.

(١٠) {سورة الشورى:٣٠}.

(١١) {سورة الحج:٧٨}.

كَثيراً،فَعلَيكُم بِسنتي **وسنةِ الخُلفاءِ الراشِدين**)[١٢].

## سەلەفیەت دژی توند ڕەویتی یە

سەلەفیەت توند ڕەویتی وخەڵك تۆقاندن نیە وەکو خەڵکی نەشارەزا گومانی ئەوەیان پێدەبەن بەحوکمی هێشتنەوەی ڕیش وپابەند بونیان بەسوونەتەکانی تری پێغەمبەر بەڵکوسەلەفیەت میان ڕەوی وعەدالەت و ڕەحمەتەو سەلەفیەکانیش لەپێش هەموو کەس ولایەنێکەوە بەرەنگاری توند ڕەویان کردووەوبەکارێکی ناشەرعی وزیان بەخش ولەناوبەریان داناوە٠وە دیاردەی زێدەڕەوی لە بەکافردانان وململانێ لە سەرکورسی دەسەلآت پاشماوەو درێژەپێدانی بۆچونیخەواریجە نەك سەلەفیەت٠ کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت : هەرکەسێك وکۆمەڵێك لەسەرئیسلامی پێشین نەڕوات وئیسلام کورت هەڵێنێت لەحیزبایەتی تەسك دا یاخود توند ڕەوانە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ موسوڵمانان و زێدە ڕەوی بکات لە بەکافردانان وببێتەهۆی فیتنەو خوێن ڕێژی، ئەوەسەلەفی‌نیە بەڵکو هاوبیری خەواریجە، هەرچەندە ئەو ناوەش لەخۆی بنێت ودیاردەی ڕیش وچەند سوننەتێکیشی پێوە دیاربێت٠

**﴿سەلەفیەت﴾**

**کۆنە پەرستی و دوا کەوتوویی‌نیە**

**بەڵکو دژی خورافیات وتەقلیدی کوێرانەیە**

وەڕووی ناڕەزاییشمان دەکەینە ئەوانەی کە بەهەڵە ناوی سەلەفی بۆئەو گروپە حیزبیانە بەکاردەهێنن یاخود سەلەفیەت بە دواکەوتوویی لەقەڵەم دەدەن!! چونکە سەلەفیەت لەگەڵ ئەوەشدا کەگەڕانەوەیە بۆدینی ئیسلامی دێرین بێ‌زیادوکەم ودەستکاری(لەبواری پەیڕەوی‌کردنی دین دا) لەهەمان کاتیشدا هانی‌موسوڵمانان دەدات بۆبیرتیژی ولێکۆڵینەوەو بەرەوپێش چوون لەبواری‌زانست وخزمەت گوزاری بەسودی دنیایی و هەوڵدان بۆفێر بونی ئەو زانستە دونیاییە بەسوودانەش کەلای کافرەکان هەیە وە پێغەمبەر(ﷺ) بەهاوەڵانی فەرموو:

---

[١٢] اخرجه : الترمذي.

(أنتم أعلم بأمور دنياكم مني)[١٣].

واته ئێوه لەمن شارەزاترن بەكاروبارە دونیاییەكانتان وەهانی موسوڵمانانی دا خۆیان فێری خوێندەواری بكەن لای دیلە كافرەكان " كەوابوو سەلەفیەت ڕێگرنیە لەشارستانیەت وپێشكەوتن و نوێ خوازی و داهێنان لە بواری دونیاییدا بەمەرجێك پێچەوانەی شەرع نەبێت.

## چەند هەڵوێستێكی سەلەفیانە

* سەلەفیەكان پێغەمبەریان لە خۆیان خۆشتر دەوێت و باوەڕیان وایە كە پێغەمبەر(ﷺ) بەندەی خوایەو نابێ بەندایەتی بۆ بكرێت ﴿عبد لا يعبد﴾ وەنێرراوی خوایە و نابێت سەرپێچی بكرێت ﴿رسولٌ لايعصى﴾ لەبەر ئەوە زێدە ڕەوی لە مەنزیلەتی ناكەن وەكو ئەوانەی كە زێدەرەویان لەحەقی دا كردوەو لەگەڵ خواهاواری دەكەنێ ﴿غلوا في منزلته﴾ ، وە لەهەمان كاتیشدا كەمتەرخەمیش ناكەن لەشوێن كەوتنی سوننەتەكانی وەكو ئەوانەی كە سوننەت بەكەم دادەنێن یا گاڵتەی پێ دەكەن-پەنا بەخوا-وەكەم تەرخەمن لەشوێن كەوتنی﴿قصروا في متابعته﴾.

وە هەروەها پێشی ناكەون و هیچ جۆرە عیبادەتێك لە خۆیانەوە داناهێنن (يتبعونَ ولا يبتدِعونْ)

*-سەلەفیەكان بێ ڕێز نین لەگەڵ زانایان وپێشەوایان وەكوهەندێ هەرزەكاری ناتێگەیشتوو كە ڕێزو پلەی زانایان نازانن وخۆشیان ناناسن ودەڵێن خۆمان لەدین تێدەگەین ڕاستەوخۆ وە پێویستیمان بەتێگەیشتنی زانایان نیە وەدەڵێن :

(هم رجالٌ ونحن رجالْ)!!.

بەڵكو سەلەفیەكان لایان وایە كە بەهۆی لێك دانەوەی زانایانەوە لە ئیسلام تێ دەگەین بەڵام لەهەمان كاتیشدا زێدەڕەوی ناكەن دەرحەقیان ولەسنوری خۆیان تێپەڕیان ناكەن و سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) وەلانانێن بۆقسەی هیچ زانایەك وەكو ئەوانەی كە ڕای زانایانی مەزهەب دەخەنە پێش دەقەكانی قوڕئان وسوننەت وەهەرچی پێچەوانەی ڕای مەزهەب بێت یان ماناكەی دەگۆڕن (يحرفُونه) یاڕەددی دەكەنەوە چونكە لای ئەوان مەزهەب سەرچاوەیە(أصل) وە قورئان وحەدیس فەرعن!

---

(١٣) اخرجه : مسلم.

*-سەلەفیەکان بێ بێ ڕێز نین لەگەڵ **پیاوچاکان (الأولیاء)** ی خاوەن ئیمان وتەقوا وەزۆرڕێزیان لێ دەگرن، بەلاَم زێدەڕەویان تێدا ناکەن ومافی خوایەتیان نادەنێ وباوەڕیان بەوەنیە کەغەیب زان بن یاخود دەسەلاَتیان بەسەر بونەوەردا هەبێت یاخود قازانج وزەرەریان بەدەست بێت وەهاواریان ناکەنێ ونایان کەن بە شەریکی خوا لەداوا لێکردن ونەزر بۆ کردن وئیعتیقاد پێ بوون٠

*-سەلەفیەکان دژایەتی **حاکم وکاربەدەستە** موسولْمانەکان ناکەن – هەرچەندە کەمتەرخەم وگوناهبارو ستەم کاریش بن–وەکو خەواریج وتەکفیریەکان کە بەپەلەن لەبەکافردانانیان وشۆڕش بەرپاکردن دژیان وململانێ لەگەڵ کردنیان و پەنا بردنە بەرتەقینەوەو تیرۆرو...هتد بۆ وەدەست هێنانی سوڵتە ٠ وەهەروەها وەکودین فرۆشە بەرژەوەند پەرستەکانیش نین کەفەتوا دەدەن لەسەر شەرعیەتی کارە ناشەرعیەکانی کاربەدەستان وپاساویان بۆ دەهێننەوەو خیانەتیان لێ دەکەن وناحەقیان بەحەق نیشان دەدەن وزیاتر سەریان لێ دەشێوێنن وگوێ بەقیامەتیان نادەن لەپێناوی دەست کەوتنی چەند پلەو درهەمێك!

بەڵکو سەلەفیەکان بەڕەحم ونیەت پاکن لەگەڵ کاربەدەستەکان وخێریان بۆ دەوێن وئامۆژگاریحەقیان دەکەن ئەگەرچی کاربەدەستەکانیش لێیان ناڕازی بن وبەقسەی بەرژەوەند چیەکان زوڵمیان لێبکەن!٠

*-سەلەفیەکان بەحەقی دەزانن کە کوردیش خاوەنی کیانی ڕەوای خۆیبێت وەکو خوای پەروەردگار بۆهەموو گەل وهۆزێکي داناوه
﴿وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾[١٤].

وە بەپێویستی دەزانن کە پێش هەموو قەومێك لەخزمەت قەومەکەی خۆمان دابین بەڕێنومایی کردن وبەرەو بەختەوەری وئاسودەیی بەردەوام بردن وەئاواتەخوازو وئومێدەواری سەرفرازی گەلەکەمانین نەك لەناو بردن وزەلیل بون و ژێر دەستەیی یان

**بانگەوازی سەلەفیەکان بۆ :**

**تەنها خوا پەرستی و شوێن کەوتنی پێغەمبەرﷺ و پابەند بوونە بە ئیسلام**

لەکۆتاییدا سەلەفیەکان گەورەترین **بانگەوازییان بۆ :**

*پەرستنی خوا بەتەنها ودورکەوتنەوەیە لە شیرك بەهەموو

(١٤) {سورة الحجرات:١٣}.

جۆرەکانیەوە وەك پەروەردگار فەرمانی پێکردوین بە بانگ کردنی خەڵکی بۆلای یەك وشە کەبەختەوەری دونیاو قیامەتی پێوەیە و یەکسانە لە نێوان هەمووخەڵکی:

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾[15].

* وە بانگی خەڵکی دەکەن بۆ شوێن کەوتنی پێغەمبەران نەك بۆ شوێن کەوتنی خۆیان وەداوای هیچ پاداشتێکیش لەخەڵکی ناکەن:

﴿يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ * اتَّبِعُوا مَنْ لَا يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾.

*وە بانگەوازی دەکەن بۆ حەق وعەدالەت ورەحمەت وچاکە کاری ودورکەوتنەوە لە خراپەوبەدکاری وستەم ودەست درێژکاری

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾[16].

## والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

---

[15] {سورة آل عمران:٦٤}.

[16] {سورة النحل:٩٠}.




دوای ئـەوەی كـە لـە بەشـی یەكـەمی ئەم بابەتەدا باسی :

1. پێناسەی زێدەڕەوی و،
2. حوكمەكەی لە شەرعداو،
3. هۆكارو نیشانەكانیمان باس كرد.

بـە یشـتیوانی خـوا لـەم بەشەشـدا لـە لایەنــەكانی تــری بابەتەكــە دەدوێــین و دێینە سەر:

4. چەند دیاردەیەكیزێدەڕەوی:

**یه یـــــم: الــــتكفير ( فــافر فردن ف موســڵماناه به تاواو):**

ئەم دیاردە ترسناكە تازە نیە بەڵكو هــەر لــە مێــژەوە هەڵگرانیهــەبووە، بەتایبەتی (الخوارج)، ئەم تاقمە گومڕایـە كەدەرچـوون لـە گوێڕایـەڵی خەلیفـەی موسـڵمانان(علـي بـن أبـي طالـب)(ﷺ) وخوێنو ماڵی موسڵمانیان حەڵاڵ كرد.

(ابـن عبـاس)چـوە لایـان و ئیسـلامی راستەقینەی بۆیان روون كـردەوە وبـیری چـەوتیانی پوچـەڵ كـردەوە و كـە بـووە هۆی گەڕانەوەی كۆمـەڵێكی زۆر لـێ یـان بۆ ناو كۆمـەڵگای موسـڵمانان، وەئـەوەی كە مایەوە لێیان بەدەستێكی پۆڵاین تارو مار كرا...

لەوكاتــەوە نـاو بـەناوە ئـەو بۆچـوونە چەوتە سەری هەڵئەدایەوەو كـپ دەكـرا، لــەم ســاڵانەی دوایــی دا بەشــێوەیەكی بەربڵاو لەناو موسڵماناندا تەشـەنەی كـرد وە دەستانی نادیار كۆمەك و پشتیوانیان لێـان دەكـرد بـۆ بڵاوبوونـەوەی لـە نێـو گەنجانـدا لەزۆربـەی وولاتــانی ئیســلامی وكوردستانی خۆمـانیش بێبـەش نـەبووە لــەو دەردە كوشــندەیە، ســەرباری ئــەو هــــەموو نــــا هەمواریــــە كەبەســــەر میللەتەكەماندا هـاتووە ..زۆربـەی تاقمـە (الفرق) هاوچـەرخەكان هـەڵگری ئـەم بـۆ

چوونەن (التکفیر) پێی بزانن یان نا چونکە کاتێك ورد دەبیتەوە لە پەیام و نووسراوەکانیان و بەراوردیان دەکەی لەگەڵ ڕێبازی پێغەمبەر و هاوەڵانی، دوورن لەیەکەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان (تاقمەکان) لەسەر ڕێبازی (قورئان وسوننەت)بە تێگەیشتنی پیاو چاکانی پێشینین ناڕۆن و بەئاشکرا حوکمی کوفر دەدەن بەسەر کۆمەڵگای موسڵماناندا:

وەك سەید قطب لە کتێب(الظلال)دا دەڵێ (انه ليس على وجه الارض اليوم دولة مسلمة ولا مجتمع مسلم، قاعدة التعامل فيه شريعة الله و الفقه الاسلامي)[1]، واتە/ئەمڕۆ لەسەر ڕووی زەویدا نە دەوڵەتێکی موسڵمان نە کۆمەڵگایەکی موسڵمان هەیە کە بنچینەی هەڵسوکەوت کردن تێیدا شەریعەتی خواو فیقهی ئیسلامی بێت (کە ئەمەش تەکفیر کردنێتی بۆ هەموو کۆمەڵگا و دەوڵەتەکان بەگشتی).

پاشان ناوی مزگەوتەکان بە پەرستگای جاهیلی دەبات و بە پێویستی دەزانێت لەسەر موسڵمانان کە دووركەونەوە. لە کۆمەڵگاو لە مزگەوتەکانیش سید دەڵێت: (اعتزال المعابد الجاهلية و اتخاذ بيوت العصبة المسلمة مساجد نحسن فيها بالاعتزال عن المجتمع الجاهلي)[2].

پەروەردەکردنی گەنجان لەسەر ئەم بیرو باوەڕانە بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، وە لادانیان لە ڕێگەی پێغەمبەر و هاوەڵانی، سەردەکێشێ بۆ زێدەڕەوی و توندو تیژی و تۆقاندن و خوێن ڕشتن و....بۆیە(تکفیر) بناغەو سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەك و خراپە کارییەکە، پێویستە موسوڵمان ئاگاداربێت لە فێڵ و تەڵەکەی هاوبیرانی (خوارج) وکلکەکانیان لە کافر کردنی خەڵکیدا. چونکە یەکەم هەنگاو وپلەیە بۆ هەر کارێکی توند وتیژی وهاندانی موسوڵمان بۆ بەگژا چوونی کۆمەڵگاو کاربەدەستان و گەیشتن بەو مەرامانە کە دەیانەوێ–زێدەڕەوان–لەپارەو پول و دەسەلات لەبەرجەستەکردنی بیری (تکفیر) کردنیخەڵکی لەناو خەڵکدا کارە نامۆیەکانیان دەست پێدەکات.

خوێنەری بەڕێز لەبەر دوورو درێژی ئەم باسە ناتوانین بە تێرو تەسەلی بیخەینە ڕوو، بۆیە ئاماژە بۆ چەند کتێبێك دەکەم کە بەجوانی و ئاشکرا ئەم لایەنە ڕوون دەکەنەوەو بۆچوونی هەڵگرانی بیری (تکفیر) پوچەڵ دەکەن

(١) انظر : (في ظلال القران)(٢١٢٢/٤).

(٢) انظر : (في ظلال القران)(١٨١٦/٣).

لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و وتەی زاناو پیاو چاکانی پێشینی ئەم ئومەتە.

١-مظاهر الاخطاء في التكفير و التفسيق اسباب ذلك و علامة / د.صالح بن غانم السدلان.

٢.الحكم بغير ما انزل الله و اصول التكفير في ضوء الكتاب و السنة و اقوال سلف الائمة / د.خالد بن علي العنبري.

٣-التحذير من فتنة التكفير / علي حسن الحلبي الاثري.

٤-التحذير من فتنة التكفير / محمد بن جميل زينو، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە ژێر ناونیشانی(ئاگادارکردنەوە لەپەلەکردن لە کافرکردندا) وەرگێڕانی / صلاح الدين عبدالكريم.

٥-الغلو في الإسلام / عبدالرحمن اللويحق.

## دەهەم: هاردەی دەرچوە لە هاربەدەستاە (الطحام):

ئەم دیاردەیە کۆنەو بەرووبوومی حکوم نەکردنە بەوەی کە خوای گەورە دایبەزاندوە، چەند تاقمێکی ئیسلامی کۆن گرتبویە خۆی، وە لەسەر ئەم پەیڕەوە چەند تاقمێکی تازە دەڕۆن.

ئەم تاقمانە دەڵێن ئەو حاکمەی کە حوکم ناکات بەوەی کە خوای گەرە دایبەزاندووە ئەوە (کافرە) بە بەڵگەی: ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾[٣].

بەبێ روونکردنەوەو تەفصیل و درێژە پێدان، لەم خاڵەوە ئەم تاقمانە(زێدە ڕەوان) دەرچوون بە وشەو چەك دژ بە حاکمەکان و حەلاڵ کردنی خوێن و ماڵیان و جار جاریش ناموسیان و فشار خستنە سەریان بۆ رووخاندنیان و خۆیان دەسەڵات وەربگرن یاخود ئەم حاکمە بگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی حوکمی خوا، هەموو ئەو شتانە لەبەر ئەوەی ئەم حاکمانە بە بۆچوونی ئەوان کافرن.

مەسئەلەی (دەرچوون) روونکردنەوە یەکی زۆری دەوێو ئەبێ کەسانی خاوەن زانست و ژیر قسەی تیادا بکەن نەك هەرزەکارو نەزان و ئارەزوو خواست و زێدەڕەوییەکی دوور لە ئیسلام....

ئەم خاڵە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵگاو خوێن ومال و وناموسی خەڵکەوە، هەڵە لەم مەسئەلەیەدا شیرازەی ژیانی کۆمەڵگا تێك دەداو بەرەو لە ناووچوونی دەبات...

بۆ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەڵێن وەك چۆن(ابن ابي العز) لە شەرحی طحاویدا دەفەموێت لە حوکم نەکردن بە قورئان سێ حاڵەتی تێدایە.

---

(٣) {سورة المائدة:٤٤}.

**(١) ئـەوەی کـە حـوکم بـە قورئـان ناکات و باوەڕی پێی نییە(کافرە):**

ئەگـەر (حـاکم) کاربەدەسـت بـوو دەرچوون دژی پێویستی بە مـەرجی زۆر هەیە کە لە شـەرعدا روون کراوەتـەوە، ئـەبێ ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی و خراپـی دەرچـوون بکرێـت و لایـەنی توانـاو بـەراوردی زەرەرو قـازانج دەرحـەق بـە خەڵکی و وولات بگرێت.

**(٢) ئـەوەی کـە حـوکم بـە قورئـان ناکات بەڵام باوەڕی پێی هەیە...ئەوە (ستەم کارو فاسق)ە:**

واتـە تاوانبـارە، حـوکمی تاوانبـاریش دیارە، دەرچوون دژ بەم کەسانە نابێت. بـەڵکو دەبێـت ئامۆژگـاری و ڕێنمـاییو دوعـای هیدایـەتی بـۆ بکرێـت و هاوکـاری بکەیت لەخێرو چاکەدا...

ئـەوەی حـوکمێکی کـرد پێچـەوانەی قورئـان بـوو بـەڵام لـە دوای هـەوڵ و کۆشـش و گـەڕان بـۆ دۆزینـەوەی حـەق ئەوە یەك ئـەجری هەیـە ئـەویش ئـەجری هیلاك بوون و گەڕانەکەی بە دوای حـەق دا، نـەکافرەو نـە(سـتەمکارو فاسـق)ە بـەڵکو (مـأجور)ە، پاداشـت دراوە بـە چاکە. دەرچوون دژی بە هـیچ شـێوەیەك درووست نییە.

دەبێـت موسـڵمان ئاگـادار بێـت لـەم مەسئەلەیەدا، نـەك وەك زێدەڕەوان هـەر حاکمێـك حـوکمی بـە قورئـان نـەکرد لـە شتێکدا ئەوە کافرەو دەبێ شۆرش بەرپا بکرێـت دژی یـا هەرکاربەدەسـتێك تـاوانێکی کـرد ئـەوە کـافرەو دەبێـت بکوژرێـت، وە هـانی خـەڵکی بـدرێت بـە گژاچـوونەوە ئـەنجام بـدرێت و کـاری توونـدو تیـژی و تۆقانـدن بکرێـت، بـەبێ ئـەوەی ئاوڕێـك لـە شـەرعی ئیسـلام بدرێتـەوە وە ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی کۆمەڵگاو وولات بکرێت.

**(٣) دیاردەی کوشتن وتیرۆر کـردن وتەقاندنەوە وفڕاندن وکاری خۆکوژی:**

ئـەم دیاردانـە تـرس و دڵـە ڕاوکـێ و نائـارامی دروسـت دەکـان لـە نـاو کۆمـەڵگادا، ئـەم کـارەش لەبـەر چـی؟، تەنها لەبەر فشار خستنە سەر دەسـەڵات داران... بەڵام ئایە ئـەم کـارە شـەرعییە یـان ناشـەرعییە؟ زێـدەڕەوەوان بـە بـێ ئاوڕدانـەوە لـە(قورئـان وسـوننەت)و لێکدانـەوەی حـەڵاڵ و حـەرام و پـەیامی پیرۆزی ئیسلام ئەم کارە ئـەنجام دەدەن کە کارێکی غـەیرە ئیسـلامییە و ئیسـلام قەدەغەی کـردووە بـە تونـدی. بۆ زیـاتر زانین چەند دیاردەیەك دەخەینە ڕوو.

## أ-کوشتنی سەفیرو دیبلۆماسی کافر لە وولاتدا:

کوشتنی ئەو سەفیرو دیبلۆماسیانەی کە لە وڵاتی موسڵماناندان دروست نییـەو

حەرامە بە بەڵگەی ئەو حەدیسەی کە (نعیم)ی کوڕی (مسعود) دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ): بە هەردوو نێردراوەکەی موسەیلەمەی کەذابی ووت: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە نێردراو نابێت بکوژرێت ئەوا لە گەردنتانم ئەدا[٤]، وە بە هامان شێوە قەدەغەیە کوشتنی ئەوەی کە دەوڵەت ئەمینی کردووە لە کافران یان ئەوەی پەیمانی پێدراوە یا اهل ذمة (گاورو جولەکە)، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (من قتل معاهداً لم يرح رائحة الجنة)[٥]، واتە: هەرکەسێك پەیمان پێدراوێك لە کافران بکوژێت ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات.

یائەو کافرە پلەی بەرزتر بێت وەك سەرۆك وڵات بێ، ئەوە تاوانەکەی گەورە ترە لە بەر ئەوەی فیتنەی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

ئەمە حوکمی ئیسلامە دەربارەی کوشتنی کافر لە وولاتی ئیسلامدا ئەو کافرانەی کە بۆجەنگ نەهاتوون، وە لە کاتی جەنگدا لە گەڵ کافراندا نابێت منداڵ و پیرو ئافرەتی کافر بکوژرێت کە جەنگ ناکەن.

جا ئەگەر ئەوە هەڵوێستی دینی ئیسلام و موسڵمانان بێت بەرامبەر بە کافران جا دەبێت هەڵویستی چی بێت بەرامبەر موسڵمان لە ناو دەزگاکان و بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکان بەبێ تاوان بکوژرێن.

### ب-فراندنی فڕۆکەو کەشتی و خەڵکی:

ئەم کارە زێدەڕەوان بەکاری دەهێنن وەك بارمتە و فشار خستنە سەر دەسەلاتدار، یا کردەوەی خۆکوژی ئەنجام دەدەن، کە دەبێتە هۆی خوێنڕشتنی خەڵکی بێ تاوان کە ئیسلام قەدەغەی کردووە بە توندی.

زانای پایە بەرز (ابن باز) رەحمەتی خوای لێ بێ دەربارەی ئەم کارانە دەفەرموێت: تاوانە ئەبێ حوکمی ئەو کەسانە کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن حوکمی ڕێگریان بەسەردا بسەپێنرێ[٦].

### ج-کاری خۆکوژی ( العمليات الفدائيه الإنتحاريه ):

ئەم دیاردەیە (خۆ کوژی) هەرچەندە دژ بە کافرانی جەنگ دەکرێت کارێکە قەدەغەیە لە ئیسلامدا سنورێکی زۆر تەسکی هەیە لە ئەنجامدانیدا لە کاتی جەنگ کردن لەگەڵ کافری جەنگاوەر و هێرش بەر...، بەلگەی قەدەغە بوونی لە ئیسلامدا بە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ):

(٤) احمد في المسند (٣٩١/١) قال محققه احمد شاكر اسناده صحيح.
(٥) اخرجه : البخاري (٣١٦٦).
(٦) مجموع فتاوى و مقالات متنوعة للشيخ ابـن بـاز (٢٧٦/١-٢٨٩).

(انه من قتل نفسه بشئ فأنه يعذب به في نار جهنم خالداً مخلودا فيها)[٧].

واتــە: هەرکەسـێك بــە شـتێك خـۆی بکوژێـــت ئـــەوە لـــە ئـــاگری دۆزەخ ســزادەدرێت پـــێی بــە نــەمری تیایــدا دەمێنێتــەوە هــەتا هەتایە. ئەمــە کــاری جیهــادی نییــە دژ بــە کــافران، بــەڵام دەبیــنین زێــدەڕەوان خۆیــان مــین ڕێــژ دەکــەن نــەك بەرامبــەر کــافر بــەڵکو لــە بــازاڕو شــوێنە گشــتیيەکانی نــاو وولاتــی موســڵمانان وێــران کــاری دەکــەن و مــاڵی خەڵك وێران دەکەن.

**د-دیاردەی موزاهەرەو کاری توندو تیژی:**

ئەم دیاردەیە لـە ئیسـلامدا نـەهاتووە بەڵکو قەدەغەی کردوە کە دەبێتـە هـۆی نانــەوەی ئاشــوب و فیتنــە و نەهێشــتنی هێمنـــی و ئـــارامی و جـــاری واش هەیـــە دەبێتە خوێن ڕشتنی موسڵمانان.

هاندانی جەماوەر بەم کارە نامۆیە بـە ئیســـلام، جۆرێکـــە لـــە دەرچـــوون لـــە کاربەدەسـتان کـە شـێوازێکی ناشـەرعیە دەبێتە هۆی جێگیرکردنی ڕق و کینـە لـە دڵـی خەڵکیـداو کەسـانی خـوێن گـەرم و حەماسـی هــان دەدات بـۆ کــاری توونـدو تیژیکە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگادا نییە و چارەســـەری کێشــەکان ناکــات، بێجگــە لـــەوەی کـــە باســـمان کـــرد لەوەیـــە دەســـەڵاتدار بـــە هێـــز وەڵامـــی ئـــەم کارەبداتەوەو دبێتە هۆی ڕشتنی خـوێنی دەیان بێتاوان کە هۆکارەسـەرەکییەکەی ئەوانن کە هـانی خـەڵکی ئـەدەن بـۆ ئـەم کارە.

**هـ-دیاردەی کودەتـاو ئینقلابـی سەربـازی:**

دروســت کردنـــی گـــروپ و دەســتەو شـانەی نهێنـی بـۆ بانگـەوازکردن بـەناو بۆلای خوا کارێکی قەدەغـەکراوە لـە بـەر ئـــەوەی دەبێتـــە هـــۆی گومـــان خراپـــی دەسەڵاتدار و دژایـەتی کردنـی و لێ دانـی بە توندی، چونکە دەسەڵاتدار نازانێت بە کارو مەبەستی ئەم گروپانە ئەگەر لەسەر حەقییش بن.

زێـــدەڕەوان کارەکانیـــان بـــە نهێنـــی ئـــــەنجام دەدەن نـــــەبادا زانایـــــان و شـوێنکەوتوانیان لێ ئاگـادار بکەنـەوە لـە کارە ناشەرعی یەکانیان.

یەکێك لەو کارە ناشەرعیانە درووسـت کردنـی گـروپ و دەسـتەی چـەکدارە لـە گـەنجانی حەماسـی و تێنەگەیشـتوو لـە ئیســـلام، بـــۆ ئـــەنجام دانـــی لابردنـــی دەسەلات دارێك بە کودەتا (انقلاب)، کـە دەبێتـە هـۆی فیتنـەو ئـاژاوەو کوشـتنی دەیـان موسـڵمانی بـێ تـاوان و ئەزیـەت دانـی گـەنجانی موسـڵمان و بـە تایبـەت ئەوانەی کـە دیـاردەی سـوننەتیان پێـوە دیارە وئەهلی مزگەوتن، وە دەبێتە هـۆی

(٧) اخرجه : البخاري (٥٧٧٨)، ومسلم (١٠٩-١١٠).

پڕ کردنی زیندانەکان لە موسڵمانی بێ تاوان.

ئەم کارە نامۆیە بە ئیسلامی پیرۆز بەروبوومی دیارو ئاشکرایە وەك چۆن دەرکەوت لە شاری (حماە) لە سوریا و لە مصر و لە جەزائیر... کە بووە هۆی خوێن ڕشتنی هەزاران موسڵمانی بێ تاوان و وولات دووچاری قەیران و کێشەو نائارامی دەکات.

## و-دیاردەی دەرچوون لە ڕژێمە گشتیەکان (الأنظمة العامة):

ئەم یاسایانەی کە دەسەڵاتدار دەری دەکات بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی کارو کاسبی کۆمەڵگاو سەقامگیری هێمنی و ئاسایش لە ناو وڵاتدا دەبێت موسڵمانان گوێڕایەڵی بن و پابەندبن پێیانەوە گەر بەرهەڵستی ئاینی ئیسلامی نەدەکرد.

لە کاتێکدا ئەگەر دەسەڵات دار ستەم کار بێت یان فاسق بێت تەنانەت ئەگەر کافریش بێت بەهیچ جۆرێك نابێت دەرچوون و دژایەتی ئەو کارئاسانیانە بکرێت کە بۆ بەرژەوەندی گشتی پەیڕەو کراوە.

بۆ نمونە یاساکانی هاتووچۆ کە بۆ بەرژەوەندی گشتی دانراوەو نمونەی تر زۆرن.

## ز-دیاردەی توندو تیژی لە بانگەواز دا:

زێدەڕەوان بە هۆی بێ ئاگابوونیان لە (قورئان سوننەت) و ڕێبازی پێشین چۆن لە بوارەکانی ژیاندا لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەورو بەردا هەڵەن، بە هەمان شێوە لە بواری بانگەوازکردن بۆلای خوا بە هەڵەدا چوونەو ئەو بنەماو ڕێگەو ڕەوشت و هۆکارانە کە ئاینی ئیسلام دایناوە بۆ بانگەواز کردن دوور لێ و ڕێگەی توندو تیژی و زۆرجار کاری تێکدەرانە ئەنجام دەدەن وەك کوشتن و تەقینەوەو...

بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی موسڵمان دەدات بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆ خێرو چاکە. بەنەرموو نیانی و بە ووتەی شیرین ودوور لە توندوتیژی و زۆرداری.

﴿ فبما رَحْمَةٍ منْ الله لنتَ لَهُمْ وَلو كُنْتَ فَظًا غَليظَ القَلْب لأنفَضوا منْ حَولكَ ﴾[8].

واتە: ئەوە سۆزو بەزەیی خوای گەورەیە لە نەرم و نیانیت لە گەڵ هاوەڵانتدا، وە ئەگەر تۆ ڕوگرژوو ودڵ ڕەق وبێ بەزەیی بویتایەئەوا خەڵکی دەورتیان چۆڵ دەکرد ولات نەدەمان.

وەکاتێك خوای گەورە (موسی وهارون)ی (علیهما الصلاة والسلام) نارد بۆ لای فیرعەون پێیانی فەرموو:

﴿فَقُلا لَهُ قَولاً ليِنًا لَعَلَّهُ يَتَذكَّرُ أَو يَخشَى﴾[9].

بەوتەی نەرمونیان قسەی لەگەڵ بکەن بەڵکو بیربکاتەوە یاخود بترسێ.

---

(٨) {سورة آل عمران:١٥٩}.

(٩) {سورة طه:٤٤}.

وەپیغەمبەر (ﷺ) بە عائیشەی فەرموو: (يا عائشة ان الله رفيق يحب الرفق ويعطي على الرفق ما لا يعطي على سواه)(١٠).

واتە: ئەی عائیشە خوای گەورە نەرمو نیانەو نەرموو نیانی خۆش دەوێت وەئەوەی بەنەرمو نیانی دەبەخشێت بە جگە لە نەرموو نیانی نابەخشێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ادعُ الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي احسن﴾(١١).

واتە: بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ دینی خوا بە دانایی و لەسەر سوننەت و بە ئامۆژگاری جوان و دەمەقاڵێ و گفتوگۆیان لەگەڵ بکە بە جوانترین و چاکترین شێوە.

**ح-تاقم گەرێتی و پارچە پارچە کردنی کۆمەڵگای موسڵمانان ( حزبایەتی ):**

یەکێك لەو بنەما گرنگانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام داکۆکی کردنە لەسەر یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستی کۆمەڵگای موسڵمانان، نەك پارچە پارچە کردنیان و جیاوازی خستنە ناویان، بە تایبەتی تێکدانی ئاینیان وە درووست کردنی بیرو بۆچوونی جیاواز لە ئیسلام بە ناوی ئیسلامەوە. خوای گەورە لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا جیاوازی و ناکۆکی قەدەغە دەکات وە هانی موسڵمانان دەدات بۆ یەکێتی بیرو ڕیز.

١-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَاعتَصموا بحَبْلِ اللهِ جَميعاً ولا تفرَقوا ﴾(١٢).

واتە: وە هەموو دەست بگرن بەدینی خواوە لێك جیانەبنەوە.

٢-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ انّ الذينَ فرّقُوا دينَهُمْ وكانُوا شيَعاً لسْتَ منْهُمْ في شيءٍ إنّما أمْرُهُمْ إلى الله ﴾(١٣).

واتە: بە ڕاستی ئەوانەی کە ئاینەکەی خۆیان پارچە پارچەو بەش بەش کردووە وە بوون بە چەند دەستەو تاقمێك وە هەر دەستەو تاقمێك شوێنی پێشەوایەکی خۆی کەوت وە دەستی گرت بە بەش و پارچەیەك لە ئاینەکەی خۆی، تۆ لێپرسراوی ئەوان نیت (تۆ دوورو بەریت لەوان وە هیچ پەیوەندیت پێیانەوە نییە)، وە کاری ئەوان هەر ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

٣-خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وأنّ هَذا صراطي مُسْتَقيماً فاتبعُوه ولا تَتبعُوا السُبُل فتفرّقَ بكُمْ عَنْ سَبيله ﴾(١٤).

واتە: بە حەقیقەت ئەمە ڕێگای منە کە ڕاست و درووستە جا بەوەدا بڕۆن وە

---

(١٠) اخرجه : مسلم (٢٥٩٣).

(١١) {سورة النمل:١٢٥}.

(١٢) {سورة آل عمران:١٠٣}.

(١٣) {سورة الأنعام:١٥٩}.

(١٤) {سورة الانعام:١٥٣}.

به ڕێبازی تـردا مـەڕۆن نـەوەك ئێـوە لـە ڕێگای خوا جیا بکاتەوە (لاڕێ بن).

٤–خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا ﴾(١٥) .

واتــە: وەکـو کەسـانێك نـەبن کـە لێـك جیابوونەوەو وە دژایەتیان لە گەڵ یەکدا کرد.

٥–خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ * مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً ﴾(١٦) .

واتە: لە هاوبەش بڕیاردەران مەبن کـە دینـی خۆیـان لـەت لـەت کـردو بوونـە دەستە دەستە.

زێدەڕەوان بە پێچـەوانەی ئـەم هـەمو ئایەتانـــەی قورئـــــان و چـــــەندەها فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە بە توندی جیـاوازی و نـاکۆکی لـە ئاینـدا قەدەغـە دەکات، ئەوان لە هەوڵی بەردەوام دان بە هـەموو هۆکارێـك بـۆ درووسـت کردنـی جیاوازی و ناکۆکی لـە نـاو موسـڵمانان دا هـەر لـە دروسـت کردنـی تـاقم و گـروپ و حیزبی جۆراو جۆر بەناوی ئیسلامەوە وە هـەموی دژ بەیـەك و نـاکۆك وە دوور لـە ئیسلام چ لە بیرو باوەڕدا وە چ لـە ڕێگـاو ڕێبازدا.

بۆیە زێدەڕەوان خۆیان جیادەکەنـەوە لە موسـڵمانان وە خۆیـان و ئەوانـەی کـە لەگـەڵ تاقمەکەیانـدا بێـت بـە باشـترو چـاکتر دەزانـــن، وە غـــەیری خۆیـــان هەرچەندە شارەزاو لە خواترس بێت ئەوا پلــەی نــزمترە لــە خۆیــان ئەگــەر بــە دەرچووله ئیسلام نەیدەنە قەڵەم؟!.

## چارەسەر

بۆ هەمو دەردێك چارەسـەرێك هەیـە، زێـدەڕەوی بــە هــەمو شـێوەکانییەوە چارەسەری گونجاوی هەیە، ئـەتوانین لـە چەند خاڵێکدا بە کورتی باسی بکەین.

١–مــــەرج نییــــە هــــەموو جــــۆرە زێدەڕەویـەك هۆکارەکـەی ئـایین بێـت، چـونکە هۆکـاری زێـدەڕەووی زۆرن، وەك (ستەم، چینایەتی، ڕەگەزایەتی، ڕەنـگ، چاوچــنۆکی، تــەماع، جیــاوازی ئــاین، دەمــارگیری بـۆ نەتـەوە یـا زمـان یـا فراوانکردنــــی دەســـــەڵات، هـــــەواو ئــارەزوو،... هتــد) ئــەم هۆکارانــە کــە باسمان نەکردووە لـەم نووسـینەدا لەبـەر ئــەوەی پەیوەنــدی ڕاســتەوخۆی بــە ئاینـەوە نـیـە و باسـەکەمان دەربـارەی (زێدەڕەوی لە ئایندا) بوو.

بـۆ ئـەوەی ئـەم جـۆرە زێدەڕەویانـە چارەسـەر بکرێـت پێویسـتە چارەسـەری هۆکارەکـانی بکرێـت بـۆ ئـەوەی ئـەو دیاردەیـــە نـــەمێنێ بـــەماف دان و دۆزینـەوەی ڕێگـە چـارە بۆهۆکارەکـانی مرۆڤی (زێدەڕەو) دەبێت وەك نەخۆشێك

---

(١٥) {سورة آل عمران:١٠٥}.

(١٦) {سورة الروم:٣١-٣٢}.

سەیر بكرێت بە دوای چارەی گونجاوو چارەسەری ئەو دەردە كە تووشی بووە بگەڕێیت، وەك دكتۆرێك كە چۆن بە دانایی و لێزانین و نەرموو نیانی چارەسەری نەخۆشەكانی دەكات، بە بەكارهینانی دەرمان و دەوا بۆ زیاد كردنی (مناعە) یا نەهێشتنی ئەو میكرۆبانە كە تووشی بوون یا ڕێنمای كردنی كە پارێزی بكات لە چەند شتێك یا... دوا چارەش بڕینی ئەو ئەندامە كە هیوای چاكبوونەوەی نی‌یەو دەبێتە هۆی توش بوونی ئەندامەكانی تری جەستە بەو نەخۆشی‌یە، وەك چۆن عەرەب دەڵێ (آخر العلاج الكي) واتە دوا چارەسەر كردن بریتی‌یە لە داخ كردن.

٢-چارەسەری ئەو كەسانەی كە زێدەڕەوی دەكەن لە ئایندا بە گێڕانەوەیان بۆ (قورئان و سوننەت) بە تێگەیشتنی پیاو چاكانی پێشین وە دەرخستنی ڕاستی كارەكان و چۆنییەتی مامەڵە كردن لە گەڵیدا بە تایبەت بواری بیرو باوەڕی ئیسلامی (العقیدة) بەتایبەت تر مەسئەلەی (التكفیر) كە سەرچاوەی هەمووو كارێكی نامۆیە بە ئیسلام.

بڵاو كردنەوەی عقیدەی ئیسلامی ڕاستەقینە لەناو خەڵكیدا بۆ ئەوەی كەس هەڵنەخەڵەتێ بە زێدەڕەوان و كاری خراپ ئەنجام بدەن، هۆكاری سەرەكی لە بڵاوبونەوەی زێدەڕەوی و توندو تیژی، نەبوونی بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وە پەیامەكەی كە ئاینی خۆشەویستی و لێ خۆشبوون و هاوكاری و نەرموو نیانی و دادپەروەری و شارستانی‌یە... لە ناو خەڵكدا بۆیە زێدەڕەوان ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ بڵاوكردنەوەی بیرو بۆچوونی خۆیان، وە دوا جار شوێنەواری خراپ بە جێ ئەهێڵن لەناو كۆمەڵگادا.

لەبەر ئەم هۆكارە ئەركی سەرشانی زاناو شارەزایان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەڵسانە بە بڵاوكردنەوەی ئیسلامی ڕاستەقینەو روونكردنەوەی پەیامی خوایی بۆ خەڵكی، وە بە پەرچدانەوەی بۆچوون و بیری تەسكی زێدەڕەوان یان كورت ڕەوان لە ئاینی ئیسلام، بە پەروەردەكردنی خەڵكی لەسەر ئیسلامی ڕاستی دوور لە دەمارگیری و حزبایەتی و كاری توندوتیژی و....

٣-ڕێگرتنی دەسەڵاتدارلە زێدەڕەوی و زێدەڕەوان و جێبەجێكردنی حوكمی خوا لەسەر كەسانی زێدەڕەو، وە دەستگرتنیان لە بڵاوكردنەوەی بیرو باوەڕیان، چونكە هەركارێك لە سنووری شەرعی خۆی دەرچێت ئەگەر بە ناوی ئیسلامەوە بێت یان بەناوی ئازادیەوە یان بەناوی پێشكەوتنەوە بێت یان

بەناوی (الفن) ەوە بێت یان بەناوی (الأدب) ەوە بێت یان بەناوی (شارستانیتەوە) بێت یان هەر ناوێکی تری ڕەنگاو ڕەنگ کە ببێتە هۆی کاری توندو تیژی و خوێن ڕشتن و نانەوەی ئاشوب و فیتنەو تێکدانی بیروباوەڕی موسڵمانان وە داڕمانی بیرو هۆش و ڕەوشت وە تێك دانی شیرازەی کۆمەڵگاو و وڵات بەرەو نەهامەتی ببات، ئەوە پێویستە لە سەر کاربەدەستان ڕێگری لێ بکەن، چونکە بەرپرسیار دەبن بەرامبەر خوای گەورە لە قیامەتدا، هەروەها بەرپرسیار دەبن بەرامبەر نەتەوەو نیشتمان و مێژوو.

٤-بۆ بەرگری کردن لە هەموو کایێکی توندو تیژی وە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردانە لە ناو کۆمەڵگای موسڵمان، پێویستە لە سەر هەمووان بە گشتی و کاربەدەستان بەتایبەتی کە هاری کاری قوتابیانی عیلم بکەن بۆ نەهێشتنی ئەم بیرو باوەڕو کارانە، ***چونکە هەمو ئەو کارانە بنیات کراون لە سەر تەئویل و شوبهەو تێنەگەیشتن لە دەقە شەرعییەکان*** وە ئەوەی دەتوانێت بەرپەرچی تەئویل چیان و ئەوانەی شوبهە بڵاو دەکەنەوە بداتەوە تەنها قوتابیانی عیلمە، ئەوانەی کە قورئان و حەدیسی (صحیحی) پێغەمبەر (ﷺ) بە تێگەیشتنی پێشینی چاکیان کردووەتە سەرمەشخەڵی خۆیان لە ژیاندا وەدووی قسەو قسەلۆکێکی هیچ نەزانێك ناکەون.

## کۆتایی

ئێمە لە کاتێکدا دەژین کردەوەی توند و تیژی و تیرۆر زۆربەی جیهانی گرتووەتەوە، وە بووە بە نەریتی سەردەم. وە ئەم کارە لەوەیە هەندێك موسڵمان هەڵخەڵەتێنێ وە پاڵنەریان بێت بۆ شوێن کەوتنی ئەم کارە نامۆیە، لە بەر خۆشەویستیان بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا، بەتایبەت کە دەناڵێنن لە ژێر کاری نابەجێ و لادانی زۆر لە دینی خواو ستەم کردن و...

بەڵام ئەم هۆیانە نابێت ببێتە هۆکارێك بۆ توندو تیژی، چارسەری خراپە بە خراپە ناکرێت وە چارسەری ستەم بە ستەم ناکرێت وە... دەبێت داد پەروەربین لە کارو مامەڵەماندا لەگەڵ دەوروبەرو کێشەو رووداو بەسەرهاتەکاندا وە ڕێگای ڕاست بەرنەدەین (قورئان وسوننەت) چونکە تەرازووی جیاکەرەوەی حەق و ناحەقە، ئیمان و کوفرە، سوننەت و داهێنراوە، زێدەڕەوی و میانڕەوی یە... پێویستە لەسەر موسڵمانان دەست بگرن بە دینی خواوە لێی لانەدەن، وە ئەوەی زێدڕەو بێت یان کورت ڕەو بێت دەبێ وەك

دکتۆرێك چارەسەری دەردەکەی بکرێت وە یارمەتیدەر نەبین بۆ زیاتر زێدەڕەوی یان کورت ڕەوی وە دەبێت خۆشەویستی و رقلێ بوون و برایەتی و هاوکاری و دژایەتی لە بەر خوا بێت.

لە کۆتایدا داواکارم لە پەروەردگاری مەزن ڕێنمایمان بکات بۆ هەموو کارێکی چاکە

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين


سەرچاوەکان:

١-الإرهاب / زيد المدخلي.

٢-الحكم بغير ما أنزل الله / للشيخ خالد العنبري.

٣-كيف نعالج واقعنا الأليم / کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ابو انس و علي ابن حسين ابو نور.

٤-مظاهر في التكفير والتفسيق اسباب ذلك وعلاجه / د.صالح بن غانم السدلان.

٥-المجلة السلفية / عدد(١-٢).

# (( الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر ))

# فەرمان بە چاكە و جڵەو گیری لە خراپە

كۆكردنەوە و ئامادەكردنی
عبد الله عبد الرحمن

بەڕاستی گرنگترین و چاكترین بەشی ئیسلام ، ئامۆژگاریكردنی خەڵكی و ئاڕاستە كردنیانە بۆ چاكە و شوێن كەوتنی ڕێگای ڕاست، ئەو ڕێگەیەی كە دەمانگەیەنێت بە پەروەردگار ، وە ئارامگرتن لەسەری وە ئاگادار كردن و ترساندنی خەڵكی بەدووركەوتنەوە لەو وتە و كردارانەی كە پێچەوانەی فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەیەتی (ﷺ) وە دەبێتە مایەی تووڕەبوونی خوایی بەرامبەرمان ، وەدووریمان لە بەزەیی پەروەردگار هەر بۆیە فەرمان كردن بەچاكە و قەدەغە كردنی خراپەكاری، پلەوپایەیەكی بەرزی هەیە لە ئیسلامدا بەڵكو هەندێ لە زانایان بە پایەی شەشەمی دادەنێن لە بنچینە و پایەكانی ئیسلام، وەك دەبینین خوای گەورە پێشی خستووە بەسەر ئیمان هێنانیشدا وەك دەفەرموێت:

[ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ][1] .

واتە : ئەی موسوڵمانان ئێوە چاكترین گرۆو كۆمەڵن بۆ خەڵكان چونكە فەرمان دەكەن بە چاكە و ڕێگری كاری خراپە دەكەن وە باوەڕتان هێناوە بە(ألله) ، وەلە سورەتی (التوبة)دا خوای گەورە فەضل و گەورەیی ئەم كارە دەدات بەسەر نوێژ و زەكاتیشدا ، وەك دەفەرموێت:

[ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ ][2] ،

{واتە : باوەڕداران لە نێرو مێ هەندێكیان دۆست و پشتیوانن بۆ هەندێكی تریان ، فەرمان دەكەن بە چاكە و نەهی دەكەن لە خراپە و ووتەو كرداری ناشایستە ، وەنوێژەكانیان بە ئەنجام دەگەیەنن و زەكاتی ماڵیان دەردەكەن ..... } .وەك لێرەدا دەبینین گرنگی ئەو كارە گەورەیە و كاریگەری بە هێزی لە ژیانی تاك و كۆمەڵ و هەموو ژیانی گەلاندا .

---

(١) {سورة آل عمران:١١٠} .

(٢) {سورة التوبة:٧١} .

ابـن القـيم (رحمـه الله) دەفـەرموێت ((الجهاد بالحجّةِ واللِّسان مُقدَّم عَلى الجهادِ بالسيفِ السِّنان ))(٣) ، واتە { هەوڵدان و کۆشش کـردن بـە بەڵگـەو بـەزبان (واتـە فـەرمان کـردن بـە چـاکە و ئامۆژگـاری چاك) لە پێشترە لە جیهاد کردن بە شیر وتـیر } ، وەئاشکراشـە بەهەسـتان بـەو کـارە مەزنـە کۆمەڵگـە بـەرەو چـاکە و تـەبایی دەڕوات و خۆشـی ڕوودەکاتـە کۆمەڵگەو شـەڕو خراپـەکاری لێ بـە دوور دەبێـت .بـەڵام بـەواز هێنـان لـەو کـارە گرنگە ، سەرەنجامێکی خراپ ڕوودەکاتە کۆمەڵگەو ، کارەساتی گەورە ڕوودەدات، وەگەندەڵی و فەساد زۆر دەبێ، کۆمـەڵی موسوڵمانان پارچە پارچە دەبن ، دڵەکان ڕەق دەبـن و لاوازی و بـێ توانـایی ڕوودەکاتـە موسـوڵمانان ، وە دەنگـی بـەتاڵ و گـومرایی بـەرز و بڵنـد دەبـێ و خراپەکاری بە ئاشکرا بڵاو دەبێتەوە .

## { گەورەیی و پاداشتی فەرمان بە چاکە و جڵەو گیری خراپە }

یەکەم :- کاری هەموو پێغەمبـەران و نێرراوانی خوای گەورەیە (علـيهم الصـلاة والسلام) وەك خوای گەورە دەفـەرموێت:

[وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ](٤) .

واتـە : بەڕاسـتی ئێمـە پێغەمبـەر و نێرراومـان نـاردووە بـۆ هـەموو گـرۆو کۆمەڵگەیەك ، تـا بانگـەوازیان بکـەن کـە بەتـەنها (الله) بپەرسـتن و بـەدووربن لـە هەموو بت پەرستییەك .

دووەم :- سیفەت و کـاری بڕوادارانـی ڕاسـتەقینەیە ، وەك خـوای گـەورە دەفەرموێت:

[التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدُونَ الْآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللَّهِ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ](٥) .

واتە : بڕواداران کە سانێکن تەوبەکار و عیبادەت کارو سوپاس بێژن ، وەرێگـە دەبڕن لە پێناو زانست و شـارەزابووندا ، وەکڕنووش بەرو سوجدە بەرن بـۆ خـوای خۆیان ، بەتەنها ، وەفـەرمان دەدەن بـە چـاکە و نـەهی دەکـەن لـە خراپـە ، وە پارێزگاری لە سـنوور و حـەرام کراوەکـان دەکـەن و ناکەونـە نـاو شـتە یاسـاغ کراوەکانـەوە ، وەئـەی محمـد (ﷺ) بـە بڕوادارانی ئاوا مزگێنی بدە .

---

(٣) انظر : (شرح القصيدة النونية) للشيخ محمد خليل هراس (١٢/١) .

(٤) {سورة النحل:٣٦} .

(٥) {سورة التوبة:١١٢} .

سێیەم :-کارێکی سوپاس کراوە لای پـەروەردگار و سـیفەتی پیـاو چـاکانە ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ](٦) .

واتـە : باوەڕیـان بـە خـوای گـەورە و ڕۆژی دوایی هێناوە و فەرمان دەکـەن بە چـاکەو نـەهی دەکـەن لـە خراپـە ، وەخێرایی و پێشبڕکێ دەکەن بۆ کردنی کاری چاکەو بەدەست هێنانی پاداشت ئەوانە لە پیاو چاکانن .

چوارەم :- هۆکاری خێر و چاکەیە بۆ کۆمـەڵگای ئیسـلام وەك خـوای گـەورە دەفەرموێت:

[كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ](٧) .

واتاکەی پێشتر ڕووون کرایەوە .

پێنجـەم :- هـۆی جێگیربـون، بـە هێزبوونی موسوڵمانانە لەسەر زەوی وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ](٨) .

واتە: دۆستانی خوا -کەسـانێکن کـە جـێگیر و بـە هێزیـان دەکـەین لـە سـەر زەوی و نوێـــژەکانیان بـــەجێ دێـــنن و زەکاتی ماڵیان دەدەن فەرمان دەکەن بە چاکە ونەهی دەکەن لەخراپە، وە ئاکامی هەموو کارو بارێك بەدەست خوایە .

شەشـەم :- یەکێکـە لـە هۆکارەکـانی سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر دوژمنان دا وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ](٩) .

واتــە : بەڕاســتی خــوای گــەورە کەسانێك سەردەخات کە بەڕاستی دینی خــوای گــەورە ســەربخەن ئــەویش بــە گەیاندنی و ڕون کردنەوەی بۆ خـەڵکی ، وە خـوای گـەورە زۆر بـەتوانا و خـاوەن دەسەڵاتە .

حەوتەم :- دەست کەوتنی پاداشتی زۆر مەزن بەهەستان بـەو کـارە گرنگـە ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[لا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا](١٠) .

واتـە : لـە چپە چـپ و کۆربەسـتنی نهێنـی ئـەوان هـیچ خێرێـك نیـیە مەگـەر کەسێك فەرمان بدات بەبەخشـین و کـاری چاکە و ناوبژیوانی نێوانی خـەڵکی ، هـەر کەسێ کـاری وا تـەنها لـە پێنـاوی خـوای گەورە دا ئـەنجام بـدات ، ئـەوا پاداشـتی زۆر مەزنی بۆ هەیە .

(٦) {سورة آل عمران:١١٤} .
(٧) {سورة آل عمران:١١٠} .
(٨) {سورة الحج:٤١} .
(٩) {سورة الحج:٤٠} .
(١٠) {سورة النساء:١١٤} .

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (( من دعا إلى هدى كانَ لَه مِثْل أُجور من تبِعـه لاينقُص ذِلك مِن أُجورِهم شيئاً ))(١١) .

واتە : هەر كەسێك بانگەوازى كەسێ بكات و ڕێنموى بكات بۆ كارى چاك ، ئەوا پاداشت بۆ ئەم كەسە دەنوسرێت ، بەقەدەر پاداشتى ئەو كەسەى كە شوێن بانگەوازەكە كەوتووە و كارى چاك ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەى لە پاداشتى هیچ كامیان كەم بكات .

هەشتەم :- یەكێكە لەو هۆكارانەى كە دەبێتە هۆى سڕینەوەى تاوانەكان.

وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((فِتنةُ الرجل في أهلِهِ ومالِـهِ و نفْسِـهِ وولَدِهِ وجارِهِ، يكفِرها الصيام والصّـلاةُ و الصدقةُ، والأمرُ بالمَعروفِ والنهي عن المُنكــر))(١٢). واتە : ئەوتاوان و ناڕەحەتیانەى كەمرۆڤ بەهۆى كەسووكار و ماڵ ومنداڵ ودراوسێ و نەفسى خۆیەوە تووشى دێت،ئەوا بەهۆى ڕۆژوو و نوێژو بەخشین وفەرمان بەچاكە ونەهى لەخراپە دەسڕێتەوە و نامێنێت .

نۆیەم: دەبێتە هۆى بەدەست هێنانى ڕەحم و بەزەیى خواى گەورە وەك دەفەرموێت:

[ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ](١٣) .

واتە: ( باوەڕداران لە نێرو مێ هەندێكیان دۆست و پشتیوانن بۆ هەندێكى تریان فەرمان دەكەن بە چاكە و نەهى دەكەن لە خراپە ، وەنوێژەكانیان بەئەنجام دەگەیەنن ، و زەكاتى ماڵیان دەدەن ، و گوێڕایەڵى فەرمانەكانى خواى گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) دەكەن ، ئەوانە نزیكن لە بەزەیى خوایى یەوە ، وەخواى گەورە خاوەنى توانایى و دانایى یە ) .

دەیەم:- هەستان بە فەرمان بە چاكە و نەهى لە خراپە دەبێتە قەڵغانێك بۆ پارێزگارى لە پێنج گرنگەكە لە ئاین و گیان و هۆش وكەسێتى و ماڵ و سامان ، وەپاداشت و فەضلى زۆر زیاترى هەیە جگە لەوەى كە باس كرا ، بەڵام كاتێك كەواز لەو كارە گرنگە هێنرا ئەوا فەضلى خاوەن زانیارییەكان نامێنێت و خراپە كارى لەووشكایى و ئاودا بڵاو

(١١)مسلم (٢٦٧٤) ، وابوداوود و الترمذي و ابن ماجة .
(١٢) اخرجه : مسلم (٧٢١٣) .

(١٣) {سورة التوبة:٧١}
.

دەبێتەوەو،چـــەندەها كـــاری گـــەورە وترسناك لەكۆمەڵگەدا ڕوو دەدات لەوانە:

١/ لـەناو چـوون و ناڕەحـەت بـوونی خـەڵكی و جـێگیر بـوونی سـزای خـوایی لەسەریان وەك خوای گەورە دەفەرموێت: [وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً][١٤].

واتـە : خۆتـان بپـارێزن لـە سـزا و ناڕەحەتییەكی خوایی كە بەتەنها ستەم كاران و تاوان بارانتان ناگرێتەوە .

(( عن حذيفة (ﷺ) مرفوعـاً: والـذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف ولتنهون عـن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقاباً منه ثم تدعونه فلا يستجاب لكم ))[١٥] .

واتە: ( سوێند بەو خوایەی كە گیـانی منی بەدەستە، فەرمان دەكەن بەچاكە و نـەهی دەكـەن لـە خراپـە ، یـان ئەگـەر وانەكـەن نزیكـە كـە خـوای گـەورە سـزایەكتان بـۆ بنێرێـت ، پاشـان داوا لـە خوای گەورە دەكەن كەسزاكەتان لەسـەر لابچێت بەڵام وەڵام نادرێنەوە)، وە كاتێ عائشــە(ﷺ) دایكــی بــاوەڕداران بــە پێغەمبـەری فـەرموو (ﷺ) (( أنهلك وفينا الصالحون ))، واتـە : ئایا لـەناو دەچین لەگـەڵ ئەوەشـدا پیـاوی چـاك و صـاڵح لــەناو مانــدا هەیــە ، پێغەمبــەر (ﷺ) فـەرمووی (( نعم إذا كثر الخبـثُ ))[١٦] .

واتە : بەڵێ لەناو دەچن كاتێك كە خراپە كاری زۆر بوو .

٢/ گیرانەبوون و وەڵام نەدانـەوەی نـزا و پاڕانەوە .

لـە عائیشــەوە (ﷺ) كـەوا پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: (( مروا بـالمعروف ، وأنهوا عن المنكـر قبـل أنْ تـدعوا فـلا يستجاب لكُم ))[١٧] .

واتە : فەرمان بكەن بە چاكە و نـەهی بكەن لەخراپە،پێش ئەوەی خوای گەورە داواكانتان وەڵام نەداتـەوە ، بـەهۆی بێ ئاگاییتان لە فەرمان كردن بە چاكە .

٣/ جێگیربـــوونی نـــەفرینی خـــوایی و دوور بون لـە ڕەحمـەتی خـوای گـەورە ، بەهۆی فەرمان نەكردن بە چاكە و نـەهی نەكردن لە خراپە، هـەروەك چۆن خـوای گەورە نـەفرینی كـرد لـە (بني اسـرائيل) لەبەر ئـەوەی ڕێگریـیان نـەكرد لەوانـەی كـە كـاری خـراپ وناشایسـتەیان ئـەنجام دەدا ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ * كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ][١٨] .

---

(١٤) {سورة الانفال:٢٥} .

(١٥) اخرجه : الترمذي (٢١٩٦) (صحيح) .

(١٦) اخرجه : البخاري (٦٨٧٧) .

(١٧)ابن ماجة (٤٠٠٤) (صحيح) .

(١٨) {سورة المائدة:٧٨-٧٩} .

٤/ دەبێتــە هــۆی گەشــە ســەندن و بڵاوبوونــەوەی سەرپێچـی و تـاوان و بـێ باوەڕی ، وەتاوان و خراپەی لای خـەڵکی دەڕازێننــەوە و خـەڵکی بـەردەوام دەبـن لەسەر تاوان و بێ فەرمانی خوای گەورە.

٥/ دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نـەفامی و نەزانین ، وە کاڵ بوونـەوەی زانسـت ، وەخەڵکی دەکەنەوە ناو تاریکی‌یەکی زۆر ترسناکەوە کە بەرەبـەیانی لەدوانایـەت ، وەسزای خوای گـەورە دەسـتەبەر دەبـێ بۆ ئەوانەی کە ئەو کارە گرنگەیان پشـت گـوێ خسـتووە ، کەبەمـەش دوژمنـان و دووڕووەکـــان زاڵ دەبـــن بەســـەر موسـوڵمانانداو ، لاوازی لـە موسـوڵمانان دەردەکـــەوێت و توانـــاو هەیبـــەتیان لەدەست دەدەن .

بـرای موسـوڵمان :- پێویسـتە بـە چـاوێکی کـەم بایەخـەوە تەماشـای ئـەم بەشەی ئیسلام نەکەیت ، چونکە کارێکی زۆر مەزنـە لـە ئیسـلامدا وەك (حمـد بـن عتیـق) (رحمـە اللە) دەفـەرموێت { فلـو قدَّر أن رجلاً يصوم النهار ويقـوم الليـل و يزهد في الدنيا كلها ، وهو مع هذا لايغضب لله ، ولا يتمعَّر وجهه ، ولا يحمر ، فلا يأمر بـالمعروف ولا ينهـى عـن المنكـر ، فهـذا الرجل من أبغض الناس عند الله ، وأقلـهم ديناً ، وأصحاب الكبـائر أحسـن عند ألله منه }. واتە : ئەگـەر وادانـرا کەسێك بـە ڕۆژ بــەڕۆژووە و بەشـــەویش شـــەونوێژ دەکات ، وەلـەدونیادا خـۆی لـە حـەرام و شـوبهەکانیش دەپـارێزێ ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـــەپێناوی خـــوای گـــەورەدا تورەنـــــەبێت و ڕووی گرژنـــــەکات ، وە فەرمان نەکات بە چاکە و نەهی نەکات لە خراپــە، ئــەوا بــە بێزراوتــرین کــەس دادەنرێت لای پەروەردگار ، وەکەم تـرین دینـــی هەیـــە ، ئەوانـــەی کـــە تاوانـــە گەورەکان (كبائر الذنوب) ئەنجام دەدەن لای خوای گەورە چاکترن لەم کەسە .

## { هەنگاوەکانی فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە }

**١/ ناساندن و ئاشکراکردن .**

زۆر جـار کەسـێك کـە هەڵدەسـتێ بـە تاوانێك ، هیچ لای ئاشـکرا نی‌یـە کەئەمـە تاوان بێ ، بـەڵکو هەنـدێ جار وادەزانـی چاکەیەکی کـردووە ، بـەڵام لـە ڕاسـتی‌دا وانی‌یە بۆیە پێویستە سەرەتا بـۆی روون بکرێتــــەوە لەســـــەر چاوڕۆشـــــنی ، وەخســـتنەڕووی کـــردەوە چـــاکەکان پاداشـتی خـوایی بۆیـان ، ئەمـەش بـە خورەوشتی جوان و هێمنی دەبێ .

**٢/ ئامۆژگاری .**

ئەمەش بە ترساندن لـە سـزای خـوایی بەرامبـــەر تاوانبـــاران خســـتنەڕووی ئاســـەواری تـــاوان خراپـــەکاری ئەمـــەش

بەلەسەرخۆیی و بەزەیی دەبێ ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (( الـدین النصِیحة ، الدین النصِیحة ، الدین النصِیحة ، ....... ))[١٩] . واتە : ( دین ئامۆژگارییە ، دین ئامۆژگارییە ، دین ئامۆژگارییە ، ....... ) .

**٣/ چەندبارەکردنەوە و ماندووبوون لە ئامۆژگاری خەڵکی**

چونکە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و نێرراوانی خوای گەورە ، بەردەوام فەرمانیان دەکرد بە چاکە کەگەورەترین یان یەك خواپەرستی بوو ، وەنەهی یان دەکرد لەتاوان و خراپەکاری کە گەورەترین تاوان هاوەڵ بۆ خوا دانانە ، وەچەندین ساڵ بەرۆژوو بەشەو بەردەوام بوون بەبێ ئەوەی ماندووبن یاخود دەست بەرداری کارەکەیان بن .

**٤/ بۆ کەسێ کە خێزان و منداڵی هەبێ .**

دەتوانین دوای کەڵك نەبونی ئامۆژگاری، جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە و لێدان بەکار بهێنێت تا لە سنووری شەرع دەرنەچن .

٥/ فەرمان بە چاکە و نەهی لەخراپە ، واپێویست دەکات کە ئەو کەسە نەرمی و لەسەر خۆیی هەبێ و دڵ و دەروونی فراوان بێت وە ئارامگربێت و هەوڵی تەنها بۆ سەرخستنی نەفسی خۆی نەبێت و دەبێت بەبەزەییبێ بەرامبەر بەخەڵکی ، هەموو ئەمانەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی لە کارەکەیدا ، وەیارمەتیدانی خوایی بۆی .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((إِنّ الرفْق لاَ یکُونُ فِي شيءٍ إِلاّ زانه، ولاَ ینزع مِن شيءٍ إِلاّ شانه ))[٢٠] . ( واتە : نەرموو نیانی و لەسەر خۆیی لەهەر کارێکدا بێ ، ئەو کارە جوان و ڕازاوەدەکات ، وە نەرم و نیانی لەهەر کارێکدا نەبێت ، ئەوا ئەو کارە ناشرین و قێزەون دەبێت ) .

**خوێنەری بەڕێز :-**

گۆڕینی خراپەکاری چەند پلەیەکی هەیە وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :

(( من رأى مِنكُم منكرا فَلْیغیره بِیـدِه. فَإِنْ لَم یستطِع فَبِلسانِه. فَإِنْ لَـم یسـتطِع فَبِقلْبِه. وذِلَك أَضعف الإِیمان ))[٢١] .

واتە : هەریەكێ لە ئێوە کارێکی ناشیاوی بینی با بەدەستەکانی بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی بابەزوبانی ، ئەگەر هەرنەیتوانی بابەدڵی پێی ناخۆش بێت ، کە ئەمەیان لاوازترینی ئیمانە .

(١٩) اخرجە : مسلم (٥٥)

(٢٠) اخرجە : مسلم (٦٥٤٩) .

(٢١)مسلم (١٤٠) ، ابو داوود و الترمذي وابن ماجة .

قال الشيخ الاسلام إبن تيمية (رحمه الله): ( ومن لم يكن في قلبه بغض ما يبغضه الله ورسوله من المنكر الذي حرمه من الكفر والفسوق والعصيان ، لم يكن في قلبه الايمان الذي أوجبه الله عليه ، فإن لم يكن مبغضا لشيء من المحرمات أصلاً لم يكن معه أيمان أصلاً ) .

واته : ( هەركەسێ لە دڵیدا ڕق لێبونی نەبێ بەرامبەر بەوکردەوانەی کە کارێکی قێزەون و بێزراوە لای پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ)، لە کوفر و لاساری لە فەرمانی خواو سەرپێچی کردنی ، ئەوە لە دڵیدا ئەو باوەڕە جێگیرنەبوە کە خوای گەورە لێی داواکردوە ، وەئەگەر ڕقی نەبێتەوە بەرامبەر هیچ یەکێ لە حەرامکراوەکان ، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ئیمانی نییە ) .

## « مەرجەکانی فەرمان کار بەچاکە و ڕێگری لە خراپە »

بۆکەسێك کە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە دەکات پێویستە چەند مەرجێکی تێدابێ ، لە گرنگترین ئەومەرجانە :-

یەکەم : پێویستە شارەزابێ بە دینی خوا (( قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەر (ﷺ) )) تا ووتەکانی گونجاو بێ لەگەڵ دینی خوادا (الموافقة للشرع) وە ئاگاداربێ لە حەرام و حەلاڵ کراوەکان و بێ دەنگ بێ لە شتێك کە نایزانێ ، تاوەکو بەدوور بێ لە فەتوا دانی هەڵە ،خوای گەورە دەفەرموێت:

[ وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً ](٢٢) .

واتە : وە زێدەڕەوی مەکە لەو شتانەی کە نایزانی ، چونکە بەڕاستی گوێ و چاوو دڵ هەموویان بەرپرسن ، ئەو ووتەوکردارانەی کە بەجێت هێناوە .

وەهەروەها پێویستە کارەکەی تەنها لەبەر خوابێت و دووربێت لەهەر بینین و بیستنێك (الرياء والسمعة) چونکە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی کردەوەکە و دەست نەکەوتنی هیچ پاداشتێك ، پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت ، خوای گەورە فەرموویەتی: [ أنا أغْنى الشركاءِ عن الشركِ. فَمن عمِلَ عملاً أشرك فيه معِي غيري، تركْته وشِركه ](٢٣).

واتە : من زۆر دەوڵەمەند و بێ پێوستم لە هاوەڵ و شەریك بۆدانان، هەرکەسێ کردەوەیەك بکات و بێجگە لە منیش بەشدار بکات لە بۆکردنیدا ، ئەوا خۆیشی و (کردەوەکەشی) شیرکەکەشی واز لێدێنم و وەری ناگرم .

---

(٢٢) {سورة الاسراء:٣٦} .

(٢٣) اخرجه : مسلم (٢٩٨٥) (٧٤١٩) .

دووەم : پێویسە فەرمان کار بە چاکە خۆی ببێتە پێشەنگی خەڵکی لە کردەوە کردن بەوزانیاری یەی کە دەیگەیەنێت وە بەدووربێت لە کردنی هەموو ڕێی لێ گیراوەکان ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، توشی سەرزەنشت و سزای خوایی دەبێت ، خوای گەورە دەفەرمویت:

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ](٢٤) .

واتە: ( ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، بۆچی ئەوەی کە دەیڵێن بە زوبانتان خۆتان کردەوەی پێ ناکەن ، هۆی توڕەبوونی زۆر سەختی خواییە کەقسانێك دەکەن و خۆتان کردەوەی پێ ناکەن ).

وەلەشەوی (شەوڕەویدا) پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویت بەلای پیاوانێکدا ڕۆیشتم کە دەمیان هەڵدڕابوو بە مەقەستی ئاگرین گوتم ئەمانە کێن ئەی جبریل ، فەرمووی ئەمانە ووتار بێژانی ئومەتی تۆن فەرمان دەکەن بەخەڵکی بە چاکە و خۆیشیان بیر چوتەوە و لەخۆیاندا جێبەجێ ناکەن .

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال : قال رسول (ﷺ) (( رأيت لَيلَةَ أُسرِيَ بِي رِجالاً تقْرض شِفاههم بِمقاريض مِن نار ، فَقُلْت من هؤلاءِ يا جِبريل ؟ فَقَالَ : الخُطَباءُ مِن أُمتِك ،يأمرونَ الناس بِالبِر وينسونَ أنفُسكُم وهم يتلُونَ الْكِتاب أَفَلا يعقِلُونَ))(٢٥)

سێیەم : پێویستە فەرمان کار بەچاکە زۆر داناو هێمن بێ وبەجوانی و لەسەر خۆیی لەگەڵ خەڵکیدا بدوێ و ئامۆژگاری یان بکات ، تا ئەمە هۆیەك بێت بۆ ڕاکێشانی دڵی بەرامبەر هەروەك خوای گەورە دەفەرمویت:

[ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ](٢٦)

( واتە : خەڵکی بانگ بکەن بۆ ڕێگا ڕاستەکەی پەروەردگار بە دانایی و ئامۆژگاری چاك و بەسوود .... ) ، وەهەروەها پێویستە فەرمان بە چاکەو ئامۆژگاری کردن بە پێی گوێگر و شوێنەکانیش بگۆڕێت ، وەبەشێوەیەك بێ کە بەرامبەر تێ بگات و هۆیەك بێ بۆ شوێن کەوتنی کردەوەپێکردن .

هەروەکو علي کوڕی أبي طالب (رضي الله عنه) دەفەرمویت: ((حَدثوا النّاسَ بِما يَعْرفُونَ، أَتُحبونَ أَنْ يُكذّبَ أَللّهَ وَ رَسُولهُ ؟ ))(٢٧) . واتە ( قسەکردن و گوفت و گۆتان لەگەڵ خەڵکیدا بابەشێوەیك بێ ، کە مایەی تێگەیشتن و شوێن کەوتنی بێ ، ئایا پێتان خۆشە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)

---

(٢٤) {سورة الصف:٢-٣} .

(٢٥) انظر : (الصحيحة) (٢٩١) ، و ابن حبان (٥٣)

(٢٦) {سورة النحل:١٢٥} .

(٢٧) اخرجه : البخاري

بەدرۆ بخەنەوە ) وە ئیبن و مەسعود (ﷺ) دەفەرموێت (( مَا أَنْتَ بِمُحَدِّثٍ قَوْما حَدِيثا لاَ تَبْلُغُهُ عُقُولُهُمْ، إِلاّ كَانَ لِبَعْضِهِمْ فِتْنَةً ))[٢٨] . هەر بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبی (ذەر)ی فەرموو (( يا أبا ذَرٍ إني أراكَ ضعيفاً .... ))[٢٩] ، واتە : ئەی ئەبی ذەر من تۆ دەبینم زۆر لاوازیت .

قال الامام الذّهبي (( وقد قال النبيّ (ﷺ) لإبي ذر مع قوة أبي ذر في بدنه و شجاعته (( يا أبا ذَرٍ إني أراكَ ضعيفاً )) فهذا محمول على ضعف الرأي[٣٠] .

ئیمامی (ذهبي) دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) کە بە (أبي ذر) دەفەرموێت (( من بە لاوازت دەبینم )) لەگەڵ ئەوەشدا (أبي ذر) زۆر بە هێزبوو لەلاشەدا و وەزۆر ئازا و بە توانا بوو ، بەڵکو لێرەدا مەبەستی لاوازی‌یە لە بۆچوون و تێگەیاندن و قسەکردنە لەشوێن کاتی خۆیدا

**چوارەم** : خۆبەکەم زان لە ووتەوکرداردا . پێویستە ئەوکەسەی کە فەرمان دەکات بە چاکە خۆبەزل زان نەبێت حەق وەربگرێت لەهەر کەسێکەوەبێت ، چونکە بەمە سەرکەوتوو دەبێ لەکارەکەیدا و خوای گەورەش یارمەتی دەدات و بەرز و بەڕێزی دەکات .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (( ..... وما تواضع أحد لِلّهِ إلاّ رفَعه اللّه ))[٣١] .

بەڵام ئەگەر پەنا بەخوا حەقی وەرنەگرت و خۆی بەگەورە دانا وەك لە خەڵکانی تر ، ئەوا شوێنی دۆزەخە كما قال النبيّ (ﷺ): (( لاَ يدخلُ الْجنةَ مَن كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرةٍ مِن كِبرٍ ))[٣٢] .

**پێنجەم** : ئارام گرتن .

گومانی تێدانی‌یە هەر کەسێك بیەوێت دینی پەروەردگار بەڕاستی بگەیەنێت و مەبەستی تەنها ڕازی بوونی خوای گەورە بێت ، ئەوا تووشی ناڕەحەتی و ئازاردان و توانج تێگرتنی خەڵکی دەبێ ، هەر بۆیە خوای گەورە لەگەڵ گەیاندنی حەق و ئامۆژگاری باشدا باسی ئارامگرتنیشمان بۆ دەکات وەك دەفەرموێت:

[وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ][٣٣] .

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((الْمؤمِن الّذِي يخالِطُ الناس، ويصبِر علَى أذَاهم، أفْضلُ مِن الْمؤمِنِ الّذِي لاَ يخالِطُ

---

(٢٨) اخرجه : مسلم (١٤) باب النهي الحديث بكل ماسمع .
(٢٩)مسلم (٤٦٧٣) باب كراهة الامارة بغير ضرورة .
(٣٠) انظر : السير (٧٥/١)

(٣١) اخرجه : مسلم (٢٠٨٨) (٦٥٣٩).
(٣٢) اخرجه : مسلم (٩١) (٢٢٧) باب تحريم الكبر وبيانه .
(٣٣) {سورة العصر:٣} .

الناس، ولاَ يصِير علَى أَذَاهم ))[٣٤] . واته : ئـەو بـاوەڕدارەی کـە تێکـەڵی خـەڵکی دەبێــت و بانگیــان دەکــات وە ئــارام دەگرێت لەسەر ئازاردانیان ، چاکترە لـەو باوەڕدارەی کە تێکەڵی یان ناکات و ئارام ناگرێت لەسەر ئازاردانیان .

براکــانم :- زۆربــەی موســوڵمانانی ئـەمڕۆ بـێ ئاگـان لەفـەرمان بـە چـاکە و نـەهی لـە خراپـە ، وە واگومـان دەبـەن کەئـەوە دەسـت خسـتنە نـاو کاروبـاری خەڵکە ، وەیان دەڵێت لەسەر ئێمە نـی‌یـە ئـەوکارە بـەڵام هـەموو ئـەم قسـەڵۆکانە لەکـــــــەمی تێگەیشـــــــتن و لاوازی ئیمانیانەوەیە .

{ فعن أبـي بكـر (رضي الله عنه) قـال : يـا أَيّهَـا النّاسُ إِنّكُمْ تَقْرَأُونَ هَذه الايَةَ:

[ يا أَيّهَا الّذينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لا يَضُرّكُمْ مَنْ ضَلّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ ][٣٥] .

وإِنّي سَمِعْتُ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم يقـولُ: ((إِنّ الناس إِذَا رأَوا الظّالِم فَلَم يأْخذُوا علَى يديِه أَوشـك أَنْ يعمهـم الله بِعقَابٍ منه)) }[٣٦] . واتـە : ئـەبو بـەکری صدیق (رضي الله عنه) فـەرمووی : ئـەی خەڵکینـە ئێــوە ئــەم ئایەتــەی خــوای گــەورە دەخوێننــەوە کــە دەفــەرموێت ( ئــەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئاگاتـان لـە گیـانی خۆتـان بێـت ، وەئەوانـەی کـە گومڕابـوون و لـە ڕێ لایـان داوە زیـان بـەئێوە ناگـات لـە کاتێکـدا کـە ئێـوە ڕێنموویی کراون و موسوڵمان بوون ) بەڵام بزانن کەمن گوێم لە پێغەمبـەر بـوە (صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو (( ئەگـەر خـەڵکی کـە سـێکی سـتەمکاریان بینـی و دەسـتی نـەگرن و ئامۆژگاری نەکەن ، ئەوا نزیکە کە خـوای گەورە سزایەك بۆ هەر هەموویان بنێرێت لـە فەرموودەیـەکی تـردا پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) وێنەیــەکی ترمــان بــۆ دەخاتــە ڕوو ، سەبارەت بەوازهێنان لە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە . کەدەفەرموێت (( مَثَلُ القائِمِ على حدودِ اللهِ والواقِعِ فيها كمثَـلِ قومٍ استهموا على سفِينةٍ فأَصاب بعضـهم أعلاها وبعضهم أسفلَها، فكان الـذين في أسفلِها إذا استقوا مِن الماءِ مروا على مـن فَوقَهم، فقالوا: لو أنا خرقْنا في نصيبنا خرقاً ولم نؤذِ من فَوقَنا، فإن يتركوهم وما أرادوا

---

(٣٤) اخرجه احمد (٤٩٩٨) مسند عبدالله بن عمر (رضي الله عنه) وهو حديث صحيح،والبخاري في (الادب المفرد) (٣٨٨)،وابن ماجة(٤٠٣٢)وصححه الالباني(٣٢٥٧)

(٣٥) {سورة المائدة:١٠٥} .

(٣٦) اخرجه : ابو داوود (٤٣٣٨) ، والنسائي بأسانيد صحيحة ، و صححه ابن حبان(٤٠٠٥) ، والترمذي (٢١٦٨) كتاب الفتن / باب ماجاء في نزول العذاب اذا لم يغير .

هلكوا جميعاً، وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعاً ))[٣٧] ، واته : وێنەی کەسێ کە سنوری خوای گەورە دەپارێزێ ، لەگەڵ کەسێکی دی کە کەوتوەتە ناو حەرام و قەدەغەکراوەکانەوە ، وەکو کۆمەڵە کەسێك وان لەناو کەشتی‌یەکدا ، هەندێکیان لەبەشی سەرەوەی کەشتی‌یەکن و هەندێکی تریان لە خوارەوە ، ئەوانەی خوارەوە ئەگەر پێویستیان بە ئاو هەبێ دەبێ بچینە سەرەوە تائاو هەڵبگۆزن وتیان ئەگەر ئێمە کونێك بکەینە کەشتی‌یەکە ، ئەوا ئاومان دەست دەکەوێت و پیویستمان بەوە نابێت کە داوا لەوانەی سەرەوە بکەین ، کەواتە ، ئەگەر وازیان لێ بهێنرێ نیازەکەیان بەرنەسەر هەموویان لە ناودەچن ، بەڵام ئەگەر دەستیان بگرن و نەهێڵن وابکەن ئەوا خۆیشیان و ئەوانیش ڕزگاریان دەبێ .

بەڵام بە داخێکی زۆرەوە لە هەندێ کۆمەڵگەدا ، دیاردەیەکی زۆر خراپ و ترسناك هەیە کەئەویش گاڵتە کردنە بەوانەی کە فەرمان دەکەن بە چاکە و نەهی دەکەن لە خراپە ، وەئازاریان دەدەن بەووتە و کردار ، بەڵام خوای گەورە سزایەکی سەخت و ئازاراوی بۆ ئەوان بڕیارداوە ، وەسەر شۆڕی و ریسوایی بۆ ئەوان دەمێنێتەوە لە دوا ڕۆژدا وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[ فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ][٣٨] .

وە پێم خۆشە ئاگاداری برایانی بەڕێزم بکەم لە ترسناکی ئەوکارە وەك لە حاشیەی إبن عابدین دا هاتووە کە دەڵێت: (( إن من قال (فضولي) لمن يأمر بالمعروف وينهى عن المنكر فهو مرتد )). واتە : هەرکەسێ گاڵتە بکات بە کەسێ لەوانەی کە فەرمان دەکات بە چاکە و نەهی دەکات لە خراپە ، وەپێی بڵێ (فضولي) ئەوا ئەو کەسە پاشگەزەبوەتەوە لە دین (مرتد)ە .

وەلە ( الدّر المختار) دا لە باسی فضولیدا دەفەرموێت ( فالقائل لمن يأمر، أنت فضولي ، يُخشى عليه الكفر )، واتە: هەرکەس بەگاڵتەکردنەوە بەیەکێ بڵێت (فضولي) لەوانەی کە فەرمان دەکەن بە چاکە ئەوە مەترسی کافربونی لێ دەکرێ، لەبەر ئەو قسەیەی .

لە کۆتای‌یدا خوایە داوات لێ دەکەین کە بمان گێڕی لەوانەی کە فەرمان دەکەن بەچاکە و نەهی دەکەن لەخراپە، وەبمان گێڕی لەوانەی کە فەرمانەکانت بەجێ دێنن ، وەخوایە داوات لێ دەکەین کە گومڕا نەبین دوای ئەوەی کە ڕێنموویيت کردووین ، وەنیەت پاکیمان پێ ببەخشیت لە کردەوەکانماندا .

آمين والحمد لله رب العالمين

(٣٧) اخرجه : البخاري (٩٤/٥) (٢١٦)

(٣٨) {سورة المطففين:٣٤}

## ڕاستكردنەوەی ڕێگای خوار........ (٢)

# تەنها بەناوی ..........!!!

نووسینی/مەلا جاسم

ئاشـكرایە كـەزمان تاكـە ئامێرێكـە پەیوەندی لەناو مرۆڤدا بەجۆرێك دروست كـردووە، بەهـەموو شـێوەیەك بتـوانن لەیەك بگەن و بیرو ڕا بگۆڕنەوە، چوونكە ئـەو گوزارشـتەی زمـان دەیكـات هـیچ شتێكی تـر ناتوانێت پشـكێكی بچـوكی دەرببڕێت، كـەوابوو دەبێـت ئـەو ئـامێرە بەهێزە هەردەم لەهەڵەو گوزارشتی لاواز بپارێزین بۆ ئەوەی نـەبێت بەپەیامبـەرێك كە پەیامی دڵ بەهەڵە بگەیەنێت.

ئـەوەی ئەمـەوێ لێـرە ئامـاژەی پـێ بكـەم گوزارشـتێكە كەبـەزۆری لـەناو خـەڵكی بـەدی دەكرێـت، بـووە بەدیاردەیەك كە لە وتار و نامەو كتێب و نامیلكـە و گۆڤارەكـان بـڵاو دەبێتـەوە و خـەڵكی ئاگایـان لـە مانـاو كرۆكـی نییـە لەڕاستیشدا ئەو گوزارشتە پـەیامی بـیر و باوەڕێكی گەندەڵە وەكو دەبینین :

لەوانەیە زۆر جار نامەیەكت بۆ هـاتبێ و لەسـەری نووسـرابێت بـەناوی هاوڕێیەتی، یان بەناوی گـەل .......هتـد . ئێمە لەمە قسەمان نییـە چونكە ئـەوە بۆخـۆی ئاشـكرایە كـە جۆرێكـە لەهاوبەشدانان بۆ خـوا كەزمانـەكان كـەم جار لێی پارێزراو دەبن، خوا لە بێژەرانی ببورێت .

بەڵام قسەی ئێمـە لـەو ڕسـتەیەیە كـە نووسراوە *(تەنها بـەناوی خـواوە)*. ئەمـە جێگەی هەڵوێستەكردنێكە كەدەبێ مـرۆڤ زۆر لێی وریا بێت و ئـەم ڕسـتە گەندەڵـە ڕیشـكی لـە بـیر و بـاوەڕێكی موعتەزیلـە چەقیوە و نـەفامی قامـەتی پـەروەردەی ئاوی ئەو ڕێچكە گومڕاییە .

لەوانەیـە ئێسـتا یـەك جـاری سـەیری ڕستەكە بكەیت بڵێیت : " هیچ هەڵەیەكی تێـدا نییـە و (تـەنها بـەناوی خـواوە ) ڕسـتەیەكی بێگـەردە " بـەڵام كاتێـك لەگـەڵ مـن تێبفكرێیـت بەیارمـەتی خـوا تێدەگـەیت كەئـەم وشـەیە پـەیامی چ بەرنامەیەكە ! .

موعتەزیلەكان بیر و باوەڕیان وایە كـە پەروەرگار ئەم بونەوەرەی بـەدیهێناوە و بـەفرمانی ئـەو دەجوڵێتـەوە هـیچ كاریگـەریی لـە كـارو هـەلس و كـەوتی بەندەكانیدا نییە ، واتە : ئەگـەر مرۆڤێك هەسـتێت بەنووسـینی شـتێك یـان خوێندنەوە ی بابەتێك یـان هـەر كـارێكی تر ئەوە تەنها خۆی كارەكـەی كـردووە و هـیچ كاریگـەریی پـەروەردگاری لەسـەر نییـە ، ئـەم شـتە ئاشـكرایە لای ئەوكەسانەی كەشتێك لـەبارەی فیرەقـی ئیسلامی بزانێت ، بۆیە دەبینین زانایانی

ئیسلام بەرەنگاری ئەم بیرە پووچە بوونەوەو لەبەر پەرچی ئەوقسانەدا چەندین كتێبیان نووسییوە ، وەكو كتێبی (خلق أفعال العباد) ی ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت .

موعتەزیلەكان بۆ تێكدانی بیری خەڵكی بەم بیرو باوەڕە پووچە هەستان بەتێكدانی مانای گوزارشتەكانی قورئان و سوننەت ، یەكێك لەوانەی كە تێكیان دا ئەوەبوو ووتیان (بسم الله الرحمن الرحيم ، الباء للمصاحبة التبركية) واتە : پیتی بیٚ لە (بسم الله) مانای ئەوەیە ناوی خودا بۆ بەرەكەت هاتووە تا مانای وابێت لەگەڵ پیرۆزیی ناوی خوادا دەست پیٚ دەكەم ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەئەهلی سوننەت ڕایان وایە كە ئەو پیتە بۆ (إستعانة) یە واتە پشت بەستن بە خوا، بەڵام ئەگەر موعتەزیلەش بڵێن : بۆ (إستعانة) یە واتە : مرۆڤ پشت بە زاتێك ئەبەستێت كەهیچ كاریگەری لەكاری ئەودا نییە ، كەوابوو (إستعانة) كردن بەخوا لە كارەكاندا هەڵەیە دەبێت كە ناوی خوا دەهێنیت تەنها بۆ بەرەكەت و پیرۆزی بێت ئەگینا هیچ سوودی نییە ، ئەم دیققەتە زانایانی ئیسلام لەتەفسیری (الكشاف) یان گرتووە كەدانراوی زانای بەناوبانگی موعتەزیلەیە (جار الله الزمخشري) یە ، و هەندیٚ لە زانایان وتوویانە (أخرجت اعتزاليات من الكشاف بالمناقيش) واتە: هەندیٚ بیرو باوەڕی موعتەزیلەم لە كەشاف دەركردووە كەئەوەندە وورد بووە بە موكێش دەرم هێناوە .

ئەم مانایە ڕێك و پێك لە تەرجەمە كوردییەكەدا ڕەنگی داوەتەوە كە دەڵێن : (تەنها بەناوی خواوە) چونكە پاشگری (وە) یان (ەوە) لە كوردیدا بۆ (مصاحبة) یە بۆ نمونە : (خەیار بەخوێوە خۆشە ) واتە لەگەڵ خوێدا یان : (مرۆڤ بەڕەوشتەوە جوانە) واتە: لەگەڵ ڕەوشتدا كەوابوو ئەو پاشگرەی (وە) ماناكەی وای لیٚدێتەوە : (لەگەڵ ناوی خوادا) ئەو كاتە كوت و مت ماناكەی موعتەزیلە دەگەیەنیٚ كەلە بیرو باوەڕەوە هەڵقولاوە كە دەڵیٚ : خوا هیچ كاریگەریی لەكاری بەندەكانیدا نییە ، كەوابوو دەبیٚ ئێمە بڵێن : (تەنها بەناوی خوا) نەك (بەناوی خواوە) بۆ ئەوەی زمانمان پەیامی مانای هەڵە نەبن كەخۆمان مەبەستمان نەبیٚ ، هەر چەندە لەسەر ووشەی (خوا)ش هەڵوێستەیەك هەیە ئومێدە ئەگەر خوا یار بێت لەم گۆشەیەدا لایەنەكانی تری ڕێگا خوارەكان دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی زمانمان لەو گوزارشتانە بپارێزین كە خوا پێی ڕازی نییە، والحمد لله رب العالمين.




**بسم الله الرحمن الرحيم**

پێشەکی :

إن الحمد لله نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سـيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضلّ له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا اله الا الله وحـده لاشريك له، وأشهد أنّ محمداً عبده ورسوله، أما بعد:

بەڵگە نەویستە بەدیهێنانی جنۆکەو مرۆڤ مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە و بێ مەبەست نییە، مەبەستەکەش پەرستنی خوای بـاڵا دەسـت و ناسـینی ئـەو زاتـە بێگەردەیـە و هـاوەڵ بڕیارنەدانـە بـۆی لەهەر سێ بەشـەکەی خـوا بەیـەک دانـان (التوحید) دا کەبریتین لە :

***یەکـەم*** : بەتــەنها دانــانی خــوا لــە پەروەردگارێتی (**توحید الربوبیة**).

***دووەم*** : بەتەنها دانانی خوا لـە نـاو و سیفەتەکان (**توحید الاسماء والصفات**).

***سـێیەم*** : بەتــەنها دانــانی خــوا لــە پەرستراوێتیدا (**توحید الألوهیة**).

خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْأِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[1].

پێشــەوا (ابـن کـثیر) لەڕاڤـەی ئــەم ئایەتـەدا فەرمویـەتی : (تـەنها بـۆ ئـەوە دروســتم کــردون فــەرمانیان پێبکــەم بەپەرستنم، نەک لەبەرئـەوەی پێویستیم پێیــان هــەبێ[2])، کەواتــە : پێویســتە موسـڵمانان خـوا بپەرسـتن بـەبێ هـیچ جـۆرە هـاوەڵ بڕیاردانێـک، ئـەو جـۆرە یـەکخوا پەرسـتیەش کەپەیوەنـدی بـەم بابەتەوە هـەبێ خـوا بەیـەک دانـانی نـاوو سیفەتەکانە .

## مەبەست لە بەتەنها دانانی خوا لە ناو و سیفەتەکانیدا

## "توحید الاسماء والصفات"

**موسڵمانی یەکخوا پەرست :**

مەبەست لەخوا بەیـەک دانـانی نـاو و سیفاتەکان : بریتییـە لـەباوەڕهێنان بـەو ناو وسیفاتانەی خوای پەروەردگار کە لـە قورئـانی پـیرۆز و سـوننەتی پێغەمبـەردا

---

(١) {سورة الذاريات:٥٦}.

(٢) تفسير القرآن العظيم (١٧٧٨/٤).

(ﷺ) هاتوون، بەبێ لێکچواندن (تشبیه وتمثیل) وبەبێ پەکخستن (تعطیل) وبێ واژە کردنی ناڕەوا بۆ ئەو ناو و سیفەتانە (بلا تحریف ولاتأویل) و بێ چۆنیەتی کردنیان (تکییف) لەگەڵ نەدانی ئەم ناو و سیفەتانەو نەبەخشینیان بە دروستکراوەکانی خوای بالآدەست و بەدیهێنەر چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾(٣)

بائەو دروستکراوەش فریشتەیەکی نزیك کراو بێ یان پێغەمبەرێکی نێردراو ........هتد، لەو سیفەتانەش کە تایبەتە بەخوای پەروەردگارەوە لەخوا بەیەك دانانی ناو و سیفەتەکان باسی لێوە دەکرێ، سیفەتی زانینی پەنهانییەکانە واتە : (علم الغیب) .

**سیفەتی زانینی پەنهانی یەکان (علم الغیب) تایبەتە بەخوای پەروەردگارەوە** لەو سیفەتانەی کەپێویستە بڕوامان پێی هەبێ کەتەنها سیفەتی خوای پاك و بێگەردە، سیفەتی زانینی پەنهانییەکان (الغیب) بەتایبەت ئەو ڕوداوە پەنهانانەی کەجگە لەخوای زانا کەس پەنایان پێ نابات ، خوای گەورە فەرمویەتی :

﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾(٤).

(٣){سورة شوری:١١}.
(٤){سورة النمل ٦٥}.

وەفەرمویەتی :

﴿وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ﴾(٥).

واتاکەشیان ئەوەیە کە : زانینی پەنهانییەکان تەنها لای خوایەو کەسی تر لێی بەئاگا نییە، وەلەئایەتێکی تردا فەرمان بەپێغەمبەرەکەی دەکات و دەفەرموێت:

﴿قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ﴾(٦).

پێشەوا ئیبن کثیر دوای تاوتوێ کردنی ووتەی هەندێ لەزانایان سەبارەت بەڕاڤەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت باشترینیان واتە ئەو ووتانە کەسەبارەت بەڕاڤەی ئایەتەکە ووتراون ئەوەیە کە لە (ئیبن و عەباس)ەوە دیگێڕنەوە کە فەرموویەتی (وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ {الخیر})، واتە : (پارەو پولە).

کەواتە لەخوای پەوەردگاریش کەسی تر بە ئاگا نیە، با ئەوکەسەش پێغەمبەری خوا بێت (ﷺ). جا ئەگەر ئەوەمان لائاشکرا بوو، **بابزانین حوکمی باوەڕبوون بەوەی کە جگە لە خوا یەکێکی تر زانەری پەنهانییەکانە، چیە**(٧)؟.

(٥){سورة الانعام ٥٩}.
(٦){سورة الاعراف:١٨٨}.
(٧) تفسير القرآن العظيم (٧٨١/٢-٧٨٢).

## حوكمی باوەڕ بوون بەوەی كە جگە لە خوا زانەری پەنهانییەكانە.

موسـولمانانی بـەڕێز: بـاوەڕبوون بەوەی كە جگە لـە خـوا زانینـی غـەیب و پەنهانییـەكانی هەیـە جۆرێكـە لـە جۆرەكانی بێباوەڕی (كفر)، خوا پەنامان بـدات؛ چـونكە ئـەم بـیرو بـاوەڕە پێچـەوانەی یـەك خواپەرسـتی نـاو و سیفەتەكانە و سیفەتێك لـە سیفەتەكانی خوای تێدا بەخشراوە بەبەندەیەك یان دروسـت كراوێكـی ئـەو زاتـە موبارەكـە پاشان بزانین ئەم جۆرە هاوەڵ بڕیاردانـە لەچیدایە، یان لە كێدا بەرجەستە دەبێ و بەدی دەكرێت؟.

### كرداری فاڵچییەكان بەرجەستەبووی ئەو هاوەڵ بڕیاردانەیە

واتـای كـرداری فاڵچـییەكان و سـەلماندنی ئـەوەی كـە كردارێكـی سەردەمی نـەفامی پـێش ئیسـلامە، ئـەم جـۆرە هـاوەڵ بڕیاردانـە لەیـەك خـوا پەرسـتی نـاو و سـیفەت، لەسـەردەمی نەفامیدا پـێش ئیسلامی پـیرۆز لەچەند زاراوەیەك یان لەكرداری چەند كەسانێكدا دەر دەكـەوت، ئـەوانیش: (الكـاهن)، و(العرّاف)، و(المنجم)، فاڵچیش لـەزمانی كوردیدا زاراوەیەكی كۆكەرەوەیە بۆ هـەر سـێ جۆریـان وهەمووشـیان واتـای هاوبەشیان ئەوەیە: هـەواڵی داهـاتوو بـۆ مرۆڤ ئاشكرا دەكەن جا ئـەو جـۆرە–بـە گومانی خۆیان–خەبەر دانە بەڕوانین بێت بـۆ ئەسـتێرەكان یـان بـە خوێندنـەوەی فنجان بێت یان خوێندنەوەی دەست یـان لە شێوەی هەنـدێك تەلاسم(جادو) بێت یان هەر جۆرێكی تر.

شـێخ (محمـد بـن صـالح العثـیمین) لـەوەڵامی ئـەوەی كـە یائـا (التنجـیم) چـیە؟ و حـوكمی چـیە؟. فـەرمووی (التنجـیم) لـە (الـنجم)ەوە وەرگـیراوە و بریتیـیـە لـەوەی كـەبارو دۆخـەكانی گەردوون بكرێت بەبەڵگـە بـۆ بـارو دۆخ و رووداوەكانی سەر زەوی، بـەواتای ئـەوەی كە فاڵچی ئەوەی لەزەوی ڕوو دەدات یان بە ئەستێرەكان و جوڵەیانەوە ڕووی داوە ببەستێت، یـان دەرچـوون و ئاوابوونیـان یان نزیك بوونەوەیان لەیەكتر یان لەیـەك دوور كەوتنەوەیان یان هەر بارو دۆخێكی تری هاوشێوە وەك ئەمانە[٨].

فاڵچـێتی پێچـەوانەی بـیرو بـاوەڕی ئـەهلی سـونەت و جەماعەتـە، لەبـەر ئەوەی كاری دزێوی ئـەم جـۆرە كەسـانە پێچەوانەی بیرو باوەڕی ئەهلی سونەت و جەماعەتـە، دەبیـنین لـە چـەندەها فەرموودەی (صحیح)دا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم كـارەی قەدەغـە كـردوە و

---

(٨) فتاوى العقيدة (١/ ٢٠٢) محمد بن صالح العثيمين .

حوكمی جیاجیای بۆ داناوە: حوكمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەم كردارە:

**یەكەم:** بۆ كەسێك تەنها بڕوات بۆ لایان یاخود ووتەكانیان بخوێنێتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (من أتى عرافاً فسأله عن شيء لم تقْبلْ له صلاة أربعين يوماً)[٩]، واتە: هەر كەسێك بڕواتە لای فاڵچی‌یەك و پرسیاری شتێكی لێبكات بێ ئەوەی باوەڕی پێ بكات ئەوا چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێ، ئەمە ئەگەر تەنها بڕوات بۆلای و پرسیاری لێبكات بێ ئەوەی باوەڕی پێبكات.

**دووەم:** بۆ كەسێك بڕوای بە قسەكانیان هەبێت، فەرموویەتی: (من أتى كاهناً فصدقه بما يقولْ فقد كفر بما أنزلَ على محمد)[١٠]، واتە: هەر كەسێك بڕواتە لای فاڵچی‌یەك و بەڕاستی بزانێ لەو شتانەی كە دەیڵێت ئەوا كوفری بەوە كردووە كە بۆ سەر محمد (ﷺ) دابەزێنراوە.

واتای (فقد كفر بما أنزل على محمد)، هەموو بێگومانین لەوەی كە ئەوەی بۆ محمد (ﷺ) نێردراوە قورئانی پیرۆزە خوای باڵادەست فەرموویەتی:

﴿كتابٌ أنزلناهُ إليكَ مُباركٌ ليدَّبروا آياتهِ وليتذكرَ أُولُوا الألبابْ﴾[١١].

قورئانی پیرۆز پەرتوكێكی پیرۆزە بۆمان ناردویتە خوارەوە بۆ ئەوەی تێبفكرێین لە ئایەتەكانی و هۆشمەندەكانیش بیری لێبكەنەوە. كوفریش بەقورئان لێرەدا بەدرۆ دانانێتی، چونكە هەروەكو لەپێشدا ئاماژەی بۆكرا كەخوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی:

﴿قل لايَعْلمُ مَنْ في السموات والأرض الغيبَ إلا الله﴾ وەفەرمویەتی: ﴿وعندهُ مفاتحُ الغيبِ لايَعْلمُها إلا هُوَ﴾.

واتە : كەس جگە لەخوا لەپەنهانیەكان بەئاگانییە، بەلاّم كەتۆ دێیت ئەم سیفەتە دەبەخشی بەكەسێكی تر جگە لەخوا، كردارەكەت ئەوە دەگەیەنێ كەقورئانی پیرۆز ڕاست و ڕەوا نییەو بەدرۆی دەزانی – خوا پەنامان بدات– ئەگەر نا ئەبێ بێ یەك و دوو پابەندی فەرموودەكەی خوای پەروەردگار بی و بەڕاستی بزانی، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ ياأيها الذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسولَ ولاتُبطلوا أعمالكُمْ ﴾[١٢].

---

(٩) اخرجه : مسلم.
(١٠) اخرجه :

(١١) {سورة ص:٢٩}.
(١٢) {سورة محمد:٣٣}.

واتـه : ئـەی ئـەو کەسانەی بڕوادارن گوێڕایـــەڵی خـــوا بـــن و گوێڕایـــەڵی پێغەمبەرەکەشـی بکـەن و کردارەکانتـان پووچەڵ مەکەنەوە بـە سەرپێچـی کـردن لەفەرمانیان ، هەروەها فەرمویەتی:

﴿وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾[١٣].

واتــه : هەرکەسـێ سەرپێچـی لـە فـەرمانی خـواو پێغەمبەرەکـەی بکـات و سنورەکانی خـوا بشـکێنێ ئـەوا ئەیخاتـە ئـاگری دۆزەخـەوە بەهـەتا هـەتایی و سزایەکی سەرشۆرکاری بۆ هەیە.

پاش ئەوە بابڕۆینـە خزمـەت زانایـانی ئیسـلام، بـۆ ئـەوەی ئاشـنا بـین بەووتەکانیان لەم بارەیەوە .

**فەتوای زانایانی ئیسلام لەسەرکرداری فاڵچیێتی**

شێخ (عبد العزیز بن باز) ڕەحمـەتی خـوای لێبـێ فەرمویـەتی: (وأمّـا سؤال العـرّافين والمشـعوذين والمـنجّمين وأشـباههم ممـن يتعـاطى الاخبـار مـن المغيبات فهو منكر لايجوز ، وتصديقهم أشدّ وأنكر بل هو من شعب الكفر)[١٤].

هەروەها فەرمویەتی : (فالواجب على المسـلمين الحـذر مـن سـؤال الكهنـة والعـرّافين وسـائر المشـعوذين المشـتغلين بالاخبـار عـن المغيبـات والتلبـيس علـى المسـلمين سـواءً كـان باسـم الطـب أو غـيره)[١٥]، کەواتــە: بەهــەر نـاو و نـاو نیشانێك بێ موسـڵمانان نـابێ باوەڕیان بەم کارە ناڕەوایە هەبێ.

شـــێخ (الفـــوزان) فەرمویـــەتی: (......من ادّعى علم الغيب او صدّق من يدّعيه فهو مشرك كافر لانه يدّعي مشاركة الله فيمـا هـو مـن خصائصـه)[١٦]، واتـە: هەرکەسێ لافی ئەوە لێدات کەلـە زانینـی پەنهانییەکان بەئاگایە، یاکەسێك بەڕاست بزانێـت کـەلافی ئـەوە لێدەدات، ئـەوە هاوەڵی بۆ خـوا بڕیـار داوەو بێباوەڕە، چونکە لافی ئـەوە لێدەدات کەبەشـداری خـوای پـەروەردگار دەکـات لەتایبـەت مەندییەکانی .

پێشـــەوا (الـــذهبي) بەڕحمـــەت بـــێ لەپـەرتووکی( الكبـائر) دا (ئـەم کـردارە بەیـــەکێك لەگوناهـــە گـــەورەکان ئەژمێرێ)[١٧]

**ئایا هیچ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان بارو دۆخی ئەستێرەکان و ڕووداوەکانی سەر زەوی ؟!!!**

شـێخ (محمـد بـن صـالح العثـيمين) ڕحمـەتی خـوای لێبـێ لـەم بارەیـەوە

(١٣) {سورة النساء:١٣}.
(١٤) إقامة البراهين (٢٧-٢٨).
(١٥) (إقامة البراهين) (٢٨).
(١٦) (كتاب التوحيد) (٤٣).
(١٧) (الكبائر): كبيرة (٤٦) : (١٩٤-١٩٧).

فەرمویەتی: (لاعلاقة لما يحدث في الارض بما يحدث في السماء، ولهذا كان من عقيدة أهـل الجاهليـة أن الشـمس والقمـر لاينكسـفان إلا لمـوت عظـيم، فكسـفت الشمس في عهد النبي (ﷺ) في اليـوم الّـذي مات فيه ابنه ابراهيم، فخطب الـنبي (ﷺ) النـاس حـين صـلّى الكسوف وقـال (إن الشـمس والقمـر آيتـان مـن آيـات الله لايخسـفان لمـوت أحـدٍ ولالحياتـه)[١٨]، فأبطـل الـنبي (ﷺ) ارتبـاط الحـوادث الارضـية بـالاحوال الفلكيـة)[١٩]، كەواتـە: پێغەمبـەری پێشـەوامان (ﷺ) لـەم فەرمودەیەدا بیرو باوەڕێكی نەفامانەی پـێش ئیسـلامی پوچـەڵ كردووەتـەوە و بۆمانی سەلماندووە كەهیچ پەیوەندییـەك نییە لەنێوان بارو دۆخـی ئەسـتێرەكان و ڕووداوەكـانی سـەر زەوی. هـەروەها دەفـەرموێ (أو يسـتدلّ بـولادة انسـان في هذا النجم علـى أنّـه سيكون سعيداً، وفي هذا النجم الآخر علـى أنّـه سيكون شـقيّاً، فيستدلّون بـاختلاف احـوال النجـوم علـى اخـتلاف الحـوادث الارضـية، والحـوادث الارضـية مـن الله، ولـيس للنجـوم بهـا علاقـة)[٢٠]، كەواتـە: هـیچ پەیوەندییـەك نییـە لەنێوانیانـداو نـابێ موسـڵمانان ئەوەندە ساویلكە بـن كەسـانێك بـەناوی شارسـتانییەتەوە زاڵ بـن بەسـەر بـیرو باوەڕ و تایبەتمەندی یەكانی ژیانیان.

## ئەستێرەكانی بەخت و فاڵچێتی دوو دیوی یەك دراون

بـرای بـڕوادارم : ئەگـەر ئەمـەت لا ئاشـكرا بـوو بـوّت دەرئەكـەوێ كەئەسـتێرەكانی بـەخت كەلەسـەر كەناڵـەكانی ڕاگەیانـدن و گۆڤـار ڕۆژنامـەكان دا بانگەشـەی بـۆ ئـەكرێ دیـوی دراوێكـە، دیوەكـەی تـری فاڵچێتییە، بەڵام ئەم جارەیان بـەناوێكی مـۆدێرن و ناونیشـانێكی تـازەوە، بـێ ئـەوەی موسڵمانان لێی بـەئاگابن بـەڵكو چـەندەها كـەس ئـەبینین كڕینـی گۆڤـارو ڕۆژنامەكانی تەنها بۆزانینی ئەوەیـە ئـەم هەفتەیە یان ئـەم مانگـەی ژیـانی بەچـی ئـەبێ بباتەسـەر !!.... بـەژیانێكی پڕئاگـاداری لەدەوروبـەری ؟!!!یـان بەمتمانەنەكردنـە سـەركەس لەدۆسـت و هـاوەڵانی؟!، یـان بەچـاوەڕێ كردنـی ڕووداوێكـی ترسـناك لەژیانیـدا ؟!!!، وەسەدەها یان ی تر كەهۆی دژوار بوونی ژیـانی زۆر لەخوێنـەرانی ئـەو ووتـە پـڕو پوچانەن.

شـێخ (الفـوزان) جـارێكی تـر لـەم بارەیەوە فەرمویەتی: (ويقولون من تزوج بنجم كذا وكذا حصل لـه كذا وكذا، ومـن

(١٨) رواه البخاري ومسلم .
(١٩) فتاوى العقيدة : ٢٠٢/١
(٢٠) القول المفيد على كتاب التوحيد : ج٢ / ٣٥

سافر بنجم كذا حصل له كذا ومن ولد بنجم كذا وكذا حصل كذا من السعود أو النحوس، كما يعلن في بعض المجلات الساقطة عن الخزعبلات حول البروج ومايجرى فيها من الحظوظ)[٢١]، واته : فالچی‌یەکان ئەڵێن : هەرکەسێ لەئەستێرەی فلأنی یان فلأنی مێرد بکات یان ژن بهێنێ ئەوە ئەوەی توش ئەبێ، وئەو کەسەش لەئەستێرەی ئەوە یان ئەوە لەدایك بێ ئەوە ئەوەی توش ئەبێ لەخۆشی و ناخۆشی.

هەروەکو بانگەشەی بۆ ئەکرێ لەهەندێ گۆڤاری بێ نرخ، سەبارەت بەو ووتە پڕو پووچانەی دەربارەی ئەستێرەکانی بەخت ئەووترێ کەتێیدا باس لە قسمەت و نسیبەکان ئەکرێ.

ئاکامە دونیاییەکانی گوێگرتن یان خوێندنەوەی ئەستێرەکانی بەخت دەبێتە هۆی دروست بوونی زۆر بیری خراپ وەك (دڵە ڕاوکێ و دوو دڵی و زۆر جاریش دەبێتە مایەی بێزاربوون لەژیان لەلای گەنجان و لاوانمان).

دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕەشبینی (التشاؤم) لای خوێنەران و بیسەرانی ئەم ووتە بێ نرخانە بەرامبەر بەوکەسانەی کەهەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن.

هۆکاری زۆر لەنەخۆشییە دەرونییەکانە واتە (الامراض النفسية والانفعالات الباطنية) کەلە ڕاستیدا هیچ بونێکیان نییە، تەنها کاریگەری نەبێ بەو ووتانەوە.

هۆکارێکە بۆخواردنی سامان و سەروەتی خەڵکانی تر وبەفیڕۆدانی لەڕێگەیەکی بێسوودا.

هۆکاری گەڕانەوەو شوێن کەوتنی سەردەمی نەفامی پێش ئیسلامە سەرەڕای ئەو هەموو بانگەشەیەی کەبۆشارستانییەتی نوێ دەکرێ، بێ بیرکردنەوە لەوەی کەئەم کردارە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لەناشارستانی ترین کردارەکۆنەکان.

## "دوا ووتەو کۆتایی "

خوێنەری بەڕێز : دەرکەوت کەزاراوەی ئەستێرەکانی بەخت واتە (بورجەکان) دیوی دراوێکە دیوەکەی تری (الكاهن والعراف والمنجم )ە وزیندووکردنەوەی ئەو بێباوەڕییەیە کەلە پێش ئیسلام و لەسەردەمی نەفامییدا هەبووە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) و زانایانی ئیسلام قەدەقەیان کردووە و بەبێباوەڕی لەقەڵەمیان داوە، جانەکەی ئامان شوێنی قسەی ئەم وئەو بکەوی وبڕوایان پێبکەی هەرچەندە بانگەشەکارانی ئەم کارەش زۆربن! ! !.

---

(٢١) انظر : كتاب التوحيد(٤٣).

لـەکۆتاییدا ئـەڵێم : بـرای موسـڵمان ئەگـەر تائـەمڕۆ فریوخـواردووی دەسـتی بانگەشـــەکارانی ئـــەم تاوانـــە بـــووی بەنەزانییەوە، پێویستە دەست بەجێ واز لـــەو کـــارە بهێنیـــت و جـــارێکیتر نەبیخوێنیتەوەو نەبەڕاستیشی بزانیت و تۆبەیـــەکی ڕاســـتەقینەی بـــۆ بکـــەیت و پەشیمانیش بیتەوە لەو کردەوەت ئەگەر کردبێتـــت، بـــەڵکو خـــوای پـــەروەردگار لەوتاوانـــــەت ببـــــورێ و قەڵـــــەمی لێخۆشـبوونی بەسـەردا بهێنـێ، خـوای پەروەردگارو میهرەبان فەرموویەتی:

﴿وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾[٢٢].

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

(٢٢) {سورة النور:٣١}.

# چەند لادان وخزانێك لەڕێی فێربونی زانستدا

**بەشی دووەم** **م. جمعەعلی خورشید**

بسم الله الرحمن الرحيم

ئیمامی ((القرطبي)) — رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : مە بەست بەزانایان ئەوانەن کە لەتوانای خوای گەورە دەترسێن ، چونکە هەرکەسێ بزانێت پەروەردگار بەتوانایە دڵنیا دەبێ ئەگەر گوناه بکات شایستەی سزادان ئەبێت ، هەروەك عەلی کوڕی ئەبی طلحه لە — ابن عباس— ەوە دەگێڕێتەوە (إنما يخشى الله من عباده العلماء) فەرمووی ئەوانەن کە دەزانن خوای پەروەردگار توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە .

رەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێت : هەرکەسێ لە خوا نەترسێ زانا نییە.

وە (مجاهد) دەڵێت ئەو کەسە زانایە کە ترسی لەخوا هەبێت . وە تەواوی ئایەتەکە (إن الله عزيز غفور) هۆی پێویستی ترسانە ، چونکە بەڵگەیە لە سەر سزای سەر پێچەکاران و پاداشتدانەوەی گوێڕایەڵەکان و . وە ئەو سزادەرو پاداشتدەرە شیاوی ئەوەیە کە لێی بترسێ .

ئیمامی (ابن كثير) رەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت: بەڕاستی ئەوانەی لەخودا دەترسن بەهەقی ترسان، ئەو زانایانەن کە خودا دەناسن، چونکە هەرچەند شارەزایی تەواو تربێت بە گەورەیی وبەتوانایی و زانایی خوای پەروەردگار کە وەسف کراوە بەناوەجوانەکان، ئەوە ترسی پتر دەبێت .

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: ترسان لەخودا ئەوەیە کە دەبێتە بەربەست لەنێوان بەندەو سەرپێچی خوای گەورە .

حەسەنی بەصری دەڵێت :زانا ئەو کەسەیە لەنهێنی_بالغیب_ لە خوای پەروەردگار دەترسێت ، وە ئەو شتەی خۆش بوێت کە خوای گەورە خۆشی دەوێت ، وەڕقی لەو شتە بێت کە خوای گەورە پێی ناخۆشە ، لە پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە :

﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾[1] .

وە عبدالله ی کوڕی مەسعود (رضي الله عنه) دەڵێت: زانیاری ئەوەنییە کە فەرمودەی زۆر بزانی، بەڵکو زانیاری ئەوەیە کە

(١) {سورة فاطر:٢٨}.

ترسی زۆرت هەبێت لەخوای گەورە، ئیمامی مالك دەڵێت: زانیاری بەزۆری ریوایەت نیە، بەڵکو زانیاری رووناکییە کەخوای گەورە دەیخاتە دڵەوە، ئەحمەدی کوری صالحی میسری لەرونکردنەوەی وتەکەی مالك دەڵێت:

ترسان لەخوا بەدەست نایەت بەزۆری ریوایەت کردن، بەڵکو زانیاری ئەو شتەیە کە خوای گەورە دەست **پێوەگرتنی فەرز کردووە**، کە بریتییە (لە قورئان و سوننەت و ئەوەی کەهاتوە لە هاوەڵان و ئەوانەی پاش ئەوان هاتون لەپێشەوایانی ئیسلام)، زانینی ئەمانە بەریوایەت نەبێت پیی ناگەیت وە ئەو روناکییە کە ئیمامی مالك باسی کرد واتا: تێگەیشتنی ئەو زانیارییەو شارەزا بوونی واتاکانییەتی .

زانای پایە بەرز (عبدالرحمن السعدی) رەحمەتی خوای لێ بێت ، خاوەنی (تسیر الكريم الرحمن) لەراڤەکردنی ئەم ئایەتەدا دەڵێت : هەرکەسێك زیاتر خوای گەورە بناسێت ، ئەوە زیاتر لەخوای گەورە دەترسێت ، وە ئەو ترسە وای لێ دەکات کە واز لە تاوان و سەرپێچی وگوناه بێنێت و خۆی ئامادە بکات بۆ گەیشتن بەوەی کەلێی دەترسێت ،وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پلە بەرزی زانیاری چونکە هۆکارە بۆ ترسان لە خوا. وە ئەوانەی لەخوای گەورە دەترسن هەر ئەوانن کە پەروەردگار رێزیان لێ دەنێت وەك دەفەرموێت:

﴿ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ ﴾(٢) .

واتە هەم خوا لەوان رازیە و ئەوانیش لەخوا رازین، وە ئەم پلە بەرزە بۆ کەسێکە کە لە پەروەردگاری بترسێت(٣).

وە خوای بەتوانا هەرەشەی کردوە لەوانەی کە دڵیان نەرم نابێت بەیادی خوا، وە ترسیان لەدڵدا دروست نابێت، وە مەدحی ئەوانەی کردووە کە ترسیان بۆ پەیدا دەبێت لەکاتی بیستنی قورئاندا خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿أَفَمَنْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِنْ رَبِّهِ فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ .اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾(٤) .

(ابن كثير) رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت :(فويل للقاسية قلوبهم من ذكر الله) واتا دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی دڵەکانیان نەرم نابێت لەکاتی یادی خوادا، وەترسی تێدا پەیدا نابێت و تێی ناگات :

---

(٢) {سورة البينة:٨}.
(٣) تەفسیری قورئانی پیرۆز(محمد صالح ابراهيمى)ل ٥٩٩.
(٤) {سورة الزمر:٢٢-٢٣}.

(أولئك في ضلال مبين) .ئەوانە لەگومڕایەکی ئاشکرادان.

لەپاشان خوای گەورە مەدحی قورئانی پیرۆز دەکات (الله نزل أحسن الحديث كتاباً متشابهاً مثاني).

موجاهید دەڵێت: واتا قورئان هەمووی لەیەك دەچێت و دووبارە کراوەیە. تەنانەت دەڵێت ئایەت لەئایەت دەچێت و حەرف لەحەرف.

وە(ضحاك) دەڵێت: (مثاني) دووبارە کردنەوەی قسەیە بۆ ئەوەی بەباشی لە کەلامی خوا تێ بگەن.

وە(تقشعر منه جلود الذين يخشون ربهم) واتە ئەمە سیفەتی بەندە چاکەکانە،کە لەکاتیبیستنی کەلامی خوای بەتوانا بەگوێرەی تێگەیشتنیان لە قورئان: لە پەیمان و هەڕەشەو ترساندن، پێستەکانیان گرژ دەبێتەوە لە ترساندا (ثم تلين جلودهم وقلوبهم الى ذكر الله) لەپاشان پێست و دڵەکانیان نەرم دەبێت بۆ یادی خوای پەروەردگار لە بەر ئەو هیواو ئومێدەی هەیانە بەبەزەیی و سۆزی خوای پەروەردگار .

وە ئەمانە جیاوازن لەگەڵ گوناهـ کاراندا لە چەند روویەکەوە .

١- گوێگرتنی ئەمانە لەخوێندنەوەی قورئان، بەڵام ئەوان گوێگرتنیان لە نەغمەو دەنگی سترانی ژنانە.

٢- ئەمانە کاتێ ئایاتی قورئانیان بۆ بخوێنرێتەوە بەگریانەوە کڕنوش دەبەن، بەئەدەب و ترس و هیواو خۆشەویستی و تێگەیشتن و زانین . وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا ﴾(٥) .

واتا لەکاتی گوێگرتنی قورئان بێئاگا نەبوون بەڵکو گوێ بیستی بوون و تێی دەگەیشتن، بۆیە کردەوەی پێ دەکەن و کڕنوش دەبەن بەچاو ڕۆشنی ،نەك بەنەزانین و چاولێکردنی کەسانی تر).

٣- ئەمانە ئەدەب ڕادەگرن لەکاتی گوێ گرتنیقورئاندا ، هەروەك چۆن هاوەڵانی پێغەمبەر ڕەزامەندی خوایان لێ بێت لەکاتی بیستنی قورئاندا پێستیان گرژ دەبووەوە بەیادی خوا ، هاوارو ناڵەیان لێ بەرز نەئەبووەوە ، بەڵکو خۆڕاگری و ترس و ئەدەبیان هەبوو، کەسیان پێ نەئەگەیشت لەو بوارەدا بۆیە ڕەزامەندی پەروەردگاریان بەدەست هێنا لە دونیا و دواڕۆژدا: (رضي الله عنهم ورضوا عنه).

(قەتادە) کاتێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە (تقشعر منه جلود الذين يخشون ربهم ثم تلين جلودهم وقلوبهم الى ذكر الله) فەرمووی: ئەمە سیفەتی

(٥) {سورة الفرقان:٧٣}.

ئەولیای خوایە بەوە وەسفیانی کردوە کە پێستیان گرژ دەبێتەوەو چاویان دەگرییێت ودڵیان ئارام دەبێت بەیادی خوا، نەك وەسفیانی کردبێت بەوەی بێ ئاگا ئەبن و ئەبورێینەوە، چونکە ئەوە لە ئەهلی بیدعە دەردەکەوێ، وە لەشەیتانەوەیە.

لەپاشان خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ﴾[٦] .

واتە ئەمە سیفەتی ئەوانەیە کە خوای گەورە ڕێنمونی کردوون ، وەهەر کەسێك پێچەوانەی ئەم سیفەتانە بێت ئەوە لەوانەیە کە گومڕا بوون (ومن یضلل الله فماله من هاد).

وە ئیمامی (قرطبي)دەڵێت : فەرموودەی خوای گەورە :

(فویل للقاسیة قلوبهم من ذکر الله) واتە سزای دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کەدڵیان ڕەق دەبێت بەبیستنی یادی خوای پەروەردگار .

(مالیکیکوری دینار) دەڵێت هیچ سزایەك گەورەتر نییە بەهۆی گوناهەوە لەسەر بەندە لە ڕەق بونی دڵ، وە خوای گەورە لە هەر قەومێك توڕە بێت بەزەیی لەدڵیاندا دائەماڵێ .

وە (نزّل أحسن الحدیث).

واتە قورئان .

لێرەدا ڕوون بۆوە کە باشترین شتێك کە ببیسترێ ئەوەیە کە خوای تەعالا دایبەزاندوە ، ئەویش قورئانە.

(کتاباً)(بدل)ە یان ( حال)ە ، لە (احسن الحدیث).(متشابهاً) هەندێکی لە هەندێکی تر دەچێت لە ئایەت و حەرفدا. وە وتراوە لەو کتێبانە دەچێت کە خوای گەورە دایبەزاندون بۆ پێغەمبەران. چونکە فەرمان و قەدەغەکردن و هاندان و ترساندنی تێدایە، ئەگەرچی قورئان گشتی ترو موعجیز ترە لە کتێبەکانیتر، لە پاشان وەسفی قورئانی کرد بە (مثاني) واتە: چیرۆك و ئامۆژگاریو ئەحکام تێیدا دووبارە دەبێتەوە.

(تقشعر) واتە: ئەلەرزێو ئەجوڵێتەوە لەو هەڕەشانەی کە تیێدایە

(ثم تلین جلودهم وقلوبهم إلی ذکر الله) واتە: لە پاشان پێستیان ودڵیان نەرم دەبێت لەبەرئەو مزگێنی و هاندانەی کە تیێدایە .

ئەسمائی کچی ئەبوبەکر رەزای خوای لێبێت دەڵێت : هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر قورئانیان بۆ بخوێنرایەوە هەروەك چۆن خوای گەورە وەسفیانی کردووە چاویان فرمێسکی ئەباراندو ... بە ئەسمائیان وت : کەسانێك هەن ئێستا ئەگەر قورئانیان بۆ بخوێنیتەوە ئەبورێنەوە ! وتی: أعوذ بالله من

---
(٦) {سورة الأنعام:٨٨}.

الشيطان الرجيم)، عبدالله ى كوڕى عومەر تێپەربو بەلای قورئان خوێنێكدا كەوتبو و بێهۆش بوو.

عبدالله وتی :ئەمە بۆ وای بەسەر هاتووە؟.

وتیان ئەم كابرایە ئەگەر گوێی لە قورئان بێت ئەبورێتەوە، وتیئێمەلەخوا دەترسین و نابورێینەوە،لەپاشان وتی شەیتان دەڕواتە ناخیەوە، ئەمە كردەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر نەبوو .

**ترسان لەخودای گەورەو خۆشكاندن، لە پێداویستییەكانی زانیاری راستەقینەن. چونكە ئەم ترسانە لە پێویستییەكانی تێگەیشتنی راستییە. وە تێگەیشتنی راستی لە پێویستەكانی زانیاری راستەقینەیە. نەك تەنها راوەستان لەسەر وێنەی زانیاری و پێناسەی وشەكان .**

وە إمام ابن الجوزی – حاڵی ئەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە كە خەریكی شوێن كەوتنی توێكڵی وشەكان و وێنەی زانیارین بەبێ گەیشتن بەكاكڵەكەی. وەفەرموی (بینیم زۆربەی زانایان خەریكی وێنەی دەرەوەی زانیارین بەبێ تێگەیشتنی راستێتی و مەبەستی زانیاریەكە).

قورئان خوێن خەریكی جۆرەكانی خوێندنەوەی قورئانە – القراءات – دۆش داماوە بەسەر شازەكانەوە. وا ئەزانێت مەبەست هەر خوێندنەوەیە هەست بەگەورەیی (متكلم) ناكات، وە هەست بە قەدەغەكانی قورئان و بەڵێنەكانی ناكات.

وە فەرمودەناس (المحدث) رێگاكانی ریوایەت كۆدەكاتەوە و سەنەد لەبەر دەكا، بەڵام ورد نابێتەوە لەمەبەستی فەرموودەكان. وا ئەبینێت فەرمودەیەكی زۆری لەبەرە و هیوای رزگار بوونی بەهێز دەبێت و گوناه بەئاسان دەزانێ، بەگومانی ئەوەی ئەو هەموو خزمەتەی كە لە پێناوی شەرعدا كردویەتی بەرگری لێ دەكات.

وە زۆربەی خەڵك ئەمە حاڵیانە وێنەی زانستەكان(صور العلم) بووە بەپیشەیان وە ئەم خۆدەر خستنە توشی كیبرو بێ عەقڵی كردون.

وە هەر كەسێك فەرمانەكانی خوای گەورە پشت گوێ بخات خوای گەورە بزری دەكات واتە : سەرگەردانی دەكا ... ئەمانە تێنەگەیشتون لەمەبەستی راستەقینەی زانست كە وێنەی وشەكان (صور الألفاظ) نییە بەتەنها، بەڵكو دەرك پێكردنی مەبەستی زانستە. هەر ئەو مەبەستەیە كە ترس لەدڵدا پەیدادەكات ... وەمنەت و چاكەی

خاوەن نیعمەتی زانست ئەهێنێتە پێش چاو[٧].

پەیدا بوونی ترس لەدڵدا پلەیەکە لەپلەکانی ئەوانەی بەخۆدا دەچنەوە . دیاردەو بەڵگەی خۆی هەیە . ئیمام (ابن القیم) لە شیکردنەوەی ئەم بابەتە لە پەرتوکە بەنرخەکەی (مدراج السالکین)دا دەڵێت : ترس لەخوا (خشوع ) لەبنچینەی زماندا بەواتای نزمی و زەلیلی و ئارامی دێت، خوای تەعالا دەفەرموێت:

﴿وَخَشَعَتِ الْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا﴾[٨] .

هەموو دەنگێك لەراستی گەورەیی خوای رەحمان دەنەوێ[٩]، وە خشوع راوەستانی دڵە بەرامبەر پەروەردگار بە کزۆڵەیی و زەلیلی .

وە وتراوە (خشوع) بەواتای مل کەچ بوونە بۆ هەق . وە لەنیشانەکانی ئەوەیە کاتێك بەندە بەرپەرچ درایەوە بەهەق وەری دەگرێت و مل کەچ دەبێت.

وەوتراوە (خشوع) کوژاندنەوەی گڕی ئارەزو بازیەو ئارام گرتنی دوکەڵی دڵانە ، وە هەڵ کردنی رووناکییەکی گەورەیە لەدڵدا، شارەزایان لە بارودۆخی دڵ یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە (خشوع) جێگاکەی دڵە وبەرهەمەکەی ئەندامەکانە، لە حوزەیفەوە دەگێڕنەوە پیاوێکی بینی یاری بەریشی دەکرد لە نوێژدا، وتیئەگەر دڵیئەم پیاوە خشوعی تێدابوایە ئەندامەکانی ئارام دەبوون .

وەزانایان فەرمویانە : رەوشت جوانی ئاشکرا، نیشانەی ڕەوشت جوانی نهێنییە. عائیشە رەزای خوای لێبێت بینی هەندێك گەنج دەڕۆن بەرێدا زۆر بەخاوی و مردوییی ، عائیشە بەوانەی لەگەڵیدا بوون وتی ئەوانە کێن ؟ وتیان (نساك) عیبادەت کارن. عائیشە وتی عومەری کوڕی خەتتاب بچوایە بەرێدا بە توندو پتەوی وگورج وگۆڵی ڕێی دەکرد، وە ئەگەر قسەی بکردایە بەشێوەیەك قسەی دەکرد دەوروبەری گوێیان لێ دەبوو . بەڕاستی ئەو خوا پەرست بوو .

وە خشوع واتایەك دەگرێت کە (خۆ بەگەورە نەزانین و زەلیلی و خۆشکاندنە). وەئەگەر زانیاری کاریگەر بوو لە سەر دڵ و ترس و ئارامی تێدا پەیداکرد ئائەوە زانیاریبەسوودە کە پێغەمبەر (ﷺ) لە خوای گەورە ئەپاڕایەوە کە پێی ببەخشێ، وەئەگەر ترس و نەرمی لەدڵدا پەیدا نەرکرد، ئائەوە ئەو زانیاریەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) پەنای ئەگرد بەخوای گەورە لێی وەك هاتووە: (اللهم إني أسالك علما نافعا وأعوذ بك من علم لاينفع).

---

(٧) (السيد الخاطر).

(٨) {سورة طـه:١٠٨}.

(٩) تەفسیری قورئانی پیرۆز.

ابن رجب رەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت زانیاری بەسود ئەوەیە کە تێکەڵی دڵ ئەبێت و تیایدا ئارامی و ترس و خۆشکاندن بۆ خوا پەیدا ئەکات. بەلاّم ئەگەر تێکەڵی دڵ نەبوو و تەنها لە سەر زمان بوو، ئەوە بەلگەی خوایە لەسەر ئادەمیزاد . وەك (ابن مسعود)دەڵێت :(هەندێك هەن قورئان لە گەرویان ناچێتە خوار ، بەلاّم ئەگەر بچێتە ناو دڵ و ڕەگی تێدادانێ سوود بەخاوەنەکەی ئەگەیەنێت)[١٠]

ئەو زانیاری‌یەی کەلای جولەکەو گاورەکان هەیە سوودی لێوەرناگرن لەبەر ئەوەی مەبەستەکەیان لە دەست داوە کە گەیشتنی ئەو زانیارییەیە بۆ ناو دڵیان بۆ ئەوەی ببێتە هۆیچێژکردنی ئیمان و سوود وەرگرتن بە ترس و گەڕاندنەوەی دڵ. بەلکو هەر لەسەر زاریانەو بووە بەبەلگە (حُجّة) لەسەریان

خوای گەورە وەسفی زانایانی ئەهلی کیتابی کردووە بە خشوع، دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا . وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا﴾[١١] .

واتە بەڕاستی ئەوانەی بەر لەقورئان زانینیان پێ دراوە وە راستی سروش (الوحی) یان زانیوە، ئەگەر قورئانیان بۆ بخوێنیتەوە کاریان تێدەکات ودڵیان نەرم دەبێت وەکڕنوش دەبەن لە سەر روویان بۆ خوای پەروەردگار . وە لەکاتی بیستنی قورئاندا دەڵێن:پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگارمان لەو وەسفانەی کە هاوەڵ پەیدا کاران وەسفی خوای گەورەی پێ دەکەن وە بەلێنیخوای گەورە لە سزاو پاداشتدانەوە هەقەو روو دەدات، وە لەسەر روو دەچنە کڕنوش، وە دەگرین لەبەر کارتێکردنی قورئان وە بیستنی قورئان ترسان لەخودا لەدڵیاندا پتر دەکات.

وەخوای بێ هاوتا سەرزەنشتی ئەوانەی کردووە کە دڵیان ترسی تێدا پەیدا نابێت بەبیستنی قورئان و تێگەیشتنی. دەفەرموێت:

﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾[١٢] .

واتە(ئایە ئەوە باوەڕداران کاتی ئەوەیان نەهاتووە کە دڵ و دەرونیان بۆ یادی خوا و ئەو قسە (قورئان)ە هەقە کە نازل کراوە بلەرزێ و بترسێ، وە وەکو ئەوانە نەبن کە بەر لەمە کتێبیان پێ

(١٠) البخاري(٦٩٣١).

(١١) {سورة الإسراء:١٠٧ -١٠٩}.

(١٢) {سورة الحديد:١٦}.

درابوو، جا ماوەیەکیان بەسەرا تێپەڕی دڵیـان وشـك و ڕەق بـوو، وە زۆربـەیان خراپکـارو دەرچـوو بـوون لـە فـەرمانی پەروەردگار)[١٣].

لـەم ئایەتـەدا هانـدانی تێدایـە بـۆ خۆشـکاندن بـۆ خـوای گـەورە لـەکاتی بیستنی قورئانـدا وە ئاگادارکردنـەوە لـە خۆشـوبهاندن بـە جولەکـەو گـاور لـە دڵ ڕەقی و گوناهکاریدا .

(ابـن مسـعود) دەڵێـت:لـە نێـوان موسڵمان بونمان وگازندەی خوای گـەورە لێمـان بـەم ئایەتـە (ألم یـأنِ للـذین...) تەنها چوار ساڵ بوو[١٤].

وە پێغەمبـەر (ﷺ) پـەنای دەگـرد بەخوای گەورە لە دڵێك کە نەرم نەبوایە. وەك لـە (صـحیح مسـلم)دا هـاتووە لـە زەیـدی کـوڕی ئەرقەمـەوە . پێغەمبـەر (ﷺ) ئەیفەرموو (اللهم إني أعوذ بك مـن علم لاينفع ومن قلب لايخشع ومن نفـس لاتشبع ومن دعوة لايستجاب لها)[١٥].

واتە : خوادایە من پـەنا دەگـرم بـەتۆ لـە زانیاریـەك کـە بـێ سـوودبێت و ڕەوشـتم نەگۆڕێت، وە لەدڵێك کە نەرمی و خۆشکاندنی تێدا نەبێت، وەلە نەفسێك کە تێر نابێـت، وە لەنزاو پاڕانەوەیەك کە گیرا نابێت.

سەرئەنجام ئەوەیە زانیـاری پێویسـتە سود بەخاوەنەکـەی بگەیـەنێ، بـەجێگیر کردنی ترسـان لـەخوای گـەورەو بەرهـەم هێنانی کردەوە، ئەگەر نا ئەوە زیانی بـۆ خاوەنەکەی زیاترە لەسودی.

سوفیانی ثەوری ڕەحمەتی خوای لێ بێـت دەڵێـت : مەبەسـت لـە فیێربـوون تـەقوای خوایـە. فـەزڵ وپلـەی زانیـاری لەوەدایـە" چـونکە بەهۆیـەوە دەتـوانی خۆت بپارێزی لە سزای خوای گەورە .

(أبو الأسود الدؤلي ) دەڵێت :

يا أيها الرجل المعلم غيره
هلاّ لنفسك كان ذا التعليم
تصف الدواء لذي السقام وذي
الضنى كيما يصح به وأنت سقيم
وأراك تلقح بالرشاد عقولنا
نصحا، وأنت من الرشاد عديم
ابدأ بنفسك فانهها عن غيِّها
فإذا انتهت عنه، فأنت حكيم
فهناك يقبل ما تقول ويقتدى
بالعلم منك وينفع التعليم
لا تنه عن خلق وتأتي مثله
عار عليك إذا فعلت عظيم

والحمد لله رب العالمين

(١٣) تەفسیریقورئانی پیرۆز(محمد صالح ابراهیمی)ل٥٣٩.
(١٤) رواه مسلم في كتاب التفسير انظر شرح النووي.
(١٥) أخرجه مسلم في صحيحه أنظر شرح النووي.

# ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی

نووسینی/مامۆستا محمدعبدالرحمن

بسم الله الرحمن الرحيم

شاراوە نیيە کە زانستی شەرعی کلیلی هەمووچاکەیەو دەرگای هەموو بەختەوەرییەکە، وە مەرجە بۆ بەدیهێنانی فەرمانەکانی خوای پەروەردگارو پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بە شێوازێکی تەواوو ڕێك وپێك وجوان بێت هەروەها زانستی شەرعی دەبێتە پاڵنەر بۆ :

*خۆ ڕازاندنەوە بەهەموو ڕەوشتێکی بەرزو پیرۆز.

*بەدەستخستنی خۆشەویستی خوای باڵا دەست .

*ڕزگار بوون لە تاریکی نەفامی وگومڕایی.

بۆیە لەم نوسراوەدا بە پشتیوانی خوای گەورە باسی ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی دەکەین وەك کلیل و سەرەتایەك بۆ نوسین و ڕوونکردنەوەی چەندبابەتێکی شەرعی تایبەت بە ئافرەتان .

گرنگی پێدانی ئیسلام بە ئافرەتان لە بواری فێرکردندا.

پێغەمبەری‌خوا (ﷺ) زۆرگرنگی‌داوە بە فێرکردنی ئافرەتان لە زانستی شەرعیدا، بۆیە دەبینین زۆر بە گەرم و گوڕی ڕووی لە ئافرەتە موسڵمانەکان کردوە و وەڵامی پرسیارەکانیانی داوەتەوەو گەڕاوە بەدوای زانینی هەواڵیان و زۆر بەجوانی گوێی بۆیان گرتوەو سەردانی هەند ێکیشیانی کردووە و بۆیان پاڕاوەتەوە لەخوای گەورە و ئامۆژگاری کردوون و ڕێنمایی کردوون، وەلەهەموو هەفتەیەکدا ڕۆژێکی بۆیان دیاری و تایبەت کردبوو بۆ ئەوەی فێری زانستی شەرعیان بکات تا بتوانن بەختەوەری دونیا و دوا ڕۆژیان بەدەست بێنن.

بۆیە ئەم هەڵوێستانەی بێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئافرەتان چەند هەنگاوێکی پێویست و بەسوود بوون و کاریگەرییان هەبوو لە چاندنی باوەڕێکی پتەو لە دڵی ئافرەتاندا، وە ئەو هەڵوێستانە پاڵنەرێکی زۆر بەهێز بوون بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دوای

ئەوەی کە ڕێگای یەك خوا پەرستیوشوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ)لە دڵیاندا جێگیربوو.

وەئاسانیش نەبوو لەسەر ئافرەتی موسڵمان هەڵسێت بەکاری ئیسلامەتی خۆی و ئەرکە شەرعیەکانی بەجێ بێنێت ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاودێری حاڵی ئافرەتانی نەکردایە و هانیانی نەدایە و پشت گیری لێ نەکردنایە لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و پاشان کردەوە کردن بەو زانستەی کە فێری دەبوون و بانگەوازکردن بۆ ئیسلام، بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی چەندان ئافرەتی کردووە بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لە حاڵیان و دڵیان بداتەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ هەبێت و پاشان ئەو سەردانە ببێتە هەلێك بۆئەوەی فێری هەندێك ڕەوشت و ئەرکە شەرعیەکان بن و ئامۆژگاریان بکات و دوعای خێریان بۆ بکات لای خوای باڵادەست .

لەو ئافرەتانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کردوون : دایکی حەرام و دایکی سولەیم کە هەردووکیان کچی مەلحان بوون کە ئافرەتی دووەمیان دایکی ئەنەسی کوڕی مالك بووە و یەکەمیشیان خوشکی دایکی بووە[1].

- وەسەردانی دایکی وەرقەی کچی (عبد الله) ی ئەنصاری کردووە و مژدەی شەهیدی پێداوە و بانگدەرێکی بۆ داناوە و فرمانی پێکردووە کەپێش نوێژی کەس و کاری بکات لە ماڵی خۆیدا[2].

- هەروەها ئافرەتێکی تر کە ناوی (الربیع بنت المعوذ)بوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کرد لە بەرەبەیانی ڕۆژی گواستنەوەی دا دوای (شەڕی بەدر)[3].

وەچەندین نموونەی تر هەیە لەم بوارەدا هەموویان بەڵگەن لە سەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر گرنگی بە ئافرەتان داوە.

## حوکمی فێربوون وگەڕان بەدوای زانستی شەرعی دا

گەڕان بەدوای زانستە شەرعیەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستخستن و فێربوونی ئەو زانستانەپێویستە (فرض)ە لە سەر هەموو موسڵمانێك–چ پیاو بێت یاخود ئافرەت– چونکە هەر کەسێك کردەوەکانی بە پێی بەڵگەی شەرعی نەبێت و لەسەر چاو ڕۆشنیو بەزانستەوە نەیکردبێت ئەوا خوای گەورە کردەوەکەی لێی وەرناگرێت و ڕەتی دەکاتەوە و قبوڵی ناکات، وەك شاعیر دەفەرموێ :

(١) اخرجة البخاري برقم (٦٢٨١)ومسلم برقم (٢٤٥٥) وبرقم (١٩١٢).

(٢) صحيح ابي داود برقم (٥٥٣).

(٣) صحيح سنن الترمذى برقم (١٠٩٠).

وكل من بغير علمٍ يعملُ
أعماله مردودة لاتقبل

واتـه: (هـەر كەسێك بـه بـێ زانسـتی شەرعی و بەبێ بەڵگەی شەرعی كردەوە بكات ئەوا كردەوەكانی ڕەت دەكرێتـەوە و لێی قبوڵ ناكرێت ).

بۆیـه خـوای پـەروەردگار فـەرمانی كـردووە بـه فێربـوونی زانسـتی شـەرعی پاشـان فـەرمانی بـه كـردەوە و گوفتـار كردووە وەك دەفەرموێت :

﴿فاعلمْ أنّه لآ إله إلاّ اللهُ واستغفرْ لذنبك﴾[٤].

واته :(بزانه كه هـیچ پەرسـتراوێك نـی یه شایستەی پەرستن بێ جگه لـه (اللـه) ، وەداوای لێخۆشــبوون بكـــه بـــۆ تاوانەكانت) لەبەر ئەمە ئیمامی بوخاری دەفـەرموێت:"بـاب العلـم قبـل القـول والعمل"[٥]، والدليل قوله تعالى:

﴿ فاعلمْ أنّه لآ إله إلاّ اللهُ واستغفرْ لذنبكَ ﴾.

فبـدأ بـالعلم قبـل القـول والعمـل. دەبیـنین فـەرمانی كـرد بـه فێربـوونی زانسـتی شـەرعی پاشـان داوای گوفتـار و كرداری كردووە.

وەبەڵگـه لەسـەر "واجـب" ێتـی فێربـوونی زانسـته شـەرعیەكان زۆرن لـه قورئان و فەرمودە پیرۆزە صەحیحەكانی پێغەمبـەردا (ﷺ) بـەلام ڕونتریـن و ئاشـكراترین بەڵگـه بـاس دەكـەین بـه پشتیوانی خوای گەورە :

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت : (طلب العلم فريضة على كل مسـلم)[٦]، واته:( بەدەست خستن و گەڕان بـه دوای زانستی شەرعی دا (فرض) وپێویسته لـه سەر هەموو موسڵمانێك).

وەئەم فەرمودەیە تەنها تایبەت نیـه بــه پیاوانــەوە، بــەڵكو ئافرەتــانیش دەگرێتـەوە، چـونكه زانایـانی شـەرع دەفـەرمون:(هـەر ئایـەت و فەرمودەیـەك فەرمانی تێدا بـوو بـۆ پیـاوان یـان باسـی پیــاوانی دەكــرد ئــەوا ئافرەتــانیش دەگرێتــەوە)[٧]،وەپێغەمبــەریش (ﷺ) دەفـەرموێت: (إنمــا النســاء شــقائق الرجال)[٨]، واته :(ئافرەتان هاوشان و له ڕیـزی پیاوانـدان) بـەڵكو لـه چـەندەها فەرمودەی تردا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بـه ئاشكرا و بـه ڕوونـی فـەرمان دەكات بـه پیـاوان كــه ئافرەتــان فێـری زانسـتی شـەرعی بكـەن، وەك لـه فەرمودەكـەی (مالك ی كوڕی الحويرث)دا دەر دەكەوێت كـه دەفـەرموێت: (أتيت النبي (ﷺ) في نفر

(٤) {سورة محمد:١٩}.

(٥) انظر : (فتح الباري) شرح صحيح البخاري (٢١٠/١).

(٦) اخرجه : ابن ماجة(١٨٣).

(٧) انظر : سلسلة الاحاديث الصحيحة":(٣٤٧/١)، يقول الشيخ الالبـاني (الكتابة والقراءة [من نعم الله ]فلا ينبغي للآبـاء أن يحرمـوا بنـاتهم مـن تعلمها،شريطة العناية بتربيتهن على الاخلاق الإسلامية كما هو الواجب عليهم بالنسبة لاولادهم الذكور أيضاً فلا فرق في هذا بين الذكور والإناث).

(٨) انظر : (صحيح ابو داوود) (٢١٦).

من قومي فأقمنا عنده عشرين ليلة، وكـان رحيماً رفيقاً، فلما رأى شوقنا إلى أهلينـا قـال:ارجعـوا فكونـوا فـيهم وعلموهم......)[٩]، واتـە:( هـاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە گەڵ چەند کەسێك لـە قەوم و عەشیرەتەکەم، وەبیست شەو لـە لای ماینەوە و پێغەمبەر (ﷺ) بە بـەزەیی و نـەرم ونیـان بـوو وەکاتێك بینـی ئێمـە شــەیدا وتامــەزرۆی خێــزان و کــەس و کارمــانین پــێی فــەرموین: بگەڕێنـەوە وەتیایانـدا بـن و فێریـان بکـەن، واتـە لـە شەرع فێریان بکەن.

بـەڵکو لەمــەش ئاشــکرا و ڕوون تــر فەرمودەکەی(الشفاء کچی عبد الله)یە کە دەفــەرموێت:"لــە لای حەفصــە بــووم ، پێغەمبەری خـواش(ﷺ)هـات بۆ لامـان و فەرمانی پێم کـرد و ووتـی (علميها حفصة كما علّمتيها الكتابـة) واتـە: ئـەو دوعایـە فێـری (حەفصـە) بکـە وەك چـۆن فێـری نوسینت کرد)[١٠].

وەشـێخی ئـەلبانی ئـەم فەرمودەیـەی هێناوە لە ژێر ناو نیشـانی (تعلـيم المـرأة الكتابــة) پاشــان لــە فقــە و ســودەکانی فەرمودەکــەدا دەفــەرموێت : (مشـروعية تعليم المرأة الكتابة )، ومن ابواب البخاري في" الادب المفرد " (رقم ١١١٨):

( بــاب الكتابــة الى النســاء وجــوابهن) پاشان فەرمودەکەی عائشەی کچی **طلحة** دەهێنێت لەم بارەوە، کە تیایـدا هـاتووە :" خەڵکی لە شارەکانی ترەوە پرسیاری شەرعیان لە نامەدا دەنارد بـۆ عائیشـەی دایکی ئیمانداران و ئەویش بـە عائیشـەی کچــی (طلحــة)ی دەفــەرموو : ولأميــان بدەرەوە ..." [١١]، وەئیمامی بوخاری لە صـەحیحەکەیدا لـە ژێـر ناونیشـانی بـاب (هـل يجعـل للنسـاء يومـاً علـى حـدة في العلم)[١٢] فەرمودەکەی عائیشە دەهێنێت کە دەفەرموێت :" ئافرەتە ئەنصاریەکان بە پێغەمبەریان(ﷺ) فەرموو:( إجعـل لنـا يوماً من نفسك نـتعلم فيـه) [١٣]، واتـە : ( لە لایەن خۆتـەوە ڕۆژێکمـان بـۆ تـەرخان بکـە بـۆ ئـەوەی تیایـدا فێـرببین ....)، وەلـەژێر ناونیشــانی بــاب ( عظــة الامــام النساء تعليمهن ) فەرمودەکەی (عبدالله ) ی‌کوڕی (عباء) دەهێنێت کەتیایدا هـاتوە : پێغەمبەری خوا(ﷺ) ووتارێکی تایبەتی بۆ ئافرەتان داو ئامۆژگاری کردن...)

## گەورەیی پاداشتی گەڕان بەدوای زانستی شەرعی دا

گـەڕان بـە دوای زانسـتی شـەرعیدا و هەوڵـدان لـە پێنـاو بەدەسـت خسـتنیدا

(٩) اخرجه : البخاري (٦٢٨).
(١٠) سلسلة الاحاديث الصحيحة برقم (١٧٨).
(١١) سلسلة الاحاديث الصحيحة (٣٤٦/١).
(١٢)انظر : فتح البارى (٢٥٨/١).
(١٣) أخرجه البخاري برقم (١٠١) كما في الفتح (٢٥٨/١).

هۆكارن بۆ بەختەوەری مرۆڤ —چ پیاو بێت یاخود ئافرەت—لە ژیانی دونیاو دوا ڕۆژدا ،وە ئەو كەسانەی كە شەرع ناس و شارەزاو زانان لە شەرعدا زیاتر لەخوای گەورە دەترسن و پلە و پایەیان لە كەسانی تر لە ئیمانداران بەرزترە و بڵند ترە لەلای خوای گەورە.

خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ إنما يخشى اللهَ من عباده العلماءُ﴾(١٤).

واتە: تەنها بەندە شەرع زانەكان لە خوا دەترسن، و دەفەرموێت:

﴿قل هل يستوي الذين يعلمون والذين لايعلمون﴾(١٥).

واتە : بڵێ ئایا ئەو كەسانەی كە شارەزان و شەرع زانن وەك ئەو كەسانەن كە نەشارەزان؟، وە دەفەرموێت:

﴿يرفع اللهُ الذين آمنوا منكم والذين أوتوا العلم درجات ﴾(١٦).

واتە: خوا پلەی ئیمانداران لەئێوە و ئەوانەی زانستی شەرعیان پێدراوە بەرز دەكاتەوە. وەچەندەها بەڵگەی تر هاتووە لە قورئان و فەرمودە صەحیحەكانی پێغەمبەردا(ﷺ) لەم بارەیەوە لەوانە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەفەرمودەیەكدا لە(ابـو الـدرداء)ەوە دەفەرموێت لەپێغەمبەرم بیست فەرمووی( من سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهل الله له طريقاً الى الجنة وانّ الملائكة لتضع أجنحتها رضاً لطالب العلم وانّ العالم يستغفر له من فى السموات ومن فى الارض حتى الحيتان فى الماء وانّ فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب وانّ العلماء ورثة الانبياء وانّ الانبياء لم يورثوا ديناراً ولادرهماً وانما ورثوا العلم فمن أخذه أخذ بحظ وافر)(١٧). كەئەمە واتاكەیەتی:" هەر كەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ئەوا خوای گەورە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەكات، وەفریشتەكان باڵیان رادەخەن بۆ ئەو كەسەی دەگەڕێت بە دوای زانستی شەرعیدا لەبەر ئەوەی رازین بەوەی بۆی دەگەڕێن، وەهەموو ئەوانەی كە لە ئاسمانەكان و زەویدان داوای لێخۆشبون دەكەن بۆ شەرع زانەكان تەنانەت ماسیش لە دەریادا، وە گەورەیی و چاكێتی شەرع زان بە سەر پەرستكار (عابد) ەوە وەك چاكێتی و جوانی مانگ بە سەر هەموو ئەستێرەكانەوە وایە و زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، وەپێغەمبەران دینار و درهەمیان بەمیرات

(١٤) {سورة فاطر:٢٨}.
(١٥) {سورة الزمر:٩}.
(١٦) {سورة المجادلة:١١}.

(١٧) أخرجه أبو داود برقم (٣٦٤١)، وصحيح سنن ابن ماجه للالبانى (١٨٢).

بەجێ نەهێشتوە بەڵكو تەنها زانستی شەرعیان بەمیرات بەجێ هێشتوە، جا هەركەسێ بەدەستی خات ئەوا بەشێكی زۆری بەدەست ختسوە".

وەلەفەرمودەیەكی تردا هاتووە كە (صفوان) ی كوڕی عسّال: هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و فەرموی: (یارسول الله انی جئت أطلب العلم ،قال : "مرحباً بطالب العلم ، انّ طالب العلم لتحف به الملائكة،وتظله بأجنحتها ، فیركب بعضها بعضاً حتى یبلغوا السماء الدنیا من حبهم لما یطلب ...) واتە ئەی پێغەمبەری خوا من هاتووم بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرموی: "خۆشحاڵین بە هاتنی فێرخوازی زانستی شەرعی، وە فێرخوازی زانستی شەرعی (طالب العلم الشرعي) فریشتەكان دەوری دەدەن و سێبەری بۆ دەكەن بە باڵیان جاهەند ێكیان بەسەر هەند ێكیاندا دەچن بەیەكدا تا دەگەنە ئاسمانی دونیا لەخۆشەویستی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێت ... )[١٨].

وە لە فەرمودەیەكی تردا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (من یرِدِ الله به خیراً یفقهه في الدین)[١٩]. واتە :" ئەگەر

(١٨) حدیث صحیح أخرجه أحمد (٢٣٩/٤) وصحیح الترمذی (٣٥٣٥ )وصحیح سنن ابن ماجه للالبانی برقم (٢٢٦).

(١٩) أخرجه البخاري برقم (٧١) كما في (الفتح ٢١٦/١).

كەسێك خوا خەیروچاكەی بۆ بوێت ئەوا شارەزا و زانای دەكات لە ئیسلام".

## گەورەیی پاداشتی فێركردنی زانستی شەرعی

هەروەها ئەو كەسەی كە موسڵمانان و كەسانی تر فێردەكات و شارەزایان دەكات لە قورئان و فەرمودە پیرۆزە صەحیحەكانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە پێی تێگەیشتن و كردەوەی سەلەف و زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و بەشێوەیەكی چاك و ڕاست و ڕوون، شارەزایان بكات لە بیروباوەڕ و ڕێبازی سەلەف و ئەركە شەرعیەكان و حەڵاڵ و حەرام و چاكە و خراپە و یەك خوا پەرستی و شیرك بڕیاردان و سوننەت و بیدعە و ... هتد ، ئەو كەسە كە مامۆستا و فێركەری زانستی شەرعیە بەهەمان شێواز پاداشتێكی زۆریان دەست دەكەوێت.

لەعوسمانەوە خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (خیركم من تعلَّم القرآنَ وعلَّمه)[٢٠]، واتە :( چاكترینتان ئەو كەسەیە كە قورئان فێردەبێت و كەسانی تریش فێردەكات )، وە لە(ابو أمامە الباهلی)ەوە خوای لێ ڕازی بێ

(٢٠) أخرجه البخاري برقم (٥٠٢٧).

دەگێڕنەوە فەرموویەتی :ذكر لرسول الله رجلان أحدهما عابد والاخر عالم ،فقال رسول الله (ﷺ) :فضل العالم على العابد كفضلي على أدناكم ،ثمّ قال رسول الله (ﷺ)"انّ الله وملائكته واهل السماوات والارضين حتى النملة في جحرها وحتى الحوت ليصلّون على معلّم الناس الخير"[٢١].

هەروەها حديسی "من علّم علماً فله اجر من عمل به لاينقص من اجر العامل"[٢٢]، واتە : هەرکەسێ زانستێکی شەرعی فێری خەڵك بكات ئەوا پادشتی دەست دەکەوێت وەك ئەوەی کردەوەی پێدەکات ،وەلە پاداشتی بکەرکەم نابێتەوە .وەلە (أبو مسعود ) الأنصاری یەوە دەگێڕنەوە کەپێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (من دلّ على خيرٍ فله مثلُ أجرِ فاعلِهِ)[٢٣]، واتە: ( ئەو کەسەی کە چاکەیەك پێشانی کەسێك بدات ئەوا پاداشتی دەست دەکەوێت وەك پاداشتی ئەوەی چاکەکە دەکات ). وەلە (أبو هريرة )وە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی : (من دعا إلى هدى كان له مِن الأجر مثل أجور من تبعه لاينقص ذلك مِن أجورهم شيئاً)[٢٤]، واتە:( هەرکەسێك بانگەواز و ڕێنوێنی بۆ ڕوناکی، واتە" زانستی شەرعی " بکات ئەوە پاداشتی دەست دەکەوێت بەقەد پاداشتی ئەوانەی کە شوێنی دەکەوون، لە کاتێکدا پاداشتی ئەوان هیچ کەم نابێتەوە).

دیسان لە(أبوهريره)وەلە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (إذا مات ابن آدم إنقطع عملُه إلاّ مِن ثلاث: صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعوا له)[٢٥]، واتە: ئەگەر ئادەمیزاد مرد ئەوا کردەوەکانی دەبڕێتەوە تەنها لە سێشت دا نەبێت:

- چاکەبەخشینێکی بەردەوام.
- یان زانستێکی شەرعی کە سودی لێ ببینرێت بەجێی هێشتبێت لە دوای خۆی.
- یان مندالێکی چاکی هەبێت دوعای بۆ بکات.

## چی پێویستە لە سەر ئافرەتان فێری ببن؟

پێویستە لەسەر هەموو موسلمانێك-پیاو بێت یا خود ئافرەت-ئەوەندە لە شەرع شارەزابێت و فێربێت کە بتوانێت خوا پەرستی و هەڵسوکەوت و کاروباری ڕۆژانەی لەگەڵ دەوروبەریدا لە مرۆڤ و

(٢١) صحيح سنن الترمذي برقم(٢٦٨٥ )،صحيح الجامع الصغير المرتب على الابواب الفقهية (٢٢) (٦٤/١).
(٢٢) صحيح الجامع الصغيرالمرتب على الأبواب الفقهية برقم (٣٢)(٦٦/١).
(٢٣) أخرجه مسلم برقم (١٨٩٣).
(٢٤) أخرجه مسلم برقم (٢٦٧٤).
(٢٥) أخرجه مسلم برقم (١٦٣١).

زینـدەوەر و دروسـت کراوەکـانی تـری خوای پـەروەردگار بەشـێوازێکی ڕاسـت و ڕێــك کــە چــۆن خــوای گــەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕونیـان کردوەتـەوە ئـەنجامی بـدات. ئیمـامی ( الحـافظ ابـن حجر ) لە ( فتح الباری ) دا دەفەرموێت:

( وقوله عزوجـل : [ وقـل رب زدني علما][٢٦] واضح الدلالة في فضل العلم، لأن الله تعالى لم يأمر نبيه (ﷺ) بطلب الإزديـاد في شيء إلا من العلم، والمراد بالعلم :العلم الشرعي الذي يفيد معرفة ما يجـب علـى المكلف من امر دينه في عباداته ومعاملاتـه والعلم بالله عزوجل وصفاته وما يجب له من القيام بأمره، وتنزيهه عن النقائص ومـدار ذلك على التفسير والحـديث والفقـه)[٢٧]، واتە:( ئـەم ووتەیـەی خـوای گـەورە "کـە واتاکـەی ئەمەیـە"(وەبڵـێ پـەروەردگارم زانسـتم زیـاتر بکـە) بەڵگەیـەکی ڕونـە لەسـەر گـەورەیی و چـاکەی زانسـت، چونکە خوای پایەبەرز فەرمانی نـەکردوە بــە پێغەمبەرەکــەی (ﷺ) کــە داوای زیـادکردنی هـیچ شـتێك بکـات جگـە لـە زانسـت نـەبێت و مەبەسـت لـە زانسـت: زانسـتی شـەرعیە کەئـەوە دەگەیـەنێت، شـارەزابوون لـەوەی پێویسـتە لەسـەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لەسەر(مکلـف) لـەبواری ئاینەکەیـدا لەپەرسـتنەکانیدا و لەهەڵس و کەوتیدا، وزانیـاری دەربـارەی خـوای گـەورە و سـیفەتەکانی وەئـەوەی کەپێویستە لەپێناو ئەودا پـێی هەڵبسـێ لەفەرمانـەکانی، وپـاك ڕاگرتنـی لەکـەم و کـوڕی، وەهـەموو ئەوانـەش ڕاوەسـتاون لەسەر تەفسیر و فەرمووده و فقە).

بـەلاَم ئافرەتـان هەرچـەندە جیـاوازی نیە لە نێوان ئەوان و پیاوانـدا لـە(واجـب) ێتی فێربوونی ئـەو زانسـتە گشـتیانە کـە هاوبەشە لـەنێوان هـەردوو ڕەگەزەکـەدا، دەبێــت لــە هەنــدێك بــواری تــردا کەتایبەتمەنـدە بـەئافرەتان شـارەزابن و فێربن، ئەویش دەتوانین بـەم شـێوازەی خوارەوە ڕونی کەینەوە:

**أ- زانستە هاوبەش و گشتی یەکان:**

–زانســـتی بیروبـــاوەڕ(العقیـــدة) و یەکخواپەرسـتی (التوحیـد) بـۆ ئـەوەی بتوانێت خۆی بپارێزێت لە هاوەڵبڕیـاردان و بێ باوەڕی (خوا پەنامان بدات).

–پەرستنەکان(العبادات) وەبەتایبـەت ئەو پەرستنانەی کـە(فـرض) و پێویسـتە لەسەر هەموو موسڵمانێك، وەك: چۆنێتی دەست نوێژ و خۆشوشتن (غُسل) و نوێـژ و ڕۆژو زەکات و حەج، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەکەم تەرخەمی و بیدعە بپارێزێت.

---

(٢٦) {سورة طه:١١٤}.

(٢٧) فتح الباري شرح صحيح البخاري (١٨٧/١).

–فێربـوونی خوێندنـەوەی قورئـان و تەفسیر کە ئاسانکەر و یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەقورئان.

–ژیـان نامـە و سـیرەی پێغەمبـەری خوا(ﷺ).

–ڕەوشـتە بـەرز و پیرۆزەکـان وەك: ئـەدەب و ڕەوشـتەکانی هـەڵس و کـەوت کـردن لـە گـەڵ بـاوك و دایك و گـەورە و منـداڵ و هـاوەڵ و دەرهاوسـێ و گیـان لەبـەرانی تـر، وەئەدەبـەکانی لـەماڵ دەرچوون و هاتنەوە و سـەردان و چوون بـۆ مزگـەوت و دەرچـوون لـە مزگـەوت و ئـەدەبی چـوونە سـەر ئـاو و خـۆ پاککردنـەوە و دەرچـوون لەسـەر ئـاو و چـۆنێتی ئـەو جـل و بەرگانـەی کـە لـە بەردەکرێت ... هتد.

ب- **زانسـتە تایبەتمەنـدەکان بـە ئافرەتان:**

–حوکمـەکانی بـێ نوێـژی(حـیض) و زەیسانی(نفاس) و نەزیفی ( إستحاضة).

–حوکمـەکانی مێرکـردن (النکـاح) و تەعزیە باری (حداد) و پۆشاك( حجاب) و خۆرازاندنەوە (التزین).

–مافەکانی مێرد لەسـەر ئـافرەت بـۆ ئەوەی بە جوانی جێ بەجێ یان بکات.

–ژیاننامـــەی ئافرەتـــانی ســـەلەف بەتایبـەت خێزانـەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) و ئافرەتانی صەحابە.

## شەرم کردن ڕێگر نییە لەفێربوونی زانستی شەرعی دا

ئاشـکرایە کـە سـیفەتی شـەرم کـردن شتێکی سروشـتی یـە لەئافرەتـدا، بـەڵام زانایـانی شـەرع پێناسـەی شـەرم کـردن بەوە دەکەن کە:

شـەرم کـردن: ئـەو سـیفەتە بـەرز و پیرۆزەیە کە بەردەوام هانـدەرە بـۆ دوور کەوتنـەوە لـەکاری خـراپ و نابـەجێ و دوورکەوتنەوە لەکـەم تەرخـەمی لـەمافی خاوەن مافـەکان[٢٨]، وەپێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەچەندەها فەرمودەدا باسی شـەرم کردنی بەچاکە کـردووە و بـە یـەکێك لـە بەشەکانی ئیمانی داناوە،پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (الحیاءُ كلُّه خیر)[٢٩].

واتـــە: شـــەرم کـــردن هـــەمووی خەیروچاکەیە. ودەفەرموێت: (الحیاءُ شعبةٌ مِن الإیمان)[٣٠].

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا شـەرم کـردن نابێتە ڕێگر لە فێربوونی زانستی شـەرعی و ئەم ڕاستیە زۆر بەئاشکرا و بەڕاشکاوی ڕەنگـی داوەتـەوە لـە ژیـانی ئافرەتـە صـەحابیەکان، بۆیـە دەبیـنین عائیشـە (رضي الله عنها) لەفەرمودەکەیدا وەسفی

(٢٨) انظر :"شخصیة المرأة المسلمة كما یصوغها الإسلام في الكتاب والسنة " د . محمدعلي الهاشمي ث(٣١٦).

(٢٩) أخرجه مسلم برقم (٣٧).

(٣٠) أخرجه مسلم برقم (٣٥) .

ئافرەتـــە ئەنصـــاریەکان دەکـــات و دەفـــــەرموێت:" باشـــترین ئـــافرەت ئافرەتانی ئەنصار بوون، چونکە شـەرم کـردن ڕێی لـێ نـەدەگرتن لـەفێربوونی شەرعدا "[(٣١)]، وە لە چەندەها فەرمودەدا هاتووە کە ئافرەتان هەوڵیان داوە فێری شەرع ببن و شـەرمیان نـەکردوە. دایکی ســولەیمی کچــی مــەلحان کــە دایکــی ئەنەســی کــوڕی مالکــە هــات بــۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە ووتـی:"یارسول الله إنّ الله لایستحی من الحق، فهل علـی المرأة من غسل إذا احتلمت ؟فقال رسـول الله (ﷺ) : نعم إذا رأت الماء"فغطـت أم سلمة تعنی وجهها-وقالـت یارسـول الله وتحتلم المرأة ؟ قال نعم ،تربت یداكِ، فـبم یشبهها ولدها؟ "واتـە: ئـەی پێغەمبـەری خوا (ﷺ) خـوای گـەورە لـە حـەق شـەرم ناکات، ئایا ئـافرەت خۆشـۆردن(غسـل)ی لەسەرە ئەگەر لەخەودا وای بینـی لەشـی گرانبـــوە، پێغەمبـــەری خـــوایش (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ ئەگـەر ئـاوی بینـی، جـا لەوکاتـەدا (أم سـلمە) لـە شـەرم کردنـدا ڕووی خۆی داپۆشیو ووتی:

ئـــەی پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) ئایـــا ئافرەت لەخەودا لەش گران دەبێت؟

پێغەمبـەری خـوایش (ﷺ) فـەرمووی بەڵێ(دەستی ڕاستت بچێت بە خۆڵدا)[(٣٢)] ئـەی ئەگـەر وا نـەبێت چۆن منداڵەکـەی شێوازی دەچێتە سەر دایکی"[(٣٣)].

وەلـە ڕیوایـەتێکی تـردا هـاتووە کـە دایکـی سـولەیم هـات بـۆ لای پێغەمبـەر (ﷺ) وەعائیشـەیش (رضـي الله عنهـا)لـە لای بـــوو، وەکاتێـــك دایکـــی ســـولەیم پرسیاری کرد، عائیشە ووتی: ئەی دایکی ســـولەیم(فضـــحتِ النســـاءَ)[(٣٤)] واتـــە: ئابڕووی ئافرەتانت برد .

ئیمامی (ابن حجر) دەفەرموێت: (قوله لا یستحي من الحق) واتـە: خـوای گـەورە فەرمان ناکات بەشەرم کـردن لـە حـەق و ڕاستیدا، وەدایکی سولەیم ئـەم ووتەیـەی کـرد بـە پێشـەکی یـەك بـۆ بیانویـەك لـە باسکردنی ئەوەی کـە ئافرەتـان شـەرمی لێ دەکـەن باسـی بکـەن بـەئامادەبوونی پیاوان، لەبەر ئەوە عائیشە پێ ی ووت:" فضحتِ النساءَ" واتە:ئابڕووی ئافرەتانـت برد[(٣٥)].

وەلە فەرمودەیەکی تـردا هـاتووە کـە دایکی سەلەمە (رضي الله عنها) پرسیاری

---

(٣١) أخرجه البخاري ( باب الحیاء في العلـم ) کمـا في "الفـتح" :(٣٠١/١). ومسلم برقم (٣٣٢).

(٣٢) ووتەی :"دەستی ڕاستت بچێت بە خۆڵدا" مەبەست پێ ی ئەوەیە: تووش خێرو چاکە ببی، چونکە خۆڵ نیشانەی خێرە لە ناو عەرەب دا.

(٣٣) أخرجه البخاري برقم (٢٨٢) ومسلم برقم (٣١٣).

(٣٤) أخرجه مسلم برقم (٣١٣).

(٣٥) انظر : "فتح الباري شرح صحیح البخاري"(٥٠٤/١).

کرد له پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی چۆنێتی خۆشوشتنی بێ نوێژی و خۆشوشتنی لەش گرانی[٣٦].

وەلەفەرمودەکەی (أسماء) دا ئەویش پرسیاری چۆنێتی هەردوو خۆشۆردنەکەی کرد، هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ ی ووت :"......ثمّ تأخذ فرصة ممسكة فتطهر بهـا، فقالت أسماء: وكيف تطهر بهـا ؟فقـال: سبحان الله تطهرين بها" فقالـت عائشـة (كأنها تخفى ذلـك )تتـبعين أثـر الـدم ....."" واتە: دوای خۆشۆردنی بێ نوێژی پاشان پارچەیەك لۆکە کە میسکی پێوەکرابێ دەهێنێ بۆ ئەوەی خۆی پێ پاك بکاتەوە، جا (أسماء) ووتی: چۆن خۆی پێ پاك بکاتەوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) لە شەرمدا ووتی:(سـبحان الله تطهرين بها) جا عائیشە دەفەرموێت: وەك چۆن بلێی ئەوەی ژێر بە ژێر پێ ی ووت پارچە لۆکەکە دەهێنێت بەسەر شوێنەواری خوێنەکەدا[٣٧].

## لەم فەرمودانە و چەند فەرمودەی تر دەردەکەوێت کە:

ئافرەتان شەرم کردن لەلایان نەبوەتەڕێگر لە فێربوونی زانستی شەرعی و ئەرکە شەرعیەکان، وەیەکێك لە زانایانی "تابعین" کە ئیمامی "مجاهد"ە دەفەرموێت: "لايتعلم العلم مستحي ولامستكبر"

"دوو کەس فێری زانستی شەرعی نابن: کەسێك شەرم بکات وە کەسێك لووت بەرزو خۆ بە گەورە زان بێت"[٣٨].

## ئافرەتان چۆن زانستی شەرعیان بەدەست دەخست لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)؟

ئافرەتانی سەلەف و بەتایبەت ئافرەتانی صەحابە زۆر سور بوون لەسەر فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی و بەدڵێکی گەرم و زۆر بەپەرۆشەوە ڕویان دەکردە ئەو جێگایانەی کە زانستی شەرعی تیادا باس دەکرا و بڵاو دەکرایەوە، وەبەردەوام پرسیاریان دەکرد و بەدوای تەفسیر و واتای ئایەت و فەرمودەکاندا دەگەڕان، وەئافرەتان لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەگەر کارێکیان لێ ئاڵۆز ببوایە و پێویستی بەزانستێکی زیاتر بکردایە، دەیانزانی لە چی جێگایەك ئەو زانستەیان دەست دەکەوێت، وەئەگەر ورد بیتەوە لەو ڕێگایانەی کە ئافرەتان لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

---

(٣٦) أخرجه مسلم برقم (٣٣٠).

(٣٧) أخرجه مسلم برقم (٣٣٢).

(٣٨) أخرجه البخاري (باب الحياء في العلم ) كما في ( الفتح ٣٠١/١).

دەیانگرتەبەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی، بۆت دەردەکەوێت کە بەم شێوازانەی خوارەوە بووە:

١- ئامادەبوونی جێگاو مەجلیسە تایبەت مەندەکان بەئافرەتان:

ئەمەیش زیاتر لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کەئافرەتان داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێکیان بۆ تایبەت بکات بەمەبەستی فێرکردنی ئافرەتان لە زانستی شەرعی و شارەزابوون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لەفەرمودەکەیدا هاتووە کە ئافرەتانی ئەنصار ووتیان بە پێغەمبەر (ﷺ) : "إجعل لنا من نفسك يوماً نتعلّم فيه ،فقد غلبنا عنك الرجال ،فقال موعدكن دار فلانة ، فأتاهن فيها فوعظهن وذكرهن وعلّمهن " واتە : لەلایەن خۆتەوە ڕۆژێکمان بۆ تایبەت بکە بۆئەوەی تیایدا فێری زانستی شەرعی ببین، چونکە پیاوان زۆرتر بەشیان دراوە لەلایەن تۆوە، پێغەمبەریش (ﷺ) لەوەلامدا فەرموی:" جێگای کۆبونەوەتان مالّی فلانەکەسە، پاشان هات بۆ لایان لەو مالّەدا و ئامۆژگاری کردن و بیریانی خستەوە و فێریانی کرد"[٣٩]. وەلە ریوایەتەکەی ئیمامی (مسلم) دا (أبو سعيد الخدري) دەفەرموێت: جائت إمرأة الى رسول الله فقال يارسول الله ذهب الرجال بحديثك فاجعل لنا من نفسك يوماً نأتيك فيه ، تعلّمنا مما علّمك الله ، قال إجتمعن يوم كذا وكذا فاجتمعن فأتاهن رسول الله فعلّمهن مما علّمه الله ....."ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا فەرمودەکانی تۆ پیاوان بردویانە و بەرئەوان دەکەوێت، جارۆژێك بۆ ئافرەتان لەلایەن خۆتەوە تەرخان بکە تیایدا دێین بۆلات فێرمان بکە لەوەی کە خوا فێری کردوی، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموی:" کۆببنەوە فلانە ڕۆژ لە فلانە شوێندا،جا ئافرەتان کۆبونەوە و پێغەمبەریش (ﷺ) هات بۆلایان و فێری کردن لەوەی کەخوا فێری کردبوو..."[٤٠].

٢-ئامادەبوونی جێگا و مەجلیسە گشتیەکان: وەك ئامادەبوونی ووتاری ڕۆژی هەینی(خطبة الجمعة) و ووتاری هەردوو جەژنی( ڕەمەزان و قوربان) و ووتاری خۆرگێران و ووتاری پێویست بۆ روداوێکی نائاسایی و ووتاری حەجی مالّ ئاوایی و...هتد.

عن أخت العمرة بنت عبد الرحمن قالت:" أخذت [ق والقرآن المجيد] من في

(٣٩) أخرجه البخاري برقم (١٠١) كما في ( الفتح ٢٥٨/١).

(٤٠) اخرجه : مسلم(٢٦٣٣).

رسول الله(ﷺ) يوم الجمعة، وهو يقرأ بهـا على المنبر في كل جمعة"**(٤١)**.

واته: (سورەتی {ق والقرآنِ المجيد}م وەگرت و فێربووم لەدەمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لە ڕۆژی هەینیدا کاتێ ئەو دەیخوێندەوە لەسەر مینبەر لەهەموو جومعەیەکدا).

وعن بنت الحارثة بن النعمان قالت: (ما حفظت {ق} إلاّ من فيّ رسـول الله (ﷺ) يخطب بها كل جمعة، قالت : وكان تنورنـا وتنور رسول الله (ﷺ) واحداً)**(٤٢)**.

واته: سورەتی {ق}م لەبەر نەکرد تەنها لەدەمی پێغەمبەری خواوە نەبێ (ﷺ) دەی کرد بەووتاری هەموو هەینیەك، وەدەیووت: تەنوورەکەی ئێمە و تەنورەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەك بوون.

ئیمامی ( النووی) دەفەرموێت(قولها :" وكان تنورنا وتنور رسول الله (ﷺ) واحداً" إشارة إلى حفظها ومعرفتها بأحوال النبي (ﷺ) وقربها من منزله)(٤٣).

واتە: ئەو ووتەیە ئاماژەیە بۆ لێهاتووی ئەو ئافرەتە لە لەبەرکردن و شارەزایی بەکاروبار و ژیانی ڕۆژانەی پێغەمبەر (ﷺ) و نزیکی ماڵی ئەو ئافرەتە لە ماڵی پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

ب / عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال: خرج رسول الله (ﷺ) في أضحى أو فطر فصلى فمر على النساء فقال:" يـا معشر النساء، تصدقن فإني رأيتكن أكثـر أهل النار، فقُلْن: وبِم يا رسولَ الله ؟ قال:" تكثرونَ اللعن، وتكفِرنَ العشير" (٤٤). واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ نوێژگە (المصلَّى) لە جەژنی قوربانـدا یان لەڕەمەزانـدا، دای بەلای ئافرەتانـدا و فەرموی:" ئەی کۆمەڵەی ئافرەتان ماڵ ببەخشن و چاکە بکەن چونکە من بینیم ئێوە زۆرینەی خەڵکی ئاگرن، ووتیان: بەچی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرموی:" زۆر لەعنەت دەکەن و چاکەی مێردەکانتان لەبەرچاو نی یە".

وەئیمامی بوخاری لە ژێر ناو نیشانی باب (موعظةالإمام النساء يوم العيد) فەرمودەکەی (جابر) (٤٥) و ( ابن عباس) (٤٦) یشدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای ووتاری ڕۆژی جەژن بەتایبەت هات بۆلای ئافرەتان و ئامۆژگاری کردن و ترسی خوای بیریان خستەوە و فەرمانی پێکردن کە ببخشن و خەیر بکەن.

---

(٤١) اخرجه : مسلم(٨٧٢).
(٤٢) اخرجه : مسلم(٨٧٣).
(٤٣) انظر : شرح صحيح مسلم(١٤٦/٦).
(٤٤) أخرجه البخاري برقم (٣٠٤).
(٤٥) أخرجه البخاري برقم (٩٦٨) ومسلم برقم (٨٨٥).
(٤٦) أخرجه البخاري برقم (٥٢٤٩) ومسلم برقم (٨٨٤).

ج- ئەسمائی کچی( ابو بکر) (رضي الله عنها) دەفەرموێت:

"لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) خۆرگیرا...جا کاری خۆمم تەواو کرد، پاشان هاتم و رۆیشتمە ناو مزگەوتەوە و بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) راوەستاوە منیش لەدوایەوە راوەستام جا زۆر راوەستام هەتا وام بینی کە دانیشم بەڵام بەرم دەکردە لای ئافرەتی لاوازەوە و دەم ووت: ئەمە لەمن لاوازترە..."[٤٧].

وەدەفەرموێت:" پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە وەستا ووتاری خوێند - دوای نوێژی خۆر گیران - جا باسی سزای ناو گۆڕی کرد..." تا کۆتایی فەرمودەکە[٤٨].

د- (فاطمة) ی کچی قەیس کە یەکێکە لەئافرەتە کۆچکەرە دێرینەکان دەفەرموێت:" لەناو خەڵکدا بانگکرا (ان الصلاة جامعة) جا منیش دەرچووم و رۆیشتم وەك ئەو خەڵکانەی کە دەرچوون بۆ مزگەوت، جا نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا من لە ریزی پێشەوەی ئافرەتان بووم کە بەدوای ریزی کۆتایی پیاوانەوە بوو..."[٤٩].

(٤٧) أخرجه مسلم برقم (٩٠٦).

(٤٨) أخرجه البخاري برقم (١٣٧٣).

(٤٩) أخرجه مسلم برقم (٢٩٤٢).

هـ- (أم الحصين) دەفەرموێت: حەجی ماڵ ئاواییم لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد جا زۆر ووتاری خوێند، پاشان بیستم دەیفەرموو:..."[٥٠].

٢- ئافرەتان دەڕۆیشتن بۆ ماڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ دەربڕینی سکالاَ و شکات و گلەیی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وەبۆ پرسیار کردن و داوای روون کردنەوە لە بوارەکانی ژیاندا بە تایبەت لە بواری ژیانی ژن و مێردایەتی و ئەو حوکمانەی کەتایبەتە بە ئافرەتان وەك (حیض) و (طلاق) و(خلع) و...هتد، بەمەبەستی گەیشتن بە حوکمی خوا تیایدا. چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك مامۆستا و پەروەردەکەرێك دەرگای دانەدەخست لەرووی هەرکەسێك زانستی شەرعی بیویستایە. وەنموونە لەم بارەوە زۆرە لەوانە:

أ- زەینەبی خێزانی (عبد الله) ی کوڕی مەسعود هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەماڵدا پرسیاری کرد دەربارەی نەفەقە و بەخشینی خێر لەسەر مێرد و کەس وکاردا.[٥١].

ب- سوبەیعەی ئەسلەمی کاتێك مێردەکەی مرد سك پڕ (حامل)ە بوو،

(٥٠) أخرجه مسلم برقم (١٢٩٨).

(٥١) أخرجه البخاري برقم (١٤٦٦) ومسلم برقم (١٠٠٠).

بەدوای چەند شەوێکدا منداڵی بوو، پاشان ویستی شوو بکات بەڵام (أبو السنابل) پێ ی ووت تۆ هێشتا حەڵاڵ نەبویت بۆ شووکردن تا چوار مانگ و دە ڕۆژ تەواو نەکەیت. ئەویش هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کرد و باسی مەسەلەکەی خۆی و قسەکەی (أبو السنابل)ی بۆ کرد[٥٢]... و هتد.

ڕۆڵی ئافرەتانی سەلەف لە گێڕانەوەی فەرمودەدا.

ئافرەتانی صەحابە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبووە لە گواستنەوە و گێرانەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بەتایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ماڵی هەر یەکێکیان قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی ،بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ واذكرن ما يتلى في بيوتكن من آيات الله والحكمة﴾[٥٣].

واتە: ( ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە بیری خۆتانی بخەنەوە ئەوەی لە ماڵەکانتانا دەخوێنرێتەوە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)).

- ژمارەی ئەو ئافرەتە صەحابیانەی کە فەرمودەیان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێراوەتەوە دەگاتە (٢١٦) ئافرەت لەگەڵ هەر نۆ خێزانەکەی پێغەمبەردا (ﷺ).
- بەڵام خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەتەنها (٣٢٠٠) فەرمودەیان گێراوەتەوە بە پێی ئەم نەخشەیەی خوارەوە: (ﷺ)
- (عائشه_٢٢١٠، أم سلمه_٣٧٨، میمونه_٧٦، أم حبيبه_٦٥، حفصه_٦٠، زينب_١١، صفيه_١٠، جويريه_٧، سوده_٥).

لە کۆتاییدا ئەڵێم ئەم نووسراوە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئیسلام چەند گرنگی داوە بە ئافرەتان لە بواری فێرکردنی زانستی شەرعی دا، وەئافرەتانی سەلەف بۆ فێربوون و بەدەست خستنی زانستی شەرعی چەندین ڕێگای جۆراو جۆریان گرتووەتە بەر بۆ ئەم مەبەستە بەرزە، ئەوەیشمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەهلی سوننەت و سەلەفیەکان هاندەر و یارمەتیدەری ئافرەتانن لە ئاستی فێربوون و فێرکردنی ئافرەتان لە زانستە شەرعیەکان، بەڵام لەسنووری شەرعدا و بە پێ ی مەرجە شەرعیەکان کەلەجێ ی خۆیدا باس کراوە. بۆیە داوا لەئافرەتان بەگشتی دەکەم کە زۆر بە گەرمی ولێهاتویەوە

---

(٥٢) أخرجه البخاري برقم (٥٣١٨) ومسلم برقم (١٤٨٤).
(٥٣) {سورة الأحزاب:٣٤}.

ڕوو لــە زانســتی شــەرعی بکــەن وهــەوڵی فێربــوون وفێرکردنــی بــدەن لــەڕێگای خوێنــدنی دەرسـی شــەرعی وگـوێ گـرتن لەکاســـێت وخوێندنـــەوەی کتێـــب ونامیلکــەی زانــا وخێرخــوازانی زانســتی شــەرعی ســەلەف وئــەهلی ســوننەت وجەماعــەت، وەهــەروەها داوا لــەباوکان وبرایــان وبــەخێوکاران بەگشــتی دەکــەم ئەوانـــەی بەرپرســـێتی ئافرەتانیـــان لەگەردنداپــە: هــەموو ئــەو پێویســتیانە دابــین بکــەن بــۆ ئافرەتــان بــۆ ئــەوەی ئـــــەوانیش ســـــوودمەند بـــــن بەزانستەشەرعیەکان.بە پشتیوانی خـوای گــەورە چــاوەڕوانی بابــەتی دووەم بــە بەناونیشانی: (**زاناترین ئافرەتی دونیا**).

## سەرچاوەکان:

١- دور المرأة في خدمة الحديث في القرون الثلاثة الأولى
آمال قرداش بنت الحسين.

٢-المرأة حقوقها وواجباتها في الكتاب والسنة.
خير الدين وانلي.

٣ -شخصية المرأة المسلمة كما يصوغها الإسلام في الكتاب والسنة
د. محمد علي الهاشمي.

# أختاه أين تذهبين

إعداد/أ. أحمد عمران

ترجمة/أ. حمه أمين أحمد برزنجي

بسم الله الرحمن الرحيم

خوشکی بەڕێزم ..... بۆ کوێ دەچیت؟

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە صلاوات و سەلام لە سەر نێراوی خوای گەورە (ﷺ).......دوای ئەوە.

خوشکی بەڕێزم :- فرمێسکەکان هاتوونە گوفتار، ئەی گوێ بیستەکان لە کوێن؟ ڕاستییەکان دەرکەوتن، شوێن هەڵهاتنیان لە کوێیە؟ ڕێگای ڕۆشن بووە وە، ڕێبوارەکەی لە کوێیە؟ ئەی تۆ بەرەو کوێ دەچیت؟ مل بۆ کوێ دەنێیت؟ بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ؟ ئەی بێ ئاگایت لەوەی هەموو چرکەکانی ژیانت دەنوسرێت و گوفتارەکانت کۆ دەکرێنەوە و چی بەدڵتا دێت دەزانرێت و هەڵسوکەوتەکانت ژمارە دەکرێن.

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾[1].

واتە : ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت بێ لێ پرسینەوە وازی لێ دەهێنرێت؟. وا مردن یەخەی گرتی و کۆتایی ژیانتە، تاڵە مووی سپی، نزیك بوونەوەی ئەوا کۆتایی ژیانتە پێ ڕائەگەیەنێت، لەبەر دەمتا چەند قۆناغێك هەن دەبێ بە ناویاندا تێ بپەڕیت، دەتۆش ڕاپەڕە لەخەوی بێ ئاگایی و ئاگادار بەرەوە.

یەکەم قۆناغ :- مردنە، خوای گەورە بە کارەسات ناوی بردووە (مصیبة) فەرموویەتی:

﴿إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾[2]

واتە : کاتێ بەزەویدا ڕۆیشتن بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزیتان و کارەساتی مردن یەخەی گرتن. هەندێ لە زانایانیش دەربارەی مردن ووتویانە:- (بزانە توندو تیژی ئازاری گیان کێشان، کەس هەست بە ڕاستییەکەی ناکات و نایزانێت چۆنە، جگە لەوانەی ئازارەکەی دەچەژن، ئەوانەش کە هێشتا ئازارەکەیان نەچەژتووە وائەزانن وەك ئەو ئازارە جەستەییانە کە هەستی پێ دەکەن. بە پێوانە کردن (القیاس). چونکە ئازاری گیان کێشان هێرش دەکاتە سەر گیانەکەخۆی (الروح) هەموو بەشەکانی تری جەستەش دەگرێتەوە لە دەمارو

(١) {سورة القيامة:٣٦} .

(٢) {سورة المائدة:١٠٦} .

خوێن بەر و خوێن هێنەر و جومگە و بنی مووەکــان و پێســتی جەســتەکەش لــە تەوقی سەرەوە هەتا بەری پێ، مەپرسە لە گرانی و ناخۆشی و ئازارەکـەی، هـەتا ووتویانە: ئازاری گیان کێشان توند تـرە لە شمشێر لێدان و داهێنـان بـە مشـار و قرتاندن بە گاز، چـونکە ئـازاری شمشـێر لێدان و داهێنان بـە مشـار و قرتانـدن بـە گاز و شـێوەکانیان ئـازار ئەچێژێ لەبـەر ئــەوەی پەیوەســتن بــە گیانــەوە، ئــەی چــۆنە ئەگــەر ڕاکێشــراوو داماڵراوەکــە گیانەکـە خـۆی بێـت؟، بەڕاسـتی لێ دراو بۆیە هاوار دەکـات و دەقیـژێنێت چـونکە هێز لە دڵ و دەروونیدا ماوە، بەڵام ئەوە خەریکــە گیــانی دەکێشــرێت دەنــگ و هاواری دەبڕێت و لاواز دەبێت و لەپـەل و پـۆ دەکـەوێت چـونکە گرانـی ئازارەکـەی زۆر کاری کردۆتە سـەری و سـەرکەوتووە بەسـەر دڵێـداو پـەکی دڵـی خسـتووە بـە شـێوەیەك ئازارەکــە هــەموو جەســتەی گرتۆتـــەوە و هــــەموو بەشـــەکانی و ئەندامــەکانی تێــك داوە و هێــزی هــاوار کردنی لێ بڕیوە، ئازاری گیان کێشانە کە مێشکی تێك داوە و زمانیشی لاڵ کردووە و چوار پـەلی لـە جووڵـە خسـتووە، بۆیـە ئەوکەسەی لـە گیانەلادایـە حـەز دەکـات ئەگەر بتوانێت بە تکە تکو هاواریش بێت کەمێك بحەوێتەوە، بـەڵام ناتوانێـت، جـا ئـەو کەسـەی گیـانی دەکێشـرێت ئەگـەر هێزی تێدابمێنێ غـەر غـەرە و دەنـگ لـە قــوڕگ و ســنگیەوە دەبیســتی و ڕەنگــی دەگۆڕێـــت و لەبـــەر ئـــەوەی ئازارەکـــە نــاوەوەو دەرەوەی لاشــەی گرتۆتــەوە، هـەتا چـاوەکانی بـەرز دەبنـەوە بـۆ لای بەشـی سـەرەوەی پێڵوەکـانی و زمـانی دەچێتەوە یەك و سەر پەنجەکانی سـەوز دەبێت، لە حاڵی ئەو جەستەیە مەپرسـە لە کاتێکدا هەموو دەمارەکانی ڕیشەکێش دەکـرێن ، پاشــان ئەندامــەکانی لــەش هـــــەمووی ووردە ووردە دەمــــــرن لەسەرەتاوە هەردوو پێی سارد دەبنەوە و پاشــان لولاقــەکانی و پاشــان هــەردوو ڕانـی، هـەر ئەندامـەش ئـازار دوای ئـازار ناخۆشـی دوای ناخۆشـی دەبێـت هـەتا گیان دەگاتە گەرووی، ئەوکاتە چاوی لـە دونیاو کـەس و کـاری دەبڕێـت ودەرگـای تەوبەشــی لەســەر دادەخرێــت[٣]، ئــەی گیان دەرهێنەری ئەو کەسانەی لەسـەرە مــەرگ دان ئــەی لێبــوردە لــە تــاوان لــە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزە.

قۆناغی دووەم : گۆڕە : كان عثمـان (ﷺ) اذا وقف على قبر ، بكى حتى يبـل لحيته، فقيل له : تذكر الجنة والنـار ،فـلا تبكي، وتبكي من هذا ؟ فقال : إن رسول الله (ﷺ) قال : إن القبر أول منـزل مـن

(٣) انظر : الاحياء للغزالي (٤/٤٦١) .

منازل الآخرة، فإن نجا منه، فما بعده أيسر منه، وإن لم ينج منه فما بعده أشد منه، قال : وقال رسول الله (ﷺ): ( مارأيت منظراً قط، الاّ القبر أفظع منه)[٤]، واتە : عثمان (ﷻ) هەر كاتێك لەسەر گۆڕێك بوەستایە دەگریا هەتا ڕیشی تەڕ دەبوو، پێیان ووت : باسی بەهەشت و دۆزەخ دەكرێت كەچی ناگریت بۆچی بۆ ئەوە دەگریت؟ ووتی : بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ( القبر اول منازل الاخرة فإن ینج منها فما بعده ایسر منه، وإن لم ینج فما بعده اشد منه)[٥]، واتە گۆڕ یەكەم قۆناغی دواییـیە، هەر كەس لە سزای گۆڕ ڕزگاری بوو، قۆناغەكانی تری دوای گۆڕ بە ئاسانتر ڕزگاری دەبێت لێیان، هەر كەسێكیش لەسزاو ناخۆشی گۆڕ ڕزگاری نەبوو، قۆناغەكانی تری دوای گۆڕ قورس ترو گرانتر دەبن لەسەری )) . پاشان ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:( مارأیت منظرا قط الا والقبر أفظع منه)[٦]، واتە هەرگیز دیمەنێكم نەبینیوە گۆڕ ترسناك ترنەبووبێت لێی، لە حەدیسێكی درێژی (بەڕائی كوڕی عازیب)دا هاتووە (ﷻ) ووتوەیەتی: پێغەمبەر (ﷺ) كەلەسەر گۆڕێك دادەنیشت دەی فەرموو: (إستعیذوا بالله من عذاب القبر ، مرتین او ثلاث)، واتە دووجار یا سێ جار دەی فەرموو پەنا بگرن بە خوای گەورە لە سزای گۆڕ . هەر لەوحەدیثەدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (( جا گیانەكەی دەگێڕێتەوە بۆ ناو لاشەكەی و دوو فریشتە دێن دای دەنیشێنن و پێ دەڵێن : پەروەردگارت كێیە، ئەویش دەڵێت : پەروەدگارم (الله)یە، پێی دەڵێن ئاینەكەت چییە؟ ئەویش دەڵێت : ئاینەكەم ئیسلامە، پێی دەڵێن : ئەو پیاوەی نێرراوە لە ناوتاندا كێیە؟ دەڵێت: ئەو پیاوە نێرراوی خوای گەورەیە (ﷺ)، پاشان پێی دەڵێن : بەچیادەزانیت؟ دەڵێت : پەیامەكەی خوای گەورەم خوێندەوە و باوەڕم هێناو و بەڕاستم زانی، جالەئاسمانەوە بانگ بێژێك بانگ دەكات بە ڕاستی بەندەكەم ڕاستی كرد لەبەهەشت جێی بۆ ڕاخەن و پۆشاكی بەهەشتی لەبەر بكەن و دەروازەیەكی لەبەهەشت بۆ بكەنەوە، فەرمووی : جا لەبۆن و بەرامەی بەهەشتی بەسەردا دێت، هەتا چاوی بڕبكات گۆڕەكەی بۆ فراوان دەبێت، فەرموویەتی : پاشان پیاوێكی ڕێك و پێك و جوان و پۆشاك جوان و بۆن خۆش دێتە لای پێی دەڵێت مژدەبێت لێت

---

(٤) اخرجه : الترمذي (٢٣٠٨) حسن، وابن ماجة(٤٢٦٧)، وأحمد.

(٥) اخرجه : احمد (٤٥٦) مسند الامام عثمان بن عفان.

(٦) اخرجه : الترمذي (٢٣٤٥) .

بەوەی پێت خۆشە ئەمە ئەوڕۆژەیە كە بەڵێنت پێ درابوو، ئەویش پێی دەڵێت تۆ كێی؟ ڕوخسارت لە ڕووخساری كەسێك دەچێت خێری هێنابێت، دەڵێت: من كردەوەی چاكی تۆم، ئەویش دەڵێت : پەروەردگارم ڕۆژی قیامەت بهێنە هەتا بگەڕێمەوە بۆ ناو كەس و كارو سامان و ماڵم .... ))، پاشان وەصفی حاڵی گیان كێشانی بێ باوەڕ دەكات هەتا دەفەرموێت : (دووبارە گیانەكەی دەگەڕێتەوە بە لاشەیدا، دوو فریشتە دێن و دای دەنیشێنن و پێی دەڵێن : پەروەردگارت كێیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، پاشان پێی دەڵێن ئەی ئاینەكەت چیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، پێی دەڵێن : ئەی ئەو پیاوەی لە ناوتاندا هاتووە كێیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، لەئاسمانەوە بانگ خوازێك بانگ دەكات: بەڕاستی درۆی كرد، لەئاگر جێی بۆ ڕاخەن و دەروازەیەكی لە دۆزەخ بۆ بكەنەوە جا هەڵاوی گەرمی و تەپ و گڕی دۆزەخی دێت بەسەردا و گۆڕەكەی لەسەر دێتەوە یەك هەتا پەراسووەكانی دەچن بەیەكدا تێ پەڕ دەكات، پاشان پیاوێكی ناشرین و پۆشاك ناشرین و بۆگەن دێت بۆلای پێی دەڵێت: مژدە بێت لێت بەوەی پێت ناخۆشە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە بەڵێنت پێ دراوە كە دەیبینی، دەڵێت: تۆ كێی؟ سەرو چاوت لەسەرو چاوی كەسێك دەچێت شەڕ بهێنێت، ئەویش دەڵێت من كردەوە پیسەكانتم، ئەویش دەڵێت: پەروەردگارم ڕۆژی قیامەت مەهێنە)(٧).

ئەی خوشكی بەڕێزم : بەو پێیە ئەهلی بەهەشت لە گۆڕكانیاندا خۆشیان پێ ئەگات و سزا و ئازاریش بەردەوام دەبێت بۆ ئەهلی دۆزەخ لە گۆڕكانیاندا پەنا دەگرین بەخوای گەورە هەتا ئەو ڕۆژەی ئیسرافیل (عليه السلام) فودەكات بە كەڕەنادا و هەڵسانی ڕۆژی دوایی بڵاو دەكاتەوە .

خوشكی بەڕێزم: گوێ بگرە لەپەروەردگاری بەتواناو شكۆمەند كە دەفەرموێت:

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ﴾(٨).

واتە : فودەكرێت بەكەڕەنادا (الصور) هەر كەس لەئاسمان و زەوی دابێت دەمرێت جگە لەو كەسەی خوای گەورە خۆی ویستی لەسەرە بمێنێ پاشان فوویەكی تری پێدا دەكرێتەوە كاتێك دەزانی هەموو بەپێوەن چاوەڕوان دەكەن، خوای گەورە و بەتوانا و

(٧) اخرجه : ابو داوود (٤٧٥٣) وهو حديث صحيح .
(٨) {سورة الزمر:٦٨} .

شكۆمەند لە سورەتی (یس)دا وەصفی ئەو دیاردەی دەکات و دەفەرموێت:

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنْسِلُونَ* قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ* إِنْ كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾(٩).

واتە فودەکرێت بەکەرەنادا، کاتێ دەزانن هەموویان لە گۆڕکانیانەوە دێنە دەرەوە بەرەو پەروەردگاریان دەکشێن، دەڵێن وەیل بۆ ئێمە ئەوە کێ زیندووی کردینەوە لە گۆڕکانمانەوە ئەمە ئەو ڕۆژەیە پەروەردگاری میهرەبان بەڵێنی پێ دابوین و نێراوەکان هەواڵی ڕوودانیان بەڕاست دابوو، لەو کاتەدا هیچ نابێت جگە لە دەنگێکی بەرز کاتێك دەزانن هەموویان لەبەردەمماندا ئامادەکراون.

خەڵك لەسەر چی مردوون لەسەر ئەوە زیندوو دەکرێنەوە و دێنە دەرەوە لە گۆڕەکانیانەوە، ئەگەر لەسەر خێر مردبوون لەسەر خێر زیندوو دەکرێنەوە، ئەگەر لەسەر شەڕ مردبوون لەسەر شەڕ زیندوودەکرێنەوە،ئەوە چاکی یان خراپی کۆتاییە، لەخوا دەخوازین سەلامەتمان بکات،خوایگەورە وشکۆمەند دەفەرموێ:

﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ﴾(١٠).

واتە ئەوانەی سوو دەخۆن لە گۆڕدا ڕاست نابنەوە وەك کەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت .

بەرامبەر ئەوەش باسی ئەو صەحابییەیە کە ئیحرامی بەستووە لەحەج و دەمرێت ، دەفەرموێت (( إغسلوه بماء وسدر وكفنوه في ثوبه ولاتمسوه بطيب ولا تخمروا رأسه فإنه يبعث يوم القيامة ملبيا ))(١١). واتە بیشۆرن بەئاوو سیدر و بەرگەکەی خۆی بۆ بکەن بە کفن و بۆ نیخۆشی لێ مەدەن و سەری دامەپۆشن، چونکە ڕۆژی قیامەت کە زیندوو دەکرێتەوە دەڵێت (لبيك اللهم لبيك).

## (( کۆکردنەوە –الحشر ))

دوای زیندوو کردنەوە خەڵك کۆ دەکرێتەوە، لێرەدا هەرچی لەسەرەتا و کۆتاییدا دروست کراوە کۆ دەکرێتەوە، باوك و کوڕ، کوژراو وبکوژەکەی، ستەم لێکراو ستەمکارەکەی، دڵدار و دڵبڕاوەکەی وەك خوای دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ* لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَعْلُومٍ﴾(١٢).

واتە بڵێ ئەوانەی لەسەرەتاوە دروست کراون و ئەوانەی لە کۆتاییدا

---

(٩) {سورة يس:٥١-٥٣}.

(١٠) {سورة البقرة:٢٧٥}.

(١١) اخرجه : البخاري (١٢٥٣)، مسلم (٩٣٩).

(١٢) {سورة الواقعة:٤٩-٥٠}.

دروست کراون لە کاتێکی دیاری کراودا لـە ڕۆژی قیامەتـدا لـە شـوێنێکدا کـۆ دەکرێنەوە، هەروەها خوای پاك وبێگەرد دەفەرموێت:

﴿هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالْأَوَّلِينَ﴾(١٣).

واتە : ئەمـە ڕۆژی جیاکردنەوەیـە کـە ئێـوە و پـێش ئێوەشمـان کـۆ کردۆتـەوە تێیدا .

خوشکی بەڕێزم تـۆیش ئـەو ڕۆژە کۆ دەکرێیتەوە بەڕووتی و پێی پەتی، ئـەو ڕۆژەی عائیشـــە (ﷺ) دەربـــارەی لـــە پێغەمبـــەر (ﷺ) پرســـی : ئـــەی نێـــراوی خوای گەورە (ﷺ) ژن و پیاو بەڕووتی بە یەکەوە کۆ دەکرێنـەوە سـەیری یـەکتری دەکـــەن؟ پێغەمبـــەر (ﷺ) فـــەرمووی (( یاعائشة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم الى بعض ))(١٤)، واتە: ئـەی عائیشـە کارەکـە زۆر لەوە گرانترە بیـان پـەرژێت سـەیری یـــەکتر بکـــەن، ئـــیبن و عـــەباس (ﷺ) ووتوویـــەتی (( هەمووشـــتێك حەشـــر دەکرێـــت هـــەتا مێشـــێکیش ))، خـــوای گەورەش فەرموویەتی:

﴿وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾(١٥).

واتە کاتێك گیانلەبـەرانی کێـویش کـۆ دەکرێنەوە، لەو ڕۆژەدا.

(١٣) {سورة المرسلات:٣٨} .

(١٤) اخرجه : البخاري (٦٥٢٧) ، وسلم (٢٨٥٩) .

(١٥) {سورة التكوير:٥} .

﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾(١٦).

واتە لەو ڕۆژەدا هەرچی شیردەر هەیە ئاگـای لـەوە نامێنـێ شـیری پـێ دەدات هەرچی دووگیان هەیە کۆرپەلەکەی لەبار دەچـێت ، خـەڵك سـەر خـۆش دەبینـی لەڕاستیدا سـەرخۆش نـین بـەڵکو سزای خوای گەورە ئەوەندە توندو تیژە سەری لێ شێواندوون ، هەر لەو ڕۆژەدا.

﴿يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَن مَّوْلًى شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ﴾(١٧).

واتە: ئەو ڕۆژە، گەورە فریای بچـوکی خـۆی ناکـەوێت بـەهیچ شـێوەیەك. ئـەو ڕۆژە هـەموو کـەس دەڵێـت خـۆم خـۆم، ڕۆژیـش نزیـك دەبێتـەوە لـەو خەڵکـەوە ماوەی یەك میل، خەڵکەکە نوقمی ئارەق دەبن، هەیە هەتا قولە پێی ئـارەق دێت هەیە تاناوقەدی، هەیـە هـەتا سـەر گـوێ مەمکەکانی، هەیە ئارەق ئەگاتە هـەردوو گوێچکەی، هەیە ئارەق تا لغاوی دەگات، ئـەو خەڵکـەش کـە کۆدەکرێنـەوە سـێ جۆرن : لەئەبی هورەیرەوە هاتووە (ﷺ) ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (( يحشر الناس يوم القيامة ثلاثة اصناف، صنفا مشاه ، صنفا ركبانا ، وصنفا علـى

(١٦) {سورة الحج:٢} .

(١٧) {سورة الدخان:٤١} .

وجوههم قيل : يارسول الله كيف يمشـون على وجوههم، قال إن الذي أمشاهم على أقدامهم قادر على ان يمشيهم على وجوههم أما انهم يتقون بوجوههم كـل حـدب و شوك ))[١٨]، واتـە ڕۆژی قیامـەت کاتـێ خەڵك حەشر دەکرێت و کۆ دەکرێتـەوە، وەسـێ پـۆلن : پۆلێکیـان پیـادەن بـەپێ دێن ، وپۆلێکیان سـوارە بەسـواری دێـن، وپۆلێکیـان لەسـەر ڕویـان دێـن بـەڕێوە، ووترا : ئـەی نێـرراوی خـوا چۆن لەسـەر ڕوویان دێن دەڕۆن بـەڕێوە؟ فـەرمووی : ئەو خوایـەی لەسـەر قاچیان ئـەی بـردن بەڕێوە، توانای هەیە لەسەر ڕوویان بیـان بات بەڕێوە، بەڕاستی ئەوانـە کـە دەڕۆن بەڕێوە لەسەر ڕوو خۆڵەهەموو لێژاییەك و دڕك و داڵێك دەپارێزن.

## ((پەرش و بڵاو بوونەوەی لاپەڕەکان و لێپرسینەوە-تطاير الصحف والحساب))

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ * فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾[١٩].

واتە : هەر کەس نامـەی کردەوەکـانی درایە دەستی ڕاستی ،پاشان بە سووك و ئاسـانی لێی ئەپرسـرێتەوە، هــەروەها فەرموویەتی:

﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَأُوا كِتَابِيَهْ * إِنِّي ظَنَنتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ * فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ * فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ * قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ * كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ * وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ * وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ * يَا لَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ * مَا أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْ * هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ * خُذُوهُ فَغُلُّوهُ * ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ * ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ * إِنَّهُ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ﴾[٢٠].

واتــە : جــا هــەر کــەس نامــەی کردەوەکـانی درایـە دەسـتی ڕاسـتی لـە خۆشـیاندا بەوانـەی دەورو بـەری دەڵێت ئەوە نامەکەمە بیگـرن بیخوێننـەوە، مـن هەر ئـەمزانی ئەگـەم بـەم لێپرسـینەوەیە ئەو کەسە لە ژیانێکی خۆشی پـێ ڕازیدا دەبێـت، لەبەهەشـتی بـەرزو بڵنـددا کـە درەختــە بــەردارەکانیان شــۆڕبۆتەوە، پێیان دەوترێت بخۆن و بخۆنەوە نۆشـی گیانتان بێت بەو کردەوانـەی لـە دونیـادا کردووتانــە، بــەڵام ئــەوەی نامــەی کردەوەکـانی دەدرێتـە دەسـتی چـەپی دەڵێـت خۆزگـە ئـەم نامەیـەم نەدرایـە دەست و نەم زانیایە چ لێپرسینەوەیەکم دەبێـت، خۆزگـە مردنەکـەم هـەتا سـەر بوایـە وە زیندوونەبوومایـەوە، ئـەو مـاڵ وسـامانەی هــەم بـوو بـەکارم نـەهات ودەسەڵاتەکەم لەدەست چوو، پاشان بـە

(١٨) اخرجه : البخاري (٤٧٦٠)،ومسلم (٢٨٠٦)، والترمذي(٣١٤٣) .

(١٩) {سورة الانشقاق:٧-٨} .

(٢٠) {سورة الحاقة:١٩-٣٣} .

فریشتەکان دەوترێت بیگرن و پەیوەندی بکەن وە فرێی بدەنە ناو دۆزەخەوە پاشان بەکۆت و زنجیرێك پێوەنی بکەن درێژیەکەی هەفتا باڵ بێت چونکە لە دونیادا باوەڕی بە خوای گەورە و مەزن نەهێنا.

خوشکی بەڕێزم خۆتت بێتەوە یاد کاتێ نامەی کردەوەکانت پەرش و بڵاو دەبنەوە و تەرازوو دادەمەزێنرێت و لەبەر چاوی ئەو خەڵکە تۆ بانگ دەکرێیت و دەوترێت فلانی کچی فلان لە کوێیە بابێت بۆ بەردەمی پەروەردگار، یادی ئەو کاتە بکە کە فریشتەیەك دانراوە بۆ بردنت و نزیکت دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە، بێ‌لێتێك چوونی ناوێك، کاتێك ئەو فریشتەیە هەنگاو بە هەنگاو بە ناو ڕیزەکاندا بەرەو پێشانگای پەروەردگارت دەدبات وە دەت وەستێنێ لەبەردەم خوای گەورەدا، کاتێ ئەو خەڵکە هەموو چاویان بریوەتە تۆ، تۆش لێ دانی دڵت بەرز دەبێتەوە و ترس وبیمێکی زۆر دات دەگرێت چونکە دەزانیت بەرەو کوێت دەبەن بیر لەخۆت بکەرەوە کاتێك نامەی کردەوەکانت بەدەستەوەیە و کردەوەکانی خۆتت پێ ڕادەگەیەنێت بێ ئەوەی گەردیلەیەکی لێ وون بوبێت. جالەو کاتەدا چەندەها کردەوەی خراپت بووە و لەبیرت چۆتەوە ئەو بیرت دەخاتەوە، وەچەندەها خراپەت هەبووە حەشارت داوە ئەو دەری دەخات، و چەندەها کردەوەت بووە بە چاکت زانیوە کە چی لەو شوێنەدا دەدرێتەوە بەسەرو چاوتدا، ئای دڵت چەندە بەحەسرەتەو پڕ پەژارەیە لەسەر کەم تەرخەمی کردنت دەربارەی پەرستنی پەروەردگارەکەت، ئەو ڕۆژەی دەبرێیت بۆ بەردەم خوای گەورە بۆ لێ پرسینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (کەس نییە خوای گەورە لەو ڕۆژەدا قسەی لەگەڵ نەکات بێ ئەوەی تەرجومانێك هەبێت لە نێواندا، کاتێ ئەو کەسەی خوای گەورە قسەی لەگەڵدا دەکات تەماشای لای ڕاستی خۆی دەکات کردەوەکانی نەبێت کە کردوونی هیچی تر نابینێت و سەیری لای چەپی دەکات لەوکردەوانە زیاتر کە کردوونی هیچی تر نابینێت و سەیری بەردەمی خۆی دەکات ئاگر نەبێت هیچی تر نابینێت، جا ئێوەش خۆتان لە ئاگر بپارێزن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بووە )، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە فەرموویەتی (ئەگەر بەقسەیەکی خۆش بووە)[٢١].

---

(٢١) اخرجه : البخاري (٦٥٣٩) ، ومسلم (٢٣٤٥) .

{ حەوزەکەی پێغەمبەر (ﷺ) }

لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر (ﷺ) حەوزێکی بۆ دانراوە، دەربارەی چۆنێتی ئەو حەوزە ئەم وەسفە هاتووە : (ئاوەکەی لە شیر سپی ترە، بۆنەکەی لەبۆنی مسك خۆشترە، وەك ئەستێرەکانی ئاسمان پەرداخی بەدەوردا دانراوە هەر کەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینوی نابێتەوە)[٢٢]، خوشکی بەڕێزم ئایا دەزانی لەو شوێنەدا کەسانێك لە نەتەوەی محمد (ﷺ) هەن دەست بە ڕویانەوە دەنرێت، ڕێی چوونە سەر ئەو حەوزەیان لێ دەگرن، بەپێی ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ترد علـى أمتي الحوض، وأنا أذود الناس عنه كما يذود الرجل إبل الرجل عن إبله، قالوا يارسول الله أتعرفنا؟ قال : نعم لكم سيم ليست لأحـد غيركم تردون غُرا محجلين من آثار الوضوء وليصدن عني طائفة منكم فـأقول يـارب هؤلاء أصحابي فيجي ملك فيقول : وهـل تدري مـا أحـدثوا بعـدك )[٢٣]، واتە نەتەوەکەم دێن بۆ لام لای حەوزەکە، لەوکاتەدا من خەڵکی لەسەر دەر دەکەم چۆن پیاو ووشتری پیاوێکی تر لەناو ووشترەکانیدا دەر دەکات ، ووتیان : ئایا ئەی نێرراوی خوا دەمان ناسیتەوە؟ فەرمووی بەڵێ : چوونکە ئێوە سیمایەکتان هەیە کەسی تر نیەتی لەو شوێنەدا کە دێن دەست و پێتان بازووە بە پاشماوەی دەست نوێژ بەڵام کۆمەڵێکتان لێ دەر دەکرێت ناگەن بە حەوزەکە ، منیش دەڵێم ئەی پەروەردگار ئەوانە لە هاوەڵانی منن ، فریشتەیەك دێت دەڵێت : ئایا نازانی ئەمانە دوای تۆ چییان کردووە و داهێناوە { واتە : بیدعەچییەکان } )) ، ئەی خوشکی بەڕێز ئاگات لە خۆت بێت نەبیت بەیەکێ لەوانەی کە ڕێی چوونە سەر حەوزەکەیان لێ دەگیرێت .

(( تەرازو - الميزان ))

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ ﴾[٢٤].

واتە ئێمە ڕۆژی قیامەت تەرازووەکان بە دادپەروەری دادەنێین بۆ کێشانی کردەوە چاکەکان و خراپەکان بێ ئەوەی کەس هیچ ستەمێکی لێ بکرێت، ئەگەر کردەوەکەش ئەوەندەی تۆوە خەرتەلەیەکیش بێت دەی هێنین بۆ کێشان، ئەوە بەسە بۆ ئێمە کەلە بەندەکان دەپرسینەوە، پێغەمبەریش

(٢٢) اخرجه : البخاري (٦٥٩٣) ، ومسلم (٥٩٢٨) .
(٢٣) اخرجه : البخاري (٦٥٨٢) ، ومسلم (٥٩٥١) .
(٢٤) {سورة الانبياء:٤٧} .

(ﷺ) فەرموویەتی: (يوضع الميـزان يـوم القيامة، فلو وزن فيه السـموات والارض لوسعت، فتقول الملائكة : يارب لمن يـزن هذا ؟ فيقول الله تعالى : لمن شـئت مـن خلقي،فتقول الملائكة : سبحانك ما عبدناك حق عبادتـك)[٢٥]، واتە: ڕۆژی قیامەت تەرازوو دادەنرێت ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی بخرێتە سەر بۆ کێشان جێگەیان دەبێتەوە تێیدا، فریشتە دەڵێت ئەی پەروەردگار ئەم کێشانە بۆ کێ یە؟ خوای گەورە دەفەرموێت : بۆ ئەوانەی خۆم ئارەزووم لێیان هەیە لە دروست کراوەکانم، فریشتەش دەڵێت : پاك و بێ گەردی بۆ تۆ وەك شایستەی تۆبێت نەمان پەرستووی، جا لێرەدا سەرکەوتن و ڕزگار بوون بۆ کەسێکە کە کێشانەکانی قورس بێت و دۆڕان و تیاچوون بۆ کەسێکە کە کێشانەکانی سووك بێت، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ * فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ * وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ * فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ * نَارٌ حَامِيَةٌ﴾[٢٦].

واتە : هەرکەس تای تەرازووی چاکەی قورس بێت ئەوە لە ژیانێکی خۆش و بەختەوەریدایە، هەر کەسیش تای تەرازووی کاری چاکەی سوك بێت بەسەر سەردا فڕێ دەدرێتە هاویەوە، تۆ نازانیت هاویە چیە؟ ئاگرێکی بەتینی سوتێنەرە.

(( **پردی سیرات - الصراط** ))

دربارەی شێوە و سیفەتی ئەم پردە هاتووە کە لەموو باریك ترە و لەشمشێر تیژ ترە، قولاپی گەورە گەورەی لەسەرە خەڵك بە کردەوەکانیان دەفڕێنن، کە هیواهەیە بەسەلامەتی ڕزگاری دەبێت بەڵام هەموو گیانی داڕوشاوە، هەیانە پاڵی پێوەدەنێن بۆ ناو دۆزەخ . (قال رسول الله (ﷺ) يضرب الصراط بين ظهراني جهنم فأكون أنا وأُمتي أول من يجوز ولايتكم يومئـذٍ إلاّ الرسـل ودعوى الرسل يومئذٍ اللهم سلم سلم ، وفي جهنم كلاليب مثل شوك السعدان هل رأيتم السعدان؟ قالوا نعم يارسول الله (ﷺ) ، قال :فإنها مثل الشوك السعدان غير أنه لا يعلـم قدر عظمها إلاّ الله، يتخطف الناس بأعمالهم ، فمنهم الموبق بعمله، ومنهم المجازي حـتى ينجـ ـى )[٢٧]، واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (پردی سیرات لەسەر پشتی دۆزەخ دادەمەزرێت من و نەتەوەکەم یەکەم کەسێك دەبین بەسەریا تێ دەپەڕین، لەو کاتەدا کەس توانای قسەکردنی نییە، پێغەمبەران نەبن کە دەڵێن خوایە سەلامەتمان بکە،

(٢٥) انظر : السلسل ة الصحيحة (٩٤١) .

(٢٦) {سورة القارعة:٦-١١} .

(٢٧) اخرجه : البخاري (٧٤٣٧) ، ومسلم (٤٥٠) .

خوایــه ســهلامهتمان بكــه، لــهناو دۆزهخیشــدا قــولاپ ههیــه وهك دڕكــی ســهعدان وایــه، ئایــا ئێــوه ســهعدانتان بینیــوه؟ ووتیــان : بــهڵێ، ئــهی نێــرراوی خوا (ﷺ)، فهرمووی : ئهو قولاپانه وهكو دڕكی سهعدان وان بهڵام گهورهیی ئهوانه خـوا نـهبێت كـهس نازانـێ چـهنده، ئـهو قولاپانـه پـهلاماری خـهڵك دهدهن ئـهیان فــڕێنن بــه كردهوهكانیــان، جاههیــه بهكردهوهكــهی تــێ دهگلێــت و ههیــه بهسهربا دهڕوات ههتا ڕزگاری دهبێت).

خهڵكیش كاتی ڕۆیشتنیان بهسهر ئهو پردهدا پـۆل پـۆل : لهناویانـدا كهسـانێك ههیه وهك بروسكه تێ دهپهڕێت، وهك با پاشـان وهك باڵنـده ... ، (ونبيكُم قـائم على الصراط فيقول : رب ! سلم سـلم، حتى تعجز أعمال العباد حتى يجيء الرجـل فلا يستطيع السير إلاّ زحفا ، قـال : وفي حافتي الصراط كلاليب معلقـة. مـأمورة، تأخذ من أمرت بـه ، فمخـدوش نـاجٍ ومكدوس في النار. والّذي نفس أبي هوريرة بيده ! إن قعر جهنم لسبعون خريفـاً)[٢٨]، پێغهمبهری ئێوهش (ﷺ) لهسهر پردهكه وهســتاوه دهڵێــت : (پــهروهردگار سهلامهتمان بكه، سهلامهتمان بكه، هـهتا پیاوی وادێت توانای ڕۆیشتنی نییه تهنها لهســهر ســنگ نــهبێت، لههــهردوو لای پردهكـهوه قـولاپ ههیـه ههڵواسـراون و فـهرمانیان پـێ دراوه ئهوانـه بگـرن كـه فــهرمان بــهگرتنیان دهدرێــت، ههیــه ڕزگاری دهبێت ههموو گیانی داڕووشاوه، ههیه پاڵی پێوه دهنێن بۆ نـاو دۆزهخ. ســوێند بــهو خوایــهی گیــانی ئــهبی هورهیرهی بهدهسته (ﷺ) قوڵایی دۆزهخ حـهفتا پـایزه ....)، ئهوهیـه كـه خـواه گهوره دهفهرموێت:

﴿يَوْمَ لَا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[٢٩].

واته ئهو ڕۆژه خوای گهوره پێغهمبـهر (ﷺ) و ئهوانهی باوهڕیان هێناوه لهگـهڵیا ســهر شــۆڕ ناكــات ڕۆشــنایهكان لهبهردهمیانــــدا لای ڕاســــتیانهوه دهدرهوشێتهوه و دهڵێن پـهروهردگارمان ئهم ڕۆشنایهمان بۆ بهردهوام بكه و لـه تاوانهكانمان ببوره چونكه ههر تـهنها تـۆ توانات بهسهر ههموو شتێك دا ههیه.

(( **بهههشت – الجنة** ))

بهههشــــــت (ڕۆشــــــناییهو دهدرهوشــــێتهوه، وریحانهیــــــه ودهلهرێتهوه، تهلارێكه و دروست كراوه، ڕووبارێكــه بــهردهوام، میوهیــه تــهواو گهیشـتووه، ژنـه پـاك داوێـن و جـوان)، خانووهكــانی (خشــتێكیان زێــڕه و

(٢٨) اخرجه : مسلم (٤٨١) .

(٢٩) {سورة التحريم:٨} .

خشـتێکیان زیـوە بەمسـك و ئەزخـەر ڕووکەش کراوە، چـەو و زیخـەکانی دوڕ و یاقوتن، خۆڵەکەی زەعفەرانە، هەر کـەس بچـێتە نـاوی تـێی دا دەمێنێتـەوە بـێ وەڕس بوون، بۆ هەمیشە تێیدا دەژی و مردنـی بۆنیـیە بـێ ئـەوەی جـل و بەرگەکـەی هـەرگیزکۆن بێـت و لاوێتـی بەسەر ناچێت) (هەرچی ئـارەزووی بـۆی بجولێـت و چـاوی چـێژی لێ وەربگرێـت تێی داهەیە)[٣٠]، (شـتی وەهـای تێدایە بەچاو نەبینراوە و بـەگوێ نەبیسـتراوە و بـەدڵی هـیچ کەسیشـدا نـەهاتووە وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[٣١].

واتە: کەس نازانێت چێ بۆ هەڵگیراوە لـەو شـتانەی چـاوگەش دەکەنـەوە لـە پاداشـتی ئـەو کارانـەی کردوویانـە، خواردنەکەیان : خوای گەورە دەربـارەی فەرموویەتی:

﴿وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ * وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ﴾[٣٢].

واتە: میوەهاتی زۆریش خۆیـان هـەڵی دەبـژێرن و گۆشـتی ئـەو باڵندانـەش کـە خۆیـان ئارەزوویـان لێیـەتی و حـەزی لێ دەکەن، خواردنەوەکەیان : خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِنْ كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا * عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا﴾[٣٣].

واتـە: بەڕاسـتیبێ گوناهـاینش لـە پـەرداخێك دا ئـاو دەخۆنـەوە ئاوەکـەی کـافوری تێکـەڵ کـراوە، سەرچـاوەیەکە بەنـدەکانی خـوای گـەورە لێ دەخۆنـەوە لەهەر شوێنێك ویستیان هەڵی دەقـوڵێنن بە هەڵقوڵانـدن، جـل و بـەرگیان : خـوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ﴾[٣٤].

واتە: دەستیان بەدەست بەندی زیـوو لوء لوء دەڕازێنرێتـەوە و پۆشاکەکانیان لـە ئاوریشـم دروسـت کـراوە، هـەروەها فەرموویەتی:

﴿أُولَئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا﴾[٣٥].

واتە : بەهەشتییەکان لەناو بەهەشتدا بـازنگ و دەسـت بەنـدی زێـڕ لەدەسـت دەکـەن و پۆشـاکی سـەوزی دووتـوێ دەپۆشن لە ئاوریشمی ئەستوور و تـەنك

(٣٠) اخرجه : البخاري (٤٧٨٠) .
(٣١) {سورة السجدة:١٧} .
(٣٢) {سورة الواقعة:٢١} .
(٣٣) {سورة الانسان:٥-٦} .
(٣٤) {سورة الحج:٢٣} .
(٣٥) {سورة الكهف:٣١} .

لەناو بەهەشتدا لەسەر قەنەفەی ڕازاوە شانیان داداوە، ئائەوەیە پاداشتی چاك و جێوشوێنی چاك لەگەڵیا، ڕاخەرەکانیان.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فِيهَا سُرُرٌ مَرْفُوعَةٌ * وَأَكْوَابٌ مَوْضُوعَةٌ * وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ * وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ﴾(٣٦).

واتە : لەبەهەشت دا شوێنی خەوتنی بەرزی تێدایە و پەرداخی تێدا بڵاو کراوەتەوە بۆ ئاو خواردنەوە و پاڵپشتی ڕیز کراوە ڕایەخی جوانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها فەرموویەتی:

﴿مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ﴾(٣٧).

واتە : لەو بەهەشتە خۆشەدا بەهەشتییەکان لەسەر ڕاخەرێك شانیان داداوە کە ناو ئاخنەکەیان ئاوریشمە،ڕوبارەکانی خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ﴾(٣٨).

واتە : ئایا ئەو بەهەشتەی بەڵێن دراوە بدرێت بەلە خوا ترسەکان کەچەندەها ڕووباری ئاوی سازگاری تێدایە بێ ئەوەی تامیان تێك بچێت و چەندەها ڕوباریش لەشیر کەتام و چێژیان ناگۆڕێت و چەندەها ڕوبار لە هەنگوینی پاڵفتە و لەهەموو میوەهاتێکی تێدایە بۆیان لەگەڵ ئەوانەش دا لێ بوردنی پەروەردگاریان، وەك ئەوانە وان کە بۆ هەمیشە لە ئاگردان و ئاوی لەکوڵ دەکرێت بەدەمیانەوە کاتێ دەگاتە ناو زگیان ڕیخۆڵە کانیان پارچە پارچە دەکات؟، درەختەکانی : خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ * فِي سِدْرٍ مَخْضُودٍ * وَطَلْحٍ مَنْضُودٍ * وَظِلٍّ مَمْدُودٍ * وَمَاءٍ مَسْكُوبٍ﴾(٣٩).

واتە : دەستەی ڕاستەکانیش نازانی دەستەی ڕاستەکان لە کوێن لەژێر سێبەری درەختی بێ دڕکدان و لەژێر دارمۆزی بەرچین چین دان و لەژێر سێبەری دوورو درێژ دان و لەتەنیشت تاڤگەو ئاوی حەوز و فوارەدان. ئەوانە دەچنە ناو ئەو بەهەشتەوە بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا * خَالِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا﴾(٤٠).

(٣٦) {سورة الغاشية:١٣-١٦} .
(٣٧) {سورة الرحمن:٥٤} .
(٣٨) {سورة محمد:١٥} .
(٣٩){سورة الواقعة:٣١}.
(٤٠) {سورة الكهف:١٠٨} .

واتــە : بەڕاســتی ئەوانــەی باوەڕیــان هێنــاوە و کــارە چــاکەکانیان کــردووە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادەکردون کە تــێی دا بحەوێنــەوە، بــۆ هەمیشــە و بەردەوام تێیدا دەمێننەوە بێ ئەوەی داوا بکەن بگوێزرێتەوە بۆ لایەکی تر.

عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : (يؤتى بـالموتِ كهيئـةِ كبش أملح، فينادي منادٍ، ياأهـل الجنـة فيشرئبون وينظرون، فيقول : هل تعرفـون هذا؟ فيقولون : نعم، هذا الموت، وكلهم قد رآه، ثم ينادي : يا أهل النار، فيشـرئبون و ينظرون، فيقول هل تعرفون هذا ؟ فيقولون : نعم، هذا الموت، وكلهم قد رآه، فيذبح، ثم يقول : يا أهل الجنة، خلود فلامـوت. ويا أهل النار، خلود فلاموت)[٤١].

واتــە : پێغەمبــەری خــوایش (ﷺ) فەرموویەتی : (ڕۆژی دوایی مردن لەسـەر شـێوەی بـەرانێکی بـازوو دەهێـنن جـاڕ چییەك جاڕدەدات دەڵێت : ئەی خـەڵکی بەهەشـت ئـەوانیش سـەر هـەڵ دەبـڕن و تەماشا دەکەن، جـا دەڵێـت : ئایا ئەمـە دەناسنەوە، ئەوانیش دەڵێن بـەڵێ ئـەوە مردنە، هەموویان ئەو مردنـەیان بینیـوە، پاشان جاڕ چییەك جاڕ دەدات دەڵێـت : ئـەی خــەڵکی دۆزەخ، ئــەوانیش ســەر هەڵـدەبڕن و تەماشــا دەکــەن پێیــان دەڵێت : ئایا ئەمە دەناسنەوە؟ ئەوانیش دەڵـێن بـەڵێ ئـەوە مردنـە هـەموویان بینیویانـە، لەبـەر چـاویان لـە نێـوان بەهەشت و دۆزەخدا سەر دەبڕێت پاشان دەڵێت : ئەی خەڵکی بەهەشت مانـەوەی هەمیشـەیی بـێ لـەناو چـوون و ئـەی خەڵکی دۆزەخ مانـەوەی هەمیشـەیی بـێ لـەناو چـوون)، لـەو شـوێنەدا ڕۆژێـك پاداشـــتی زۆر تـــر دەدرێـــت بەبەهەشـتییەکان وەك خـوای گـەورە فەرمویەتی:

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾[٤٢].

واتە : لەو ڕۆژەدا ڕوخسـارەکان تـەڕو ناسـك دەبـن چـونکە بـە چـاوی خۆیـان سـەیری پـەروەردگاریان دەکـەن و دەی بیـنن. عن صهيبٍ، عن النبي (ﷺ) قـال : (إذا دخل أهل الجنة الجنة، قال : يقول الله تبارك و تعالى : تريدون شـيئاً أزيـدكم؟ فيقولون : ألم تبيض وجوهنا؟ ألم تـدخلنا الجنة وتنجنا من النار؟ قـال : فيكشـف الحجاب فما أعطوا شيئاً أحب إليهم مـن النظر الى ربهم عز وجل ))[٤٣].

واتــە : پێغەمبــەری خــوایش (ﷺ) فەرموویـەتی : (کاتـێ خـەڵکی بەهەشـت دەچـنە بەهەشـتەوە خـوای بـەتواناو شکۆمەند دەفەرموێت دەتانەوێت شتێکی

(٤١) اخرجه : البخاري (٤٧٣٠-٦٥٤٨) ، ومسلم (٧١١٠).

(٤٢) {سورة القيامة:٢٣} .

(٤٣) اخرجه : مسلم (٤٤٨) ، والترمذي (٢٥٥٢) .

ترتان بۆ زیاد بکەم؟ ئەوانیش دەڵێن ئەی ڕووت سپی نەکردووین ئەی نەت خستوینەتە بەهەشت لە ئاگر ڕزگارت نەکردووین، لەوە زیاتر چی هەیە؟ فەرموویەتی : پەردەلادەدرێت خوای گەورە خۆیان نیشان دەدات، بەڕاستی شتێکیان پێ نەبەخشراوە خۆشەویست تر بێت لایان لەسەیرکردنی پەروەردگاریان)، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە پێغەمبەر (ﷺ) کە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾(٤٤).

واتە : بۆ ئەوانەی چاکەیان کرووە پاداشتی چاکتر و زیادەشیان کە سەیر کردنی خوای گەورەو بەرز و شکۆمەند ئامادەکردووە .

**((ئاگر – النار))**

ئاگریش سزای خوایە بۆ دوژمنەکانی ئەوانەی سەرپێچی خۆی ونێرراوەکانی دەکەن، بەڕاستی یادی ئاگر خەوی هەندێ لە پێشینانی زڕاندووە، هەندێکی لە بزەی سەر لێو خستووە، هەتا سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتویەتی : چۆن پێ بکەنم لە کاتێکدا ئاگری دۆزەخ کڵپەی دێت و پێوەندەکانی دامەزراون و کاربەدەستەکانیش ئامادەکراون، جا چۆن ئەوپێشینانە بەو شێوەیە نابن کە دەزانن، عن النعمان بن البشير (رضي الله عنه)، قال : قال رسول الله (ﷺ) : (إن أهون أهل النار عذابا من له نعلان و شراكان من نار، يغلي منهما دماغه، كما يغلي المرجل ما يرى أن أحدا أشد منه عذابا و إنه لأصونهم عذابا)(٤٥)، واتە: (سوك ترین سزای دۆزەخ کە دەدرێت کەسێکە جوتێ سۆڵی ئاگرینی لە پێدایە مێشکی پێوەی دەکوڵێنێت وەك چۆن مەنجەڵی سەر ئاگر دەکوڵێت و وادەزانێت کەس لەو توندتر سزا نادرێت لە کاتێکدا لە هەمووکەس سزاکەی ئاسان ترە). چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن (ئەو ئاگرە هاواری خۆی بەرز کردەوە بۆ لای پەروەردگاری ووتی : هەندێکم هەندێکمی‌خوارد، خوای گەورەش ڕێی دا دوو هەناسە بدات، هەناسەیەك لەزستان دا و هەناسەیەك لە هاوین دا، گەرمترین ڕۆژ کەهەستی پێ بکەن لە هاویندا لە گڕ و بڵێسەی دۆزەخەوەیە، وە ساردترین ڕۆژ لە زستاندا لە سەهۆڵ بەندانەکەی دۆزەخەوەیە {کەناوی زەمهەریرە} )(٤٦). چۆن بەو شێوەیە نابن لەکاتێکدا دەزانن کە (ڕۆژی قیامەت دۆزەخ دەهێنن حەفتا هەزار لغاوی هەیە

(٤٤) {سورة يونس:٢٦} .

(٤٥) اخرجه : البخاري (٦٥٦١) ، ومسلم (٥١٦) .

(٤٦) اخرجه : مسلم (١٤٠٠) .

هەر لغاوەی حەفتا هەزار فریشتە ڕای دەکێشن)[٤٧]، چۆن وانابن کە دەزانن ڕادەکێشرێن بەرەو ئەو ئاگرە، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ﴾[٤٨].

واتە : ئای لەو ڕۆژەی بەسەر ڕوودا ڕادەکێشرێن لەناو ئاگرداو پێیان دەڵێن دەی بیچێژن تاڵاو و سزای ئاگر.

چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن خوا دەربارەی پۆشاکەکانی دۆزەخیان فەرموویەتی:

﴿هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ﴾[٤٩].

واتە : جا ئەوانەی بێ باوەڕبوون پۆشاکیان لە ئاگر بۆ دەبڕێت و ئاوی لەکوڵیش دەکرێت بەسەریاندا، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿سَرَابِيلُهُمْ مِنْ قَطِرَانٍ وَتَغْشَى وُجُوهَهُمُ النَّارُ﴾[٥٠].

واتە : کراسەکانیان لەقەترانە وئاگریش سەرو چاویان دادەپۆشێت، چۆن وانابن کە دەزانن خواردەمەنییەکانیان خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ * طَعَامُ الْأَثِيمِ * كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ * كَغَلْيِ الْحَمِيمِ﴾[٥١].

واتە : بەڕاستی خواردنی تاوان باران لە دۆزەخدا بەری درەختی زەقنەبووتە، کە وەك قوڕقوشمی تواوە لەناو زگدا دەکوڵێت وەك چۆن ئاو دەکوڵێت و قوڵت دەدات، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ * وَلا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ﴾[٥٢].

واتە : ئەمڕۆ لێرەدا بێ دڵسۆزن، خواردنەکەشیان کێم و زوخاوە، چۆن ئەوە حاڵیان نابێت لە کاتێکدا دەزانن خواردنەوەکەیان خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقاً﴾[٥٣].

واتە : ئەگەر تینویان بێت و هاوار بکەن بۆ ئاو ئاوێکیان دەدرێتێ وەك قوڕقوشمی تواوە وایە سەرو چاو دەبرژێنێ، خراپترین خواردنەوەیەك جێگەیەکی چەندە ناخۆش و پڕ ئازارە. چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن گورزیان

---

(٤٧) اخرجه : مسلم (٢٨٤٢) .

(٤٨) {سورة القمر:٤٨} .

(٤٩) {سورة الحج:١٩} .

(٥٠) {سورة ابراهيم:٥٠} .

(٥١) {سورة الدخان} .

(٥٢) {سورة الحاقة:٣٥-٣٦} .

(٥٣) {سورة الكهف:٢٩} .

بۆ ئامادەکراوە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَلَهُمْ مَقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ﴾ (٥٤).

واتە : کوتەکیان لە ئاسن بۆ ئامادەکراوە، بەو کوتەکانە لێیان دەدەن. چۆن واناین دەزانن کە زنجیر دەکرێن بە زنجیرێك خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ﴾ (٥٥).

واتە : بەفریشتەکان دەوترێت پاشان بە زنجیرێك درێژیەکەی حەفتا باڵە بیان بەستنەوە.

موفەسیرەکان دەربارەی ئەو ئایەتە ووتویانە : ئەو زنجیرە لەپاشێوە تێی هەڵدەکێشن هەتا لە دەمێوە دێتە دەرەوە وەك چۆن مریشك دەکرێت بە شیشەوە بۆ برژاندن، چۆن واناین دەزانن ئاواتەکان و داواکانی خەڵکی دۆزەخ هەرگیز نایەتە دی کە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُمْ مَا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَنْ تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ﴾ (٥٦).

واتە : بێ باوەڕەکان لەناو دۆزەخدا هاوار دەکەن دەڵێن پەروەردگارمان لەم دۆزەخە دەرمان بهێنە بمان گێڕەرەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی کردەوەی چاك بکەین نەك ئەو کارە خراپانەی کردوومانە، پێیان دەوترێت ئایا ئەوەندەمان تەمەن پێ نەدان لە دونیا هەرکەس بیەوێت بیری تێدا بکاتەوە بیر بکاتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا نێرراوی ترسێنەرمان بۆ ناردن هەر ڕاست نەبوونەوە، دە بچێژن سزای ئاگر، بەڕاستی بۆ ستەم کاران یارمەتی دەر و دۆست نیە، هەروەها خوای گەورە لەسەر سزای دۆزەخیەکانەوە فەرموویەتی:

﴿رَبَّنَا أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ﴾ (٥٧).

واتە : پەروەردگارمان بە چاوی خۆمان بینیمان و بەگوێی خۆمان بیستمان ئەوەی باوەڕمان پێی نەبوو، دەبمان گێڕەوە بۆ دونیا هەتا کردەوەی چاك بکەین چونکە ئێستا ئێمە دڵنیاین، وەهەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿قَالُوا رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَالِّينَ * رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ﴾ (٥٨).

واتە : پەروەردگارمان لەم ئاگرە دەرمان بهێنە، ئەگەر گەڕاینەوە بۆ گومڕایی بەڕاستی ئەوە ستەم کارین، لەو کاتەدا وەڵامی دەم کوت کەریان

(٥٤) {سورة الحج:٢١} .
(٥٥) {سورة الحاقة:٣٢} .
(٥٦) {سورة الفاطر:٣٧} .
(٥٧) {سورة السجدة:١٢} .
(٥٨) {سورة المؤمنون:١٠٦-١٠٧} .

دەدرێتەوە لەلایەن پەروەردگارەوە پێیان دەفەرموێت:

﴿قَالَ اخْسَأُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ * إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ * فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّى أَنْسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنْتُمْ مِنْهُمْ تَضْحَكُونَ﴾(٥٩).

واتە : دەمتان داخەن و قسە مەكەن لەناو ئاگرەكەدا، چونكە لە دونیادا كۆمەڵێك لە بەندەكانم دەیان ووت : پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان بە تۆ هێناوە، تۆش لێمان خۆش ببە و ڕەحممان پێبكە چونكە تۆ لەهەموو خاوەن ڕەحمەكان بەڕەحم تر و میهرەبان تری كەچی ئێوە گاڵتەتان پێ دەكردن هەتا ئەو گاڵتە پێكردنەتان یادی منی لەبیر بردنەوە وبەردەوام پێیان پێدەكەنین ، كاتێ دۆزەخییەكان داوا لەسەر پەرشتیكەرانی دۆزەخ دەكەن نەختێ سزا كەیان لەسەر سوك بكاتەوە پەنا بەخوا ، وەك خوای گەورە لێیانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِنَ الْعَذَابِ﴾(٦٠).

واتە : ئەوانەی لەناو دۆزەخ دان بەفریشتە بەرپرسەكانی دۆزەخ دەڵێن داوا لە پەروەردگارتان بكەن تاقەیەك ڕۆژ سزامان لەسەر كەم بكاتەوە ، فریشتەكانیش وەڵامیان دەدەنەوە:

﴿قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴾(٦١).

واتە : پێیان دەڵێن : ئایا پێغەمبەران نەهاتن بۆ سەرتان بەبەڵگەی ڕوون و ئاشكراوە، ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ هاتوون، دەڵێن : دەپاڕێنەوە، پاڕانەوەی بێ باوەڕانیش جگە لە گومڕایی هیچی تر نییە.

كاتێ ئومێد بڕاودەبن و ئاواتەكانیان بەدی نایەت تەمەنای مردن دەكەن داوا لە لێپرسراوی دۆزەخ دەكەن داوابكات لە خوای گەورە بۆیان لەناویان بەرێت و بیان مرێنێ:

﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ * لَقَدْ جِئْنَاكُمْ بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾(٦٢).

واتە : هاوار دەكەن دەڵێن ئەی مالیك با پەروەردگارت بمان كوژێت و ڕزگارمان ببێت لەم سزایە، ئەویش پێیان دەڵێت : دەبێ هەر بمێننەوە تێیدا، چونكە بەڕاستی هەقمان بۆ هێنان بەڵام بەشی زۆر تان ڕقتان لەهەق دەبووەوە. پۆزش هێنانەوە لەناو ئاگردا وەرناگیرێت، ئەوانەی لە دونیادا خەڵك شوێنیان

(٥٩) {سورة المؤمنون:١٠٨-١١٠} .
(٦٠) {سورة الغافر:٤٩}.
(٦١) {سورة الغافر:٥٠} .
(٦٢) {سورة الزخرف:٧٧-٧٨} .

دەكـــــەوێت خۆيـــــان لـــــە شـــــوێن كـــــەوتووەكانيان بـــــەری دەكـــــەن بـــــە شێوەيەك شەيتان خۆی بەری دەكات لەو شوێن كەوتوانـەی فەرمانـەكانيان بـەجێ هێنــاوە وسەپێچــی خــوای گــەورەيان دەكـــرد، ئـــەوەتا شـــەيتان لەســـەر دوانگەيـــەك لـــەناو دۆزەخ دا ڕاســـت دەبێتەوە و بەشوێن كەوتووەكانی خۆی دەڵێت : وەك خوای گەورە وەصفی ئـەو شوێنە دەكات و دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلاَ تَلُومُونِي وَلُومُواْ أَنفُسَكُم مَّا أَنَاْ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[٦٣].

واتە : كاتێ هەموو شتێك دەبڕێتـەوە و شەيتان ڕوو دەكاتـە پـەيڕەو كـەرانی و دەڵێت بەڕاسـتی خـوای گـەورە پـەيمانی پێــدابوون پــەيمانی ڕاســتی، منــيش پـەيمانی درۆ، كەچـی ئێـوە هـەر شـوێنم كـــەوتن هەرچـــەندە مـــن دەســـتەڵاتم بەسەرتانا نەبوو، ئەوەنەبێ بانگـەوازم لێ كـردن ئێـوەش گێلانــە هــاتن بــەدەم بانگەوازەكەمەوە، جا لۆمەی من مەكـەن بەڵكو لۆمەی خۆتان بكەن لەسەر ئـەوە، ئێستاش مـن توانـای بەدەمـەوە هـاتنی ئێوەم نیـيەو ئێـوەش توانـای بەدەمـەوە

(٦٣) {سورة ابراهيم:٢٢} .

هـاتنی منتـان نیـيە بەڕاسـتی مـن هـەر باوەڕم بەوە نەبووە كـە منتـان كردبـووە هاوبـەش لـە دونيـادا بەڕاسـتی سـتەم كــارانيش ســزای تونــد و تيــژيان بــۆ ئامادەكراوە.

خوشـكی بـەڕێزم ئايەتـەكانی قورئـان دەربارەی وەصفی ئاگر و ئەوانەی لـەناو ئاگردان زۆر زۆرە، بەڵام بیرخستنەوەيەك پاڵی پێوە نـاين بـۆی لەترسـی مەترسـی ئـاگر و سـزای خـوای گـەورە لەسـەرتان، بەدروسـتيش هـاتووە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) فەرمووويـەتی : (إطلعــت في النــار فوجدت أكثر أهلها النســاء)[٦٤]، واتـە : سـەيری نـاو ئـاگری دۆزەخـم كـرد بينـيم بەشی زۆری خەڵكەكەی ئافرەتانن .

هــەروەها بــە ئافرەتــانی فــەرمووە (تصدقن فإني رأيتكن أكثر أهل النار)[٦٥]، واتــە : ئافرەتــان خێــر و صــەدەقە زۆر بكــەن چــونكە بينيومــە بەشــی زۆری دۆزەخیيەكان لە ئێوەن .

خوشـكی بـەڕێزم-بزانـە كـەتۆ ئەگـەر نەگەيشتی بـە نيشـانەكانی هـاتنی ڕۆژی دوايی، ڕۆژی دوايی بەپەلەی تۆ مردنتـە، جا كاتێ كاتی مردن هات ئەوە گەيشـتنە بــەوڕۆژەدا، بەڕاســتی خــوای گــەورە فەرمووويەتی:

(٦٤) اخرجه : البخاري (٦٤٤٩) ، وسلم (٦٨٧٣) .

(٦٥) اخرجه : مسلم (٢٣٨) .

﴿ فَأَنَّى لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ﴾[٦٦] .

واتە : چۆن بۆیان هەیە بیربکەنەوە و تۆبە بکەن کاتێ ڕۆژیدوایی بێت هەروەها لەسەرەمەرگ دا هەڵنوتانێك نییە بوترێت و تۆبەیەك نییە بەدەست بێت.

ئەوش ڕێگای بەهەشت و ڕێگای دۆزەخ، باش سەرنج بدە کام ڕێگایان دەگرێت؟ بۆ کوێ دەچیت؟.

**وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون

١. تەفسیری ئاسان .
٢. تەفسیری نامی .

حمه أمين أحمد برزنجى

(٦٦) {سورة محمد:١٨} .

( فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لاتعلمون )

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

ئامادەکردنی : مامۆستا خليل أحمد

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی بابەتی فیقه و حەدیس و ئەو شتانەی پەیوەندییان بەشەرعەوە هەیە لەئامێز دەگرێت، بەویستی خوای گەورە لەهەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بەسوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی زانستیی متمانە پێکراو دەخینە بەردەستی خوێنەران، ئەمەش وەڵامی چەند پرسیارێکە:

پ١/ *داوا لەبەڕێزتان دەکەین ئامۆژگاری ئاراستەی ئەو کەسانە بکەن کەسەردانی قەبران دەکەن ونەزریان بۆ ئەنجام ئەدەن و داوای کۆمەکی و یارمەتیان لێ دەخوازن چونکە بەدۆست و ئەولییای خوایان دەزانن؟*

وەڵام / ئامۆژگاری ئێمە بۆ ئەو کەسانەو هاووێنەکانیان ئەوەیە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ هۆش و ژیریی خۆی، ئەم قەبرانەش کەوا دەزانرێت دۆستانی خوای تێدایە پێویستی بەم خاڵانەی لای خوارەوە هەیە :

یەکەم / پێویستی بەوە هەیە بزانین قەبرن یان نا ،چونکە جاری واهەیە شتێك لە شوێنێکدا دەکرێتە قەبرو دەڵێن ئەمە گۆڕی فلانە شەخسە وە زۆرجار ڕوویداوە.

لەکاتێکدا قەبریش نییە .

دووەم /ئەگەرسەلمێنرا بەڕاستی گۆڕن، ئەوە پێویستە بزانین ئەو مردووانە دۆستی خوا بوون یان نا، چونکە ئێمە نازانین ئەوانە ئەولییای خوان یان ئەولیای شەیتانن .

سێیەم / ئەگەر سەلما ئەوانە ئەولییای خوان، ئەنجا ئەوانە سەردانیی ناکرێن بەمەبەستی تەبەڕووك، یان بۆئەوەی هاوارو بانگیان لێ بکرێت و داوای کۆمەکیو پشت بەستنیان لێ

بخوازرێت، بەڵکو تەنها چۆن سەردانیی هەرکەسێکی تر دەکرێت بەمەبەستی پەند وەر گرتن و دوعا بۆکردن، لەکاتێکدا ئەگەر سەردانیشیان لە فیتنەیەکی تێداهەبێت یان بترسین فیتنەی زێدەڕەوی کردن لەئاستیاندا ئەو کاتەدروست نیە سەردانی بکرێن بۆئەوەی تووشی حەرام نەبین و ئەودەرگایەش نەکرێتەوە، تۆش ئەی مرۆڤ ژیریی خۆت بکە بەحەکەم ئەم سێ خاڵەی باسمان کردن ئەبێ بێتەجێ کەبریتین لە :

- ئەبێ گۆڕ بن .
- سەلماندنی ئەوەی کە ئەو مردووە دۆستی خوایە .
- سەردانیی کردنیان بۆئەوەی دوعایان بۆ بکرێت، چونکەئەوانە(هەرکەسێ بن) زۆر پێویستییان بە دوعا بۆ کردن هەیە چونکە هیچ سوود و زیانێکیان بەدەست نییە. ووتمان سەردانیی کردنیان بەمەبەستی پاڕاننەوە بۆیان دروستە، بەمەرجێك ئەو سەردانییە حەرامی تێدا نەکرێت.

بەڵام ئەو کەسەی سەردانییان بکات و نەزرو سەربڕینیان بۆ بکات یان داوای کۆمەکییان لێبکات، ئەوە شیرکی گەورەیەو خاوەنەکەی لەئاینی ئیسلام دەباتە دەرەوە و پێی کافر دەبێت و دوائەنجام لەئاگردا بەهەمیشەیی دەمێنێتەوە [1].

*پ٢ / جاری وادەیە خراپ لەیەك تێگەشتن وکێشە لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا ڕوودەدات بۆماوەیەك بەردەوام دەبێت، ئایا دروستە مامۆستاکە لەنمرەی ئەوخوێندکارە بشکێنێ و بیخات لەکاتێکدا لای مامۆستایەکی تربوایە دەرئەچوو؟ وەئایا مامۆستاکە تاوانبار دەبێت؟.*

وەڵام / دادوەری کردن لەنێوان خەڵکدا نابێت شتی کەسی تێکەڵ ببێ، چونکە نابێت دوژمنایەتی نێوان کەسی یەکەم و ئەوەی حوکمی بەسەردا دەدرێت کار بکاتە سەر حوکمەکە لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿يا أيها الذين آمنوا كونوا قوامين لله شهداء بالقسط ولايجرمنّكم شنئان قوم على الا تعدلوا اعدلوا هو اقرب للتقوى واتقوا الله انّ الله خبير بما تعملون﴾[2].

واتە : ڕق بوونەوەتان لەکەسانێك واتان لێنەکات دادوەر نەبن لەحوکمەکانتاندا، بەڵکو دادپەروەربن ئەوە نزیکترە لەتەقوای خواوەوە. لەم دوو ئایەتەدا خوای گەورە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کەدروست نییەمرۆڤ پێچەوانەی ڕاستی وشایەتی حەق بێت

---

(١) وەڵامی شێخ(محمد بن صالح العثيمين) بڕوانە (فتاوى العقيدة ) ل ٣٠.

(٢) {سورة المائدة:٨}.

لەبەر خزمایەتی یان دوژمنایەتی، چونکە جاری وا هەیە خزمایەتی مرۆڤ وای دەکات حوکمێکی وابدات بۆ خزمی خۆی کەشایستەی نییە، یان دوژمنایەتی جاری واهەیە مرۆڤ هەڵدەنێ بۆ ئەوەی شایستەیەتی لە دوژمنەکەی بێبەش بکات، کەوابوو لەسۆنگەی ئەوەی لەم دوو ئایەتەدا هاتووە بۆ مامۆستا دروست نییە خوێندکاری خۆی بخات، لەبەر ئەوەی دوژمنایەتییەکی کەسی لەنێوانیاندا هەیە تەنانەت ئەگەر دوژمنایەتی ئاینیش بێت پێویستە ئەوەی شایستەیەتی بیداتێ .

هەربۆیە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەی نارد بۆ ئەوەی سەرانە(جزیة) لە جولەکەی خەیبەر بەنیوە وەرگرێت بۆیە پێی ووتن (لقد بعثني رسول الله (ﷺ) وانـه لأحب الناس اليّ وانكم لأبغض الىّ من أمثالكم من القردة والخنازير وانّ حبي ايـاه وبغضـي اياكم لايمنعني من العدل ، فقالوا بهذا قامت السموات والأرض)[٣] لەسۆنگەی ئەمەوە پێویستە تەماشای حوکمەکە بکرێت کە ئەدرێت نەك کەسەکە. بەمە مرۆڤ ئەبێتە دادپەروەر و ئەوەی لەگەردنی دایە ئەنجامی داوە، چونکە بابڵێین لەنێوان خوێندکار و مامۆستاکەیدا دوژمنایەتییەکی گەورە هەیە، بەلاّم خوێندکارەکە ئاستی خوێندن و نمرەیەکی وای هێناوە کەهۆی دەرچونێتی، بۆیە حەلاّل نییە بۆ مامۆستاکە ئەو خوێندکارە مەحروم بکات لەوەی شایانێتی، هەروەها حەلاّڵ نییە بۆی لەبەر هاوڕێیەتی یان خزمایەتی یان لەبەر ئەوەی باوکی هاوڕێیەتی یان ..............هتد، لەوەی خۆی بەدەستی هێناوە زیاتری بداتێ . والله الموفق [٤].

*پ٣ / ئایا خوتبەی نوێژی جەژن یەك خوتبەیە یان دوو؟ وەئایا نۆ (الله أكبر) لەیەکەمیاندا و حەوت لەدووەمیاندا سوننەتە یان نا؟.*

وەلاّم / خوتبەی جەژن یەك خوتبەیە، نەسەلماوە لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) لەجەژندا دوو خوتبەی خوێندبێ هەرچەندە حەدیسێکی لاواز هەیە ئیمامی شەوکانی لەکتێبی (نيـل الأوطـار )دا هێناویەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) لەجەژندا دوو خوتبەی خوێندووە ئیمامی شەوکانی

(٣) جزء من حديث طويل أخرجه الحافظ البيهقي في كتاب (دلائـل البيهقي)(٤/٢٢٩-٢٣١) وذكره الحـافظ ابـن كـثير في البدايـة (٤/٢٠٠) وعزاه أيضاً للبيهقي ، واعلم ان مصالحة النبي ﷺ لليهود ، كانت في السنة الأولى للهجرة عقب وصول النبي ﷺ المدينـة بفتـرة وجيزة انظر (البداية والنهاية)(٣/٢٢٢) اما آية الجزية نزلت عام غزوة تبوك في السنة التاسعة للهجرة كما بينه ابن جرير الطبرى في تفسـيره (٦/١٠٩-١١٠) .

(٤) انظر : (فتاوى منار الأسلام )ج٣ ل ٦٩٨.

ئەڵی : (قیاس) کردنی لەسەر خوتبەی جومعە پشتیوانی ئەو حەدیسە دەکات. بەلاَم ئەوەی لە(بوخاری وموسلیم) دا هاتووە ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) خوتبەیەکی بۆ پیاوان خوێند و پاشان بەجێی هێشتن و ڕۆشت خوتبەیەکی بۆ ئافرەتان خوێند .

کەوابوو ئەگەر ئافرەتان هەبوون خۆتیش پێت باشبوو خوتبەیان بەیت– وەلە فیتنەیان پارێزراو بوویت–ئەوە دروستەو خوتبەیان بۆ بخوێنە ،وەئەگەر دەستەواژە هەبوو بۆ گەیاندنی دەنگ وەك (بلَندگۆ) ئەوا باشترە، خوتبەی جەژن وەك و هەموو خوتبەکانی تر بریتییە لەهاندان لەسەر چاکەو ترساندن لەخراپە و وریا کردنەوە لەخراپی داهێنراوەکان وەلەو کردەوانەی خەڵکی دەکەونە ناویەوەو پێچەوانەی شەرعی خوایە و هاندانی خەڵك بۆ شتانێك شەرع هانمان دەدات بۆی، کەوابوو لێرەوە زانرا ووتەی ڕاست و دروست لەوتەی زانایان ئەوەیە : خوتبەی جەژن یەکەو (الله أكبر) کردن لەخوتبەکەیدا وەك دەکرێت لەپێغەمبەرەوە(ﷺ) نەسەلمێنراوە و نەهاتووە [٥].

پ٤/ *خاوەن کچ گەر هاتوو خوازبێنی کچی بچوکی کرا و ئەویش قەدەغەی بەشودانی کرد بەبیانوی (ترتیب)، وات : بەپێی تەمەنی کچەکانی، بچوك بەشوو نەدات پێش گەورە ؟ ئەمەش گرفتێکە توشیی من بووە، گەنجێك هاتە خوازبێنیم کەئاستێکی بەرزی هەبوو لەدینداری و ڕەوشت و چاودێریی کردن لەسەر نوێژەکانی بەلاَم باوکم هەر قایل نەبوو و بەشوودانم ی ڕەتکردەوە ئەمەش لەبەر ئەوەی خوشکێکی لە خۆم گەورەترم هەیە مێردی نەکردووە، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم دەربارەی ئەم کێشەیە ڕێنماییم بکەن چونکە کۆمەڵگاکەمان مەسەلەی ژنهێنان و مێردکرنی زۆر ئاڵۆز کردووە ، تەنها کچانیش بوون بەقوربانیی ؟.*

وەلاَم / پێویستە ئەوە بزانین کە کچ ئەمانەتە لەگەردنی باوکیدا، خاوەنی کچ بەرپرسیارە لەسەر ئەم ئەمانەتە ئەنجا کچ نابێ وەکو شت و مەك بێت لای باوك، ئەگەر ویستی بیفرۆشێت و ئەگەر نا قەدەغەی بکات، بەڵکە چاودێر و بەرپرسیارە لەوەی پێی سپێردراوە، لەسەری واجبە ئەوەی بۆ کچەکەی چاکە هەڵیبژێرێت، ئەگەر کەسێکی شیاو لەئاین و ڕەوشتدا خوازبێنی کچ بچوکەکەی کرد پێویستە بەمێردی بدات وحەرامە ئەگەر قەدەغەی بکات لەبەر هەر هۆیەکی ناشەرعی، چونکە ئەوەی

(٥) انظر : غارة الأشرطة لشيخ مقبل ج٢ل ٢٥١ .

گرنگە خوازبێنی كار بەدین و ڕەوشت بێت و ئەوەی هەندێ نەفام كردوویانە بە عادەت كە كچی بچوكی بەمێرد نادات، لەبەر ئەوەی كچی گەورەی هەیە، ئەمەش عادەتێكی خراپە لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئەوەیە كەشەریعەتی ئیسلام دەیخوازێت، لەسەر ئەو باوكە كەقەدەغەی بەمێردانی كچی بچوكی دەكات، (واجب)ە چاودێری وگرنگی دان بەكچی گەورەی بدات و لەخوا بترسێت، چونكە پێدەچێت جارێكی تر مێردێكی هاوشانی بۆ ئامادە نەبێتەوە و داوای بەمێردانی لێبكرێت، كەوابوو لەسەری (واجب)ە بیدات بەكەسێكی هاوشانی كچەكەی خۆی، كچی گەورەش خوا ڕزقی دەدات و مێرد دەكات، لەوانەیە دەرگایەكیش بێت خوای گەورە لە كچی گەورەش بیكاتەوە، خوا بۆی ئاسان بكات كەسێكی شایستەی بەدین و ڕەوشت خوازبێنی بكات، والله الموفق[٦] .

پ٥/ *ئەگەر هاتوو پیاو ژنی خۆی تەڵاقدا(سێ تەڵاقەو لەیەك جێگادا)ئایا بەیەك تەڵاق دادەنرێت یان بەسێ؟داوا كارین بەوردی ولەگەڵ بەڵگەدا وەڵاممان بدەنەوە؟*

وەڵام / ئەمە بەیەك تەڵاق حیساب دەكرێت ، بەبەڵگەی ئەو حەدیسەی ئیمامی موسلیم لە (صحیح)ەكەیدا ڕیوایەتی كردوە لە ئیبن عەبباسەوە خوایان لێیان ڕازی بێت كەفەرمویەتی : تەلاقی سێ بەسێ(واتە:تەلاقێك گەڕانەوەی نەبێت)لەسەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) و ئەبو بەكر و پێشەكی خیلافەتی ئیمامی عومەردا بەیەك تەلاق دادەنرا پاشان ئیمامی عومەر فەرمووی (خەڵكی پەلەیان كرد لەشتێكدا كەبواری تێدا خۆیان ئەو بوارەیان نەهێشت و تەسكیان كردەوە ئەویش ئەوەی لەسەر دانان) بۆیە پێشەوایانی هەرچوار مەزهەبەكان ئیشیان بە ئیجتیهادەكەی ئیمامی عومەر كرد هەروەها شوینكەوتوانیانیش ئیشیان پێ كرد، ئیمامی شەوكانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت : ئەگەر ئێوە سوننەتی پێغەمبەرتان (ﷺ) وازلێ هێنا لەبەر قسەی ئیمامی عومەر ئەوە ئیمامی عومەر چیە لەبەراوردی پێغەمبەردا (ﷺ) وەئەگەر وازتان لێهێنا لەبەر مەزهەبەكان ئەو كاتە ئەوان كەمترن لەوەی بەرامبەر بەسوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بوەستنەوە ، لەحەدیسی فاتیمەی كچی قەیسدا هاتووە كەمێردی بەیەكجاری تەلاقی داوە و لەڕیوایەتێكدا هەرسێ تەلاقی ــ بەلام ڕونكردنەوەی لەڕیوایەتی تردا هاتووە كەبەسێجار

(٦) انظر : فتاوى منار الأسلام ج٣ ص٢١٥.

تــەڵاقی داوە _ کــەدوای یــەك تــەڵاق گەڕاندوویەتیـــەوە _ئـــەم ڕیوایەتـــەش (صحيح)ە.

وەلــە حەدیســی (رکانــة) دا هــاتووە کەژنەکـەی تـەڵاق دابێـت سـێ تەڵاقـە و پێغەمبەریش (ﷺ) سوێندی دابێت کەسێ تەڵاقــەی مەبەســتە و ئــەویش هەرســێ تــەڵاقی خســتبێ ، بــەڵام ئــەم بەســەر هاتـــەی (رکانـــة) لەپێغەمبـــەرەوە(ﷺ) نەســـەلمێنراوە ، خـــوای گـــەورە دوای ئەوەی باسی تەڵاق دەکات دەفەرموێت: ﴿لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا﴾

کــەوابوو بــۆ موســڵمان وا چــاکترە کەتـەڵاقی دا یـەك تـەڵاقی بـدات ئەمـەش ڕێبازی پێغەمبەرە(ﷺ).

لەوەیــە ئەگــەر هــاتوو بەیــەك تــەڵاق تــەڵاقی ژنــی بــدات پاشــان بیگێڕێتــەوە پاشان تەڵاقی بدات وپاشـان بیگێڕێتـەوە پاشان تەڵاقی بدات پاشان بیگێڕێتـەوە و حـەز لـەژنی خـۆی بکـات و ئـەویش حـەز لەم بکات لەوەشە پێویستیان بکەوێت بە (التحليل) کەحەرامکەرە[٧].

پێغەمبــەر (ﷺ) ئەفــەرموێت: (لعن الله المحلل والمحلل له) واتە: لەعنەتی خـوا لـەو کەسەی ژن بۆ یەکێکی تر حـەڵاڵ دەکـاو ئـەوەش بـۆی حـەڵاڵ دەکرێـت، ئەمـەش کـارێکی نادروسـتە وەپێویسـتە مرۆڤـی موسـڵمان دور بگرێـت لـەو هۆکارانــەی دەبنــە مایــەی موخالەفــەی ســوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، سـوننەتی پێغەمبـەریش (ﷺ) لەتەڵاقـدا بریتـیـە لـەوەی خێزانـت کاتێــك تــەڵاق بــدەیت کــەپاك بــێ و نەچوبیتە لای، هەرکەس بـەخێزانی ووت: سـێ تەڵاقــەت کــەوتبێ ئــەوە بەتــەڵاقی جۆری (بدعي) حیساب دەکرێـت و تـەنها یــەك تـــەڵاقی پـــێ دەکـــەوێت . والله المستعان[٨].

وبالله التوفيق وصلّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلّم.

(٧) واتە : ئافرەتێك مارە بکرێت بەمەبەستیئەوەی بۆ مێردی یەکەمی ئافرەتەکەحەلاڵ بکرێت.

(٨) انظر : قمع المعاند وزجر الحاقد الحاسد ج٢ص٣١٩.

# حوكمەكانى وەليمە

م.عبد الكريم محمد قادر

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وآله وسلَّم

الوليمةُ:-بريتىيە لەو چێشت وخواردنەى دواى ژن هێنان دروست دەكرێت وخەڵكى بۆ بانگ دەكرێت.

١-حوكمى وەليمە:-زانايانى سوننى ڕاوبۆچونيان جياوازە، زۆربەى زانايان دەفەرموون (سوننەتى موئەكەدەيە) هەندێك لە زانايان دەفەرموون (واجبە)، وەك ئيمامى ماليك ڕەحمەتى خواى لێبێت و ئيمامى ئەحمەد ڕەحمەتى خواى لێبێت و(بعض الشافعية) و أهل الظاهر وهو الحق[1]، پێويستە ئەو خواردنە دروست بكرێت بەبەڵگەى:

أ-قول الرسول(ﷺ) لعبد الرحمن بن عوفٍ: ((أولِم ولو بشاةٍ))[2]، واتە:پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووى بەعەبدولڕەحمانى كوڕى عەوف خواردن، چێشت لێ بنێن ئەگەر مەڕێكيش بێت.

ب-عن بريدة قال:لما خطب عليٌّ فاطمة قال رسول الله(ﷺ): ((إنه لابد للعرس من وليمةٍ))[3]، واتە كاتێك ئيمامى عەلى (رضي الله عنه) فاطمەى كچى پێغەمبەرى(ﷺ) مارەكرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووى (دەبێت وەليمە بكرێت دواى ژن هێنان).

٢-كاتى وەليمە:-دواى گواستنەوەى (بعد الدخول) سێ ڕۆژە بەو شێوەيە نەقڵ كراوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بەبەڵگەى :-

عن أنس (رضي الله عنه) قال: ((تزوج النبي(ﷺ) صفية، وجعلَ عِتقَها صداقَها، وجعلَ الوليمة ثلاثة أيام))[4]، واتە پێغەمبەر(ﷺ) صفىيەى مارەكرد مارەىيەكەى ئازاد كردنى بوو، سێ ڕۆژ خواردنىدا بەخەڵك.

٣-كێ بانگ بكات بۆ خواردنەكەى:

موسوڵمان بانگ بكات بۆ دەعوەتەكە، موسوڵمانێكى هەژار بێت يان دەوڵەمەند. بەبەڵگەى فەرموودەى: ((لاتصاحِب إلاّ مؤمِناً، ولايأكُلْ طَعامكَ إلاّ

(١) أنظر التعليقات الرضية (١٣٧/٣-١٣٨).

(٢) متفق عليه.

(٣) أنظر : (صحيح الجامع)(٢٤١٩)، آداب الزفاف ص٦٤.

(٤) أخرجه :أبو يعلى بسند حسن كما في (الفتح)(١٩٩/٩) دار الكتب العلمية.

تِقِـ ـ ـ ـي))[٥]، واتــە: پێغەمبــەر(ﷺ) دەفــەرموێت ((تــەنها هــاوەڵی بــاوەڕدار بکــەو، کەسـێکیش خواردنت بخوا کـارە چــاکەکان جێبــەجێ بکــات وخــۆی لــە کارەخراپەکان بپارێزێت.

٤-مەرجەکانی وەلاّم دانەوەی دەعوەت:

إبـن حجـر العسـقلاني (رحمـه الله) لـە (فتح الباري)دا (٣٠١/٩) مەرجەکانی باس کردووە کەبریتییە لە:-

١-ئەو کەسەی بـانگ دەکرێت ئـازاد بێت (حُرًّا) ژیر بێت (رشيداً).

٢-بۆئەوە بانگی نەکات لەبەر ئـەوەی ئیشی پێی هەیە، یان لێی دەترسێت.

٣-بانگ کراو چاك وایە خاوەن بـاوەڕ وموسوڵمان بێت.

٤-کــێ بــانگ کــرا ئــەوە لەپێشــترە لەکەســێك کــەبانگ نــەکراوە لــەکاتی خواردندا ئامادەبێ.

٥-بانگ کراو (عذر) عوزرێکی نـەبێت، ئیمــامی بەغــەوی دەفــەرموێت: کەسـێك (عذر)عوزری هەبوو، یان ڕێگەی دوور بوو لە هاتندا تووشی ئازارو ناڕەحەتی ببێت ئەگەر نەیەت گوناهبار نابێت.

٦-مەبەســتی تــەنها بــۆ خــواردن نــەبێت، بــەڵکو مەبەســتی زینــدوو کردنەوەی سوننەت بێت.

*مەرجەکانی وەلاّم دانەوەی (وليمة):

١-خاوەن وەلیمەکە موسوڵمان بێت ئەگەر موسـوڵمان نـەبوو وەلاّم دانـەوەی (واجـب) پێویسـت نیـیە، بـەلاّم دروسـتە وەلاّم دانەوەی ئەگـەر بەرژەوەندییـەکی ئیسـلامی تیـا بـەدی بکرێـت. بۆنموونـە ئەگـەر خـاوەن وەلیمەکـە بێبـاوەڕ بـوو. چوونت سـوودی ئـەوەی تیـابوو هەسـتی بێباوەڕەکـە بـەرەو ئیسـلام ڕابکێشـیت دروســـتە. بەڵگـــەیش لەســـەری:- *پیـاوێکی جـوو(جولەکـە) لـە مەدینـە دەعـــوەتی پێغەمبـــەری کـــرد(ﷺ)، دەعوەتەکـەی بریتـی بـوو لـە نـانی جـۆ لەگـــەڵ ڕۆنێکـــی کـــۆن، پێغەمبـــەری خوا(ﷺ) وەلاّمی دەعوەتەکەی دایـەوە و چوو[٦].

*بەمــــەرج نــــەگیراوە خــــاوەن دەعوەتەکــــە (عــــدل)بێــــت: ئەگـەر کەسـێك دەعـوەتی کـردی نوێـژی جەماعەتی کـەم بـوو یـان ڕیشـی تاشـراو بوو یان جگەرە خۆر بوو دروستە وەلاّمی بدەیتــەوە، بــەلاّم ئەگــەر نەچــونت بــۆ دەعوەتەکە بووە هۆی دەست هەڵگرتنی لەو گوناهانە ئەو کاتـە چـوونت پێویسـت نییە. بەلاّم ئەگەر چوون و نەچونت وەك یەك وابوو بچۆ لەبەر ئەوەی موسوڵمانە.

(٥) اخرجه : أبو داوود (٤٨٣٢)، والترمذي (٢٣٩٥)، والحاكم وأحمد من حديث أبي سعيد الخدري وقال الحاكم (صحيح الإسناد) ووافقه الذهبي.

(٦) اخرجه : البخاري (٢٠٦٩) كتاب البيوع.

٢-ماڵەکەی حەلاڵ بێت :-
ئەگەر ماڵەکەی حەرام بوو وەکو ئەوەی بە سوو(ربا) پەیدای بکات. واجب نییە وەڵام دانەوی دەعوەتەکەی لەبەر ئەوەی ماڵەکەی حەرامە. کەسێك ماڵی حەرام بێت گونجاو بۆموسوڵمان ئەوەیە خۆی بپارێزێ و نەیخوا. نەك خواردنی حەرام بێت لەسەرت. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) خواردنی جووی خواردووە. گومانی تێدانییە کە جووەکان ماڵیان بە بەسوو پەیدا دەکرد. جا ئەگەر حەرام بوایە چۆن پێغەمبەر(ﷺ) خواردنی ئەخوارد؟! بەڵام ئەگەر ماڵەکەی تێکەڵ بوو لە حەرام وحەلاڵ گوناهبار نابیت وەڵامی بدەیتەوە وخواردنی بخۆی.

٣-لەناو دەعوەتەکەدا کاری پێچەوانەی شەرع ئەنجام نەدرێت:-
ئەگەر کاری ناشەرعی هەبوو (واجب) پێویست ناکات وەڵام بدرێتەوە وبچیت. کاری ناشەرعی وەکو ئەوەی گۆرانی بێژ ودەهۆڵ لێدەر وسەما کردن ورەشبەڵەك کردن و.... تێدا ئامادە ببێت، واجب نییە لەسەرت بچیت بۆ دەعوەتێ کە ئاوابێ. ئەگەر بتوانی ئەو ناشەرعیانە بگۆڕیت واجب دەبێت لەسەرت بچیت لەبەر دوو هۆ:-

أ-لابردنی ناشەرعییەکان.

ب-وەڵام دانەوەی دەعوەتەکە.

ئەگەر نەتوانی ناشەرعییەکان بگۆڕیت چوونت حەرامە.

٤- بانگ بکرێیت بەتایبەتی:-
واتە:ئەگەر بەتایبەت بانگ کرای واجب دەبێت لەسەرت بچیت. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی ووتی خەڵکینە بەبۆنەی ژن هێنانمەوە (وەلیمە)م کردووە ئامادەبن. واجب نابێت لەسەرت لەبەر ئەوەی بانگ کردنەکە گشتی بووە نەك تایبەتی.

چاکتر وایە هەر بچیت باگشتیش بێت لەبەر ئەوەی مافی موسوڵمان بەسەر برای موسوڵمانییەوە یەکێکیان ئەوەیە کاتێك دەعوەتی کردی وەڵامی بدەیتەوە باتایبەتیش نەبێت، مەگەر بەرژەوەندی یەك هەبێت بۆیە ناچیت ئەو کاتە بەرژەوەندی شەرعی چۆن بووە تۆش وابکە إنشاء الله[٧].

٥-حوکمی بانگ کراو بۆ خواردنەکە !:
هەرکەسێك بانگ کرا بۆ وەلیمە واجبە لەسەری بچێت بەبەڵگەی:- قوله(ﷺ): ((إذا دعِي أحدكُم إلى الوليمـةِ فَلْيأتِها{عرساً كانَ أو غَيره}،{ومـن لـم يجـب الـدعوةَ، فَقَـد عصـى الله ورسولَه})) [٨].

(٧) أنظر : (شرح رياض الصالحين)(٥/١١٩-١٢١) للامام إبن العثيمين .
(٨) اخرجه : البخاري(٥١٧٩)، ومسلم(١٤٢٩-١٤٣٢)، والبيهقي من حديث ابن عمر، وكذلك رواه ابو يعلى.

واتــە: پێغەمبــەر(ﷺ)دەفــەرموێت: ((هەر کاتێك یەکێك لـەئێوەی موسـوڵمان بانگ کرا بۆ (ولیمة)بابچێت وەلیمـە بێـت یان هەر دەعوەتێك بێت، ئەوەی وەڵامـی دەعوەتەکـە نەداتــەوە ونەچــێت ئــەوە کەسـێکە گوێڕایــەڵی خــواو پێغەمبــەری نــەکردووە(ﷺ))، فەرموودەکــە بەڵگەیــە لەسەر وەڵام دانەوەی دەعوەتەکە لەبـەر ئەوەی ووشەی (عصیان) کە هـاتووە بـۆ فەوتاندنی واجبێکە، هەر وەکو (ابن حجر العسقلانی)(ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت.

٦-واجبە وەڵام دانەوەی دەعوەتەکـە ئەگەر بەڕۆژویش بوویت!:

بەڵگە لەسەری. قولـه(ﷺ): ((إذا دعِي أحدكُم إلى طَعامٍ فَلْيجِب، فَإنْ كَانَ مفْطِراً فَلْيطْعم، وإنْ كَانْ صائِماً فَلْيصـلِ. يعِنـي الدعاءْ))[٩]، واتە: ((هەر کاتێك یـەکێك لـە ئێوەی موسوڵمان دەعوەت کرا، بابچێت بۆدەعوەتەکــە ئەگــەر بــەڕۆژوو نــەبوو خواردنەکە بخوات، ئەگەر بەڕۆژووش بوو بــا دووعــای خێــر بکــات بــۆ خــاوەن خواردنەکە.

٧-دروستی ڕۆژووی سوننەت شکاندن لەبەر دەعوەت:

کەسێك بەرۆژوو بوو ڕۆژووی سـوننەت ودەعوەت کرا و خاوەن خواردنەکە زۆری لێ کرد بۆ ئـەوەی ڕۆژووەکـە بشـکێنێت، دروســـتە ڕۆژووەکـــەی بشـــکێنێت بەبەڵگەی:-

قولـه(ﷺ): ((إذا دعِي أحدكُم إلى طَعامٍ فَلْيجِب، فَإنْ شاءَ طَعِم، وإنْ شاءَ ترك))[١٠]. قال النووي (رحمه الله): (إنْ كَـانَ صَـومُهُ نَفْـلاً وَشَـقَ عَلـى صـاحِبْ الطَعـامْ صَـوْمَهُ فَالأفضَـــلْ الفطْـــر). ونحـــوه في (الفتــاوى)(١٤٣/٤) لابــن تيميــة (رحمــه الله).

ئیمــامی نــەوەوی وئــیبن تەیمیـیــە ڕەحمــەتی خوایــان لێبێــت دەفــەرموون (ئەگــەر ڕۆژووەکــەی ســوننەت بــوو نەیشــکان وخــاوەن خواردنەکــەپێی نــاخۆش بــوو، چــاك ئەوەیــە ڕۆژووە سوننەتەکەی بشکێنێت).

٨-واجــب نیـیــە ڕۆژووی ســوننەت بگرێتەوە (قضاء):

بەبەڵگـەی:-عـن أبـي سـعيد الخـدري قال: ((صنعت لِرسول الله(ﷺ) طعاماً فَأتاني هو وأصحابه، فَلَما وضع الطعام قال رجلٌ مِن القَوم:إني صائِم، فَقال رسول الله(ﷺ): دعاكُم أخوكُم وتكَلَف لكُم ؟!ثُـم قـالَ لَه:أفْطِر وصم مكانه يوماً إنْ شِـئْت))[١١]، واتــــە: ئــــەبو ســــەعیدی خــــودری

(٩) اخرجه : مسلم(١٤٣١)، والنسائي في(الكبرى)، وأحمد والبيهقي واللفظ له من حديث أبي هريرة.

(١٠) اخرجه : مسلم(١٤٣٠)، وأحمد، وعبد بن حميد.

(١١) اخرجه : البيهقي باسناد حسن كما قـال الحـافظ في الفـتح (١٧٠/٤).

دەڵێت:خواردنم دروست کرد وپێغەمبەرم (ﷺ) دەعوەت کرد. پێغەمبەر(ﷺ) خۆی وهاوەڵەکانی هاتن. کاتێك خواردن دانرا پیاوێکیان فەرمووی: من بەڕۆژووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: براکەتان دەعوەتی کردوون وئەرکی کێشاوە بۆتان! پاشان بەوپیاوەی فەرموو: ڕۆژووەکەت بشکێنە وئەگەر ویستت ڕۆژێك لە شوێنی بگریتەوە بیگرەرەوە، جائەگەر واجب بوایە بیگرێتەوە پێی نەدەفەرموو ئەگەر ویستت بیگرەرەوە.

٩-دروستی وەلیمە بەبێ گۆشت:

دروستە وەلیمە بکرێت بەهەر خواردنێك ئەگەر گۆشتیشی نەبێت بەبەڵگەی:-

عن أنس(رضي الله عنه) قال: ((أقام النبي(ﷺ) بين خيبر والمدينةِ ثَلاثَ لَيالٍ يبني عليه بصفية فَدعوت المُسلمين إلى وليمتِهِ، وماكانَ فيها مِن خبزٍ ولا لَحمٍ، وما كانَ فيها إلاّ أنْ أمر بالأنطاعِ فَبسِطت {وفيْ رِوايةَ، ، فُحِصتِ الأرض أفَاحِيص، وجيءَ بالأنطَاعِ، فَوضِعت فِيها}، فَألقى عليها التمر والأقْط والسمنِ {فَشِبع الناس}))[١٢] واتە:ئەنەس (رضي الله عنه) دەفەرموێت: ((پێغەمبەر(ﷺ) سێشەو مایەوە لەنێوان خەیبەر ومەدینەدا صەفی‌یەی گواستەوە. ئەنەس موسوڵمانانی بانگ کرد بۆ (وەلیمە)کەی، نەنانی تیابوو نەگۆشت. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد جێگەی ڕاخەن کەبریتی بوو لەپێستی خۆشەکراو (الجلد المدبوغ). لەڕیوایەتێکی تردا، فەرمانی کرد سەر ڕووی زەویەکە پاك بکەنەوە وجێگەیان ڕاخست وخورما وکەشك وڕۆنیان هێنا، خەڵکی تێریان لێ خوارد.

١٠-هاوبەش کردنی دەوڵەمەندەکان بەماڵیان بۆ جێبەجێ کردنی وەلیمەکە. چاك وایە ئەوانەی کەماڵیان هەیە وەلیمە بۆ برای موسوڵمانیان جێبەجێ بکەن وهاوبەشی بکەن لە ئامادەکردنیدا، بەبەڵگەی:

عن أنس في قصة زواجه(ﷺ) بصفية قال: ((حتى إذا كانَ بالطَّرِيقِ جهزتها له أُم سلَيمٍ، فَأَهدتها له مِن اللَّيل، فَأصبح النبي صلى الله عليه وسلم عروساً. فَقالَ: «من كَانَ عِنده شيءٌ فَلْيجِئْ بِهِ»، (وفي رواية:من كانَ عِنده فَضلُ زادٍ فَلْيأتِنا بِهِ) قَالَ: وبسط نِطعاً. قَالَ: فَجعلَ الرجلُ يجِيءُ بِالأَقِطِ، وجعلَ الرجلُ يجِيءُ بِالتمرِ، وجعلَ الرجلُ يجِيءُ بِالسمنِ، فَحاسوا حيساً،{فَجعلوا يأْكُلُونَ مِن ذَلِك الحَيس، ويشربونَ من حياضٍ إلى جنبِهم مِن ماءِ السماءِ} فَكانت وليمةَ رسول الله(ﷺ) ))[١٣]. واتە:کاتێك کە پێغەمبەری

---

(١٢) اخرجه : البخاري (٤٢١٣) والسياق له، ومسلم.

(١٣) اخرجه : البخاري (٣٧١)، ومسلم (١٣٦٥)، وأحمد، والبيهقي، والسياق له والزيادة لمسلم.

خوا(ﷺ) صەفیەی هێنا، لەڕێگەی سەفەردا بوون «أُمُّ سُلَيْمْ» صەفیەی ڕازاندەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) وپێشکەشی کرد لەو شەوەدا، بەیانی پێغەمبەر(ﷺ) زاوا بوو، فەرمووی: ((هەر کەسێك خواردنێکی زیادەی هەیە بابیهێنێ، جێگە ڕاخراو پیاوێك کەشکی دەهێنا، پیاوێکی تر خورمای دەهێنا، پیاوێکی تر ڕۆنی دەهێنا، خواردنێکی هەمەچەشنیان ئامادەکرد ودەستیان کرد بەخواردنی، ئاویان دەخواردەوە لە (حەوزێك- گۆمێك) لەتەنیشتیاندا بوو لە ئاوی باران، ئەمە وەلیمەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

١١-حەرامە دەوڵەمەندەکان تایبەت بکرێن بۆ دەعوەت، بەبەڵگەی:

قوله(ﷺ): ((شر الطّعامِ طَعام الْوليمةِ. يدعى لَها الأَغْنِياءُ ويمنعها الْمساكِين ومن لَم يجِب فَقَد عصى اللّه ورسولَه))(١٤).

واتە:خراپترین خواردن خواردنی شایەیە، دەوڵەمەندەکان بانگ دەکرێن بۆی وهەژارەکان بانگ ناکرێن، ئەو کەسەشی خوڵك بکرێت ونەچێ ئەوە لە خواو پێغەمبەری خوا(ﷺ) یاخی بووە، کەواتە کاتێك خراپترین خواردن نابێت بێ جیاوازی بێ دەوەڵەمەند وهەژاری بۆ بانگ بکرێت.

١٢-دروستە نەچیت ئەگەر تاوان کرا لەناو دەعوەتەکەدا:-

دروستە نییە ئامادەبیت لە دەعوەتێکدا تاوانی تیادا ئەنجام بدرێت ونەتوانی بیگۆڕی یان ناڕەزایی دەربڕیت. ئەگەر توانیت بیگۆڕەو بچۆ. نەت توانی بیگۆڕیت بگەڕێرەوەو مەچۆ.

بەڵگە لەسەری:-

١-عن علي(﵁) قال: (صنعت طَعاماً. فَدعوت رسولَ اللّهِ (ﷺ). فَجاءَ فَرأى في الْبيتِ تصاوِير. فَرجع {قالَ: فَقُلْت: يارسولُ الله ماأرجعك بِأبي أنت وأمي؟ قال: {إن في البيتِ سِتراً فِيهِ تصاوِير، وإنّ الْملائِكَةَ لا تدخلُ بيتاً فِيهِ تصاوِير})(١٥).

واتە: ئیمامی عەلی(﵁) دەفەرمویێت: (خواردنێکم دروست کرد ودەعوەتی پێغەمبەرم کرد(ﷺ)، هات وبینی لە ماڵدا چەند وێنەیەکی روح لەبەر هەیە گەڕایەوە. ووتم ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایك وباوکم بە فیدات بێت بۆ گەڕایتەوە، فەرمووی: ((دڵنیابە لەماڵەکەتدا پەردەیەکی تێدایە وێنەی لەسەر کێشراوە، وەدڵنیابە مەلائیکە ناچێتە ماڵێکەوە وێنەی ڕوح لەبەری تێدابێت)).

*تێبینی: مەبەست مەلائیکەی ڕەحمەتە، بەڵام مەلائیکەی (عذاب) سزا

(١٤) اخرجه : مسلم (١٤٣٢)، والبيهقي من حديث أبي هريرة مرفوعا، وهو عند البخاري موقوفا عليه، وهو في حكم المرفوع كما بينه الحافظ في شرحه.

(١٥) اخرجه : ابن ماجه (٣٧١٧)، وابو يعلى في (مسنده) والزيادة له، بسند صحيح.

وڕۆح كێشـــان ومەلائیكـــەی پارێزگـــاری دەچـــنە ژوورەوە لەهــــەموو كاتێكـــدا بەفەرمانی خوای گەورە.

٢-عَنْ أسلَمْ مَولى عُمَر-أنَّ عُمَرَ بن الْخَطَابْ(ﷺ) حِينَ قَدِمَ الْشَام فَصَنَعَ لَهُ رَجُلٌ مِنَ النَصارى، فَقالَ لعُمَرْ: إني أُحبُ أن تَجيئَني وَتُكْرِمَني أَنْتَ وَأصْحابَكَ-وَهُوَ رَجُلٌ مِنْ عُظَماءِ الشَامِ-فَقالَ لَهُ عُمَرْ(ﷺ): (إنا لانَدْخُلُ كَنائِسَكُمْ مِنْ أجْلِ الصُورِ الْتي فيها)[١٦]. واتـە: كاتێـك ئیمامی عومەر(ﷺ) چوو بۆ شام (شام) گەورەی گاورەكان خواردنێكی دروست كردو هاتە لای ئیمامی عومەر(ﷺ) پێی ووت: پێم خۆشە خۆت و هاوەڵەكانت بێن میوانداریم بكەن. ئیمامی عومەر(ﷺ) فەرمووی: ئێمە ناچینە كەنیسەكانتانەوە بەهۆی ئەو هەموو وێنەیەی كە تیایدایە.

٣-عن أبي مسعود عقبةَ بن عمرو-(أن رجلاً صنع له طَعاماً فَدعاه فَقالَ أفي البيتِ صورةٌ قالَ نعم فَأبى أنْ يدخلْ حتى كَسر الصورةَ ثُم دخل)[١٧]. واتـە: پیاوێك خواردنی دروست كرد ودەعوەتی عوقبەی كوڕی عەمرو كرد. عقبە فەرمووی ئایا لەماڵەكەتدا وێنەی تیایە؟ پیاوەكە ووتی بـەڵێ. عوقبە نەچوو تاوێنەكانی هەمووشكان پاشان چووە ماڵەوە.

(١٦) اخرجه : البيهقي بسند صحيح.
(١٧) اخرجه : البيهقي وسنده صحيح كما قال الحافظ في (الفتح) (٢٠٤/٩)

٤-قال الامام الأوزاعي (رحمه الله): (لاتَدْخُلُ وَليمَةً فيها طَبْلُ أو مَعازِف)[١٨]. واتە: ئێمەی (تابعی) ناچینە دەعوەتی (وەلیمە) تەپڵ یان مۆسیقای تیادابێت.

١٣-سوننەت چییە دوای دەعوەت بیلێی (بیكەی):-

سوننەتە بۆ كەسێك ئامادەی دەعوەت بوو:

١-دوعای خێر بكات بۆ خاوەن ماڵەكە دوای نان خواردن بەم دوعایانەی كەلە سوننەتدا هاتووە:

أ- عن عبدالله بن بسر أن أباه صنع للنبي (ﷺ) طعاماً، فدعاه فأجابه، فلما فرغ من طعامه قال: (اللهم اغفر لهم، وارحمهم، وبارك لهم فيما رزقتهم)[١٩]. واتە: باوكی عبد الله خواردنێكی دروست كرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ). بانگی كرد. پێغەمبەریش(ﷺ) هات بۆ دەعوەتەكە. كاتێك لە خواردنەكە لێبووەوە فەرمووی: (یا الله لێیان خۆشبە بەزەییت بێتەوە پیایاندا. ڕۆزی زیاتریان پێ ببەخشیت بەبەردەوامی).

ب- (أكل طعامكم الأبرار، وصلت عليكم الملائكة، وأفطر عندكم الصائمون)[٢٠].

(١٨) اخرجه : ابو حسن الحربي في (الفوائد المنتقاة) بسند صحيح عنه.
(١٩) اخرجه : مسلم (٢٠٤٢)، وابو داوود (٣٧٢٩)، والترمذي (٣٥٧٦).
(٢٠) اخرجه : احمد، والبيهقي، وابو داوود(٣٨٥٤)، وغيرهم، والالباني في(صحيح الجامع)(١٢٢٦).

واتە: چاکەکاران خواردنتان بخوات. مەلائیکە دوعای خێرتان بۆ بکات، بەڕۆژووان خواردنتان بخوات تاخێری بەڕۆژووانتان بۆ بنوسرێت.

٢-دوعای خێرکردن بۆ زاواو خێزانی، بەبەڵگەی:-

عن أبي هريرةَ: (أنّ النبي (ﷺ) كانَ إذَا رفّأ الأنسانَ إذَا تزوج قالَ: بارك الله لَكَ، وبارك عليك، وجمع بينكُما في(وفي رواية:على) خيرٍ)[٢١].

واتە: هەرکاتێك پیاوێك خێزانی بهێنایە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەجیاتی پیرۆزبایی نەفامەکان کەبریتی بوو لە(بالرفاء والبنين) دەیفەرموو: خوا بەرەکەت بخاتە کارتەوە، خێری زیاتر برژێنێ بەسەرتا، کۆتان بکاتەوە لەسەر خێر.

١٤-دروستە بوك خزمەتی میوانەکان بکات:

ئەگەر بوك ئەم مەرجانەی تیابوو هەروەها پارێزراو بوو لەفیتنە دروستە خزمەتی میوانەکان بکات:

مەرجەکان:- هەموو لاشەی داپۆشرابێت دەم وچاوو دەستەکانی نەبێت، ڕازاوە نەبێت نەخۆی نەپۆشاکی، پۆشاکی تەنگ نەبێت، پۆشاکی تەسك نەبێت لاشەی نیشان بدات، بۆن خۆش نەبێت، پۆشاکی لەپۆشاکی پیاوان نەچێت، پۆشاکی لەپۆشاکی ئافرەتانی بێباوەڕ نەچێت، پۆشاکی (شُهْرَة)[٢٢] نەبێت، بەڵگە لەسەری:-

حديث سهل بن سعد قالَ: (لَما عرس أبو أسيد الساعدي دعا النبي(ﷺ) وأصحابه، فَما صنع لَهم طَعاماً ولا قَدمه إليهم ألاّ إمرأته أُم أسيد، بلت (وفي رواية:أنقعت) تمرات في تور مِن حِجارة مِن اللّيل فَلما فَرغَ النبي(ﷺ) مِن الطَعامِ أماثَته لَه فَسقته، تتحِفَه بذلك، {فَكانت أمرأته يومئذٍ خادِمهم وهي الْعروس})[٢٣].

مانای فەرموودەکە: کاتێك ئەبو ئەسید خێزانی هێنا دەعوەتی پێغەمبەری کرد(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا(ﷺ)، خواردن دروست کردن وپێشکەش کردنی بۆ میوانەکان، خێزانی جێبەجێی کرد. خورمای تەڕکرد وکردیە ناو قاپێکەوە لەبەرد دروست کرابوو، بەشەو خورمای کردە ناو قاپەکەو دوای خواردنی پێغەمبەر(ﷺ) خواردنەکەی دایەدەست خێزانی ئەبو ئەسید، ئوم ئەسید شانازی دەکرد بەو هەڵوێستەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ڕۆژە تەنها خێزانی ئەبو ئەسید خزمەتی دەکردن وئوم ئەسیدیش بووك بوو.

---

(٢١) اخرجه : ابو داوود (٢١٣٠)، والترمذي (١٠٩١) وغيره.

(٢٢) واتە: پۆشاکێکە ببێتە هۆی پێکەنین وگاڵتەکردنی خەڵکی بەرامبەرت.

(٢٣) اخرجه : البخاري (٥١٨٢-٥١٨٣)، ومسلم، وابن ماجة وغيرهم.

سەرچاوەکان/
١.منار السبيل(ج٣).
٢.بلوغ المرام المحقق.
٣.سبل السلام(ج٣).
٤.مجموع الفتاوى(ج١٦-٣٢).
٥.آداب الزفاف.
٦.فقه السنة(ج٢).
٧.بهجة الناظرين شرح رياض الصالحين (ج١).

# یادی لەدایك بوون مانای چیە و بۆ كێ دەكرێت؟[١]

بسم الله الرحمن الرحیم

گەر چاوێك بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنین دەبینین لەهەموو سەردەمو رۆژگارێكدا چینێك لە خەڵكی پێكەوە ژیاون و پارچەیەك زەوی كۆی كردونەتەوە، وە بێگومان ئەو خەڵكانە هەموویان لەیەك ئاستدا نەبوون لە بوارەكانی ژیاندا، بەڵكو كەسانی ئاساییو نا ئاساییو پلە بەرزیان تێدا هەبووە، وە تیاشیاندا هەبووە كە لەهەمووان زیاتر بەهرەمەندو لێ هاتوو بووەو لە بوارێكی تایبەتدا یان لە چەند بوارێكدا خزمەتی بە كۆمەڵگاكەی كردووە چ لە بواری ئاینیو چ لە بورای نەتەوایەتیو رەگەزایەتیو چ لە بواری زانستیدا، وە دیارە خەڵكیش بەهۆی ئەو بەهرەمەندیەوە زیاد لە خەڵكانی ئاسایی رێزیان لێ گرتوونو خۆشیان ویستون، وە لە كاتێكدا كە ئەم كەسە بەهرەمەندانە دەمرن و كۆتایی بە خزمەتەكەیان دێت، خەڵكی ئەو كۆمەڵگایە هەست بە خەسارەت و كەلێنێكی گەورە دەكەن، لەبەر ئەوە حەز دەكەن وەكو دەربرینی سۆزو خۆشەویستیو وەفادارییەك بۆ ئەو كەسە بەهرەمەندەیان هەمیشە لە یادیاندا بێت و لە بیری نەكەن، جا لە سەدەكانی سەرەتای بوونەوەردا خەڵكی ئەم برینەیان بەوە سارێژ دەكرد كە چەند پەیكەرێكیان (بت) بۆ دەتاشین و لە شوێنە گشتییەكاندا و جێی كۆبونەوەكانیاندا دایان دەنان، بە مەبەستی ئەوەی بەردەوام لە یادیاندا بنو نەوەكانیشیان بێ ئاگا نەبن لەو مێژووە مەزنو پرشنگدارەی هەیان بووە.

وە شەیتانی لەعینیش زیاتر ئەم هەلەی قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی سەر لە نەوەكانیان تێك بدات بەوەی كە گومرایان بكاتو هاوبەش پەیدا كردن لە ناویاندا بڵاوبكاتەوە، بۆیە دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ و سەدەیەك بەسەر دروست كردنی ئەو پەیكەرانەدا كە نەوەكانیان بی ئاگا بوون لە مەبەستی دروست كردنیان شەیتان كەوتە گەڕو جۆرەها وەسائیلی بەكارهێنا تا بیرو باوەڕێكی وای تیا دروست كردن كەوا بزانن باوانیان ئەم پەیكەرانەیان بۆ

---

(١)كورت كراوەی كتێبی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لە سۆنگەی قورئان و فەرموودەكانەوە. لەنووسینی م.عبد الفتاح بەهێیی.

پەرستن دروست کردووەو عیبادەتیان بۆ کردووە، بۆیە ئەوانیش دەستیان کرد بە پەرستنیان و بەم شێوە بت پەرستی دروست بوو و لەناو خەڵکیدا بڵاوبوویەوە، وە ئەم کارەساتە بە سەرەتای دروست بوونی هاوبەش پەیدا کردن و بت پەرستی دادەنرێت، ڕاستی ئەمەش کەڵە زانای ئامۆزای پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی پێدەداتو لە تەفسیر کردنی ئایەتی:

﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾(٢)؟.

واتە: (وە وتیان واز لە پەرستراوەکانتان مەهێنن وە بەتایبەت واز نەهێنن لە (ود) و (سواع) و (ویغوث) و (یعوق) و (نسر)).

ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە دەربارەی ئەم ئایەتەی سورەتی (نوح) فەرموویەتی: (إن هؤلاء الخمسة أسماء رجال صالحين من قوم نوح، فلما هلكوا أوحى الشيطان إلى قومهم أنْ أنصبوا إلى مجالسهم التي كانوا يجلسون أنصابا. وسموها بأسمائهم ففعلوا فلم تعبد حتى إذا هلك أولئك وتنسخ العلم عبدت)(٣)، واتە: ئەو پێنج کەسەی لە ئایەتەکەدا ناویان براوە ناوی پێنج پیاوچاکی گەلی (نوح)ن کاتێك مردن شەیتان نیگای بۆ گەلەکەیان کرد چەند پەیکەرێکیان بۆ بکەن لەو شوێنانەی لێی دادەنیشتن، وەبەناوی ئەوانەوە ناویان بنێن ئەوانیش وایان کرد، بەڵام ئەو پەیکەرانە نەپەرستران تا ئەو جیلە کۆتاییان پێ هات، پاشان دوای ئەوان زانیاری دروستبوونی ئەو پەیکەرانە سڕایەوە ئەمجا پەرستران).

پاشان دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەکی ترو گەشەکردنی شارستانێتیخەڵکیو پێشەکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیریان و سەرهەڵدانی بەهەرەمەندان لە بوارەکانی تری زانستی بێجگە لەبواری ئایینی، ئەم یاد کردنەوەو بیر خۆهێنانەوەی ناوداران چەند شێوازێکی تازەی بە خۆیەوە بینی کە تا ئێستاش ئەو شێوازانە بەردەوامن بەتایبەت لەناو خەڵکانی ڕۆژئاواداو ئەوانەش کە شوێن کەوتەو لاساکەرەوەی ئەوانن لە خەڵکانی ڕۆژهەڵاتدا، ئەویش ئەوەیە کە هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەی ئەو ناودارەی تیادا لەدایك بووە، خەڵکی کۆدەبنەوە بۆ ئاهەنگ گێڕانو خۆشی دەربڕین و شیرینی خواردنەوە، وە لەو ئاهەنگەدا باس لە گرنگ ترینی ئەو کارانە دەکرێت کە ئەو کەسەی پێ ناسراوەو بەهرە مەندبووە پێی.

---

(٢) {سورة نوح:٢٣}.

(٣) (فتح الباري / كتاب التفسير/٨٦٢/٨/رقـم ٤٩٢٠) وە بۆ زیاتر ئاگادار بوون بەسەر ئەم باسەدا بڕوانە (تەلقین و نوێگژی مگردوو ١٣٤ – ١٣٧ دانانی: عبدلفتاح حسین بەهێنی).

کەواتە بنچینە و سەرتای ئەم کارە لە بێ بڕوایان و نەفامانەوە سەری هەڵداوەو باوو نەریتی ئەوانە. مانای وایە ئەم یادە بەم شێوازە بۆ بێ بڕوایان دەکرێت نەك بۆ پێغەمبەران و بڕواداران:

چونکە:

ئاهەنگ گێڕان و کۆڕبەستن لە یادی لەدایك بووندا بۆ ئەو کەسانەیە کە لەیاد دەچن و لە دڵو دەروونەکاندا هیچ جێگەیەکیان نەبێت، وە بۆ ئەو کەسانەیە کە مەبەست و ئامانجیان تەنها دنیا بوەو لای خوا هیچ پلەو پایەیەکیان نیە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) زیاد لەو پلەو پایە بەرزەی کە خوا پێی داوە لە قیامەتدا لە دونیاشدا خوای گەورە ناوی بەرز کردوەتەوەو پلەو پایەیەکی داوەتێ کە بەهیچ کەسێکی تری نەداوە و نایدات.

جا باشە پێغەمبەرێك بەم شێوەیە بێتو ئەمە پلەو پایەی بێت لەدڵ و لێو و زوبانی خەڵکدا، ئیتر چۆن لە بیردەچێتەوەو چۆن تەنها لەڕۆژێکدا یادی دەکرێتەوە؟.

بەڕاستی کۆڕ بەستنو ئاهەنگ گێڕان بۆیاد کردنەوەی زاتێکی وا وەك بەڵگە هێنانەوە وایە لەسەر بوونی خۆر لە ڕۆژی ڕووناکدا، وە بەڵگە هێنەرەوەکەی گێل ترە لە بەڵگە ویستەکەی! !.

## یادی لەدایك بوون کەی داهێنراو مەبەست چیە لە کردنیدا:

سەرەتای مێژوویی داهێنانی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی شەشەم و سەرەتایی سەدەی حەوتەم، وە زۆر لە زانایان و مێژوو نوسان پێیان وایە کە (أبو سعيد كوكبورى) یەکەم کەس بوە کە ئەم ئاهەنگەی داهێناوە، وە (د. محمد صالح البنداق) لە کتێبی ) في صحبة النبي (ﷺ)/١١) ئاماژە بە ووتەی هەندێ لە زانایان دەداتو دەفەرموێت: (ويرجح السيد رشيد رضا في كتابه عن ذكرى المولد النبوي إلى أن أول من أحدث هذا الإحتفال هو صاحب أربل، ويقول العلامة الأستاذ سليمان عبدالعزيز آل سليمان: ولم يكن الإحتفال بالمولد النبوي معروفا لا في عهد الرسول ولا في عهد الخلفاء الرشدين والسلف الصالح، والمشهور أن أول من أحدث هذا الإحتفال هو أبو سعيد كوكبوري بن ابي الحسن علي بن بكتكين التركماني صاحب أربل)، (....و يجمع فيها من كل الطبقات لمداولة طرب الملاهي و الأغاني، وكان الناس يتركون جميع أعمالهم في تلك الأيام و ينطلقون للتفرغ و الدوران على هذه القباب و ما يعج فيها من لهو وصخب، و طقوس و ضرب الطبول و نحر الإبل وذبح البقر و الغنم ونصب الموائد

المختلفة و إشعاع الشموع، وقد ذكر صاحب كتاب (تأريخ الخميس) ونقل عن الشيخ سعيد العربي مفتي لواء الفرات في كتابه )سر إنحلال الأمة العربية و وهن المسلمين) إن صاحب إربل رأى مناما قرر على إثره الإحتفال بعيد المولد النبوي)[٤]، واتە: (رەشید ڕەزا له کتێبی (ذکری مولد النبوي) دا مێژووی ئەم یاده دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی که یەکەم کەسێك ئەم یادەی داهێنا والی ئەربیل بوو[٥])، وە مامۆستاو شارەزا (سلێمان عەبدولعەزیز ئال سلێمان) دەڵێت: ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفە ڕێنمویی کراوەکان و پێشینی چاکخوازدا شتێکی باوو زانراو نەبووە، بەڵکو وا مەشهورە یەکەم کەس که ئەم ئاهەنگەی گێڕاوە (أبو سعید کوکبوری بن أبي الحسن بن بکتکین الترکمانی) والی ئەربیل بووە) ....وە لەم ئاهەنگەدا خەڵکی لەهەموو چینەکان تیایدا کۆدەبویەوە بۆ بەشداری کردنی جۆرەکانی لەهو گۆرانی، وە خەڵکی لەو ڕۆژانەدا هەموو کارو پیشەیەکیان بەجێ دەهێلاو خۆیان لێ بڕاو دەکرد بۆ بێ تاقەتی دەربڕین و بەسەر کردنەوەی ئەو کۆڕانەو ئەوەی تیایاندا شەپۆل دەدا لە گاڵتەو گەپو سرود ووتنو تەپڵ لێ دانو سەربڕینی ووشترو مەڕو مانگاو ڕاخستنی سفرەی جۆراو جۆرو داگیرساندنی مۆم.

وە خاوەنی کتێبی (تأريخ الخميس) باسی کردووەو (شیخ سعید العربی مفتی الفرات) له کتێبی (سر إنحلال الأمة العربية و وهن المسلمين)دا لێوە نەقڵ کردووەو دەڵێت: والی ئەربیل خەوێکی بینی ئیتر دوای ئەوە بڕیاری دا ئاهەنگ بگێڕێت بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وە هەروەها (ابن کثیر) لە باسی وەفاتی (أبو سعید کوکبوری) ئاماژە بەوە دەدات کە گرنگیەکی زۆری داوە بەمەولوییو هەموو ساڵێك ڕێژەیەکی لە ئەندازە بەدەر پارەی سەرف کردووە تیایدا، وەك دەڵێت: (كان يصرف على المولد كل سنة ثلاثمئة الف دينار)[٦]، واتە: (هەمووساڵێك سێ سەد هەزار دیناری خەرج دەکرد لەمەولویدا).

وە دەفەرموێت: (حكى بعض من حضر سماط المظفر في بعض الموالدكان يمد في ذلك السماط خمسة آلاف رأس مشوي، وعشرة آلاف دجاجة، ومائة ألف زبدية، وثلاثين ألف صحن حلوي...)[٧].

---

(٤) في صحبة النبي /١١ محمد صالح البنداق، (صـراط الجنـة في القرآن و السنة/ ٩٧ عجاج مهدي صالح)، (المورد في حكم الإحتفال بالمولد ٨-٩ عقيل بن محمد بن زيد المقطري اليماني).

(٥) ناسراوه به سلطان مظفـر و گۆرەگەی گە هەگەولیرە و زیگاتر تورکمانەکان وەك بتێکیان لێ کردووە.

(٦) البداية والنهاية ١٤٧/١٣ ابن كثير.

(٧) المصدر السابق نفس الجزء والصفحة.

واتە: (هەندێ لەوانەی ئامادەی سفرەو خوانی (ملك مظفر) دەبوون لە هەندێ لە مەولووەکاندا دەگێڕنەوە کەلەو سفرانەدا پێنج هەزار حەیوانی برژاو و دەهەزار مریشكو سەد هەزار سەلکە پەنیرو سی هەزار هەڵوای تیادا بڵاو دەکردەوە ! ! !.

ئەمە کورتەیەك بوو لە مێژوی داهێنانی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (ﷺ) پاشان پێویستە بزانین ئایا مەبەست لە سازدانی ئەم ئاهەنگە چیەو خەڵکی بە چ مەبەستێك ئەنجامی دەدەن؟.

## مەبەست لە سازدانی مەلودا

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی مەبەست لەسازدانی مولوددا ڕاستیەك هەیە پێویستە لەسەر هەموو یەکێك لە ئێمەی بڕوادار بڕواو قەناعەتمان پێی هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) شایەتی خەیریەت بۆ خەڵکی سێ سەدە دەدات کە نزیکن لە ڕۆژگاری پێغەمبەرایەتیو لانەدان لەو ڕێڕەوە ڕاستەی بۆیان دیاریکراوە، وەك لە فەرمودەیەکی صحیح دا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (خیر أمتي القرن الذين يلوني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم.....)[8]، واتە: (باشترین نەتەوەکەم ئەوانەن کە لە سەردەمی مندان، پاشان ئەوانەی بە دوایاندا دێن پاشان ئەوانەی بە دویاندا دێن)، وە شتێکی ڕوون و ئاشکراشە ئەو خەیریەتیەی دراوە بە خەڵکی ئەو ستی سەدەیە بەهۆی زیادە پەیوەست بوونیانە بە دەقەکانی قورئانو فەرمودەو دووریان لە داهێنراو و خورافیات، وە ئەو خەیریەتە کە دوای ئەوان دەبچڕێت بەهۆی ئەوەوەیە کە خەڵکی بێ ئاگا دەبن لە دوو سەرچاوە ڕوون و پاکەکەی دینەکەیان (قورئان و فەرمودە)و شوێن وتەو بۆ چوونو ڕێبازی ئەمو ئەو دەکەونو بەهەواو ئارەزووی خۆیان دینداری دەکەن، وە ئەوەی خواو پێغەمبەر (ﷺ) داوایان لێ دەکەن پشت گوێی دەخەن و شتانێکی تر کە خواو پێغەمبەر (ﷺ) داوایان نەکردووەو بە عیبادەتیان دانەناوە ئەوان خۆیان دای دەهێنن و دەیکەنە عیبادەت، هەروەك خوای گەورە باسی خاوەن کتابیەکانمان بۆ دەکات کە چۆن (ڕەهبانیەت) گۆشەگیریان کردبووە جۆرە عیبادەتێك بۆ خۆیان کە خوا داوای لێ نەکردبوون، وەك دەفەرموێت:

﴿وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا﴾[9].

واتە: (وە گۆشەگیریەکیان لەسەر خۆیان پێویست کردبوو کە خۆیان دایان

(٨) شرح صحيح مسلم – كتاب فضائل الصحابة- ٣١٨/١٦/ (رقم: ٢٥٣٣* النووي.

(٩) {سورة الحديد:٢٧}.

هێنــابوو، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەو گۆشەگیریەی دایان هێنابوو وەکو پێویست پــێی هەڵنەدەستان بـەڵکو زۆربـەیان بـۆ کاری خراپ بەکاریان دەهێنا).

جـا بۆیـە لـە ئـاییینی ئیسـلامدا ڕێگـە نەدراوە بەهیچ کەس لە خۆیەوە هیچ جۆرە عیبادەتو پەرستنێك دابهێنێت لـە دینداو کاری پـێ بکاتو خەڵکیش بـانگ بکـات بـۆ کـار پـی کردنـی، بـەڵکو بـە پێچـەوانەوە هەرکەسێك شتێکی وا بکات ئـەوە بەرپـەرچ دەدرێتـەوەو دەدرێتـەوە بـە ڕوویـدا، وەك پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: (مـن أحـدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهـو رد)[١٠]، واتـە: (هەرکەسـێك لـەم دینـەی ئێمـەدا شـتێك دابهێنێـت کـە تیایـدا نـەبێت ئـەوە ڕەد دەکرێتەوە).

کەواتــە ئەگــەر ئێمــە بمانــەوێت ئــەو خەیریەتـەی دراوە بـە خـەڵکی ئـەو سـێ سـەدەیە بمانگرێتــەوە ئــەوە پێویســتە بگەڕێینــەوە بــۆ ئــەو هەڵســوکەوت و بیروباوەڕو...عیبادەتانـەی کـە پێشـینمان لـەو سـێ سـەدەیەدا لەسـەری بـوون، وە پشـت بکەینـە هـەموو ئـەو داهێنراوانـە کـە دوای ئەوان لە دیندا داهێنـراونو دژایـەتیان بکـەین، جـا لێـرەدا پرسـیارێك دەکـەینو دەڵێین، ئایا یادی لـەدایك بـوون لـە مـاوەی ئەو سـێ سـەدەیەدا کـردەوەی پـێ کـراوە یـان بەچـەند سـەدەیەکیش دوای ئـەوان داهێنراوەو کاری پێ کراوە.

وەڵام/ بێگومان ئەم یادە نـەك هـەر لـەو سـێ سـەدەیەدا نـەبووە، بـەڵکو وەك لـە پێشـتردا ئامـاژەمـان پێـدا سـێ سـەدەش لـەدوای ئـەو سـێ سـەدە پـڕ خێـرە دا داهێنراوە.

ئـەمجا بچـینەوە سـەر وتـو وێـژکردن لەسـەر مەبەسـت لـە سـازدانی مـەولود لای خـەڵکی لـە کـۆنو تـازەوە، چـونکە ئـەو مەبەستەی خەڵکی ئـەم ڕۆژگـارە مـەولودی بـۆ سـازدەدەن لای خـەڵکی سـەدەکانی پێشـتر نـەبووە، وە ئـەوەی لای ئـەوانیش مەبەسـت بـوە لای زۆربـەی خـەڵکی ئـەمڕۆ مەبەسـت نیـە، بۆیـە دەتـوانین مەبەسـتی سازدانی مولود بکەینە دووبەش:

## یەکەم/ سازدانی مولود لای خەڵکانی زوو:

مەبەستی خەڵکی لە ساڵانی پێشتردا لـە سـازدانی ئـەم یـادەدا بریتـی بـووە لـە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بۆ پێغەمبـەر (ﷺ) وە بـە جـێ هێنـانی عیبـادەتێکی گـەورە، وە ئەمـەیان بـەو خۆشەویسـتیيە لێـك داوەتـەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: (لايؤمن أحدكم حتـى أكـون أحـب إليـه مـن والـده وولـده والنـاس

(١٠) متفق عليه، شرح صحيح مسلم/ كتاب ألأقضـية٢٥٦/١١ رقم احديث/ ١٧١٨.

أجمعـين)[١١]، واتـە: (هـیچ یـەکێ لـە ئێـوە ئیمانی تەواو نابێت تاوەکو خۆشەویست تـر دەبم لەدایکو باوکیو منداڵەکانی وە هـەموو خەڵکی) وە وایان زانیوە کە هەرکەسێك بەم کارە هەڵبستێت ئەوە ئەم واجبەی بـە جـێ هێنـاوەو بەڵگـەی سـەلمێنەری پێیـە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) ی خـۆش دەوێـت، وە ئەمـەش هـەموو دەگەڕێتـەوە بـۆ تـێ نەگەیشـتنیان لـە چۆنیەتی خۆشویسـتنی پێغەمبەر (ﷺ)و بێ ئاگاییان لـەو ئایەتـەی کـە مـەرجی ڕاسـتی خۆشویسـتنی خـواو پێغەمبـەر (ﷺ)ی ڕون کردوەتـەوە، کـە دواتر ئاماژەی پێ دەدەین بەویستی خـوا، بـەڵام ئـەم یـادەی ئـەم کەسـانە پـێی هەڵدەستن تـەنها بـەوەوە نەوەسـتاوەتەوە کـە جـۆرە عیبادەتێکیـان بـۆ خۆیـان داهێناوەو شتێکیان کردوەتە دین کـە دیـن نیە، بەڵکو ئەم کارەیان سەری کێشاوە بـۆ زۆر شتی گەورە ترو نادروست تر، لەوانە:

أ/سەری کێشاوە بۆ ئەوەی کە چـەندین شـرکی تیـادا قـەرار بـدرێت و شـتانێك بـۆ پێغەمبەر (ﷺ) بکرێت و شـتێکی دەرهـەق بوترێت کە لـە تایبـەت مەندیـەکانی خـوای پەروەرگارن لەوانە.

١–ئەو حەیوانانەی سـەر دەبـڕێن و ئـەو شیرنیو خواردەمەنیانـەی دەبەخشـرێنەوە لـەو یـادەدا نـاوی غـەیری خـوای لەسـەر دەبڕێت، وە لەو کاتەدا کە حەیوانەکە سـەر دەبڕێـت دەوترێـت (ئـەم حەویانـە خێـری مەولودی پێغەمبـەر (ﷺ) بێـت) کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا هاوبەشـی پەیـدا کردنـەو پێغەمبـەر (ﷺ) نـەفرەتی کـردووە لـە هەرکەسێك کە حەیوانێ بۆ غەیری خوا سەر ببڕێت وەك دەفەرموێت: (لعن الله مـن ذبـح لغير الله)[١٢]، واتە: (نەفرەتی خوا لەو کەسە بێت کـە حـەیوان سـەردەبڕێت بـۆ غـەیری خوا).

وە هـەروەها خـواردنی ئـەو گۆشـتەش کەناوی غەیری خوای لەسەر براوە حەرامەو دروست نیە موسڵمان لێی بخوات، چونکە خوای پـەروەردگار لەمیانـەی ئـەو شـتانەی حـەرامی کـردووە لەسـەرمان خواردنیـان دەفەرموێت:

﴿ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللهِ ﴾[١٣].

واتە: (وە ئەو شتانەی کە نـاوی غـەیری خوای لەسەر براوە).

جا بۆیە لێرەوە خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینـەوە لـە هەڵەیـەکی بـەربڵاو لـەناو خەڵکی کوردەواریدا کـە لەگـەڵ دەیانـەوێت حەیوانێك سەربڕن یان خێرێك بڕیار بـدەن دەڵێن: (ئەمـە خێـری مـەولودی پێغەمبـەر

(١١) (فتح الباري/ كتاب الإيمان/ ١/٨٠/رقم ١٥) ابن حجـر، (شرح صحيح مسلم/ ٢/٣٧٥/ رقم / ٧٠) النووي.

(١٢) شرح صحيح مسلم كتـاب الأضـحى: ١٣/١٥٠ رقـم الحديث: ١٩٧٨، النووي.

(١٣) {سورة البقرة:١٧٣}.

بێت) ئـەم وتەیـە ئەگـەر کەسێك بـۆی ڕون کرابێتەوەو تێ گەیەنرابێت لـێی بەڵام هەر بـەردەوام بێـت لەسـەری ئـەوە شـرکەو خواردنی ئەو شتەش حەرامە، بەڵام ئەوەی ئەم ڕاستیەی نەزانیبێت ئەوە (عَفَا اللَّهُ عَمَّا سَلَفَ) بەڵام لەمەودوا دەبێت دەمو زوبانتان خـاوێن بکەنـەوەو ئـەو جـۆرە زاراوانـە بـە دەمتاندا نەیەت.

٢-چـەندین هـۆنراوەی تیـادا دەخوێنرێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) وەصف دەکـات بـە شـتانێك هـەمووی تایبـەتن بـە خوای پـەروەردگارەوە، بـۆ نموونـە یـەکێك لـەو هۆنراوانـەی تیایـدا دەخوێنرێتـەوە دەڵێت:

إن من جودك الدنيا وضرتها

ومن علومك علم اللوح و القلم

واتـە: (لـە بەخشـندەیی تۆیـە ئـەی پێغەمبەر (ﷺ) دنیاو هەرچی تیایدا هەیە، وە لە زانستو زانیاری تۆیە ئەی پێغەمبـەر (ﷺ) زانینـی ئـەو شـتانەی لـە (لـوح المحفوظ)دا هەیەو هەرچی پێنووسی قـەدەر نووسیویەتی) ئەم قسەیەش کوفرە.

جا ئایا دنیاو ئەوەی تێدایەتیو قیامـەت بـەو هـەموو نازونیعمەتـەوە بەخشـندەیی خوایـە یـان هـی پێغەمبـەر (ﷺ) خـوای گـەورە خـۆی وەڵامـان دەداتـەوەو دەفەرموێت:

﴿وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَى﴾[١٤].

واتـە: (دونیـاو قیامـەت هـەر بـۆ خوایـە بەتەنها)، ئایا ئاگادار بـوون بەسـەر نهێنیـدا بەگشتیو نهێنیەکانی نـاو (لـوح المحفـوظ)و نوسـراوی پێنوسـی قـەدەر صـفەتی خـوای پەروەردگارە یان هی پێغەمبـەر (ﷺ)؟!! خوای پـەروەردگار خـۆی لـە زۆر جێگـە لـە قورئانـدا وەڵامـی ئـەم بیروبـاوەڕە پووچـە دەداتـەوەو فـەرمان بـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەکاتو دەفەرموێت:

﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾[١٥].

واتە: (ئەی محمد پێیان بڵـێ هیچ کـەس لەوانەی لە ئاسمانەکانو زەویدا هەن نهێنی نازانن تەنها خوا نەبێت).

ب/سەری کێشاوە بۆ سەرشێواندن لـە خـەڵکی لـەوەی بـزانن خـوای پـەروەردگار هەردوو گرۆهـی ئـادەمیزادو جنۆکـەی بـەچ مەبەستێك دروست کردووە، چـونکە ئـەوان لەو یـادەدا حەدیسـێکی هەڵبەسـتراوی بـێ سـەند دەخوێننـەوە کـە گوایـە خـوا فەرموویـەتی: (لـولاك لـولاك لمـا خلقـت الأفلاك) واتە: (ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە ئـەی محمد (ﷺ) بوونەوەرم دروست نـەدەکرد)، واتە خوای پەروەردگار هـەموو بوونـەوەری

(١٤) {سورة الليل:١٣}.
(١٥) {سورة النمل:٦٥}.

بەهەموو بەشەکانیەوە تەنها لە بەرخاتری پێغەمبەر (ﷺ) دروست کردووە، وە بەڕاستی ئەمە درۆیە کە بەدەم خواوە کراوە، ئەگینا خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە مەبەستی دروست کردنی بوونەوەر دەدات بەهەردوو گرۆهی ئادەمیزادو جنۆکەیەوەو دەفەرموێت:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾(١٦).

واتە: (من هەردوو گرۆهی ئادەمیزادو جنۆکەم دروست نەکردووە تەنها بەمەبەستی پەرستن نەبێت).

ج–سەری کێشاوە بۆ هەڵبەستنی درۆ بەدەم پێغەمبەر (ﷺ) و یاوەرەکانی و زانایانی پایەبەرزی ئیسلام و بەتایبەتی بەدەم چوار خەلیفە ڕێنمویی کراوەکانی لەبارەی فەزڵو گەورەیی مەولودیەوە کە ئەوان لێی بەرین و شتی وایان نەوتوە، وە پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (من كذب عليَّ متعمدا فليتبوأ مقعده من النار)(١٧)، واتە: (هەرکەس درۆیەك بەدەم منەوە هەڵببەستێت با جێگەی خۆی خۆش بکات لە دۆزەخدا).

وە نمونەی ئەو هەڵبەستراوانەوەك لە کتێبی مەولود دا هاتووە دەڵێت:–

{١–دەڵێت: (یاری غار أفضلي چهار خەلیفەی أول أعلم و أكمل رفيقى شفيق أبوبكر صديق فەرموویەتی هەرکەسێ خەرج بكات درهەمێ بۆ مەولودی افضلي مخلوقات به تحقيق رفيقى منه لەسەرکانیو کانیاوی سلسبيل و رحيق).

٢–دەڵێت (إمام همام قدوة الإسلام فاروقى أعظم، خەلیفەی دووەم زینەتی منبرو میحراب، أعدلى أصحاب عمر بن خطاب (رضي الله عنه) فەرموویەتی ئەو کەسێ بكات تعظیمی مەولودی حضرت رسول رب ارباب كأنە زیندووی کردیتەوە دینی إسلام و حديث و كتاب).

٣–دەڵێت: )امامي زەمان منبعي حيا و عيرفان خەلیفەی سێهەم ذي النورين عثمان بن عفان فەرموویەتی أو شخصێك صرف بكا درهەمێك لە خوێندنی مەولودی پێغەمبەر (ﷺ) من نزل عليه القرآن كأنە شەهیدی (بەدرو حونەینە) بە إيمان و بە إيقان)}(١٨).

ئەمەو چەندین درۆو دەلەسەی تر کە بەدەم یاران و زانایانەوە هەڵبەستراوە کە بواری باسکردنیانمان نیە، پاکیو بێ گەردی بۆ ئاینی پاکی ئیسلام لەو هەموو درۆو ئەفسانەو خورافیانەی بەدەستی دوژمنانی دین خراونەتە ناویەوە.

(١٦) {سورة الذاريات:٥٦}.

(١٧) شرح صحيح مسلم/ كتاب الزهد و الرقائق /١٨/ ٤٠رقـم ٣٠٠٤.

(١٨) موسلمانی کامل/١٤٦ – ١٤٧ مامۆستا عەلی باپیر.

ء–سەری کێشاوە بۆ ناشیرن کردنو بێزاندنی ئاین لە پێش چاوی خەڵکدا بەوەی کە:

١–خەڵکی واتێ بگەیەنرێت کە ئیسلام لەسەر خەوو خەیاڵ و ئەفسانە دروست بووەو دژە بە هەموو زانستو مەعریفە تێك کە مرۆڤ بەرەو شارستانیەت و پێشکەوتن بەرێت. وە دژوار بوونەوەی زۆربەی برگە خەیاڵی و هەڵبەستراوەکان لەگەڵ دەقە زانستیەکانی ئەمڕۆ کە زانایان لەسەری دەدوێن.

٢–رێخۆشکردن بۆ کەسانێکی ستەم کارو خوێن رێژ و داوێن پیسو خراپەکار بەوەی کە خوێندنەوەی مەولودیەك دەبێتە سڕینەوەی هەموو ئەو خراپەو ستەمکاریانەی ئەنجامی داون و بلیتی پاك بوونەوە وەردەگرێت، هەروەك چۆن لە ئاینی گاورەکاندا قەشەکان بلیتی لێ خۆش بوون (صك الغفران) بۆ خەڵکی دەبڕن و ئەو کەسە چەندە خراپەکارو تاوان بار بێت پاك دەبێتەوە لەتاوان و هیچی بەسەروە نامێنێت، وە ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێدان بەلاتانەوە شتێکی دوور نەبێت! چونکە زۆر لەمەش زیاتر خورافیاتو درۆو دەلەسە لە کتێبی مەولود نامەکاندا هەن و لەو یادەدا بۆ خەڵکی دەخوێنرێتەوەو خەڵکیش بە ئایەتو حەدیسی دەزانێت!!.

هەرکەسیش حەز دەکات ئاگادار بێت بەسەریاندا با بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کەلە مەولود نامەکاندا دەخوێنرێتەوە، بەتایبەتی کتێبی (مەولود نامە- بێ ناوی دانەرەکەی)[19]، وە کتێبی (الذخائر المحمدية)[20]، (محمد علوی مالکی) .

## دووەم/ مەبەست لە سازدانی مەولەود لای خەڵکانی ئەمڕۆ :

لە ڕۆژگاری تازەدا خەڵکی بەچەند مەبەستێکی جیاجیا ئاهەنگ بۆ ئەم یادە دەگێڕن، لەوانە.

کۆمەڵێك هەن لەگەڵ ئەم هەموو بێدار بوونەوەو بوژاندنەوە ئیسلامیەی زۆرینەی موسڵمانانی گرتووەتەوە هێشتا ئەوان

---

(١٩) بگەڕێز مامۆسگتا عگەلی بگاپیر لگە (موسگڵمانی کامگڵ/١٤٥) دا ئاماژە بەم کتێبە دەدات و دەڵێت، ئەم کتێبە ناوی نوسگەرەکەی لەسگە رنیە، بەڵآم (مەلا عەلاء الدین سجادی) لە کتێبگی (دەڤگەکانی ئگەدەبی کوردی)دا لە لاپەڕە (١٧٩ – ١٨٠) نوسیویەتی: نوسەرەکەی (شێخ حسێنی قازی‌یە بۆ جاری یەکەم لەلایگەن مگەلا عەبدولگگەریم حگاجی ئەحمەدی هەکتریەوە لە سالی (١٩٣٥) لە چاپخانەی (نجاح) لە بەغدا چاپ کراوە.

(٢٠) کتێبگی (الذخائر المحمدية) چگەندین شگرك و گگوفری تێدایگە چگونکە چگەند صگفاتێك دەداتگە پگاڵ پێغەمبگەر (ﷺ) گگە هگەموو لگە تایبگەت مەندیگەکانی خگوای پگەروەردگارن، وەك دەڵێگت کاروبگاری ئاسمانگەکان و زەوی بگە دەسگتی پێغەمبەروەیگە، وە ئگەو پێگنج گگارە نادیارەی تایبەتن بە زانستی خواوە پێغەمبەریش دەیان زانێت، وە پێی وایگە گگە شگەوی لگەدایك بگونی پێغەمبگەر (ﷺ) لگە شگەوی قگەدر گگەورەترەو پگیرۆز تگرە، وە بگەڕێز (عبداللگە سگلێمان منیگع) کتێبێگگی دەرکردووە بەناوی (حوار مع المالكى) تیایگدا یەگگە یەگگە برگگەکانی ئگەو کتێبگەی شگی کردوەتگەوەو بەرپەرچگی داوەتگەوە، وە ناڕاسگتیو پوچێتی ئەو کتێبەی بە بەلگەی بە هێزی قورئانیو فەرمودەی صگحیح دەرخستووە بۆ خوێنەران فجزاه الله خیرا.

لەخەوی غەفڵەت خەبەریان نەبوەتەوەو شەیتان میزی کردوەتە گوێیان[٢١]، لەبەر ئەوە بانگی حەق‌و ڕاستی نابیستن و هەر لەسەر بەزمی زوو دەڕۆن‌و هەمان دواکەوتوویی‌و هەڵخەڵەتان بەئەفسانەو خەو و خەیاڵیان تیادا ماوە، وە ئەو درۆو دەلەسانە بەسەر یەکتریدا دەخوێننەوەو سەری بۆ بادەدەن، هەرچەندە زۆربەی ئەمانەی ئەمڕۆ بەم کارانە هەڵدەستن و ڕەواجی پێ دەدەن‌و بە کتێب‌و گۆڤارو ئاهەنگ سازکردن ئەم خورافیاتانە زیندودەکەنەوە بەقەناعەت‌و بیروباوەڕ نیە بەڵکو لەلایەن کەسانێکی ترەوە دروست کراون و نەقیزەیان تێ دەکوترێت و ڕەواجیان پێ دەدرێت بۆ مەبەستێکی تایبەتی:

﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ﴾[٢٢].

هاندەرێکی تر کە بوەتە هۆی برەو پێدانی ئەم یادە لەناو موسڵمانانی بێدار دا دەتوانین بڵێین هاندەرێکی سیاسیەو بەناوێکی تر دەردەبڕێت کە ئەمەش زیاتر لەناو برایانی کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا بەدی دەکرێن، کە ئەمەش لاسایی کردنەوەو خۆ چواندنە بەگاورو جوولەکەوە ٠ بەڵێ، لەنیوەی دوایی ئەم سەدەیەدا بوژانەوەیەکی ئیسلامی و هۆشمەندیەك بەدی دەکرێت لە سەرانسەری جیهاندا و لەناو هەموو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئیسلامیدا بەتایبەت لەناو چینی گەنجەکاندا، وە ئاگادار بوونەوتەوە لەوەی کە ئەم کارە داهێنراوەو ناشەرعیە، وە دەزانن کە خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) بەم شێوەیە نیە بەڵکو ئەمە لادان‌و دورکەوتنەوەیە لەڕێبازە ڕاست‌و ڕەوانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) وە هاوەڵانی (خوایان لێ ڕازی بێت) وە شارەزاییان پەیدا کردووە بەوەی کە ئەوشتانەی لەو یادەدا دەخوێنرێتەوە هەمووی بریتیە لە هاوبەشی پەیدا کردن‌و درۆ هەڵبەستن بەدەم خواو پێغەمبەرکەی‌و یاوەرانیەوە، هەر بۆیە ئەمڕۆ کە ئاهەنگ دەگێڕن بەو بۆنەوە هیچ شتێك لەو بابەتانە ناخوێننەوە و باسی ناکەن.

بەڵام ئەم بێدار بوونەوەیە هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست بەڵکو سۆزو هەڵچونێکی دانەمەزراو وای کردووە کە لەبەر ڕقەبەرایەتی کردن لەگەڵ دوور

---

(٢١) مەبەست بە (شەیتان میزی کردووەتە گوێیان) ئامگاژە کردنگە بگۆ ئگەو فەرمودەیگەی گگە پێغەمبگەر (ﷺ) دەربگارەی ئگەو کەسگەوە فگەرموی گگە هگەموو شگەو دەخگەوێت هەڵناسگێت بگۆ نوێگژ وەك لگە (عبداللەی کوڕی مەسعود)ەوە گێڕاوەتەوە گگە پیاوێگك باسگکرا لای پێغەمبەر(ﷺ) شگەو خگەوتوە تگا بگەیانی هەڵنەسگتاوە، پێغەمبگەر (ﷺ) فەرمووی: (ذاك رجل بال الشيطان في أذنيه أو قال في أذنـه) (شگرح صحيح مسگلم/٦/٣١٠/رقگم: ٧٧٤) للنگووی، واتگە: (ئگەوە پیاوێگگە شگەیتان میگزی کردوەتگە هگەردوو گوێگەوە یگان فگەرمووی میگزی کردوەتە گوێیەوە) جا ئەمانەش وەکو خەوتوویەك وان گگە شگەیتان میزی کردبێتە گوێ یانەوە بۆیە ڕاستی نابیستن.

(٢٢) {سورة يوسف:٥٢}.

لەدینە کان و  لاسایی کردنەوەیان وە حـەز کردن بە خۆدەرخستن لە شێوازێکی تـازەو عەصریدا لە هۆڵو مزگەوتەکانـدا ئـەم یادە دەکرێتەوەو چـەند برگەیـەکی جۆراو جۆر دەکرێتـە بەرنامـەیو پێشـکەش دەکرێـت، کەواتـــە ئـــەم یـــادەی ئـــەمڕۆ دەکرێـــت لەڕوویەکەوە ڕێکسازی بە خۆیەوە ببینیـوە و پـــاك کراوەتـــەوە لـــە زۆر لـــەو شـــرکو خورافیـــاتو ئەفســـانەی کـــە لـــە ســـاڵانی پێشوودا هـەبووە، بـەڵام لەڕویـەکی تـرەوە ناســـازو نادروســـتە کـــە زیـــاد لـــەوەی داهێنراوێکـە لـە دینـدا لاسـایی کردنـەوەی گـاورو جوولەکەیشـی تێدایـە، جـا ئەوانـەی بەم کـارە هەڵدەسـتن  دوو بیـانوو بـۆ ئـەم کارەیان دەهێننەوە.

هەندێکیان بیانووی ئـەوە دەهێنێننـەوە کـە ئـەم کـارە وەك وەسـیلەیەکی بانگـەواز بـــەکاردەهێنن و مەبەســـتیان تـــەنها تێگەیاندنی خەڵکە، وە دان دەنـێن بـەوەدا کـە ئەمـە لـە دینـدا نـەبووە، بـەڵکو دواتـر داهێنراوە، بەڵام پێیان وایە کـە هەرچـەندە داهێنراویش بێـت کـارێکی دروسـتە چـونکە ئـەوان دەیکەنـە وەسـیلەیەك بـۆ بانگـەواز کردن، وەلای هەموانیش ڕوونە کە بانگـەواز کردن کارێکی پیرۆزەو پێویستە موسـوڵمان کاری بۆ بکەن.

ئێمەش لـەوەڵامی ئـەم کۆمەڵـەدا تـەنها ئەوەندە دەڵێین:—

برای ئـازیز/ شـێوازو ڕێگاکـانی بانگـەواز کردن (تـوقیفی)یـەو ڕاوێسـتە لەسـەر وتـەو کارو هەڵوێستەکانی پێغەمبـەر (ﷺ)، واتـە وەك چـۆن لـە بـەجێهێنانی نوێـژو ڕۆژوو عیبادەتـــەکانی تـــردا دەڕوانـــین بـــزانین پێغەمبـەر (ﷺ) چـۆنی کـردووە ئێمـەش وەهـا بیکـەین، بەهـەمان شـێوە شـێواز و ئسـلوبی بانگەوازیشـمان پێویســتە لـــە پێغەمبـەر (ﷺ) و هاوەڵانیـەوە وەربگـرین، نـەك لـە خۆمانـەوە چـەند ڕچـەو ڕێگەیـەك بگرینە بەر بۆ بانگـەواز کردن بـێ ئـەوەی بـڕوانین بـزانین ئـەو ڕێگـەو وەسـیلەیەی گرتومانەتەبەر بۆ ئەو واجبە ئایا شـەرعیەو ڕێگـە پـێ دراوە یـان نـا؟ چـونکە وەکـو زانایـــان (ڕەحمـــەتی خویـــان لـــێ بـــێ) دەفـەرموون (الغایـە لاتـبرر الوسـیلە) واتـە: (شەرعیەتی مەبەست پاساو ناهێنێتەوە بۆ وەسیلەکەی).

بەڵێ هەرچـەندە ئـەو مەبەسـتەی هەتـە گـەورەو پـیرۆز بێـت و بـۆ بـەجێ هێنـانی واجبێکـی گـەورە وەك بانگـەوازو فـەرمان بەچاکەو ڕێگری کردن لە خراپە بێت نابێتـە بیـانووی ئـەوەی کـە چـۆن بـۆت لـواو چ ڕێگەیەك هاتە ڕێت بیگرە بـەر بـۆی، بـەڵکو چەندە هەوڵ دەدەیت بۆ بەجێ هێنانی ئەو واجبە ئەبـی زیاتر هەوڵبدەیت بۆ ئەوەی کە ڕێگەیەکی شەرعیو ڕێ پێدراو بگریتـە بـەر بۆ بەجـێهێنانی واجبەکانی، ئەوسا خـوای

گەورە لێت قبوڵ دەکات و بە عیبادەت بۆت دەنوسێت، بەتایبەتی کە تۆ چەندین ڕێگەی شەرعی ترت بۆ دەڕەخسێت بۆ ئەم مەبەستە ئیتر چ پێویست دەکات پەنا بەریتە بەر ئەم ڕێگایە؟ جا ئەگەر بمانەوێت بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە بهێنینەوە بەڵگەی صحیح و ڕاشکاو زۆرەو زۆریش لە زانایان لەسەر ئەم باسە دواون، وە ئێمە بواری ئەو درێژە پێدانەمان نیە، بەڵام ئێمە تەنها لە ڕوانگەی یەك فەرموودەوە بۆ ئەم باسە دەڕوانین وشیدەکەینەوە ئەویش ئەو سەرگوزشتەیەی (عبد اللەی کوڕی مەسعود)ە (خوای لێ ڕازی بێت) کە کاتێك چووە مزگەوتەوەو کۆمەڵێکی بینی حەلقەیان بەستوەو کۆمەڵێك بەردە ووردەیان لە بەر دەستایە (الله أكبر)و (لا إله إلا الله) و (سبحان الله) ی پێ دەکەن، (وەك چۆن هەندێ لە خەڵکی ئەمڕۆ بە تەسبیح زیکر دەکەن) ئەویش کە ئەمەی بینی پێی فەرموون: (.....فعدوا سيئاتكم، فأنا ضامن أن لا يضيع من حسناتكم شيء، ويحكم يا أمة محمد أما أسرع هلكتكم هؤلاء صحابة نبيكم متوافرون، وهذه ثيابه لم تبل، وآنيته لم تكسر والذي نفسي بيده إنكم لعلى ملة أهدى من ملة محمد أو مفتتحوا باب ظلالة، قالوا: والله يا أبا عبدالرحمن ما أردنا إلا الخير، قال وكم من مريد للخير لن يصيبه...)[٢٣]، واتە: (خراپەکانتان ببژێرن، من کەفیلی ئەوە دەکەم کە هیچ لە چاکەکانتان ون نابێت، نارەحەتی بۆتان ئەی نەتەوەی محمد (ﷺ) چەند بەپەلە بە هیلاك دا چوون!! ئەوە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ناوتاندا زۆرن وە ئەوە پۆشاکەکانی پێغەمبەر هێشتا نەڕزیوە، وە قاپەکانیەتی نەشکاوە، سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە یان ئەوەتا ئێوە لەسەر دینێکن خۆتان بەڕێنموویی کراوتر دەزانن لە دینی محمد یان ئەوەتا دەرگای گومڕایتان لە خۆتان کردوەتەوە، وتیان، وە(الله) ئەی باوکی عبدالرحمن ئێمە هیچمان مەبەست نەبووە چاکە نەبێت، فەرمووی: چەندەها کەس هەیە چاکەی ویستووە نەیپێکاوە....پاشان بەڕێز (شێخ علی حسن علی عبدالحمید الأثري) لە کتێبی (اصول البدع) لەسەر ئەم فەرمودەیە دواوەو دەفەرموێت: بەڕاستی ئەمە سەرگوزشتەیەکی گرنگەو بەئاشکرا تیایدا دەردەکەوێت کە چۆن زانایانی ناو هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) ڕەفتار دەکەن لەگەڵ پەرستنەکاندا بە وەسیلەو مەبەست و نیەتی خاوەنەکەیەوە، وە ڕوون کردنەوەی ئەمەش بەم شێوەیە.

(٢٣) رواه الدارمي في سننه ١/٦٨ – ٦٩، وغيره، وسنده صحيح، انظر (اصول البدع – علي حسن: ٩٢).

١/ئەوانە کۆمەڵێك بون یادی خوایان دەکرد بە (الله أکبر) و (لا الە الا الله) و (سبحان الله)کردن.

٢/لەو یادکردنەوەیاندا بەردە ووردەیان بەکاردەهێنا وەك وەسیلە یەك بۆ ژماردنی ئەو زیکرانە.

٣/مەبەستیان لە کردنی ئەم کارەدا چاکەبوە، چونکە مەبەستیان خوا پەرستیو یادکردنیو بەگەورە گرتنی بووە.

٤/لەگەڵ ئەوەشدا (عبد اللەی کوڕی مەسعود) نکوڵی ئەم کارەی کردن بەهۆی ئەو وەسیلەوە (ژماردنی زیکرەکان بە بەردە ووردە) چونکە شتی وا لە پێغەمبەر (ﷺ) دوە نەبینراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سەردەمی ئەویشدا هەمان هاندەر هەبوە بۆ ئەو کارە کەلای ئەمان هەبوە.

٥/بەهۆی ئەم کارە داهێنراوەیانەوە تووشی تاوان بوون، چونکە پێچەوانەی سوننەتیان کردووەو کەوتوونەتە بیدعەوە.

٦/وە (عبد اللەی کوڕی مەسعود) (خوای لێ ڕازی بێت) نیەت باشی ئەوانی نەکردە هۆیەك بۆ چاو نووقاندن لە کارەکەیان، یان بیکاتە بەڵگەیەك لەسەر دروستی کارەکەیان، چونکە نیەت چاکی بیدعە ناکاتە سوننەت و خراپ ناکاتە چاك، بەڵکو پێویستە لەگەڵ نیەتی چاك و دڵسۆزیدا موافیقیش بێت بۆ سوننەت و شوێن کەوتنی پێشین.

جا برای بەڕێز ئەم سەرگوزشتەیە دەقاو دەق تەتبیق دەبێت بەسەر ئەو کەسانەدا کە مەولود دەکەنە وەسیلەی بانگەواز، وە دووبارە پێیان دەڵێین شەرعیەتی مەبەستەکەتان[٢٤] کە بانگەوازە، نابێتە هۆی شەرعیەت دان بە وەسیلەکەتان کە مەولودە بەڵکو بە پێچەوانەوە نادروستیو ناشەرعێتی وەسیلە (مەولود) دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەبەستە شەرعیەکەتان ببێتە نا شەرعی و قبوڵ نەبێت لای خوا وەك چۆن بە بەرد ژماردنی زیکرەکان لای ئەو کۆمەڵە بووە هۆی ئەوەی کە زیکرەکانیشیان لێ وەرنەگیرێت بەڵکو تاوان باریش بن لەسەری وەك (عبداللەی کوڕی مەسعود) (خوای لێ ڕازی بێت) ئاماژەی پێدا.

وە هەندێکی تر بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە ئەمە پەیوەندی بە خوا پەرستییەوە (عبادات) نیە بەڵکو ڕەفتاری مامەڵەیەکی دنیاییە و پەیوەستە بە بەشی (معاملات)ەوە، وەهەرشتێکیش لەبەشی (عبادات) دا نەبوو ناتوانرێت بوترێت داهێنراوە، بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بەبەشی (معاملات) دوە هەیە ئەصڵ تیایدا حەڵاڵ بوونە (الأصل في الأشياء الإباحة) هەر کەسیش دەڵێت دروست نیە پێویستە بەڵگەی تایبەت بێنێت لەسەرنا دروستیەکەی.

(٢٤) (أصول البدع/ ص:٢٤٥) علي حسن علي عبدالحميد الحلبي الأثري.

جا بۆ وەڵامی ئەو بۆ چوونەی کە یادی مەولود بە خوا پەرستی نازانێت دەڵێین، پێشەکی ئێمە قەناعەتمان بەوە نیە کە ئەم یادە لە بەشی عیباداتدا نەبێت، چونکە ئەو خەڵکە کە ئەم کارە دەکات بەهیوای خێرو پاداشت و بەرەکەتە، وە ئەگەر بزانێت هیچ کام لەمانەی ڕێ نایەت هەرگیز ئەو مەسرەفە زۆرە ناخاتە سەر شانی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە بەشی (معاملات) یش دابنرێت ئەوە جۆری دووەمی کارە نادرووستەکانی بەشی (معاملات)دەیگرێتەوە کە خۆشویهاندنە بەگاورو جوولەکە.

## حوکمی ئاهەنگ گێڕان بۆ ئەم یادە

پێش ئەوەی ئاماژە بەووتەی زانایان بدەین لەم بارەیەوە بنەمایەك لە بنەما گرنگەکانی بیرو باوەڕی بڕوادار دەهێنمەوە یادتان کە پێویستە هەمیشە لە پێش چاوی هەموو یەکێك لە بڕواداراندا بێت و وەك سەنگی مەحەك کارەکانیان پی هەڵسەنگێنن، چونکە بەبێ بڕوا بوونو قەناعەت بوون بەم بنەمایە مرۆڤ نابێتە بڕوادارو بڕواکەی تەواو نابێت، ئەویش ئەوەیە کە هەموو یەکێك لە ئێمەی بڕوادار پێویستە بڕواو قەناعەتمان بەوە هەبێت کە هەر کێشەیەك هاتە ڕێمان یان هەر جیاوازییەك لەنێو خەڵکی یان لەنێو زانایاندا ڕوویدا پێویستە بگەڕێنەوە بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) قورئان و فەرمودە، وە ئەوان بکەینە دادوەر لەنێواندا بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە یان یەك لاکردنەوەو نەهێشتنی ئەو جیاوازییە پاشان هەر فەرمانێك لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە دەرچووە دەربارەی ئەو کێشەو جیاوازییە پێویستە لە سەرمان بەدڵ و لاشە گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە بینو هیچ لەنگیو تەنگەلانیو پێ ناخۆش بوونێك لەدڵو دەرونماندا نەمێنێت، چونکە دوای گەڕانەوەی حوکمەکەی بۆلای قورئان و فەرمودە ئەگەر تەنها تۆزێکیش ناڕەزایی و پێ ناخۆش بوون لە دەرونماندا دروست ببێت ئەوە ئیمانمان ناتەواوەو پێویستە چارەسەی بکەین، جا چ جای نەك تەنها بەدڵ پێمان ناخۆش بێت بەڵکو بەکارو کردەوەش ناڕازی بین پێی و قبوڵمان نەبێت! ! بەڕاستی ئەوە مەگەر هەر خوا خۆی ڕەحم بە ئیمانی ئەو کەسە بکات.

ئەو ڕاستییەش خوای پەروەردگار لە چەندین ئایەتی قورئان دا ئاماژەی پێ دەدات وەك دەفەرموێت:

﴿فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجاً مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيماً﴾(٢٥).

---

(٢٥) {سورة النساء:٦٥}.

واتە: (سوێند بە پەروەردگارت ئەوانە ئیمانیان نیە (ئیمانیان تەواو نیە) تاوەکو دەتکەنە دادوەر لەو شتانەی ڕودەدات لە نێوانیاندا پاشان هیچ لەنگیو پێ ناخۆش بوونێك نەبێتەوە لە دڵ و دەروونیاندا لە بارەی ئەو حوکمەی تۆ داوتە، وە پێویستە خۆیان بدەن بە دەستەوە بۆ حوکمی خوا بە خۆ بەدەستەوە دان)، وە هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ (٢٦).

واتە: (لە هەر شتێکدا کێشەو جیاوازیتان هەبووە بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) قورئانو فەرموودە، ئەگەر بڕواتان هەیە بە خواو ڕۆژی دوایی) ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە گەڕاننەوەی کێشەو ناکۆکیەکان بۆ قورئان و فەرموودە نیشانەی بڕوا یوونە بە خواو ڕۆژی دوایی، وە بە پێچەوانەوە نەگێڕانەوەی کێشەو جیاوازیەکان بۆ قورئانو فەرموودە نیشانەی بێ بڕواییە بەخواو بە ڕۆژی دوایی با بەدەمیش وا خۆی دەربخات کە بڕوای پێیان هەیە، جا بۆ ئەم باسەی کە ئێمە لەسەری دەدوێین، باسی مەولود و گشت باسەکانی تری دین بەهەردوو بەشی (عیبادات)و (معاملات)ەوە خوای پەروەردگار لە قورانی پیرۆزداو پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودە صەحیحەکانیدا یاسای گشتیان داوەتە دەست ئێمەی بڕوادار مە بتوانین لە ژێر ڕۆشناییاندا کار بکەین و دروستی و نادروستی کارەکانمان بۆ دەربکەوێت، خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت:

﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (٢٧).

واتە: (ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێتانی داوەو فەرمانی پێ کردوون بە کردنی بیکەن وە ئەوەی ڕێگری لێ کردوون لە کردنی وازی لێ بهێنن و مەیکەن، ئەم ئایەتە پیرۆزە پێکهاتوە لەدوو بڕگەی سەرەکی کە روون کردنەوە ی هەردوو بەشی (عیباداتو معاملات)ی تێدا هەیە، واتە بڕگەی یەکەمیان دەفەرموێت: (مَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ)، ئاماژەیە بۆ بەشی (عیبادات) کە هەر عیبادەتو خوا پەرستیەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردن و ڕێنمویی کردن بۆ کردنی ئێوەش بیکەن؟، وە پێچەوانەکەی (مفهوم مخالفة) ئەوە دەگەیەنێت کە هەر عیبادەتێك ئەو ڕێنمویی نەکردن بۆ کردنی مەیکەن چونکە ئەوە چاك نیە ٠ جا ئێمەش لێرەدا پرسیارێك لە خوێنەری بەڕێز دەکەین و دەڵێین، ئایا پێغەمبەر (ﷺ) لە کام فەرموودەدا فەرمانیدا بە سازدانی یادی لەدایك

(٢٦) {سورة النساء:٥٩}.

(٢٧) {سورة الحشر:٧}.

بوونی؟! ئایا کام لە خەلیفە ڕاشدیەکان ئاهەنگی سازدا بۆ یادی لە دایك بوون؟ ئایا چ یەکێك لە أصحاب بەم کارە هەڵساو ئاهەنگی سازدا بۆ لە دایك بوون ؟! ئایا چ یەکێك لە تابعین و ئیمامە بەرزەکان ئەم یادەیان سازدا؟ وەڵام، بێگومان مێژوو شایەتەکە هیچ یەکێك لەوان ئەم کارەی نەکردووەو لەسەردەمی ئەوانیشدا نەبووە ، ئەی باشە بۆچی ئەمەیان نەکرد؟!! ئایا پێغەمبەریان (ﷺ) خۆش نەدەویست؟!! ئایا هیچ یەکێك لەوان دەرکی بەم عیبادەتە گەورە نەکردووە؟!! نەخێر حاشا ـ ئەوان زۆر لە ئێمە زیاتر عیبادەتیان بۆ خوا کردوەو زانیویانە کامە چاکەو کامە خراپە، وە ئەوان زۆر لە ئێمە زیاتر پێغەمبەریان (ﷺ) خۆش ویستووەو قەدریان زانیوە بەڵام ئەوان لەم ئایەتەو وێنەی ئەم ئایەتە تێ گەیشتوون و دەیان زانی خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) چۆنەو چۆن دەبێت وە دەیان زانی ئەوەی لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (ﷺ) دین نەبوو بێت دوای ئەوانیش نابێت بە دین، وەك ئیمامی (مالیك) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەوتە زێڕینەکەیدا دەفەرموێت: (فما لم یکن یومئذ دینا فلا یکون الیوم دینا)[٢٨]، واتە: (ئەوەی لەو ڕۆژەدا دین نەبووبێت ئەمڕۆش نابێتە دین).

وە بڕگەی دووەمی ئایەتەکە کەدەفەرموێت:
﴿وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا﴾[٢٩].

ئاماژەیە بۆ بەشی (معاملات) کە هەرشتێك پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێ کردن لە کردنی یان لە خواردن و خواردنەوەی وازی لێ بهێننو مەیکەن، وە پێچەوانەکەی (مفهوم المخالفة) ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کارێك یان هەر خواردنو خواردنەوەیەك بێ دەنگ بوو لێی و حەرامی نەکرد لێتان ئەوە دیارە حەڵاڵە و ئێوەش لەسەر خۆتانی حەرام مەکەن، وە هەروەها لە هەمان واتای ئەم ئایەتەدا پێغەمبەریش (ﷺ) لەفەرمودەیەکی دا ئاماژە بەهەمان مەبەست دەداتو دەفەرموێت: (ما بعث الله من نبي إلا كان حقا عليه أن يدل أمته على خير ما يعلمه لهم وينذرهم شر ما يعلمه لهم)[٣٠]، واتە: (هەر پێغەمبەرێك خوا ناردبێتی پێویست بوو لەسەری ڕێنمویی نەتەوەکەی بکات بۆ هەرشتێك کە خێرو چاکەی تیا بێت بۆیان لە خوا پەرستی، وەبیان ترسێنێ لە خراپەی هەر کارو پیشەیەك کە بزانێت خراپە بۆیان لە ڕەفتارو کردەوە).

(٢٨) الأعتصام /٢٣/١ للشاطبي، بتحقيق و تعليق وتخريج (محمود طعمة الحلبي ، (توجيهات إسلامية/ص: ٨٠) جميل زينو، البدعة و أثرها السئ/ص: ٣٧) شاكر نعمة الله.

(٢٩) {سورة الحشر:٧}.

(٣٠) شرح صحيح مسلم – كتاب الإمارة /٤٧٥/١٢/رقم/١٨٤٤ للنووي.

ئەم فەرمودەیەش بەهەمان شێوە پێك هاتوە لە دوو بڕگە كە بڕگەی یەكەمیان ئاماژە بۆ بەشی (عیبادات) دەكات كە دەفەرموێت: (ما بعث الله من نبي إلا كان حقا عليه أن يدل أمته على خير ما يعلمه لهم) جا لێرەدا ڕوودەكەینە ئەو كەسانەی كە یادی لەدایك بوون بە كارێكی چاكو عیبادەت دەزانن‌و پێیان دەڵێن، ئێوە لەم كارەتاندا حاڵتان یەكێك لەم سیانە بەدەر نیە.

یەكەم/ ئەم كارەی ئێوە دەیكەن هیچ خێرێكی تێدا نیەو پاداشتی لەسەر وەرناگرن بگرە تاوانباریش دەبن، چونكە وەك لەم فەرمودەیەدا هاتووە هەر كارێك خەیر هەبێت لە كردنیدا دەبێت پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونی كردبێتەوەو ڕێنمویی كردبێن بۆی، دەی خۆ پێغەمبەر (ﷺ) لەهیچ فەرمودەیەكدا ئاماژەی بە چاكی‌یەتی مەولودی كردن نەداوە! كەواتە ئەم كارەتان سفرو هیچ بەدەستەوە!!!.

دووەم/ ئەگەر هەر دەڵێن نەخێر خەیری تێدایە و كارێكی چاكە ئەمە دان بەوەدا دەنێن كە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم دینەی بەناتەواوی گەیاندووە بە ئێمەو ئاینەكەمان ناتەواوە! ئەمەش خۆی لە خۆیدا كوفرە، چونكە بەدرۆخستنەوەی زۆر لە ئایەتەكانی قورئانی تێدایە وەك ئایەتی:

﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾[٣١].

سێهەم/ئەگەر دەڵێن نەخێر دینەكەمان تەواوە بەڵام ئەمە داهێنراوێكی چاك‌و جوانە خۆمان دامان هێناوە (بدعە حسنە) ئەوا دەڵێین، هەرچەندە ئێوە ئەم داهێنراوەتان بەلاوە باش بێت پێغەمبەر (ﷺ) هەموو داهێنراوەكانی دین بە شێوەیەكی گشتی بە خراپترین كارو گومڕایی دا دەنێت، وەك دەفەرموێت: (وخير الهدي هدي محمد وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار)[٣٢]، واتە: (چاكترین ڕێنمویی ڕێنمویی پێغەمبەرە (ﷺ) وە خراپترین كار لە دیندا تازە دروست بوەكانیەتی، وە هەموو تازە دروست بوویەك داهێنراوە، وە هەموو داهێنراوێك گومڕاییە وە هەموو گومڕاییەك بۆ دۆزەخە).

وەهەروەها بۆ زیاتر تەئكید كردن لەسەر ناوەڕۆكی ئەم فەرموودەیە كە هەموو داهێنراوێك گومڕاییە ئەگەر خەڵكیش بەباشی بزانێت (عبداللەی كوڕی عومەر) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: (كل بدعة ضلالة و إن رآها الناس حسنة)[٣٣]،

---

(٣١) {سورة المائدة:٣}.

(٣٢) شرح صحيح مسلم – كتاب الجمعة /٦/٤٠٣/ رقم: ٨٦٧، النسائي /٣/١٨٨ انظر (تحفة الأشراف).

(٣٣) رواه ابن بطة في (الإبانة عن أصول الديانة/٢/١١٢/٢)، (واللالكائي في السنة /١/٢١/١)، موقوفا بإسناد صحيح،أنظر(أحكام الجنائز/ص: ٢٠٠).

واتــە: (هــەموو داهێنراوێـك گومڕاییــە هــەر چــەندە خــەڵكیش بــە باشــی بــزانن) وە بەهــــەمان شــێوە ئیمــامی (مالــك)یــش (ڕەحمــەتی خــوای لــێ بێــت) لەوتــە زێڕینەكەیدا بۆ بەر پەرچ دانـەوەی ئەوانـەی هەنێ داهێنراو بەچاك دەزانـن دەفـەرموێت: (من ابتدع في الإسلام بدعة يراها حسنة فقد زعم أن محمداً خان الرسالة....)[٣٤]، واتـە: (هەر كەسێك لە ئیسلامدا شتێك دابهێنێت و بەلایەوە داهێنراوێكی چاك بێـت، ئـەوە وای گومان بردووە كـە پێغەمبـەر (ﷺ) ناپـاكی لە پەیامەكەیدا كردوە).

پاشـان زانایـانی (اصـول)یـش هـەر لـە ڕوانگــەی ئــەو ئایــەتو فەرمودەیــەی لــە پێشــتردا ئاماژەمــان پێــدا دوو یاســای (اصول)یان دارشتووە كە تیایدا دەڵێن:

١-(الأصــل في العبــادة المنــع) واتــە: )عیبـادەت ئەصـڵ تیایـدا قەدەغەیـە، واتـە دروست نیە هیچ جۆرە عیبادەتێـك ئـەنجام بـدرێت لــەخۆوە تــا بــەدەقێك ڕێنمــووی نەكرێت بۆی).

٢-(الأصــل في الأشـياء الإباحــة) واتــە: (كــارو پیشــەو خــواردنو خواردنــەوەكان ئەصـڵ تیایانـدا حەڵاڵـە، واتـە: هـیچ كـەس بۆی نیە خەڵكی قەدەغە بكات لە پیشەیەك یان لەجۆرە خواردنو خواردنـەوەیك تـا بـە دەقێك لە ئایەت یان لە فەرمودە ڕێگری لـێ دەكرێت).

جـا دوای ئاگـادار بوونمـان بەسـەر ئـەم بنەما گرنگانەداو تێ گەیشتنمان لێی بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم كارەی خـەڵكی پـێی هەڵدەسـتێ (یـادی لـەدایك بـوون) كـارێكی نادروستە چونكە.

١/پێغەمبــــەر (ﷺ) خــــۆی پــــێی هەڵنەساوە و فەرمانیشی بەكردنی نەداوە.

٢/هیچ یـەكێك لـە ئەصـحاب و تـابعین و تابعینی تابعین، بە واتایەكی تر هیچ یـەكێك لــە خــەڵكی ئــەو ســێ ســەدەیەی كــە پێغەمبەر(ﷺ) شایەتی خەیریەتی بۆ داون: (خـیر أمـتي القـرن الـذين يلـوني ثـم الـذين يلـونهم ثـم الـذين يلـونهم....) بـەم كـارە هەڵنەسـتاون، وە ئەمــە خــۆی باشــترین بەڵگەیە لەسەر نادروستیو نابـەجێیی ئـەم كارە.

٣/لەڕوانگــەی فەرمودەكــەی پێغەمبــەر (ﷺ) (كــل بدعــة ضــلالة) ووتەكــەی (عبداللەی كوڕی عمر)و (ئیمام مالك) بۆمـان دەركەوت كـە هـەموو داهێنراوێـك لـە دینـدا گومڕاییـە بـا خـەڵكیش بـە داهێنراوێكـی باشــی بزانێــت (بدعــە حســنە)، وە ئــەوە بەدرۆخســتنەوەی ئایەتــەكانی قورئــان و ناپاكی دانە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ)ی تێدایە.

(٣٤) الإعتصام /٢٣/١ للشاطبي بتحقيق و تعليق وتخريج (محمـود طعمة الحلبي)، (توجيهات اسلامية /ص: ٨٠) جميل زينو، (البدعـة وأثرها السئ/ ص: ٣٧)شاكر نعمة الله.

﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّٗا كَبِيرٗا﴾[٣٥].

ئەمجا سەبارەت بە حوكم دانمان بەسەر ئـەم يـادەدا جيـاوازی هەيـە بـەپێی ئـەو مەبەسـت و شـێوازەی تيايـدا ئـەنجام دەدرێت، واتـە وەك لەپێشـتردا ئاماژەمـان بـەوەدا كـە ئـەم كـارە لـە كۆنـدا جيـاوازی هـەبووە لەگـەڵ ئـەمڕۆدا لـە مەبەسـتی كردنەكەيداو ئـەو شێوازەی تيايـدا ئـەنجام دەدرێـت بەهـەمان شـێوە جيـاوازيش دەخرێـت لـە حـوكم دان بەسـەر هـەر يەكێكيانـدا، بـەڵێ ئـەو مەولوديـەی جـاران دەكـرا بـەناوی عيبـادەتو پەرسـتنەوە چەندين شتی خورافيـات و هاوبـەش پەيدا كـردنو درۆ هەڵبەسـتن بـەدەم خـواو پێغەمبەريـەوە تيـا دەخوێنرايـەوە، وە ئيسـتاش بـەردەوام لـە زۆر شـوێندا بەهەمان شێواز ئەنجام دەدرێت ئـەوە نـەك تەنها داهێنراوێكەو نادروستە، بـەڵكو ئـەوە موسـڵمان پـێی لـە ديـن دەردەچـێت و دەبێتـە هاوبـەش پەيداكـەر- ئەگـەر نادروسـتيەتی ئـەو كارەيـان بـۆ رون كرابێتەوە، وە بـەهيچ شـێوەيەك بەشداری كردنـی ئـەو كـۆڕو دانيشـتنانەو خواردنيـان دروست نيە چونكە بەڕاشكاوی هـاواری تيـا دەكرێت بـۆ غـەيری خـواو جۆرەهـا شـركی تيادا ئەنجام دەدرێت.

بەڵام ئەم يادانـەی ئـەمڕۆ سـاز دەكـرێن بەتايبـەتی لـەناو گەنجەكانـداو كۆمەڵـە ئيسـلامیيەكان پـێ هەڵدەسـتن ئەمانـە حوكميان جياوازە بەم شێوازە.

أ/ئەگەر ئەمە بـە كـارێكی چـاك بـزانن و چاوەڕوانی خێرو پاداشت بن لـێی چ لە بەر ئەوەی كە بە عيبادەتی بزانن و خۆيانی پـی نزيك بكەنەوە لە خوا چ لەبـەر ئـەوەی كـە بۆ وەسيلەی بانگـەواز بەچـاكو پێويسـتی بزانن ئـەوە كارەكـەيان بـەداهێنراو (بدعـە) دادەنرێـت و پـێی تـاوان بـار دەبـن، واتـە نادروستی ئەم كارەی ئەمان تـەنها لـەڕووی ئەوەوەيـە كـە كـارێكی تازەيـان لـە دينـدا داهێناوە ئـەگينا لـە بوارەكـانی تـردا پـێش كەوتنێكی بەخۆيەوە بينيـوەو پـاك سـازی تيادا كراوە، لـە خوێندنـەوەی فـەرموودەی هەڵبەستراوو ئەفسانەو ئەنجام دانـی شـرك، وە حـوكمی داهێنـراويش لـە پێشـتردا ئاماژەمـان پێـدا كـە پێغەمبـەر (ﷺ) لـە حەقيدا دەفەرموێت گومڕاييـەو بـۆ دۆزەخ دەچێت: (كـل بدعـة ضـلالة وكـل ضـلالة في النار).

ب/وە ئەگەر بە كارێكی چاكی دانەنێت و چـاوەڕوانی هـيچ خێـرو پاداشـتێك نـەبن لەسـەری بـەڵكو وەك هـەواو هەوەسـێكی دنيايی سەيری بكەن[٣٦] وەك مامۆستا عەلی

---

(٣٥) {سورة الاسراء:٤٣}.

(٣٦) ئەمگەش شگتێكی مەحالگە، چگونكە خگەلكی هیگوای خێگرو پاداشگت و بەرەكگەتی بگەو كگارە هەیگە بۆیگە دەیكگات وە هگەر ئگەو

باپیر وای نیشان دەدات (وە لێ دواتر لێکۆڵینەوەی وتەکانی دەکەین)، ئەوە بە داهێنراو ناژمێردرێت، بەڵام ئەمیش لە ڕوویەکی ترەوە نادروستی بە خۆیەوە دەبینێت کە ئەویش چاولێکەریو لاسایی کردنەوەی گاورو جوولەکەو هاوبەش پەیدا کەرانە، چونکە لە باوو نەریتی نەتەوەی ئیسلامیو زانایانی پێشیندا نەبووە کە یادی لەدایك بوونی هیچ کەس بکەنەوەو ساڵانە بەو بۆنەوە ئاهەنگ ساز بکەن، بەڵکو ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی گاورو جوولەکەیە کە ساڵانە یادی ماتەمینی و سەرکەوتنو لەدایك بوون دەکەنەوەو ئەو ڕۆژە وەك جەژن لێ دەکەن و شیرینی تیادا دەخۆنەوەو خۆشی تیادا دەردەبڕن، وە ئێمەی بڕواداریش پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرمودەدا ڕێگری لێ کردووین کە خۆمان بشوبهێنین بەگاورو جوولەکە وە چ لە بواری عیبادەتدا چ لەبواری ڕەفتارو مامەڵەوە وە فەرمانیشی پێ کردووین کە پێچەوانەیان بکەین[٣٧] وە هەروەها لە باوونەریتدا هەڕەشەیەکی سەخت لەو کەسانە دەکات کە لاسایی گاورو جوولەکە دەکەنەوە و دەفەرموێت: (من تشبه بقوم فهو منهم)[٣٨] واتە: (هەر کەسێ خۆی بشوبهێنێت بەهەر تیرەو نەتەوەو کۆمەڵێکەوە ئەوە لەوانە، وەکو ئەوان حسابی بۆ دەکرێت).

جا ئەمە بەکورتی حوکمی ئەو یادکردنەوەیە بوو بە هەموو شێوازەکانیەوە، ئێستاش ئێوەو وتەی هەندێ لە زانا بەڕێزەکان لەو بارەوە.

١/ئیمامی (ابن تیمیه):

ئیمامی (ابن تیمیه)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی مەولودەوە دەفەرموێت: (...لو كان هذا خيراً محض أو راجحاً لكان السلف (رضي الله عنهم) أحق به منا فإنهم كانوا أشد محبة لرسول الله (ﷺ) و تعظيما له منا، وهم على الخير أحرص، وإنما كمال محبته

کەسگەی گگە ئاهەنگەگگە سگاز دەگگات گگەر بگەگوێگرەکان بلێگت خەڵکینە ئەم کارەی ئێمە دەیکگەین هگیچ خێگرو پاداشگتێکی تیگادا نیگە کەسی ئامادەی نابێت مەگەر بەتاڵە!!.

(٣٧) بەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) لە زۆر فەرموودەدا ڕێنمگویی گگردووین کە پێچەوانەی گاورو جوولەکەو هاوبەش پەیداکەران بکەین، لەوانە:

أ/دەفگەرموێت: (جزوا الشوارب، وأرخوا اللحي، خالفوا المجـوس) مسلم /رقم: ٢٦٠ وفي ريواية (خالفوا المشركين) وفي رواية (خالفوا أهل الكتاب) واتە: )سمێڵتان گگورت بکەنگەوەو ڕیشگتان بهێڵنگەوە، وە پێچەوانەی مەجوس بکەن) (پێچەوانەی هاوبگەش پەیداگگەران بکگەن، پێچەوانەی گاورو جوولەکەکان بکەن).

ب/دەفگەرموێت: (خالفوا اليهود فإنهم لا يصـلون في نعـالهم ولا خفافهم) أبو داود /رقم/ ٦٥٢، ئەلبانی دەفگەرموێت صگحیحە، واتگە: (پێچەوانەی جوولەکە بکگەن چگونکە ئگەوان لگە پگێلاوو خوفگدا نوێگژ ناکەن واتە: ئێوە بە پێلاوو خوفەوە نوێژ بکەن).

ج/دەفگەرموێت: (إن فصل ما بين صيامنا و صيام أهل الكتاب أكله السحر)، مسـلم/رقـم: ١٠٩٦، واتگە: (جیگاوازی ڕۆژوی ئێمگەو ڕۆژووی گاورو جوولەکە پارشێوکردنە) ئەمەو زۆر شتی تگریش گگە پێغەمبەر (ﷺ) هانمان دەدات پێچەوانەیان بکەین.

(٣٨) بڕوانگە پگەراوێزی ژمگارە (٢٤) لەوێگدا سەرچگاوەکەی دراوە لاپەڕە (٢٨).

وتعظيمه في متابعته وطاعته و إتباع أمره، وإحياء سنته باطنا وظاهراً، ونشر مابعث به، والجهاد على ذلك بالقلب و اليد واللسان، فإن هذه هي طريقة السابقين الأولين من المهاجرين والأنصار و الذين إتبعوهم باحسان)[٣٩]، واته: (ئەگەر ئەم یادە خەیرێکی تەواو بوایە یان خێری زیاتر بوایە لە خراپەی ئەوا پێشینانمان (خوایان لێ رازی بێت) لە پێشتر بوون بۆی لە ئێمە، چونکە ئەوان زۆر لە ئێمە زیاتر پێغەمبەریان (ﷺ) خۆشتر ویستووەو بەگەورەیان گرتوە، وە ئەوان زۆر سورتر بوون لەسەر خێر کردن، بەڵام تەواوی بەگەورە گرتنو خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) لە شوێن کەوتنو گوێڕایەڵی کردنو بەجێ هێنانی فەرمانەکانیدایە، وە لە زیندوو کردنەوەی ڕێڕەوەکەیدایە لە ناوەوەو دەرەوەدا، وە لە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەدایە کە ئەوی پێ ڕەوانە کراوەو جیهاد کردن لەسەری بەدڵ و دەستو زوبان، وە هەر ئەمە ڕێگەی پێشوە دەست پێش خەرەکانمان بوە لە کۆچەریی و کۆمەڵی کارەکانیان و ئەوانەی بە چاکی شوێن ئەوان کەوتوون) وە هەروەها ئیمام (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە وتەیەکیدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو کەسانەی بەنەزانی ئەمەیان کردووە بەمەبەستی خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) ئومێدە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە لەسەر خۆشەویستیەکەیان نەك لەسەر کارە داهێنراوەکەیان چونکە بێ ئاگا بوون لە نادروستی ئەم کارە، بەڵام ئەگەر کەسێك ئەم ڕاستیانەی بیستو بۆی ڕوون کرایەوەو هێشتاش هەر بەردەوام بوو لەسەری ئەوە لەسەر هیچ شتێك پاداشت نادرێتەوە بەڵکو تاوان باریش دەبێت، وەك دەفەرموێت: (وكذلك ما يحدثه بعض الناس إما مضاهات للنصارى في ميلاد عيسى (عليه السلام) وإما محبة للنبي (ﷺ) وتعظيما له، والله قد يثيبهم على هذه المحبة و الإجتهاد لا على البدع من إتخاذ مولد النبي (ﷺ) عيداً....)[٤٠]، واته: (هەروەها ئەوەی هەندێ لە خەڵکی دایان هێناوە یان لاسایی کردنەوەی گاورەکانە لەیادی لەدایك بوونی (عیسی)دا (عليه السلام) یان لەبەر خۆشویستنو بەگەورە گرتنی پێغەمبەر (ﷺ) وە لەوانەیە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە لەسەر ئەو خۆشویستن و ئیجتهادەیان نەك لەسەر داهێنانەکەیان لە کردنی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بەجەژن) .

٢/شێخ محمد عبدالسلام خضر الشقيري:

لە کتێبەکەیدا (السنن و المبتدعات) دەڵێت: (فصل في شهر ربيع الأول وبدعة

(٣٩) أقتضاء صراط المستقيم/ ص: ٢٩٤ ابن تيمية.

(٤٠) إقتضاء صراط المستقيم / ص: ٢٩٤ ابن تيمية.

المولود فيه)، (و الإحتفال به بدعة منكرة و ضلالة لم يرد بها شرع ولا عقل، لو كان في هذا خير فكيف يغفل عنه أبو بكر و عمر وعثمان وعلي وسائر الصحابة و التابعين و تابعيهم و الأمة و أتباعهم؟ لاشك أنه ما أحدث إلا المتصوفون الأكالون البطالون و أصحاب البدع و تبع الناس بعضهم فيه إلا من عصمه الله وو فقه لفهم حقائق دين الإسلام...)[٤١].

واتە: (بەشێك لەبارەی مانگی (ربيع الأول)و داهێنرانی مەولود تیایدا، ئاهەنگ گێڕان بۆ ئەو یادە داهێنراوێکی خراپەو گومڕاییە کە نەلە شەرعو نەلە عەقڵ دا نەهاتووە، ئەگینا ئەگەر ئەمە خێری تێدا بوایە چۆن ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانو عەلیو باقی هاوەڵانو تابعینو تابعی تابعین و ئیمامەکانو شوێن کەوتوانیان لێی بێ ئاگادەبوون؟!! هیچ گومانی تیادا نیە کە ئەمە لەوەیە کە سۆفیە بەتاڵو بخۆرو شوێن بیدعە کەوتوەکان دایان هێناوە، ئەمجا خەڵکیش هەندێکیان شوێن هەندێکیان کەوتوون تیایدا مەگەر کەسێك خوا پاراستبێتیو کۆمەکی کردبێت بۆ تێ گەیشتن لە ڕاستیەکانی دین)

٣/الإمام الشوكاني:

باسێکی هەیە دەربارەی ئاهەنگی مەولوودەوە، دەڵێت: (...لم اجد في جوازه دليلاً، و أول من أخترعه السلطان المظفر أبو سعيد في القرن السابع و أجمع المسلمون على أنه بدعة)[٤٢]، واتە: (هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوتووە دەربارەی دروستی مەولود، وە یەکەم کەسێك کە ئەمەی داهێناوە (سلّتان مظفر ئەبو سەعید) بووە لە سەدەی حەوتەمدا، وە موسوڵمانان کۆن لەسەر ئەوەی کە مەولود داهێنراوە (بیدعەیە)).

٤/الشيخ علي محفوظ:

لە کتێبی (الإبداع في مضار الإبتداع) لە لاپەڕە (٢٧٣)دا دەڵێت: (المواسم التي نسبوها إلى الشرع و ليست منه...منها ليلة الثاني عشر من ربيع الأول، يجتمع لها الناس في المساجد و غيرها فيهتكون حرمة بيوت الله تعالى و يسرفون في الوقود فيها، ويرفع القراء أصواتهم بقصائد الغناء التي تثير شهوة الشبان إلى الفسق و الفجور فتراهم عند ذلك يصيحون بأصوات مذكرة و يحدثون في المساجد ضجة فضيحة، وقد لايتعرضون في قصائدهم لشئ من خصائص رسول الله (ﷺ) و أخلاقه الكريمة و أعماله النافعة الجليلة، وفيهم من يشتغل بالذكر المحرف، كل ذلك لم يأذن به الله ورسوله، ولم يعهد

(٤١) المورد في حكم الإحتفال بالمولد /ص: ٣٦ – ٣٧، عقيل بن محمد بن زيد المقطري اليماني.

(٤٢) المورد في حكم الإحتفال بالمولد /ص: ٣٦ – ٣٧، عقيل بن محمد بن زيد المقطري اليماني.

من السلف الصالح، فهو بدعة وضلالة كما سبق في بدع الموالد....)[٤٣]، واته: (ئەو بۆنەو ئاهەنگانەی داویانەتە پاڵ شەرعو لەشەرعدا نیە لەوانە شەوی دوانزە لە مانگی ربیع الأول دا خەڵکی بۆی کۆ دەبێتەوە لە مزگەوتەکانو شوێ‌ی تر داو ڕێزو حورمەتی مزگەوتەکان پی دەشکێننو زیادەڕەوی دەکەن لە داگیرساندنی (مۆمو بۆنی خۆش) داو خوێنەرەوەکان دەنگی تیا بەرزدەکەنەوە بەهۆنراوەو گۆرانیەك کە ئارەزووی گەنجەکان دەئاروژێنن بۆ خراپەکاریو بێ فەرمانی خوا، وە دەیانبینیت بە دەنگێکی ناخۆش هاوار دەکەنو هەرایەکی گەورە ساز دەکەن لە مزگەوتەکاندا، وە زۆر جار لەو شیعرانەدا هیچ نادوێن، لە تایبەت مەندیەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و ڕەوشتە پیرۆزەکانیو کارەگەورەو بەسودەکانی، وە تیایاندا هەیە خۆی خەریك دەکات بە زیکرێکی دەسکاری کراوەوە، وە هیچ کام لەمانە خواو پێغەمبەرکەی (ﷺ) ڕێگە یان پێ نەداوەو فەرمانیان پێ نەکردووە، وە لەهیچ یەکێ لە پێشینی چاك خوازەوە نەبینراوە، وە ئەمە داهێنراو و گومڕاییە وەك لە پێشتردا باسمان کردوە لە مەولودە داهێنراوەکاندا).

(٤٣) المورد في حكم الإحتفال بالمولد /ص:٣٥، عقيل بن محمد بن زيد المقطري اليماني.

٥/الشيخ ابن الحاج:

لە کتێبی (المدخل /٢/٢) دا دەڵێت: (ومن جملة ما أحدثوه من البدع مع إعتقادهم إن ذلك من أكبر العبادات و إظهار الشعائر، مايفعلونه في شهر ربيع الأول من المولد، وقد إحتوى على بدع و محرمات جملة)[٤٤]، واته: (وە لەمیانەی ئەوەی دایان هێناوە لە داهێنراوەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە بڕواشیان وایە ئەمە گەورەترین عیبادەتە و دەرخستنی شیعارەکانی ئیسلامە ئەوەیە کە لە مانگی (ربيع الأول)دا دەیکەن لە مەولود، وە چەندین داهێنراو و کاری حەرامی گرتوەتە خۆی).

٦/الإمام الشاطبي:

خاوەنی کتێبی (الإعتصام) لە پێشەکی کتێبەکەیدا پێناسەی (بیدعە) ی کردوە و یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری (ﷺ) لەو داهێنراوانە ژماردووە، وەك لە لاپەڕە (٢١) بەشی یەکەمدا دەڵێت: (منها إلتزام الكيفيات و الهيئات كالذكر بهيئة الإجتماع على صوت واحد و إتخاذ يوم ولادة النبي (ﷺ) عيدا و ما أشبه ذلك...)[٤٥]، واته: (وە لەوانە پەیوەست بوون بە چەند شێوازو

(٤٤) المورد في حكم الإحتفال بالمولد /ص: ٣١، عقيل بن محمد بن زيد المقطري اليماني.

(٤٥) المورد في حكم الإحتفال بالمولد /ص: ٣٧، عقيل بن محمد بن زيد المقطري اليماني.

چۆنیەتیەکی تایبەت وەکو زیکر کردن بە شێوەی کۆمەڵ و بەیەك دەنگ، وە گێڕانی ڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بە جەژن، وە ئەوەی لە مانە بچێت...)

## خۆش ویستنی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن دەبێت؟

کاتێك خەڵکی هەڵدەستن بەساز دانی یادی لەدایك بوونو زۆر کاری تری نادروست بیانوی ئەوە دەهێنێتەوە کە گوایە پێغەمبەریان (ﷺ) خۆش دەوێتو ئەم کارانەیان بەڵگەی خۆشەویستیو وەفادارییە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە بەرئەوە بە پێویستی دەزانم بە کورتی حوکمی خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) و چۆنیەتەکەی بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی خۆشویستنەکەمان بەشێوەیەکی شەرعی بێتو پاداشتی لەسەر وەرگرین نەك کارێك بکەین ببێتە مایەی تاوان باربوون و سەرکێشێت بۆ کەوتنە ناو هاوبەشی پەیدا کردنو پووچ بوونەوەی کردەوەکانمان.

بەڵێ خوای پەروەردگار لە زۆر ئایەتی قورئاندا ئاماژە بە فەزڵو قەدری پێغەمبەر (ﷺ) دەدات و سفەتی بەرزی بڕواداران ڕادەگەیێت کە خۆشویستنو بەگەورە گرتنی پێغەمبەرە (ﷺ) بەڵام لە سنووری خۆیدا نەڵێی کەم بکەین نەڵێی زیاد بکەین، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ﴾(٤٦).

واتە: (بۆ ئەوەی بڕوا بهێنین بە خواو پێغەمبەرەکەی و بە گەورەی بگرنو پشتگیری لێ بکەن) وە هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) لە چەندین فەرمودەدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئیمانی هیچ بڕوادارێك تەواو نابێت تا پێغەمبەری (ﷺ) لەخۆیو دایكو باوكو منداڵو هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت، وەك دەفەرموێت: (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده و ولده والناس أجمعين)(٤٧) واتە: (هیچ یەکێ لە ئێوە بڕوای تەواو نابێت تاوەکو من خۆشەویستر نەبم بەلایەوە لەدایكو باوكیو منداڵی و لەهەموو خەڵکی).

تەنانەت لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە (عبداللەی کوڕی هشام) دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت: (كنا مع النبي (ﷺ) وهو أخذ بيد عمر بن الخطاب، فقال له عمر: يارسول الله، لأنت أحب إلي من كل شئ إلا نفسي، فقال النبي ((ﷺ): لا والذي نفسي بيده، حتى أكون أحب اليك من نفسك، فقال عمر، فإنه الآن والله لأنت أحب إلي من نفسي، فقال االنبي (ﷺ) ألآن يا عمر)(٤٨)، واتە:

---

(٤٦) {سورة الفتح:٩}.

(٤٧) فتح الباري – كتاب لإيمان ١/٨٠/رقم: ١٥.

(٤٨) فتح البـاري – كتـاب الأيمـان و النـذور ١١/٦٤١ - ٦٤٢/رقم: ٦٦٣٣.

(ئێمە لەگەڵ پێغەمبەردا بووین (ﷺ) دەستی (عومەری کوڕی خطاب)ی گرتبوو، (عومەر) پێی فەرموو، ئەی پێغەمبەری خوا تۆ لەهەموو شتێك لام خۆشەویست تری تەنها لەخۆم نەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەخێر سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە (بڕوات تەواو نابێت) تا خۆشەویست تر نەبم بەلاتەوە لە خۆیشت، ئەمجا (عومەر) پێی فەرموو ، والله ئائێستا تۆ لە خۆیشم خۆشەویست تریت بەلامەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، ئێستا ئەی عومەر (بڕوات تەواوە)).

کەواتە لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر لە نەفسو سامان و کەس و کارو هەموو خەڵکی مەرجی تەواو بوونی ئیمانە، وە بێ ئەمە ئیمانی هیچ کەسێك تەواو نابێت.

پاشان پێویستە بزانین خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن دەبێت و قورئان چۆن ڕێنموییمان دەکات بۆی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[49].

واتە: (بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن خواتان خۆش دەوێت شوێن من بکەون، ئەوسا خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت، وە خوا لێخۆش بوو میهرەبانە).

لەم ئایەتە پیرۆزە وە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆشویستنی خواو پێغەمبەرکەی (ﷺ) بەشوێن کەوتنی بەرنامەکەیان و بەجێ هێنانی فەرمانەکانیان دەبێت، واتە ئەگەر ڕاست دەکەیت کە دەڵێیت پێغەمبەرم (ﷺ) خۆش دەوێت تەنها شوێن ڕێبازەکەی ئەو بکەوەو فەرمانەکانی بە جێ بهێنەو سوننەتەکانی زیندوو بکەرەوەو بەرگریان لێ بکە لە دژی ئەوانەی پشتیان کردوەتە سوننەتو شوێن هەواو ئارەزوو داهێنراوەکان کەوتون، ئەوسا بە کردەوە سەلماندووتە کە خۆشت دەوێت وەك شاعیر دەڵێ:

لوكان حبك صادقا لأطعته

فإن المحب لمن يحب مطيع

وە ئیمامی (زەمخشەری) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (أراد أن يجعل لقولهم تصديقاً من عمل فمن إدعى محبته و خالف سنة رسوله فهو كذاب و كتاب الله يكذبه ...)[50]، واتە: (خوای پەروەردگار دەیەوێت ڕاستی وتەکانیان دەربخات بەکردەوە، جا هەر کەسێ ئیدیعای خۆشویستنی خواو پێغەمبەری (ﷺ) کرد بەڵام پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)

(٤٩) {سورة آل عمران:٣١}.

(٥٠) البحر المحيط ٤٩٩/٢، لأبي حيان ألأندلوسي.

کاری دەکرد ئەوە درۆزنەو کتێبەکەی خوا بەدرۆ دەخاتەوە...)

وە هەروەها ئیمامی (ابن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ڕاستێتی بە گەورە گرتنو خۆشویستنی پێغەمبەران و پیاو چاکان دەفەرموێت: (وتعظيم الأنبياء و الصالحين و محبتهم إنما هي بإتباع ما دعو إليه من العلم النافع و العمل الصالح، و اقتفاء آثارهم و سلوك طريقتهم، دون عبادة قبورهم و العكوف عليها و إتخاذها أعياداً، فإن من أقتفى لأثارهم كان متسببا إلى تكثير أجورهم بإتباعه لهم، و دعوة الناس إلى إتباعهم، فإذا أعرض عما دعوا إليه و اشتغل بضده حرم نفسه و حرمهم ذلك الأجر، فأي تعظيم لهم و إحترام في هذا)[٥١]، واتە: (بەگەورە گرتنی پێغەمبەران و پیاوچاکان و خۆشویستنیان بە شوێن کەوتنی ئەو شتانە دەبێت کە ئەوان بانگەوازیان بۆ کردووە لە زانستی بەسودو کردەوەی چاکە، وە بەدوا ڕۆیشتنیان و ڕێ گرتنەبەریان، نەك پەرستنی گۆڕەکانیان و دۆش دامان بەدەوریداو کردنی بە شوێنی جەژنو ئاهەنگ، چونکە هەر کەسێك بەدوای ئەواندا بڕوات ئەوە دەبێتە هۆیەك بۆ زیاد بوونی پاداشتیان بەهۆی شوێن کەوتنی ئەوانو بانگەواز کردنی خەڵکی بۆ شوێن کەوتنیان، بەلام ئەگەر پشتی کردە ئەوەی ئەوانە بانگەوازیان بۆ کردووەو خۆی خەریك کرد بە دژی ئەوشتانەوە ئەوە خۆییو ئەوانیشی بێ بەش کردووە لەو پاداشتە، ئیتر ئەمە چ بەگەورە گرتنو ڕێز لێنانێکی تێدایە؟)

کەواتە خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) بەوە نیە گۆرانی بەسەردا هەڵدەیتو ڕەقسو دەهۆڵو زوڕنا لێ دەیت لە یادیدا!! یان هاوار بۆ کردن و لێ پاڕانەوەو وەسف کردنی بە چەند شتانێك کە هەموو تایبەتمەندی خوای پەروەردگارن، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) بەریە لەهەموو ئەم شتانە و لە ژیانیدا ڕێگری لێ کردووە، وەك دەفەرموێت: (لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبد فقولوا عبد الله ورسوله) واتە: (هەڵم مەنێن وەك گاورەکان (عیسی کوڕی مەریەم) یان هەڵنا، من تەنها بەندەیەکم، بڵێن بەندەی خواو پێغەمبەری خوا).

وە لێرەدا ڕودەکەمە هەموو ئەو کەسانەی دیعایەی خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن دەڵێم: ئەگەر دەتەوێت بەڕاستی پێغەمبەرت خۆش بوێت؟! ئەگەر دەتەوێت ببیتە هاوەڵی لە بەهەشتدا؟ ئەگەر دەتەوێت بەرشەفاعەتی بکەویت لەدوارۆژدا؟...ئەوە شوێن ڕێبازەکەی بکەوەو فەرمانەکانی بەجێبهێنە، وەسونەتەکانی زیندووبکەرەوەو بەرگرییان

---

(٥١) أغاثة اللهفان /٢٤١/١/ ابن القيم.

لێبکە، وەخۆت بەدووربگرە لەداهێنراوەکان ودژایەتیyan بکە، وەخزمەتی فەرموودەکانی بکەو بەردەوام سەلاواتی لێبدە ئەوسا بەویستی خوا بەمەرام دەگەیت وئاسودە دەبیت بە شەفاعەتی لە ڕۆژی قیامەتدا، ئیتر هیچ پێویست بەو عەریزانەش ناکات کە لێرەوە بە مۆر کراویو بەکلاشی کوردیو جلی شاڵەوە بخوێنرێتەوە لای گۆڕەکەی!!

﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾(٥٢).

## گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەوانەی پێیان وایە مەولود بیدعە نیە

وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا هەندێك پێیان وایە ئەم یادی لەدایك بوونە بە داهێنراو دانانرێت چونکە لە بەشی (عیبادات)دا نیە بەڵکو لەبەشی (معاملات)دایە، وە داهێنراویش تەنها لە عیبادات دایە نەك لە معاملاتدا، وە ئەوەی زیاتر ئەم بۆ چوونەی خستوەتە ڕوو و لەسەری نوسیوە بەڕێز مامۆستا (علی باپیر)ە لە کتێبی (موسڵمانی کامڵ)دا، وە چەند خاڵێکی ئاماژە پێداوە بۆ شەرعیەت پێدان بەم کارە، ئێمەش حەز دەکەین بە کورتی لێکۆڵینەوەیەکی ئەو خاڵانە بکەین کە مامۆستای بەڕێز ئاماژەی پێداون.

پێشەکی پێش ئەوەی بچینەی سەر لێکۆڵینەوەی خاڵەکانی، ئێمە هاوڕایی خۆمان دەردەبڕین لەگەڵ مامۆستا دا کە دەڵێت، داهێنراوەکان تەنها لە بەشی عیبادات دایە نەك معاملات، وە هیچ کێشەیەکمان نیە لەسەر وەك لە پێشتر لەسەری ئەمە دواین و بەڵگەشمان بۆ هێنایەوە بە ئایەتو فەرمودەو ئەو یاسا (أصول) یانەی زانایان دایان ڕشتووە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئایەتو فەرموودانەوەو دەڵێن: (الأصل في العبادات المنع، التحريم، والأصل في الاشياء الإباحة) ٠

بەڵام ئەوەی ئێمە کێشەمان هەیە تیایدا ئەوەیە کە ئەم یادە بە بەشێك لە عیبادات دانەنرێت، چونکە هەر یەکێك لە ئێمە گەر چاوێك بخشێنین بە مێژووی دروست بوونی ئەم یادەدا هەر لەیەکەم ڕۆژەوەو تا ئەمڕۆش خەڵکی کە هەڵەستن بە سازدانی ئەو یادەو پارەی تیادا سەرف دەکەن بۆ خێرو پاداشتی دەکەنو بە خەیاڵی خۆیان عیبادەتێکی گەورە یان ئەنجام داوە، وە ئەمڕۆژ هەر بیانوویەك بهێنرێتەوە بۆ سازدانی ئەم یادە هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشی عیبادەتە، چونکە مەبەستی هەرە گەورەی خەڵکی بۆ سازدانی ئەم یادە لە کۆنو تازە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وە کاتێك ئەم کارە ئەنجام دەدەن وا دەزانن بەشێکی زۆر لەو

(٥٢) {سورة الشورى:٢١}.

خۆشەویستیەیان بە جێ هێناوە، دەی خۆشویستنی پێغەمبەریش (ﷺ) گەورەترین عیبادەتەو مەرجی تەواو بوونی ئیمانە (وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا) کەوا بێت ئەم عیبادەتە گەورەیە کە بریتیە لە خۆشویستنی پێغەمبەر (ﷺ) پێویستە (إتباع)ی تێدا هەبێت نەك (ابتداع)، وە دەبێت بە شێوەیەك بێت کە قورئان و فەرموده ئاماژەیان پێدا بێت و ڕێ نموییان کردبێت بۆی[٥٣]، ئەگینا زیاد لەوە بەهەر شێوەیەکی تر دەربڕێت ئەوە دەبێتە داهێنراو (بدعە) ئیتر نازانم ئەم مامۆستا بەڕێزە چۆن بڕیاری ئەوە دەدات کە مەولودی داهێنراو نیە چونکە لەبەشی عیبادات دا نیە؟!!.

ئەی باشە ئەگەر ئەمە عیبادەت نیەو بە کردەوەی چاکی نازانێت ئەو هەموو خەڵك کۆکردنەوەو پارە سەرف کردنە بەناوی چیەوەو چ ناوێکی لێ دەنێت؟!!! یان ئەگەر وایە هەر کاتێك ئەم کۆڕانە ساز دەکرێن بە خەڵکەکە ڕابگەیەنن و بڵێن: خەڵکینە ئەم کارەی ئێمە دەیکەین بە عیبادەت بۆتان ناژمێردرێو هیچ خێرتان ناگات، وە چاوەڕوانی هیچ پاداشتێك مەبن لەخوا بەڵکو ئەمە تەنها ئاهەنگ گێڕانێکەو بۆ خۆشی دنیا دەیکەین! ئاخۆ کەس لە کۆڕەکەدا دەمێنێت و کەس دێت ئامادەی ئەو یادە بێت تەنها کەمێك نەبێت؟!! بێگومان نەخێر، چونکە خەڵکی کە بۆ ئەو یادە دەچن وا چاوەڕێن هەموو هەنگاوێك چەند پلەیەك پێی بەرز ببێتەوە لای خوا، بگرە هەندێکیان لە چوونی مزگەوت بۆ جومعەو جەماعەت پێی گەورەترە، وە وا چاوەڕێیە پۆل پۆل فریشتە دابەزنە خوارەوەو بەرەکەتی ئەو مەولودیە بڕژێت بەسەر خۆی و ماڵ و منداڵیدا، ئیتر چۆن دەوترێت ئەمە داهێنراو نیە، بەڵکو تەنها خۆ جیرکردنەوەیە بۆ شەرعیەت پێدان بەم کارەو هیچی تر.

پاشان گریمان واش بێت کورد دەڵێت: (ئەگەریان چاندو سەوز نەبوو) خۆ ئەگەر ئەم کارە لە بەشی عیبادەتیش بکرێتە دەرو بەبەشی معاملات دابنرێت ئەوا لەڕوویەکی ترەوە ناشەرعی بە خۆیەوە دەبینێت ئەویش ئەوەیە کە کتو مت چاولێ کردنو لاسایی کردنەوەی گاورو جوولەکەیە کە سالانە هەڵدەستن بە سازدانی ئاهەنگو کۆڕبەستن لەیادی لەدایك بوونی گەورەو پێشەواکانیاندا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی نابەجێو نادروستە، چونکە وەك لە پێشتردا لەسەری دواین پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرموودەدا ڕێگری دەکات لەوەی چاو لە گاورو جوولەکەو هاوبەش پەیداکەران بکەین، وە

(٥٣) شێوازی ئەو خۆشەویستیە بەشێوەیەکی شەرعی لە پێشتردا ڕوونمان کردوەتەوە...

پێمان رادەگەیەنێت کە هەر کەسێك خۆی بشوبهێنێت بەهەر کۆمەڵو تیرەیەك ئەوە لەوانەو وەك ئەوان حسابی بۆ دەکرێت ٠

جا ئێستا بێینە سەر ئەو خاڵانە کە مامۆستای بەڕێز لە کتێبی ناوبراودا ئاماژەی پێداون، مامۆستا پێش ئەوە بچێتە سەر بەڵگە هێنانەوە بۆ مەسەلەی ناوبراو لە ڕێخۆشکردنەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە (مەولود لەبەشی معاملات دایە نەك عیبادات کە مادام وابێت ئەگەر بەشێوازێکی شەرعی بکرێت ئەوە کەس بۆی نیە بە خراپی دایبنێت چونکە ئەگەر لەبەر ئەوە بەخراپی دابنێت کە بیدعەتە بیدعەت نیە چونکە لە بواری عیبادات نیە، وە کە لە بواری عیبادات دا نەبو هەر کەس بڵێت حەرامە دەبێت بەڵگەی بۆ بهێنێت....)[٥٤].

ئێمەش لەوەڵامی ئەم قسیەدا دەڵێین: لە پێشتردا ڕوونمان کردەوە کە نەخێر ئەم کارە لەبەشی عیبادات دایەو بە داهێنراو دادەنرێت، وە بەڵگەی سەلمێنەریشمان لەم بارەوە هێنایەوە، وە هەروەها ئاماژەمان بەوەدا کە ئەگەر ئەو قسەیەی ئەوانیش بێت کە مەولود لە بەشی معاملات دایە ئەوە بەڵگەی نادروستی ئەو بوارەشمان هێنایەوە ٠ بەلام ئەوەی لێرەدا لەمامۆستای دەپرسین دەڵێین: بەڕێزتان کە دەڵێن، ) ئەگەر بە شێوازێکی شەرعی بکرێت کەس بۆی نیە بڵێت خراپە) ئایا شێوازی شەرعی کامەیە؟ ئایا شەرعی ئەوەیە کە یەکیکێ وەك بەڕێزتان ڕێو ڕەسمی بۆ بکێشن؟ یان ئەوەیە کە کەسێکی پرچ درێژی خەڵوە کێشی شەخص پەرست دای بڕێژێت؟

یان ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنموییمان بکات بۆی؟ بێگومان شەرعی ئەوەیە کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) پێمان گەیشتبێت و ڕێنمویی کردبێن بۆی، جا ئایا ئەو شێوە شەرعیەو کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمویی کردووین بۆی چۆنە؟ ئەوە لە(یادی لەدایك بوون بە شێوازێکی شەرعی) دا ڕوون کراوەتەوە.

پاشان بەڕێز مامۆستا علی باپیر چەند بەڵگەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەم باسە فەرموون ئێوەو بەڵگەکانی/

١-مامۆستا لە خاڵی یەکەم لاپەڕە (١٤٠)ی کتێبەکەیدا مەولود بە جۆرێك لە ڕێزگرتن و پشتگیری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) دادەنێت کە لە ئایەتی:

﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا * لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾[٥٥].

ئاماژەی پێدراوە ئێمەش لەوەڵامی ئەم خاڵەدا دەڵێین:

أ/ئەم ئایەتە کە فەرمان بە ڕێزگرتن و پشتگیری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات،

(٥٤) موسلمانی کامل/ ص: ١٣٩ علی باپیر.

(٥٥) {سورة الفتح:٨-٩}.

لە ڕۆژی خۆیدا ڕاستەوخۆ بۆ سەر چەند کەسانێك هاتە خوارەوە کە زۆر زۆر لە ئێمە بەڕێز ترو بە غیرەت و بە تەقواتر بوون کە هاوەڵانی پێغەمبەر بوون (ﷺ) وە هەر ئەوان توانیویانە بەواتای وشە ئەم ئایەتەو وێنەی ئەم ئایەتە دەرهەق بە پێغەمبەر (ﷺ) لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یادەیان نەکردبووە پیشە بۆ بەڕێز گرتنو پشتگیری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا ئەوان عەقڵیان بەوە نەدەشکا کە مەولود (هۆیەکی یەکجار کاریگەرو چاکە بۆ پشتگیری کردنی ئەو زاتە پایە بەرزەو ڕێز لێنانی)؟!!.

یان ئایا ئەوان وەك ئێمە بەڕێزو وەفادارو بەغیرەت نەبوون تا ئەم ڕێز لێنانو پشتگیرییە ئەنجام بدەن بۆ پێغەمبەر (ﷺ)؟!! حاشا...لەوەی ئەوان وا بن!!.

ب/ئەوەی لەم ئایەتەدا فەرمانی پێ دەکات لە خۆشویستن و پشتگیری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئایەتەکانی تردا شێوازو چۆنیەتی ئەو خۆشویستنو پشتگیرییەی ڕوون کردوەتەوە، بۆ ئەوەی هەرکەس و بە ئارەزووی خۆی جۆرە کارو ڕەفتارێك هەڵ نەبژێرێت بۆ دەربڕینی ئەو خۆشەویستیو پشتگیرییە، وەك لە ئایەتی:

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (٥٦).

دا ئاماژەی پێ دەدات کە لە پێشتردا لەسەری دواوین.

ج/ئەم جۆرە ڕێزگرتنو پشتگیری کردنەی بەڕێزتان بە هۆیەکی یەکجار کاریگەری دەزانن بۆ پشتگیری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن ئەهلی هیچ سەدەیەك لەو سێ سەدەیەی پێغەمبەر (ﷺ) شایەتی خەیری بۆ داون بە فەرمودەی: (خير أمتي القرن الذي أنا فيه ثم الذين.....) ئەنجام نەدراوە، کەوابێ دیارە هیچ واتایەکی ڕێز لێگرتنو پشتگیری کردنی تیایدا نیە بۆیە ئەوان پێی هەڵنەستاون.

٢-مامۆستای بەڕێز لەخاڵی دووەمی لاپەڕە (١٤١)ی کتێبەکەیدا (مەولود بەناوو دەنگ بەرزکردنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دەزانێت و بەر بەرجەستەکردنی ئایەتی:

﴿وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ﴾ (٥٧).

دا دەنێت، وە دەڵێت: (نەك هەر بێ شەرعی و خراپ نیە بگرە زۆر شتێکی چاك و پەسەندە کە ئێمەش چاو لە خوای خۆمان بکەین، هەوڵ بدەین لە ڕێی ئاهەنگ گێڕانی ناو براوو هەر ڕێیەکی دیکەی شەرعیەوە ناوو ناوبانگی پێغەمبەرمان بەرز کەیتەوەو زیاتر خەتو ڕێبازی ئەو سەرەوەرە بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە).

(٥٦) {سورة آل عمران:٣١}.

(٥٧) {سورة الانشراح:٤}.

ئێمەش دەڵێین: مامۆستا گیان بەڵێ خوای گەورە ناوو ناوبانگی پێغەمبەری (ﷺ) بەرز كردوەتەوە بەڵام ئایا خوای گەورە بەچی ناوی پێغەمبەری بەرز كردوەتەوە ؟

بەوە ناوی بەرز كردوەتەوە كەوا هیچ ساتو كاتێكی ڕۆژگاری بەجێ هێشتووە كە ناوی ئەو پێغەمبەرەی تیادا نەبڕێت و باسی نەكرێت، ئەوەتا پێنج فەرزە كە بانگ دەوترێت بە دەنگی بەرز بەسەرمنارەكانەوە ناوی ئەو پێغەمبەرە سەروەرە بەرز دەكرێتەوە و شایەتی پێغەمبەرایەتی بۆ دەدرێت، بەوە ناوی بەرز كردوەتەوە كە هەموو موسڵمانانی جیهان لەسەرانسەری دنیادا بەشەوو بە ڕۆژ كە نوێژ دەكەن زیكر دەكەن ناوی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) دەبەن و سەلامی لێ دەكەن، بە وە ناوی بەرز كردۆتەوە كە خۆیو فریشتەكانی سەڵاواتی لەسەر دەدەن و فەرمانیشی بە بڕواداران كردووە كە سەڵاواتی لەسەر بدەن.

﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾(٥٨).

وە بەوە ناوی بەرز كردوەتەوە كە هەمیشەو بەردەوام لەسەرنسەری جیهاندا وتە بەنرخەكانی باس دەكرێت و بۆ خەڵكیو دەخوێنرێتەوەو لێكۆڵینەوەدەكرێتو چەندەها شەهادەی دكتۆرا لەسەر فەرموودەكانی وەردەگیرێت، بەوە ناوی بەرز كردۆتەوە كە شوێن كەوتوەكانی وا پەروەردە بكرێت هەمیشە گیان لەسەر دەست و لە خەباتدا بن بۆ بەرگری كردن لەدینو چۆك دادان بە دوژمنانی دین، ....خوای پەروەردگار ئابەم شێوەیە ناوی بەرز كردەوەتەوە، وە ئەگەر  ئێمەش بمانەوێت بە ڕاستی ناوی پێغەمبەرەكەمان بەرز بكەینەوە دەبێت بەو شێوازە بەرزی بكەینەو كە خوای بالادەست لێمانی دەوێت بەشوێن كەوتنی ڕێبازەكەیو زیندوو كردنەوەی سوننەتەكانیو مراندنی ئەوداهێنراوانەی كە بوونەتە میرات گری سوننەتەكانی، وە بەوەی كە هەمیشە لە سەنگەری جیهاد دابین بۆ پارێزگاری لە دین و سەر شۆڕكردنی دوژمنانی دین، وە ئەو بۆن و بەرامەی دراوە بە پێغەمبەركەمان لەدوری مانگە ڕێیەك دوژمن لێی دەترسێت (نصرت بالرعب مسيرة شهر)(٥٩) زیندوو بكەینەوە. وە یەك بوون و یەك ڕایی و یەك ڕێبازی خۆمان دروست بكەین ئەوسا بەو واجبە پیرۆزە هەستاوین و ناوی پێغەمبەرەكەمان بەرزكردوەتەوە نەك بە كۆڕێكی ساڵانە لە هۆڵێكدا یان لە چەند

(٥٨) {سورة الاحزاب:٥٦}.

(٥٩) فتح الباري – كتاب التيمم- ١/٥٧٤/رقم: ٢٣٥، صحيح مسلم – كتاب المساجد و مواضع الصلاة /٥/٦/رقم –٥٣١).

مزگەوتێکداو چەند سرودو هۆنراوەیەك و ئیتر تەواو تا ساڵێکی تر!!.

٣-مامۆستای بەڕێز لە خاڵی سێهەم (١٤١)ی کتێبەکەیدا دەیەوێت بەوە شەرعیەت بدات بە مەولود کە عیسی (عليه السلام) و نەتەوەکەی سفرەو خوانێکیان کردوە بە جەژن، بۆ ئێمە یادی لەدایکبوون نەکەین بە جەژن، وە دەڵێت: خوای بێ وێنە دەفەرموێت:

﴿قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ﴾(٦٠).

واتە: ((عیسی)ی کوڕی مەریەم فەرمووی، ئەی خوای پەروەردگار سینییەك خواردنمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرە خوارەوە کە ببێتە مایەی جێژن -و شادی- بۆ پێشینانمان و پاشینانمان وە موعجیزەیەك بێت لەلایەن تۆوە( کەواتە ئایا ئەگەر پێغەمبەرێکی بەرزی وەك عیسی (عليه السلام) بە بۆنەی هاتنە خوارەوەی سینیە خواردنێکەوە کە دەبێتە موعجیزەو مایەی دڵ دامەزراندنی شوێن کەوتوانی، جێژنێك بۆ خۆیو بۆ ئەوانەی لە دوایەوە دێن ساز بکات! هیچ بێ شەرعیو خراپەیەکی تێدا نیە کە ئێمەی موسڵمانیش بە بۆنەی لەدایك بوونی هەڵبژاردەی مرۆڤایەتیو سەروەری پێغەمبەرانەوە (علیهم الصلاة والسلام) بکەینە جێژنو ڕۆژی کەیف و شادیو ئاهەنگ گێڕان و خواردن دان بە هەژاران و شیرنی بەخشینەوەو وتاردانو....هتد؟!، مەگەر هاتنە خوارەوەی سینیە خواردنێك گرنگترە لە لەدایك بوونی پێغەمبەرێکی وەك محمد (صلى الله عليه وسلم)؟!.

لەوەڵامی ئەم خاڵەشدا دەڵێین، پێشینی وتویانە (کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکات( مامۆستاش لەم خاڵەدا دانی بەو شتانەدا ناوە کە لە پێشتردا خۆی لێ دوور دەخستەوە ئەوەتا لێرەدا دان بەوەدا دەنێت کە دەبێت ئەو ڕۆژە بکرێتە جەژنێکی گشتی بۆ موسڵمانان و خێری تیادا بکرێت بە بەخشینەوەی خواردنو شیرینیو بۆ هەژاران و ...هتد، وە ئەمەش هەموو لە ئیسلامدا عیبادەتن، وە لەلایەکی تریشەوە هاندەری ئەم کارە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە چاو لێ کردن گاورو جوولەکەکانو مونافەسە کردنی سینیە خواردنەکەی عیسایە، کەوابی ئەمە خۆی بەڵگەیە لەسەر مەبەست و هاندەری ئەم کارەیو زۆر پێویست بە لەسەر ڕۆیشتن ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێین:

أ/سەبارەت بەو سینیە خواردنە پێویستە بزانین، ئەوەی کە هاتنە خوارەوەی ئەو سینیە خواردنەی کردوەتە جەژن بۆ پێشین و پاشانیش پێغەمبەر بووەو خوا بۆی کردوەتە جەژن، وە پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بی

---

(٦٠) {سورة المائدة:١١٤}.

خۆیان بەرنامە دا دەڕێژن بەفەرمانی خواو بۆیان هەیە هەرشتێك دا بڕێژن بۆ نەتەوەکەیان ببێتە دینو عیبادەت، چونکە لە خۆیانەوە هیچ کارێك ناکەن و هیچ شتێك نالێن بەنیگای خوا نەبێت، لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی ئەگەر لە سینیە خواردنێکیش کەمتر بکەنە جەژن چونکە پێغەمبەرە بەنیگا کار دەکات، بەڵام ئایا ئێمە کێمان بوەتە پێغەمبەر تا ڕقە بەرایەتیو موناقەسە لەگەڵ عیسادا بکات لە سازدانی جەژنو شادیدا؟! خۆ پێغەمبەری سەروەرمان (ﷺ) ئەم یادەی بۆ نەکردوینەتە جەژن تا ئێمەش بیکەین، تۆ بڵێت هەستیی بەوە نەکردبێت کە ئەم یادەی ئێمە گرنگترە لە سینیە خواردنەکەی عیسا (عليه السلام)؟! حاشا.

کەوا بێت هەر کاتێك نیگا هاتەخوارەوە بۆ هەر کەسێك ئەوە با ئەم یادە بکاتە جەژنو شادی ئەگینا ئێمە لە خۆمانەوە موناقەسەی عیسا ناکەین چونکە ئەو پێغەمبەرەو ئێمە بەندەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوین نەك داڕێژەر.

ب/ئەوەی کە لەو ئایەتەدا ئاماژەی پێ کراوە ئاینی گەلە پێشوەکانە (شرع من قبلنا) دینی ئێمەش قیاس ناکرێتە سەر ئاینی ئەوان، چونکە هەموو دەزانین کە زۆربەی زۆری عیبادەتو ئەحکامی ئەوان جیاوازە لەگەڵ جۆری عیبادەتو ئەحکامی دینەکەی ئێمە، وە ئەوەی کە هەموو دینەکان یەکن لەسەری لە ڕووی عەقیدەو بیرو و باوەڕە، ئەوەتا خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾[٦١].

واتە: (بۆ هەموو یەکێك لە ئێوە شەریعەتو پرۆگرامێکی تایەتیبمان داناوە) وە ئەمەش پێش ئەوەی دینەکانی تر نەسخ بنەوە ئەگینا ئێستا تەنها ئیسلام شەریعەتو پرۆگرامە بۆ هەموو.

جا کەوا بێت شتێك کە لە شەرعی ئێمە دا نەبێت ئێمە بۆمان نیە چاو لە شەرعی گەلە پێشوەکان بکەینو لاساییان بکەینەوە، وەك ئیمامی (ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی چاو لێ کردنی گاورو جوولەکە لە شتێکدا کە لەشەرعی ئێمەدا نیە دەفەرموێت: (مشابهتهم فيما ليس من شرعنا قسمان، أحدهما: مع العلم بأن هذا العمل هو من خصائص دينهم، فهذا العمل الذي هو من خصائص دينهم: أما أن يفعل لمجرد موافقتهم، وهو قليل و إما لشهوة تتعلق بذلك العمل و إما لشبهة فيه تخيل أنه نافع في الدنيا و في ألآخرة وكل هذا لا شك في تحريمه، لكن يبلغ التحريم في بعضه إلى أن يكون من الكبائر وقد يصير كفراً بحسب

(٦١) {سورة المائدة:٤٨}.

الأدلة الشرعية)[٦٢]، واتە: (خۆ شوبهاندن بە گاورو جوولەکەوە لە شتێکدا کە لە دینی ئێمەدا نیە دوو بەشە، یەکێکیان ئەوەیە، ئاگاداریت هەبێت بەوەی کە ئەم کارە لە تایبەت مەندی دینەکەی ئەوانە، جا ئەم کارە کە لەتایبەت مەندی دینەکەی ئەوانە، یان تەنها لەبەر ئەوە دەکرێت کە لەگەڵ ئەواندا موافق بن، وە ئەمە کەمە، یان لەبەر هەواو ئارەزوویەك کە پەیوەندی بەو کارەوە هەیە، یان لەبەر شوبهەیەك کەوا بزانیت ئەم کارە بەسودە لەدنیاو دوا ڕۆژدا، وە هەموو ئەمانە گومان نیە لە حەرامێتیاندا، بەڵام لە هەندێکیاندا حەرامیەتەکەی دەگاتە ئەوەی کە یەکێك بێت لە تاوانە گەورەکان، وە هەندێ جار دەبێتە مایەیی بێ بڕوا بوون بە پێی بەڵگە شەرعیەکان).

ج/زیاد لەوەی کە ئەمە دینی گەلە پێشوەکانەو نابێتە بەڵگە بۆ ئێمە لەلایەکی تریشەوە پێغەمبەر (ﷺ) بەفەرموودەی صحیح بەڕاشکاوی هەموو جەژنو شادیو ئاهەنگێکی نەسخ کردوەتەوە و تەنها دوو جەژنی هێشتوەتەوە بۆ نەتەوەکەی کە جەژنی قوربان و ڕەمەزانە ئیتر جگە لە و دوو جەژنە هەر جەژنو شادیەکی تر ساز بکرێت ئەوە نەفامیە بابەناوی دینیشەوە بێت، ئەم ڕاستیەش (أنس) (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (إن النبي (ﷺ) لما قدم المدينة وجدهم يحتفلون بعيدين، فقال (ﷺ): كان لكم يومان تلعبون فيهما، وقد ابدلكم الله بهما خيراً منهما، يوم الفطر، يوم الأضحى)[٦٣]، واتە: (کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە بینی خەڵکی ئاهەنگ دەگێڕن بۆ دوو جەژن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئێوە دوو ڕۆژتان هەبووە ئاهەنگتان تیادا گێڕاوە، ئەوا خوای گەورە ئەو دوو ڕۆژەی بۆ گۆڕین بە دوو ڕۆژی چاکتر لەوان، واتە جەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربان).

بەڵی بەم فەرموودەیە هەموو جەژنەکان سڕاوەتەوەو تەنها ئەم دوانە مایەوە، وە هەتا ئەو ڕۆژەی ئایەتی:

﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ......﴾[٦٤].

هاتەخوراوەو تا ئەو ڕۆژەش پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردو زۆر دواتریش موسڵمانان تەنها ئەم دوو جەژنەیان هەبووەو لێیان زیاد نەکرووە، ئیتر لەدوای ئەوەوە هەر جەژنو ئاهەنگێك زیاد کرا بێت ئەوە زیاد کردنە لە دینو زیندوو کردنەوەی جەژنە نەفامیەکانە.

٣–مامۆستای بەڕێز لە خاڵی چوارەمی لاپەڕە (١٤٢) ی کتێبەکەیدا ئەم یادە

(٦٢) إقتضاء صراط المستقيم/ ص: ٢٢٠ ابن تيمية.

(٦٣) رواه أبو داود (١/٢٥٩/ رقم: ١١٣٤) النسائي (٣/ ١٧٩) وصححه الألباني.

(٦٤) {سورة المائدة:٣}.

قیـاس (هەرچــەندە قیـاس لــە عیبــادەدا نیە)[٦٥] دەکاتە سەر بە ڕۆژوو بـوونی دەی (محـرم) لەلایـەن جوولەکەکانـەوە بـەڕۆژوو بوونی پێغەمبەریش(ﷺ) تیایدا بۆ شوکرانە بژێری نیعمەتی ڕزگار بوونی موسا لە چنگ فیرعەون، وە دەڵێت:

(زانایـانی ئیسـلام لـەم فەرمودەیـەیان فامیوەتەوە کـە شـتێکی چاکە موسـڵمانان لەکاتی پەیدا بـوونی نـازو نیعمـەت و خێـرو خۆشـیەکدا شـادیو خۆشحاڵـی دەربـبڕن، ئینجـا بـی گومـان گـەورەترین نیعمـەت و چاکەی خوداش بەسەر ئێمەوە لەدایك بوون و پەیـدا بـوونی پێغەمبـەرمان محمـد (ﷺ) مادام وا بێـت شـتێکی شـەرعیو چاکە کـە لەشەو و ڕۆژێ لەدایك بوونی یان مـانگی لـە دایك بوونیدا موسوڵمانانیش کەیف و شادی بنوێنن و بیکەنە ئاهەنگو جێژن).

جا لێرەدا بۆ شیکردنەوەی ئـەم خالانـە نازانم لە کوێوە دەست پـێ بکەم! !چونکە وەك دەڵــێن کابرایـــەك پرســـیاری لـــە مامۆسـتایەك کـرد وتـی: ئـەرێ مامۆسـتا خەسەنو خسین کچی عائیشـە بـوون یـان فاتمە؟ ئەویش لەوەلامدا ووتی: جا کـوێی پرســـیارەکەت وەڵام بدەمـــەوە، یەکـــەم خەســـەنو خســـین نـــەبوون حەســـەنو حوسـەین بـوون، دووەم کـچ نـەبوون کـوڕ بوون، سـێهەم، هیی عائیشـە نـەبوون هـی فاتمـە بـوون! ! ئێمـەش لێـرەدا دەڵـێین مامۆســتا گیــان ئــەم قیــاس کردنــە دانەمەزراوە، چونکە (زیاد لەوەی کە قیاس لە عیبادات نیە...) ئەمە قیاس کردنی دوو شـتی لێـك جـودان (قیـاس مـع الفـارق) چونکە:

دەربڕینــی خۆشــیو شــادیو کــردن بەجــەژن جیـاوازی زۆرە لەگـەڵ بـەڕۆژوو بوونو عیبادەت کـردن بـۆ شـوکرانەی نـازو نیعمەت، هەموو دەزانین لە جەژندا خـەڵکی شـیرینی دەخۆنـەوەو خۆشـی و شـادی دەدەبـڕن و ئاهـەنگ دەگێـڕن، بـەڵام لـە شـوکرانە کردنـی نیعمەتـدا بـە پێچـەوانەوە خۆت دەگریتەوە لە خـواردنو خواردنـەوەو ئـارەزوو بـازیو بـەڕۆژوو دەبیـتو زیـادە عیبــادەت دەکــەیت، جــا ئــەو کــارەی جوولەکەکان پـێی هەڵسان شوکرانە بژێری و بـــەڕۆژوو بـــوون بـــوو نـــەك شـــیرینی خواردنـەوەو ئاهـەنگ گێـڕان و کـردن بـە جـەژن، وە ئـەم ئاهـەنگی مەلودیـەش کـە خـــەڵکی پـــێی هەڵدەســـتن وەك خـــۆت ئاماژەت پێداوە دەربڕینی شادیو کردن بە جەژنـە نـەك بـە ڕۆژوو بـوون و شـوکرانە بژێری، وە بەڕاستی نەبیسـتراوە لـە دینـدا شـوکرانە بـژێری بـەدەهۆڵو زوڕنـاو سـرودو گـۆرانیو شـیرینی خواردنـەوە بێـت! ! !

(٦٥) بۆ ئاگادار بوون بەسەر ئەوەی قیاس لە عیبادەتدا نیگە بڕوانگە: (تەلقینێ نوێژی کمردوو/٧٤)عبدالفتاح حسین بگەهێیی لەوێگدا ڕوون کراوەتەوە.

کەواتـە ئـەم دوو شـتە زۆر لێکـەوە دوورن‌و قیاس ناکرێنە سەریەك.

٣-پاشـــان ســـەبارەت بـــەو ڕووداوەی (١٠)ی محرم کە پێغەمبەر (ﷺ) لایەن گری جوولەکەی کردوو تیایدا بە ڕۆژوو بوو ســێ خاڵی گرنگ هەیە پێویسـتە ئاگامـان لــێ‌ی بێت.

أ/ئەو ڕووداوە بە ڕۆژوو بوون‌و شـوکرانە بژێری بوو نەك ئاهـەنگ گێڕان و کـردن بـە جـەژن، وە ئەگـەر تـۆش ڕاسـت دەکـەیت دەتەوێ شـوکرانە بژێری نیعمـەتی لـەدایك بـــوونی پێغەمبـــەر (ﷺ) بکـــەیت ئـــەوە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی کردویت بە سونەت کە ڕۆژانـــی دوو شـــەممە بـــەڕۆژوو بیـــت بـــۆ شـــوکرانەی ئـــەو نیعمەتـــە، (بڕوانـــە یـــادی لەدایك بوون بەشێوازێکی شەرعی).

ب/ بەڕۆژوو بوونی ئەو ڕۆژە بەو بۆنـەوە لەلایـەن پێغەمبـەرەوە بـوو (ﷺ) کـە ئـەو بەرنامـــە داڕێـــژەو بـــە فـــەرمانی خـــوا دەفەرموێت:

﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾(٦٦).

واتە: (ئەو پێغەمبەرە لـە خۆیـەوە هـیچ ناڵێـت و ناکـات، بـەڵکو هەرچـی دەڵێـت: نیگای بۆ دەکرێت دەی خـۆ ئێمـە نیگامـان بۆ نایەت و بۆمان نیە منافەسەی پێغەمبـەر (ﷺ) بکەین لە تەشـریع کـردن‌و بڕیـاردانی سازکردنی جەژن‌و ئاهەنگەکە).

ج/لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ئـەو کـارەی جوولەکـەکان کردوویانــە بریتــی بـووە لــە عیبادەت و خـوا پەرستی کە ڕۆژوو گـرتن بووە هێشـتا پێغەمبـەر (ﷺ) نەیوسـیتووە عیبادەتەکـەی لـە عیبـادەتی جوولەکـەکان بچێت بەڵکو پەیمانی ئـەوەی دا کـە ئەگـەر خوا بیهێڵێت تا ساڵـی ئاینـدە ئـەوە نۆهـەم ڕۆژیـــش بـــە ڕۆژوو دەبێـــت بـــۆ ئـــەوەی پێچـەوانەی جوولەکـەکان بکـات وەك (ابـو غطفـــان) (خـــوای لـــێ ڕازی بێـــت) دەگێڕێتـەوەو دەفـەرموێت: لـە (عبداللـەی کوڕی عەباس)م بیستووە (خوای لـێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: (حين صام رسول الله يوم عاشوراء و أمر بصيامه: قـالوا: يارسـول الله إنـه يـوم تعظمـه اليهـود والنصـارى، فقـال رسول الله (ﷺ) فـإذا كـان العـام المقبـل إن شاء الله صمنا اليوم التاسع، قـال فلـم يـأت العـام المقبـل حتـى تـوفي رسـول الله (ﷺ))(٦٧)، واتـە: (کاتێـك پێغەمبـەر (ﷺ) ڕۆژی عاشـورا بـەڕۆژوو بـوو وفـەرمانی بـە خـەڵك کـرد بـەڕۆژوو بـن، وتیـان ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئەمـە ڕۆژێکـە گـاورو جوولەکـە بەگـەورەی دەگـرن، پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی، ئەگـەر سـاڵی داهـاتوو هاتەوە انشاء ألله ڕۆژی نۆهـەمیش بـە ڕۆژو دەبین، دەفـەرموێت/ بـەڵام سـاڵی داهـاتوو نەهاتەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد).

---

(٦٦) {سورة النجم:٣-٤}.

(٦٧) شرح صحيح مسلم – كتاب الصيام/٢٥٨/٨/ :١١٣٤.

جا لە جێیەك لە عیبادەتدا ئەو ها پێویست بكات پێچەوانەیان بكەین‌و خۆمان نەشوبهێنین پێیانەوە دەبێت لە ڕەفتارو باوو نەریتێكی حوكمی چۆن بێت كە كتو مت چاو لێ كەری‌و لاسایی كردنەوەی ئەوانە؟!!،

ئەمە كورتەیك بوو لە لێكۆڵینەوەی وتەو بەڵگەی ئەوانەی شەرعیەت دەدەن بە یادی لە دایك بوون و پێیان وایە داهێنراو نیە، داواكارین لە خوای پەروەردگار چاو پۆشی لە هەڵەی ئێمەو ئەوانیش بكات.

## یادی لەدایك بوون بەشێوەیەكی شەرعی

لێرەدا بۆ جاری دووەم ئەو ووتەیەی (حسانی كوڕی عطیة)تان بیر دەخەمەوە دەفەرموێت: (هەر قەومێك هەر داهێنراوێك لە دینەكەیاندا دابهێنن، خوای پەروەردگار لە وێنەی ئەو داهێنراوە سوننەتیان لەناودا هەڵدەگرێت...) دیارە ئەم داهێنراوانەش (یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) سوننەتێكی گەورەی لە ژێر حەشار دراوەو شارراوەتەوەو لە خەڵكی و پشت گوێ خراوە، ئەویش شوكرانە كردنی خوای پەروەردگارە لەسەر نیعمەتێكی گەورەكە خەڵكی بەناڕاستی ئاهەنگی بۆ دەگێڕن‌و بەخەیاڵی خۆیان خۆشحاڵی‌و شوكرانە بژێری نیعمەتەكەی دەكەن، ئەویش نیعمەتی لەدایك بوون و هاتنە دنیای پێغەمبەری سەروەرو خۆشەویستمانە (ﷺ)).

بەڵی پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرموودەداو بە كردەوەش ڕێنمویی هاوەڵانی‌و بڕوادارانی بە گشتی كردوە بۆ بەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی دوو شەممە، وە ئەمە یەكێك بوە لەو سوننەتە گەورانەی كە پێغەمبەر (ﷺ)بەردەوامیەتی بوە لەسەری وە هەروەها هۆی بە ڕۆژو بوونەكەشی ڕوون كردوەتەوە بۆ ئێمەی بڕوادار بۆ ئەوەی:

أ/ زیاتر هانمان بدات بە ڕۆژو بوونی ئەو ڕۆژە لەدەست خۆمان نەدەین و بە شتێكی كەم سەیری نەكەین.

ب/بۆ ئەوەی هەست بە نوقسانی ئەو شوكرانە بژێریە نەكەین‌و پەنا بەرینە بەر كارو پیشەیەك بۆ پڕكردنەوەی ئەو نوقسانیە كە خوا ئەوەی لێمان ناوێت، وەك ئەمڕۆ خەڵك لەبەر نەزانی‌و بێ ئاگاییان لە واتاو كاركردن بەم فەرموودەیە ئەویادە داهێنراوەیان داهێناوە و داویانەتە پاڵ دین.

بەڵێ هۆی بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژانی دووشەممە سوپاس گوزاری خوای پەروەردگارە لەسەر دوو نیعمەتی گەورە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، ئەو دوو نیعمەتەش:

یەكەم/ لە دایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ) و هاتنە دنیایەوە كە ئەمە بوە هیوایەكی پرشنگدار بۆ ڕزگاری كردنی گشت

ئادەمیزاد لە زەلالەتی نەفامیو ستەمی بە کۆیلە کردن لەلایەن فارسو ڕۆمو گشت دەسەلات دارەکانی ڕۆژگار.

دووەم/ هاتنە خوارەوەی نیگا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە ئیتر ئەمە بوە خاڵی سەرەتای هاتنەدی ئەو هیواو ئاواتەو پێداکوتانی هەقو ڕاستی و لاواز بوونی نەفامی سەتەم و خراپەکاری.

بەڵێ ئەم دوو نیعمەتە گەورەیە هەردووکیان لە ڕۆژی دووشەممەدا بوون بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام دووشەممان بە ڕۆژوو دەبوو و فەرمانیش بە خەڵکی دەکرد کە بەڕۆژوو بن ئەم ڕاستیەش (أبو قتادة) (خوای لێ ڕازی بێت) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (جاء رجل الى رسول الله (ﷺ) فقال: ماتقول في صوم يوم الإثنين؟ قال: ذلك يوم ولدت فيه و أنزل على القرآن فيه)[٦٨]، واتە: (پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: چی دەڵێیت دەربارەی ڕۆژوی دووشەممە؟ ئەویش فەرمووی، ئەوە ڕۆژێکە تیایدا لە دایك بوومو تیایدا قورئانم بۆ هاتە خوارەوە).

ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) خۆی هۆی بەڕۆژوو بوونی دووشەممەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەبەر ئەو دوو نیعمەتە گەورەیە کە تیایدا ڕووی داوە، جا کەوابێت ئەگەر مەبەستمان شوکرانە بژێریو خۆشویستنی پێغەمبەر بێت (ﷺ) با فێڵ لە خۆمان و لە خەڵکی نەکەین ئیتر بۆچی پەنا دەبەینە بەر چەند بەڵگەیەکی شڕوشێواو و قیاس کردنێکی بێ سەرو بەرەو ناڕاست بۆ شەرعیەت دان بە یادو ئاهەنگێکی هەڵبەستراو و نادروست لەبەر هەواو ئارەزوویەکی دەروونی یان بەرژەوەندییەکی سیاسی؟!.

دەی ئەگەر ڕاست دەکەی پێغەمبەرت (ﷺ) خۆشدەوێت؟ ئەگەر ڕاست دەکەیت دەتەوێت شوکرانە بژێری ئەو نیعمەتە بکەیت؟ ئەگەر ڕاست دەکەیت ئەتەوێت سیرەو ڕێبازی ئەو پێغەمبەرە بەیان بکەیت؟ ئەوا ڕۆژانی دووشەممە بەڕۆژوو بە ئەوە ئەوپەڕی خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) دەگەیەنێت، چونکە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بە شوێنە کەوتنی ڕێبازەکەی و زیندو کردنەوەی سوننەتەکانی دەبێت، وە ئەمە باشترین سوپاس گوزاریە بۆ ئەو دوو نیعمەتە چونکە پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵەکانی بەو شێوە سوپاس گوزاری ئەو نیعمەتەیان کردووەو ڕێنموویی ئێمەشیان بەو شێوەیە کردووە، وە ڕوون کردنەوەی سیرەو ڕێبازی پێغەمبەر (ﷺ) لە تەنها ڕۆژێك لە ساڵێکدا یان لە گۆڕێك و دوو کۆڕدا تەنها شێواندن نەبێت هیچ شتێکی لێ پەیدا نابێت ئەگینا ئەگەر بەڕاستی بەڕاستی دەتەوێت بەو

(٦٨) شرح صحيح مسلم /٢٩٨/٨/ رقم ١١٦٣. النووي.

کاره هەڵبستیت با بەلایەنی کەمەوە هەموو ڕۆژانێکی دووشـەممە دەرسـێکی پـڕ پێـزت هـەبێت دەربـارەی سـیرەو ڕێبـازی ئـەو پێغەمبەرە سەروەرو نازدارە ئەوسا ئەگـەر توانیبێتـت بـۆن و بـەرامێکی سـیرەی ئـەو پێغەمبەرە سەروەر و نازدارە بدەیت بە بەر لوتی خەڵکیدا و بۆنی بکەن، باشە ئەوانـەی کە ساڵانە دەیکەن بەهەراو هووریاو مەلودی دەخوێننەوەو ئەوانەی بـە ووتـارو نووسـین بەرگری لـەم داهێنـراوە دەکـەن و پـەنا بـۆ هـەموو بەڵگەیـەکی لارو لـەوێر دەبـەن بـۆ شەرعیەت پێدانی، ئەوانەی دژایەتی شوێن، کـەوتوانی قورئـانو فـەرموودە دەکـەن لـە پێناو سازدانی ئەم یادەدا ئادەی کام لەوانە هەموو دوو شەممانێك بە ڕۆژوو دەبێت، کام لەوانە کاتێکی بۆ خۆی تەرخان کردووە بـۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی سیرەی ئەو زاتە پاکـە؟ کـام لەوانـە وتـارو وانـەی تایبـەتی داناوە بۆ ڕوون کردنەوەی سیرەی ئەو زاتـە بەشێوەیەکی زیندوو واقیعیانە بۆ خـەڵکی؟ ئەی بۆ مەگەر خـوا ئاگـادار نـەبێت بەسـەر نهێنیەکانی دەروندا.

﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ﴾(٦٩).

واتـــە: (خـــوای پـــەروەردگار ئاگـــادارە بەسـەر ناپاکیـەکانی چـاوو شـارراوەکانی دەروون).

شێخی (البـانی) (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێت) لە شریتێکدا ئاماژە بەم یادو سـوپاس گوزاریـــە شـــەرعیە دەداتو بـــە دووخـــاڵ بەرابـەری دەکـات بـەو یـادە ناشـەرعیو داهێنراوەوەو دەفەرموێت: ((هناك الإحتفال بالمولـد مشـروع ضـد هـذا الإحتفـال غـير المشروع...وهو صـيام يـوم الإثـنين في كـل أسـبوع شـكرا لله تعـالى علـى هـذه النعمـة العظمـى...و هنـاك فـرق شاسـع بـين الإحتفالين:

١–أن الإحتفال المشروع متفق عليه بـين المسلمين جميعاً.

(و أقـول/ أمـا الإحتفـال غـير المشـروع فلـيس محـل إتفـاق، بـل لا يفعـل إلا العـوام الجـاهلين بالـدين و المتصـوفة المتزنـدقين وبعض من علماء السـوء الـذين بـاعو ديـنهم بعرض من الدنيا) (مابين القوسين مـن كـلام المؤلف).

٢–تتكرر هذا الإحتفـال المشـروع في كـل أسبوع مرة و ليس في كل عام مرة.

وأسـتدل الشـيخ رحمـة الله بالحـديث المذكور آنفا في الصـباح يـوم الإثـنين وقـال بعـده: أي علـيكم أن تصـوموا يـوم الإثـنين شكراً لله تعالـى أن خلقني فيه و خلقني مـن جديد حين أنزل علي الـوحي...))(٧٠)، واتـە: (لێرەدا یادێکی دروست هەیە بەو بۆنەوە دژ

(٦٩) {سورة الغافر:١٩}.

(٧٠) كاسيت صوتي/ محمد ناصرالدين ألألباني، تسجيلات (نـور على الدرب) دبي/رقم الكاسيت ١/٩٤.

بەو یادە نادروستە ..ئەویش بەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی دوو شەممەیە لەهەموو هەفتەیەکدا بۆ سوپاس گوزاری خوا لەسەر ئەو نیعمەتە گەورەیە.. وە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەو دوو یادەدا).

١–ئەو یادەی دروستە (بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی دووشەممەمان) کۆڕای هەموو موسڵمانانی لەسەرە (وە منیش دەڵێم: بەڵام یادە نادروستەکە (ئەوەی ساڵی جارێك دەکرێت) ئەوە نەك هەر کۆڕای لەسەر نیە بەڵکو کەس ئەمە ناکات تەنها خەڵکێکی عەوام و بێ ئاگا لە دین و کۆمەڵێ سۆفی سەر لێشێواو هەندێ لە بەناو زانایانی خراپ کە دینی خۆیان فرۆشتووە بە نرخێکی دنیایی).

٢–ئەم یادە دروستە هەموو هەفتەیەك جارێك دووبارە دەبێتەوە نەك ساڵی یەك جار، (پاشان شێخ بەڵگەی لەسەر ئەم باسە هێنایەوە بەو فەرموودەیەی کە لە پێشتردا باسمان کرد دەربارەی ڕۆژووی دووشەممەمان، وە دوای ئەوە دەفەرموێت، واتە پێویستە ڕۆژانی دووشەممە بەڕۆژوو بین بۆ سوپاس گوزاری خوا لەسەر ئەوەی کە لەو ڕۆژەدا منی دروست کردووە، وە جارێکی تریش سەر لەنوێ منی تیا دروست کردووەتەوەو بەوەی کە قورئانی بۆ ناردوومەتە خوارەوە تیایدا).

کەوابێت خوێنەری بەڕێز: نەفێڵ لەخۆت بکەو نەفێڵ لەخوا بکە، چونکە خوای گەورە فێڵی لێ ناکرێت، کەواتە هەر فێڵ لەخۆت دەکەیتو هەر خۆت زەرەرمەند دەبیت، ئەگەر بەڕاستی پێغەمبەرت خۆشدەوێت و دەتەوێت سوپاس گەزاری نیعمەتی لەدایك بوونەکەی بکەیت ئەوا ڕۆژانی دوو شەممە بەڕۆژوو ببە ئەوسا بە کردەوە سەلماندووتە کە پێغەمبەرت خۆش دەوێت وە خوای گەورەش پاداشتت دەداتەوەو لەگەڵ پێغەمبەردا حەشرت دەکات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی فەرمویەتی (المرء مع من أحب)[٧١]، واتە: (هەموو مرۆڤێك لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبێت کە خۆشدەوێت).

ئەگەر ڕاستیش ناکەیت لە خۆش ویستنەکەیداو دەتەوێت چاوبەستی لەخەڵك بکەیت و ئەو یادە بکەیتە هۆیەك بۆ بەدەست هێنانی مەرامەکانت، یان توانات نیە بە ڕۆژوو بیت ئەوە کارێکی ناشەرعیش مەکە کە خوا لە خۆت برەنجێنیتو پێغەمبەریش (ﷺ) خۆیت لێ بێ بەری بکات.

چونکە ئەوانەی داهێنراو لە دیندا دا دەهێنێت لە ڕۆژی قیامەتدا دووردەخرێتەوە لە حەوزی کەوسەرو بێ بەش دەبن لە خۆشی کۆبوونەوەیان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) و خواردنەوەی ئاوی کەوسەر.

(٧١) شرح صحیح مسلم /١٦/٤٢٧/ رقم: ٢٦٤٠.

# وسائل الشرك التي حذر منها علماء الشافعية

## حماية لجناب التوحيد

جاء عن الإمام الشافعي وأتباعه النهي عن ما هو من وسائل الشرك كتجصيص القبور[١]،وتعليتها[٢]، والبناء عليها[٣]، والكتابة عليها[٤]، وإسراجها[٥] واتخاذها مساجد[٦]، والصلاة إليها[٧] واستقبالها للدعاء[٨]، والطواف بها[٩]، والقعود عليها[١٠]، وتقبيلها ومسحها باليد[١١]، وان يضرب عليها مظلة[١٢]، أو أن يقول والله وحياتك[١٣]، أو يقول ما شاء الله وشئت[١٤].

---

(١) لما أخرجه مسلم و غيره قال : ((نهى رسول الله ﷺ عن تجصيص القبور وأن يقعد عليه و أن يبنى عليه بناء)). ولمعرفة موقف الإمام الشافعي وكثير من أتباعه في هذه القضايا راجع المذهب (٤٥٦/١) وروضة الطالبين (٦٥٢/١) و المجموع (٢٦٦/٥). والسراج الوهاج (١١٤/١)،وشرح مسلم للنووي (٣٧،٣٨/٧)والعقد الثمين ص (١٨٦).

(٢) ولمعرفة موقف الشافعية انظر: روضة الطالبين (٦٥٢/١) والزواجر (١٩٥/١).

(٣) لمعرفة موقف الشافعي رحمه الله تعالى وأتباعه انظر المهذب (٤٥٦/١)، روضة الطالبين (٦٥٢/١)، والمجموع (٢٦٦/٥) والسراج الوهاج (١١٤/١)، وشرح مسلم للنووي (٣٠٧/٧).

(٤) لما أخرجه أبو داود والترمذي وغيرهما من حديث جابر أن النبي ﷺ ((نهى أن تجصص القبور وأن يكتب عليه )) ولمعرفة موقف الإمام الشافعي واتباعه انظر : الأم (٢٧٨/١) روضة الطالبين (٦٥٢/١)، المهذب (٤٥١/١)، والمجموع (٢٦٦/٥)، والسراج الوهاج (١١٤/١) والعقد الثمين ص (١٨٦).

(٥) لقول النبي ﷺ ((لعن الله زوارات القبور والمتخذين عليها المساجد والسرج)) ولمعرفة موقف الشافعية انظر الزواجر (١٩٤/١)فتح المجيد ص(١٨٦).

(٦) قال النبي ﷺ (( لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)) متفق عليه.

(٧) لقول النبي ﷺ : (( لعن الله زوارات القبور والمتخذين عليها المساجد والسرج )) . ولمعرفة موقف الشافعية انظر الزواجر (١/ ١٩٤) فتح المجيد ص (١٨٦).

(٨) لما أخرجه مسلم و غيره أن النبي ﷺ قال : (( لا تجلسوا على القبور ولا تصلوا اليها )) . ولمعرفة موقف الإمام الشافعي وأتباعه انظر : الأم (٤٦/١)، وشرح مسلم للنووي (٣٨/٧)، والزواجر (١٩٤).

(٩) تقدم ذكر الدليل في الفقرة السابقة موقف الشافعية، راجع الموضوع (٢٥٧/٨).

(١٠) قال تعالى : [وليطوفوا بالبيت العتيق] [سورة الحج ، الآية : ٢٩)]،فالطائف بقبر إنما يشبهه في الحقيقة ببيت الله الحرام الذي يطوف به المسلمون. ولمعرفة موقف الشافعية راجع المجموع (٢٥٧/٨)، الزواجر (١٩٤/١)، وتطهير الجنان ص (٣٧).

(١١) لما أخرجه مسلم وغيره عن جابر قال : ((نهى رسول الله ﷺ عن تجصيص القبر وأن يقعد عليه وان يبنى عليه ))، ولمعرفة موقف الشافعية انظر شرح مسلم للنووي (٣٧/٧).

(١٢) من المعروف أن الله تعالى لم يشرح لنا تقبيل بقعة معينة سوى الحجر الأسود، ولم يشرع لنا مسح شيء واستلامه سوى الحجر والركن اليماني ، أما فعل هؤلاء عند القبور فهو من الغلو الموقوع في الشرك والبدع الغليظة لأنه مساواة بين المشاعر المقدسة وبين القبور ، وهذا فعل من ضلوا ويحسبون أنهم مهتدون .ولمعرفة موقف الشافعية ،انظر المجموع (٢٥٧/٨).

(١٣) تقدم ذكر الدليل في الفقرات السابقة . ولمعرفة موقف الشافعية انظر : المجموع (٢٦٦/٥).

(١٤) لقول النبي ﷺ : (أجعلتني لله ندا.)، لمن قال له (ما شاء الله وشئت). انظر : تفسير ابن كثير الشافعي (١٠١/١).

**وقال الشافعي:** وأكره أن يبنى على القبر مسجد وان يسوى او يصلى عليه وهو غير مسوى او يصلى إليه[١٥].

**قال الإمام الشافعي رحمه الله تعالى:** يكره أن يجصص القبر وان يكتب عليه اسم صاحبه ، أو غير ذلك أو غير ذلك ،وأن يبنى عليه[١٦].

**وقال أيضا:** (ورأيت من الولاة من يهدم ما بني فيها ولم أر الفقهاء يعيبون عليه ذلك ولأن في ذلك تضييقا على الناس)[١٧]، (وأكره أن يعظم مخلوق حتى يجعل قبره مسجدا مخافة الفتنة عليه وعلى من بعده من الناس)[١٨].

**وقال النووي:** ( ويكره تجصيص القبر والبناء والكتابة عليه ولو بني في مقبرة مسبلة هدم)[١٩].

**وقال ابن حجر المكي الهيتمي:** (الكبيرة الثالثة والرابعة والخامسة والسادسة والسادسة والسابعة والثامنة والتسعون اتخاذ القبور مساجد، وإيقاد السرج عليها، واتخاذها أوثانا، والطواف بها، واستلامها، والصلاة إليها ...ثم قال : تنبيه : عد هذه ستة من الكبائر وقع في كلام بعض الشافعية، كأنه أخذ ذلك مما ذكرته من هذه الأحاديث ووجه أخذ القبر مسجدا منها واضح لأنه–يعني النبي، (ﷺ) لعن من فعل ذلك ، وجعل من فعل ذلك بقبور صلحائه شر الخلق عند الله يوم القيامة ، ففيه تحذير لنا كما في رواية : (يحذر ما صنعوا)[٢٠] أي يحذر أمته بقولهم من ان يصنعوا كصنع أولئك ، فيلعنوا كما لعنوا ، واتخاذ القبر مسجدا ، معناه الصلاة عليه أو إليه ، وحينئذ فقوله : والصلاة إليها مكرر إلا أن يراد باتخاذها مساجد الصلاة عليها فقط ، نعم إنما يتجه هذا الأخذ إن كان القبر معظما من نبي أو ولي كمما أشارت إليه الرواية : (إن كان فيهم الرجل الصالح[٢١]...) ومن مثل : الصلاة عليه، والتبرك والإعضام، وكون هذا الفعل كبيرة ظاهرة من الأحاديث المذكورة، وكأنه قاس على ذلك كل تعظيم للقبر: كإيقاد السرج عليه تعظيما له وتبركا به، والطواف به كذلك، وهو أخذ غير بعيد سيما وقد صرح في

---

(١٥) الأم (٢٧٨/١) ولعله لا يقصد بالتسوية تسوية القبر بالأرض فإنها مأمور بها لكن لعله يقصد جعل القبر مستوى الأسطح والحواف وغير ذلك بحيث لا يكون فيه نتوءات ولا بروز والله أعلم .

(١٦) المجموع (٢٦٦/٥).

(١٧)المجموع (٢٢٦/٥).

(١٨) المهذب (٤٥٦/١).

(١٩) السراج الوهاج (١١٤/١).

(٢٠) البخاري (٧٤٧/٧) ٧ (٤٤٤٣)في المغازي باب مرض النبي ﷺ ، مسلم (٣٧٧/١)، ح (٥٣١) في المساجد و مواضع الصلاة باب النهى عن بناء المساجد على القبور من حديث عبيد الله بن عبد الله عن عائشة وابن عباس مرفوعا .

(٢١) مسلم (٣٧٥/١-٣٧٦) ح (٥٢٨) في المساجد ومواضع الصلاة باب النهى عن بناء المساجد على القبور من حديث عائشة رضي الله عنها مرفوعا.

الحديث المذكور آنفا بلعن من اتخذ على القبر سرجا ، وأما اتخاذها أوثانا فجاء النهى عنه بقوله (ﷺ): (لا تتخذوا قـبري وثناً يعبد بعدي)[٢٢]، أي لا تعظموه تعظيم غيركم لأوثانهم بالسجود له أو بنحوه إلى أن قال : فإن أعظم المحرمات وأسباب الشرك الصلاة عندها واتخاذها مساجد أو بناءها عليها والقول بالكراهة محمول على غير ذلك إذ لا يظن بالعلماء تجويز فعل تواتر عن النبي (ﷺ) لعن فاعله، ويجب المبادرة لهدمها وهدم القباب التي على القبور إذ هي أضر من مسجد الضرار لأنها أسست على معصية الرسول (ﷺ) لأنه نهى عن ذلك وأمر (ﷺ) بهدم القبور المشرفة وتجب إزالة كل قنديل أو سراج على القبر ولا يصح وقفه ونذره)[٢٣].

**وقال النووي**: (ولا يجوز أن يطاف بقبره (ﷺ) ويكره لصاق البطن والظهر بجدار القبر قاله أبو عبيد الله الحلمي وغيره، قالوا: ويكره مسحه باليد وتقبيله بل الأدب أن يبعد منه كما يبعد منه حضره في حياته (ﷺ)).

هذا هو الصواب الذي قاله العلماء وأطبقوا عليه ولا يغتر بمخالفة كثير من العوام وفعلهم كذلك فإن الاقتداء والعمل إنما يكون بالأحاديث الصحيحة وأقوال العلماء ولا يلتفت إلى محدثات العوام وغيرهم وجهالاتهم ... ومن خطر بباله أن المسح باليد ونحوه أبلغ في البركة فهو من جهالته وغفلته لأن البركة إنما هي فيما وافق الشرع وكيف يبتغي الفضل في مخالفة الصواب)[٢٤].

**وقال البغوي**: (يكره أن يضرب على القبر مظلة لأن عمر (رضي الله عنه) رأى مظلة على قبر فأمر برفعها و قال : دعوه يظله عمله)[٢٥].

وجاء في المنهاج وشرحه لابن حجر ما ملخصه (ويكره تجصيص القبر والبناء عليه...والكتابة عليه للنهي الصحيح عن الثلاثة، سواء كتابة اسمه وغيره في لوح عند رأسه او في غيره، نعم بحث الأذرعي حرمة كتابة القرآن للامتهان بالدروس والتنجيس بصديد الموتى عند تكرار الدفن ووقع المطر وندب كتابة اسمه لمجرد التعريف به على طول السنين لا سيما بقبور الأنبياء والصالحين ...قال: ليس العمل عليه الآن فإن أئمة المسلمين من المشرق للمغرب مكتوب على قبورهم، فهو عمل قد أخذ به الخلف عن السلف ويرد بمنعه هذه الكلية وبفرضها فالبناء

(٢٢) أخرجه بنحو هذا اللفظ أحمد (٢٢٦/٢) من حديث سـهيل بن أبي صالح عن أبيه عن أبي هريرة مرفوعا ومالك مرسلا (١٧٢/١) ح (٨٥) وعبد الرزاق في المصنف مرسلا (٤٦٤/٨) من طريق صفوان بن سليم عن سعيد بن أبي سعيد المهري .

(٢٣) الزواجر عن اقتراف الكبائر (١٩٥/١).

(٢٤) المجموع (٢٥٧/٨-٢٥٨).

(٢٥) المجموع (٢٦٦/٥).

على قبورهم أكثر من الكتابة عليها في المقابر المسبلة كما هو مشاهد لا سيما بالحرمين ومصر ونحوهما وقد علموا بالنهي عنه، فهكذا هي، فإن قلت: هو إجماع فعلي وهو حجة كما صرحوا به قلت: ممنوع بل هو أكثري إذ لم يحفظ ذلك حتى عن العلماء الذين يرون منعه، وبفرض كونه إجماعا فعليا فعمل حجيته كما هو ظاهر عند صلاح الأزمنة، بحيث ينفذ فيها الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، وقد تعطل ذلك منذ أزمنة، ولو بني نفس القبر لغير حاجة مما مر كما هو ظاهر إلى أن قال: وقد أفتى جمع بهدم كل ما بقرافة(٢٦) مصر من البناء حتى قبة إمامنا الشافعي (ﷺ) التي بناها بعض الملوك ، وينبغي لكل أحد هدم ذلك ما لم يخش منه مفسدة فيتعين الرفع الإمام(٢٧).

**وقال البيضاوي**:كما في حاشية السيوطي على سنن النسائي: (لما كانت اليهود والنصارى يسجدون لقبور أنبيائهم ويتوجهون إليها تعظيما لشأنهم ويجعلونه قبلة يتوجهون في الصلاة والدعاء نحوها واتخذوها أوثانا لعنهم الله ومنع المسلمين من مثل ذلك وأصل الشرك إنما حدث من تعظيم القبر والتوجه إليه)(٢٨).

(٢٦) هي المكان الذي يقبر فيه.
(٢٧) كما في العقد الثمين ص (١٨٦).
(٢٨) حاشية سنن النسائي (٤٢/٢).

**وقال السويدي الشافعي** : فتراهم يرفعونها فوق كل رفيع، ويكتبون عليها الآيات القرآنية، ويعملون لها التوابيت من خشب الصندل والعاج، ويضعون فوقها ستور الحرير المحلاة بالذهب العقيان والفضة الخالصة، ولم يرضهم ذلك حتى أداروا عليها شبابيك من الفضة وغيرها، وعلقوا عليها قناديل الذهب، وبنوا عليها شبابيك من الفضة وغيرها، وعلقوا عليها قناديل الذهب، وبنوا عليها قبابا من الذهب أو الزجاج المنقوش، وزخرفوا أبوابها، وجعلوا لها الأقفال من الفضة وغيرها خوفا عليها من اللصوص، كل ذلك مخالف لدين الرسل، وعين المحادة لله ورسوله، فإن كانوا متبعين فلينظروا إليه (ﷺ) كيف كان يفعل بأصحابه الذين هم أفضل الأصحاب، وينظروا قبره الشريف وما عملت الصحابة فيه)(٢٩).

**وقال النووي**: (إنما نهى النبي (ﷺ) عن اتخاذ قبره وقبر غيره مسجدا خوفا من المبالغة في تعظيمه والافتتان به، فربما أدى ذلك إلى الكفر كما جرى لكثير من الأمم الحالية، ولما احتاجت الصحابة رضوان الله عليهم أجمعين والتابعون إلى الزيادة في مسجد رسول الله (ﷺ) حين كثر المسلمون، وامتدت الزيادة إلى أن دخلت بيوت أمهات المؤمنين فيه ومنها حجرة

(٢٩) العقد الثمين ص (١٨٥).

عائشة-رضي الله عنهما-مدفن رسول الله (ﷺ) وصاحبيه أبي بكر وعمر-رضي الله عنهما-بنوا على القبر حيطانا مرتفعة مستديرة حوله لئلا يظهر في المسجد ويؤدي إلى المحذور ثم بنوا جدارين من ركني القبر الشماليين وحرفوهما حتى التقيا حتى لا يمكن أحد من استقبال القبر)[٣٠].

وجاء في الباعث في إنكار البدع والحوادث ص١٠٣: (فانظروا رحمكم الله أينما وجدتم سدرة أو شجرة يقصدهاالناس ويعظمون من شأنها ويرجون البراء والشفاء من قبلها وينوطون بها المسامير والخرق فهي ذات أنواط فاقطعوها).

شبهة وجوابها: لقد استدل القبورية على جواز بناء المساجد على القبور بقصة أصحاب الكهف حيث اتخذ قومهم عليهم مسجدا وأجاب عن هذه الشبهة الحافظ ابن كثير بجوابين:

**الأول**: أن هذا عمل الكفار والمشركين فليس بحجة.

**والثاني**: على فرض أن عمل المسلمين ولكن هم غير محمودين في هذا العمل)[٣١].

**والحمد لله رب العالمين**

(٣٠) شرح صحيح مسلم (١٣/٥-١٤).

(٣١) انظر : تفسير ابن كثير (٧٨/٣).